جەمیل حەسەنلی

# بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان

بەگوێرەی

بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەرشیڤەکانی یەکیەتی سۆڤیەت

وەرگێڕانی

حامید گەوهەری

ناوی کتێب : بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان
نوسینی : جەمیل حەسەنلی
وەرگێڕانی : حامید گەوهەری، لە فارسییەوە
تایپ و هەڵەگر: حامید گەوهەری
دەرهێنانی هونەریی : هەژار گەوهەری
بەرگ : نینا لە ئوپسالا، سوید
چاپی یەکەم : سوید
چاپخانە : نینا لە ئوپسالا، سوید
تیراژ : 1000 دانە
ژمارەی سپاردن :

# پێڕست


چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە 4
کورتەیەک دەربارەی کتێبەکانی جەمیل حەسەنلی 6
**کتێبی یەکەم** 10
کورتەیەک لە پێشەکی نوسەر 11
پرۆگرامە سەربازیی و ستراتیژییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت... 19
چوونی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ ئێران و جێگیربوونیان لە... 23
گومان و دوو دڵییەکانی ساڵی 1942 34
دەستپێکردنەوەی چالاکییەکان لە تەورێز 42
خەبات بۆ نەوت و سەفەری کەفتارادزە بۆ تاران 50
تەورێز لە مانگەکانی یانواریی - مارسیی 1945... 53
کۆتایی جەنگ لە ئەوروپا و دوعای خێریی شێخولسەلام 59
هاوینی ساڵی 1945، بڕیارەکانی مۆسکۆ دەربارەی ئازەربایجان 61
دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات و بیریی خودموختاریی 70
ئازەربایجان لە سەرەتای 21 ی سەرماوەزی 1324 دا 88
سەرچاوەکانی کتێبی یەکەم 97
**کتێبی دووەم** 102
کورتەیەک لە پێشەکیی نوسەر 103
دیسێمبەریی 1945: دەستپێکی مێژوویی 21 سەرماوەز 106
ڕاپەرینی 12 ی دیسێمبەر (21 ی سەرماوەز): پڕ جۆش و... 118
حکومەتی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان لەنێوان خودموختاریی و... 124
یانواریی 1946 : سەردەمی چاکسازیی لە تەورێز 138
فیبرواریی 1946، سەفەری قەوامولسەڵتەنە بۆ مۆسکۆ 152
هەرێمی سەرهەڵدانی شەڕی سارد: ئازەربایجان، مارسی 1946 165
ئازەربایجان : بەهارێکی پڕ جۆش و خرۆش، 1946 179
ئاپریل - یونی 1946 : کۆبەندییەکانی شەش مانگەی یەکەم 206
پاییزیی پڕ لە دژایەتیی ساڵی 1946 : لە دەستپێکی کارەساتێکی... 220
دیسێمبەری 1946: شکانی تاڵیی دیموکراتەکانی ئازەربایجان، یان... 238
سەرچاوەکانی کتێبی دووەم 257
سەرئەنجام: چارەنوسی پیشەوەری 262
بەرهەمەکانی وەرگێڕ 268

# چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە

هەرچەندە نزیکەی 65 ساڵ بەسەر دامەزراندن و هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربایجاندا تێدەپەڕێت، بەڵام تا ئێستا ئەو ڕووداوە مەزنەی سەدەی بیستەم، وەک خۆی نەکەوتووەتە سەر کاغەز و تۆمارنەکراوە کە خوێنەر بتوانێت زانیاریی دروستی لەسەر پەیدا بکات. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، خوێنەران و بەتایبەتیی خوێنەرانی کورد لەم بوارەدا، خاوەنی بەرهەمێکی شیاو نین کە سەبارەت بە ڕاستبێژیی ئەو ڕووداوانە، پشتی پێببەستن.

ئەم کتێبەی بەردەستتان، باسی ڕووداوەکانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیی 1941- 1945 و ساڵی 1946 ی ئێران، باشوری ئازەربایجان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراندن و هەڵوەشانی حکومەتی ئازەربایجانی باشور دەکات و کۆمەڵێک زانیارییمان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەرشیڤەکانی مۆسکۆ و دەوڵەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت و ئۆرگانەکانی سوپای سور دەخاتە بەردەست کە بۆ خوێنەران، بەتایبەتیی خوێنەرانی کورد، نوێن.

نوسەری ئەم کتێبە، پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی، لێکۆڵەری کۆماری ئازەربایجان بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەرشیڤی یەکیەتی سۆڤیەت، ڕۆڵی ستالین و باقرۆڤ ڕێبەری ئازەربایجانی سۆڤیەت، بە شێوەیەکی سەرەکیی، لە ڕووداوەکانی ئازەربایجاندا زەقدەکاتەوە و دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە هاوکاریی نزیکی ڕێبەرانی مۆسکۆ و باکۆ، دەخاتە بەر دیدی خوێنەران و سەرئەنجام ئاماژە بۆ ڕۆڵی نیگاتیڤی ڕێبەرانی حیزبی تودە لە دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات و پێکهاتنی کۆماری ئازەربایجان دەکات و پێمانڕادەگەیەنێت کە بۆچی ڕێبەرانی مۆسکۆ لە بەڵێنەکانیان پاشگەز بوونەوە و پشتیان کردە گەلی ئازەربایجان و کوردستان و بە تەنیا

هێشتیاننەوە و بازگە و دەروازەکانی سنوریان بەسەر خەڵکی ئاوارەدا داخست.

لەم کتێبەدا، چاومان بە هەڵوێستی باقرۆف، ستالین، پیشەوەریی، ئەمریکا و ئینگلیز سەبارەت بە دوو گەلی ئازەربایجان و کورد دەکەوێت و بۆمان ڕون دەبێتەوە کە چۆن لە کاتی تەنگانەدا پیشەوەریی و ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان بە تەنیا گەلی کورد و لە پێشەوەی هەمووانـدا، سەرۆک مستەفا بارزانیی و هاوڕێیانی بە پارێزەر و پشتیوانی حکومەتەکەیان دەزانن.

پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی لێکۆڵەری کۆماری ئازەربایجان، لەم کتێبەیدا کۆمەڵێک زانیارییمان دەداتە دەست کە بۆ ئێمە خوێنەرانی کورد، تازەن و جێی کەڵکلێوەرگرتنی نوسەران و لێکۆڵەرانن.

ئەم کتێبە هەڵبژێرراوی دوو کتێبی جەمیل حەسەنلییە بە ناوەکانی **"کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە سالآنی 1939- 1945 "** و **"دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان 1945- 1946"** کە مەنسور همامی لە زمانی ئازەربایجانییەوە وەریگێڕاونەتەوە سەر زمانی فارسیی و منیش لە فارسییەکەوە کردوومن بە کوردیی.

شایانی باسە دوو وێنەی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانیی کە پەیوەندییان بە باسەکانەوە هەیە، بەڵام نوسەر، یان وەرگێڕی فارسیی لە کتێبەکەدا جێی بۆ نەکردبوونەوە، لە لایەن منەوە دانراون.

حامید گەوهەری

2010/7/1 ستۆکهۆڵم

## کورتەیەک دەربارەی کتێبەکانی جەمیل حەسەنلی

نزیکەی شەست ساڵ لە ڕووداوی ساڵەکانی 1945- 1946 ئازەربایجان تێدەپەڕێت و هێشتا هەندێک لە ئێرانییەکان ئەو ڕووداوە بە **"ئاژاوەی ئازەربایجان"** ناودەبەن و کەسانێکیش هەن کە بە ناوی **"بزوتنەوەی گەلی ئازەربایجان"** یادی دەکەنەوە. هەرچەندە ڕەوتی ئەو ڕووداوە و هەروەها وتە و نوسراوی شاهیدانی ڕووداوەکە و بەشێک لە یاریکەرانی شانۆکە، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتیان لە ڕووداوەکە ئاشکرا کردووە، بەڵام هەتا ئێستا بەڵگەیەکیان لەو دەستێوەردانە ڕو نەکردووە.

ڕۆڵی ستالین و باقرۆڤ ڕێبەری ئازەربایجانی سۆڤیەت وەک دەرهێنەری ئەسڵیی ڕووداوەکانی ئازەربایجان تێکەڵاوی گومان بووە. بەگشتی وابیر دەکرایەوە کە باقرۆڤ پلانی تێکەڵکردنی ئازەربایجانی ئێرانیی بە ئازەربایجانی سۆڤیەت ئامادە کردبوو و دەیویست بە دوای هاودەنگیی لەگەڵ ستالین پلانەکەی جێبەجێ بکات. دیارە لەو ساڵانەی دواییدا هەندێک لێکۆڵەر بە جۆرێکی تر ڕووبەڕووی ئەو دیاردەیە بوونەوە و ڕایانگەیاند پلانی ئەسڵیی لەلایەن ستالینەوە داڕێژراوە و باقرۆڤ ئەرکی بەڕێوەبردنی لەسەر شان بووە.

بە ڕای ئەو ژمارەیە، ستالین دەیویست لە ئازەربایجان وەک ئامێرکی گوشار بەدژی دەوڵەتی ئێران بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکوریی ئێران کەڵکوەرگرێت. باقرۆڤیش لە چوارچێوەی سیاسەتی ستالیندا هەوڵیدەدا، لەو لبادە کڵاوێک بۆخۆی بدورێت و ئازەربایجانی ئێران بخاتە سەر هەرێمی دەسەڵاتارییەتی خۆی.

لە ساڵانی 1988 - 1989 زایینییدا، پرۆڤیسۆر جەمیل حەسەنلی لێکۆڵەری کۆماری ئازەربایجان بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەرشیڤی یەکیەتیی سۆڤیەت، دوو کتێبی لە باکۆ

بڵاوکردەوە. کتێبی یەکەم لە ڕووداوەکانی 1939 - 1945 دەدوێت. لەو کتێبەدا پەنجە بۆ سەرنجی تایبەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت بە ئازەربایجانی ئێران بەرلە داگیرکردنی باکوری ئێران لە لایەن سوپای سورەوە ڕادەکێشێت و دواتر ئاماژە بۆ چوونی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ ئێران و ناردنی گروپێکی هەزار کەسیی بە سەرۆکایەتی عەزیز عەلیۆڤ سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ تەورێز دەکات، بە مەبەستی ئامادەکردنی کارە سەرەتاییەکان بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆگرامەکانی داهاتووی.

هەروەها پەنجە بۆ پرۆسەی دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ڕادەکێشێت. لە کتێبی دووەمدا جەمیل حەسەنلی ئاماژە بۆ کردنەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان لە 1324/9/21 (1945/12/12) و پێکهاتنی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و دەستبەسەرداگرتنی شارەکانی ئازەربایجان دەکات لە لایەن هێزە چەکدارەکانی فیرقەی دیموکرات و دواتر دەربارەی وتووێژەکانی نێوان ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و حکومەتی ناوەندیی دەنوسێت و لە کۆتاییدا بە شیکردنەوەی ڕووداوی 125/9/21 (1946/12/12) کۆتایی بە نوسینەکەی دێنێت.

بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی ئۆرگانە جیاوازەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت کە لە لایەن جەمیل حەسەنلییەوە کەڵکیان لێوەرگیراوە، تا ساڵی 1997 لەژێر ناوی **"تەواو نهێنی"** دا لە دیدی گشتیی حەشاردرابوون. بە کەڵکوەگرتن لەو بەڵگەنامانەیە کە کتێبەکانی جەمیل حەسەنلی گرنگایەتیی و بایەخی تەواو و بێ هاوتایان پەیدا کردووە.

پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی لە پێشەکی ئەو دوو کتێبانەدا بە ڕاشکاوی پشتی بزوتنەوەی جیاوازییخوازانەی**(مەبەست لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی نەتەوەییە کە لە وەرگێڕاوەکەدا کراوەتە جیاوازییخوازانە. من لە دەقە کوردییەکەدا، ڕزگارییخوازانە دەنوسم-**

**حامید)** ئازەربایجان دەگرێت و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە درێژەپێدەری ڕێی ستارخان و شێخ محەمەد خیابانیی دەناسێنێت و لەو بارەیەوە داخ و پەژارە دەردەبڕێت کە **(بیری ئازادیخوازانەی نەتەوەیی ئازەربایجان و ئومێد و ئارەزووی سەربەخۆییخوازانەیان سەرنەکەوتووە).**
حەسەنلی لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (بەستراوەیی فیرقەی دیموکرات بە مۆسکۆ، فیرقەی خستە دەست یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی پاوانخوازانەی سۆڤیەت و لە ئاکامدا بوو بە قوربانیی ئەو سیاسەتە)** و لە جێیەکی تردا دەڵێت: **(بەستراوەیی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان بە یەکیەتیی سۆڤیەت، بیروبۆچوونی پێشکەوتنخوازانەی ئەو ڕێکخراوەیەی خستە بەردەم تەم و مژی کۆمونیزمەوە).**

نوسەر بەو وتانەی لەوە دەچێت لەبیری کردبێت کە لە سەرتاسەری کتێبەکانیدا بە پشتبەستن بە کۆمەڵیک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، پێشاندەدات کە بیری دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات بە هاوکاریی نزیکی ڕێبەرانی مۆسکۆ و باکۆ سەریهەڵداوە و بە ئەنجام گەیشتنی ئەو پرۆژەیە خراوەتە سەر شانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت. مەگەر فیرقەی دیموکرات ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بووە کە بە ڕاسپاردەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی توشی هەڵە بووبێت؟ دیارە پرۆفیسۆر حەسەنلی هێشتا ئاواتی تێکەڵبوونی ئازەربایجانی ئێرانیی بە کۆماری ئازەربایجان لە دڵدایە.

ئێمە بۆ بەرگریی کردن لە دووپات بوونەوەی بەشێک لە دەقی ئەو کتێبانە کە لە سەردەمی خۆیدا، بڵاوکراوەکانی ئێران بە دژ، یان لەگەڵ ئاماژەیان بۆ کردووە، یان لە بەرهەمی مێژوونوسانی ئەمڕۆی ئێراندا بڵاوکراونەتەوە، خۆدەپارێزین.

هیوادارم ئەم کتێبە بتوانێت گۆشەیەک لە مێژووی سەردەمی ئێستای ئێران بۆ لاوانی ئێمە ڕون بکاتەوە و بەو ژمارە هاووڵاتیانەش سێبوریی

ببەخشێت کە هێشتا لە خەمی شکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وەک پێهاتەیەکی خۆڕسکدان.

لێرەدا پێویستە سوپاسی گەرمی خۆم ئاراستەی بەڕێز خەسرەو ئەمیر خەسرەوی "بابەک" بکەم کە کتێبەکانی پرۆفیسۆر حەسەنلیی داومەتێ و ناوی فارسیی ئەم بەرهەمەی بۆ هەڵبژاردووم.

مەنسور همامی

# کتێبی یەکەم

## چەند بەشێک لە کتێبی ئازەربایجان

## کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ساڵانی 1939 – 1945

بڵاوکراوەی دیپلۆمات

باکۆ 1998

# کورتەیەک لە پێشەکی نوسەر

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، شەڕەکانی نێوان ڕوسیا و ئازەربایجان و ڕوسیا و ئێران دابەشبوونی ئازەربایجان و گەلی ئازەربایجانییان بە دواوە بوو. جگە لە چەند نوسراوەیەک لە ئێران و لەم دوایانەشدا لە هەندێک وڵاتی دەرەوەی ئێران، مێژووی ئازەربایجانیی باشور بە تایبەتی مێژووی بزوتنەوە ئازادییخوازە نەتەوەیییەکانی لە سەدەی بیستەمدا لە ئازەربایجان نوسراونەتەوە. لە وڵاتی ئێمەشدا بە هۆی گوشاری ئایدەلۆژیی توتالیتەر، دید و بۆچونێکی سەربەخۆی عەینیی و زێنیی سەبارەت بە مێژووی ئازەربایجانیی باشور لە ئارادا نیە. مێژوو نوسی ئیمپریالیستیی بە گوێرەی ئایدەلۆژیی توتالیتەر و کۆمونیستیی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئەو دیاردەیەی سەبارەت بە مێژووی ئازەربایجان گرتووەتەوە.

هەرچەندە یەکیەتیی سۆڤیەت لە گۆڕەپانی میژوو پاککراوەتەوە، بەڵام ئەو ڕێیەی بڕیوێتی و ڕۆڵی نیگاتیڤی لە چارەنوسی گەلانی دور و نزیکدا، بابەتی گەلێک لێکۆڵینەوەن. ئێستا بەشێکی تاریک لە سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت، لە حاڵی ڕونبوونەوە دایە و دەقەکانی ئەم کتێبەش لەو بوارەدا جێی سەرنجن.

لە ساڵی 1939 وە تا 1946 لە ئازەربایجان چ قەوماوە ؟ بۆچی باکوریی ئێران بوو بە گۆڕەپانی ڕوبەڕوو بوونەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەمریکا و بریتانیای مەزن ؟ بۆچی ئومید و ئارەزووی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی ئازەربایجان و هیوایان بۆ بەدەستخستنی خودموختاریی و سەربەخۆیی کوێر کرایەوە ؟ ماوەیەکی زۆرە ئەم پرسیارانە و گەلێک پرسیاری تر چاوەڕوانی وەڵامن.

لە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەتدا زۆر بە ئاسانیی و ساکارانە لە ڕووداوەکانیان دەکۆڵییەوە: هێزەکانی سۆڤیەت لە ساڵی 1941 دا بۆ

پارێزگاریی کردن لە ئەمنیەتی سنورەکانی وڵات و "یارمەتی گەیاندن" بە خەڵکی ناوچەکە، خزاونەتە ئازەربایجان و ساڵی 1946 بە گوێرەی پەیمانیی نێودەوڵەتیی ئازەربایجانییان بەجێهێشت. ئەو جۆرە ڕوبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ ڕووداوەکان، کێشەکانی لە پرۆسەی مێژووی جیهان دور دەخستەوە و دەیبەستنەوە بە ئایدەلۆژیی سۆڤیەتەوە.

لە سەرەتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا، بە پەرەسەندنی ئاواتی پاوانخوازیی یەکیەتیی سۆڤیەت، بە کۆتاییهاتنی کێشەی ئۆکراییناو ڕۆژئاوا و بلاڕوسیای ڕۆژئاوا و پتەو بوونی هەلومەرجی سۆڤیەت لە وڵاتانی باڵتیکدا، تەماحیان لە ئازەربایجان کرد. هەلومەرجی ئێران و ئازەربایجان کەوتەبەر لێکۆڵینەوەی ئۆرگانەکانی ئەمنیەتیی و سەربازیی سۆڤیەت. لەو بوارەدا بەتایبەتی ڕێبەرانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت زۆر بە تاسە و خۆشحاڵ بوون.

دوو هەفتە بە دوای خزانی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ ناو خاکی ئێران، نزیکەی هەزار کارمەندیی حیزبیی، دەوڵەتیی و ئەمنیەتیی ئازەربایجانیی سۆڤیەت کە پێشتر ئامادە کرابوون، بە پرۆگرامێکی تایبەتەوە ڕەوانەی ئازەربایجانی ئێران کران. چونکە لە دۆخی توتالیتاریزمی یەکیەتیی سۆڤیەتدا نەدەکرا، سیاسەتێکی جودا لە سیاسەتی مۆسکۆ بەڕێوەبچێت، مەئموریەتی ئەو کەسانە لەوێ، خزمەتکردن بوو بە سیاسەتەکانی سۆڤیەت. کردەوەکانی میرجەعفەر باقرۆڤ و هاوکارەکانی لە بواری بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوایەتییدا کە بە ئیزن و فەرمانی ڕێبەرانی سۆڤیەت بەڕێوەدەچوو، کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی ئازەربایجان دانا. لەگەڵ ئەوەشدا، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەلومەرجە، ڕێبەرانی باکۆ و فەرمانبەرەکانی ئازەربایجان بۆ ئازادیی تورکەکانی ئازەربایجان و گەیشتنیان بە سەربەخۆیی نەتەوەیی، سیاسیی، فەرهەنگیی و هەروەها پێکهاتنی هەلومەرج بۆ یەکگرتنەوە و یەک پارچە کردنی ئازەربایجان، گەلێک هەنگاوی گرنگ و

بە کەڵکیان هەڵگرت. لەو ماوە کورتەدا ڕۆشنبیرانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت، لە زیندوو کردنەوەی مێژوو و فەرهەنگیی ئازەربایجان و خەبات بۆ گوتنەوەی وانە بە زمانی ئازەریی لە خوێندنگەکاندا و ڕۆژنامەنوسیی بە زمانی ئازەریی، زۆر گەشەی سەند و دەستکەوتی گرنگی بەدەستخست. لە دەرەوەی بەستراوەیی سیاسیی و بیری پاوانخوازانەی سۆڤیەت، ئەوە پرۆسەیەکی پێشکەوتوو بوو.

یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ بەرژەوەندیی ئابوریی خۆی، دەیڕوانییە باکوری ئێران. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دانیشمەندانی ڕوسیا پێشبینیان کردبوو لە باکوری ئێراندا گەنجینەیەکی زۆری نەوت هەیە. لە ئازەربایجان بەرژەوەندەکانی ئایدەلۆژیی و بیری پاوانخوازانەی یەکیەتیی سۆڤیەت ئاوێتەی بەرژەوەندەکانی ئابوریی کرابوو. دەرهێنانی بەرهەمی گەورەی نەوت لە باشوریی ئێران لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، ڕوسیای بە پەرۆش کردبوو.

لە چلەکانی زایینییدا، یەکیەتیی سۆڤیەت لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێیەکدا بوو بۆ گەیشتن بە بەرهەمی گەورەی سوتەمەنی و وزە لە ڕۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاستدا. ئەو ڕێیەی کە یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی دۆزینەوەی دەدا، بە ئازەربایجاندا تێدەپەڕی. لە ئێران و بەتایبەتی لە ئازەربایجان، نەوت دیاردەیەکی دەستنیشانکەر بوو لە سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەتدا. لەبەر ئەوە، ڕێبەرانی سۆڤیەت بۆ داسەپاندنی گوشار بۆسەر حکومەتی تاران، بە زیرەکیی کەڵکیان لە کێشەی ئازەربایجان وەرگرت و چارەنوسی ئازەربایجانییەکانیان بە یاریی گرت. مانگێک دوای سەرکەوتن بەسەر ئەڵمانیادا، ستالین سێ پەیمانی نهێنیی مۆر کرد:

- ڕۆژی 1945/6/10 (1324/3/20)، پەیمانی شورای کۆمیسارییاکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی دەربارەی "دامەزراندنی بنکەی پیشەسازیی سۆڤیەت

لــە بــاکوریی ئێــران". ڕۆژی 1945/6/21 (1324/3/31) پــەیمانی کۆمیتــەی بەرگریی دەوڵەتیی دەربارەی "خەبات بۆ دۆزینەوەی نەوت لە باکوریی ئێران" و ڕۆژی 1945/7/6 (1324/4/15) پەیمانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی "بۆلشویک" دەربارەی "ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە لە ئازەربایجانی باشور و پارێزگاکانی باکوریی ئێران. بوونی ئەو پەیمانانە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان هەتا ئێستاش بۆ دونیای دەرەوە ڕون نییە و بە نەناسراوی ماونەتەوە.

لە بەڵگەنامە تازە ئاشکرابووەکاندا، روبەرووی چارەنوسیی هەزاران مرۆڤ دەبینەوە کە ژیانی خۆیان لە پێناوی ئازادیی ئازەربایجان و دامەزراندنی حکومەتی نەتەوەیی و سەربەخۆی ئازەربایجاندا بەخت کردووە. زۆربەی ئەو مرۆڤانە بەشدار بوون لە بزوتنەوەی خیابانیی دا و ناوی سەرداریی نەتەوەیی خۆیان لەبیر بووە و دیکتاتۆرییەتی سەردەمی ڕەزاشایان بینیبوو.



ستالین

هەڵسوکەوتیی بە کەم زانین و چوک بینیی گەلی ئازەربایجان، پاککردنەوی زمان و پەروەردە و فەرهەنگیی، وێرانکردنی شارەکانیی و بە تالان بردنی سامانیی، زیان بە ئابرووی نەتەوایەتیی تورکەکانی ئازەربایجان دەگەیەنێت. زۆربوون ئەوانەی کە هێشتا لەبیریان مابوو کە چۆن سوکایەتییان بە تەرمی شێخ محەمەد خیابانیی دەکرد لە کۆڵانەکانی تەورێز و ئەو گوللانەی کە لە قاچی سەتارخان درابوون. ئازەربایجان ئالای مەشروتییەتی هەڵکرد و پێشرەو بوو لە بزوتنەوەی دیموکراتییدا و بە خوێنی ڕۆڵەکانی دەستوری هەمیشەیی بۆ سەرتاسەری ئێران بەدەستهێنا، هەرچەندە لە میانەی سەدەی بیستەمدا، ماددە پێشکەوتووەکانی ئەو یاسایە سڕانەوە. ئازەربایجان لە یەکەم هەلدا دەستی کرد بە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی خۆی. لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانییدا لە ئازەربایجان "بە دور لە بەستراوەیی بە یەکیەتیی سۆڤیەت" بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بۆ هۆشیار کردنەوەی هەستی ڕزگارییخوازانەی نەتەوەیی، بە پێگەیەکی بەرفرەوانی کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا، بەڵام بە پاڵدانەوەی بە یەکیەتیی سۆڤیەت، ئاکامێکی خەمهێنەری بۆ چارەنوسی داهاتووی بزوتنەوە دروست کرد.

فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ ئامانجە ئازادییخوازەکانی نەتەوەیی گەلی خۆی، ڕێیەکی پڕ لە کەندوکۆسپی بڕی. فیرقەی دیموکرات بە گوێرەی داخوازە نەتەوەییەکان پێکهات، نەک داخوازی سنفی و بە ڕووداوێکی پێشکەوتنخواز حیسابی بۆ دەکرا. هەزران ڕۆڵەی سادق و نیشتمانپەروەر چارەنوسی خۆیان بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بەستەوە. کەسانی زۆر بە ئیمان و لێزان لە ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەدا بوون، بەڵام بەستراوەیی فیرقە بە مۆسکۆ ئەوی کرد بە ئامێرێک لە دەستی یەکیەتیی سۆڤیەتی پاوانخوازدا و بوو بە قوربانیی سیاسەتی فریوکارانەی سۆڤیەت. بزوتنەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان بە

پشتبەستن بە یەکیەتیی سۆڤیەت، بیروبۆچوونی پێشکەوتنخوازانەی خۆی خستە دەست کۆمونیزمەوە.

بریتانیای مەزن، ئەمریکا و تورکیا ڕووداوەکانی ئازەربایجانی باشوریان پتر لە دیدی پاوانخوازانەی ئەرزیی، ئابوریی و ئایدەلۆژیی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دەبینی تا بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی. ئەمریکا و ئینگلیز کە لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانییدا، خەباتێکی دژواریان بۆ بە دەستخستنی نەوت و وزە دەستپێکردبوو، لە ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا دەستکەوتی زۆریان بە یەکیەتیی سۆڤیەت بەخشی. لەگەڵ ئەوەشدا لە کێشەی ئازەربایجاندا بەتوندیی لە بەرامبەر سۆڤیەتدا ڕاوەستان و ئەویان لە سەرچاوەی وزەی ڕۆژهەلاتی نزیک دور کردەوە. خەبات بۆ ئازەربایجان بەشێک بوو لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی وزە.

ڕووداوەکانی ئازەربایجان لە سالانی 1945- 1946 دا، بۆ یەکەم جار دەوڵەتی ئێرانیی لە سەدەی بیستەمدا ڕوبەڕووی مەترسیی هەڵوەشان کردەوە. سەرەتا پەرلەمانی ئێران و کابینەکانی کە یەک بەدوای یەکتردا پێکدەهاتن، لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا توشی لاوازیی و بێ توانایی کرد. شا و دەوڵەت جگە لە خودموختاریی ئامادە بوون هەموو داخوازەکانی ئازەربایجان جێبەجێ بکەن، بەلام دیپلۆماسیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە دەرەتانەکانی توانی لە لایەک پشتیوانیی ئەمریکا و بریتانیا وەرگرێت و لە لایەکی تردا بە ڕازیی کردنی سۆڤیەت، ئەوان بخاتە بواری بێلایەنییەوە و بە ئاسانی لە "یەکیەتیی جیهانی کرێکاران" دوری بکاتەوە. ئەو ئەزموونەی کە بۆ یەکەم جار لە ئازەربایجاندا لە محەک درا، سالانی دوایی دەستە و یەخەی ئەفغانستان، ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بووەوە و بۆ هەندێک نەتەوە، چارەڕەشیی بەبار هێنا.

سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئازەربایجان، لە یەکیەتیی سۆڤیەت، ئازەربایجانیی سۆڤیەت، ئێران و ئەوروپای ڕۆژئاوادا زنجیرەیەک کتێب و

وتار بڵاوکرایەوە، بەڵام چونکە بەڵگەنامەی ئەرشیڤەکانی مۆسکۆ، تاران، لەندەن، واشنتۆن و ئەنقەرە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، دەرخستنی ڕاستییەکانی مێژوویی دژوار دەبێت.

یەکەم هەل بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی ئازەربایجان لە سەردەمی حکومەتی نەتەوەیی لە ئازەربایجاندا ڕەخسا. کۆمەڵێک وتاری میرجەعفەر پیشەوەریی لە ساڵانی 1945- 1946 دا لە ڕۆژنامەی ئازەربایجاندا چاپ کراون. کتێبێک لە ساڵی 1946 دا لەژێر ناوی دوازدەی شهریور "خەرمانان" بڵاوکرایەوە و دواتریش کتێبێک لەژێر ناوی "بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی پیشەوەریی" لە ئازەربایجانی سۆڤیەت چاپکرا کە هێشتا لە زەمینەی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بایەخی خۆی پاراستووە.

لە ئازەربایجانیی سۆڤیەت، لە هەموو کتێبەکان و نوسراوە زانستییەکاندا، بۆ لەژێر پەردەدا هێشتنەوەی سیاسەتی پاوانخوازانەی سۆڤیەت لە ئازەربایجان باس لە "یارمەتی برایانەی بەبێ مەبەست"ی یەکیەتیی سۆڤیەت بە ئازەربایجان کراوە. لە پرۆسەی کۆماردا سەرنجی زۆر بە سەربەخۆیی ئازەربایجان، مەسەلە جیاوازەکانی ئازەربایجان و بەتایبەتی مێژووی بزوتنەوەی نەتەوەیی و حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان دراوە و دەربارەی خاڵە لاواز و تاریکەکانی بزوتنەوەی 21 ی آذر "سەرماوەز"، زنجیرە وتارێک بڵاوکراوەتەوە. مێژوونوسان و وتارنوسانی وەک پرۆڤیسۆر "ش. تەقی یەڤا"، پرۆڤیسۆر "م. چشم آذر"، پرۆڤیسۆر "عون ئەلهی"، "دۆکتۆر حەبیب زادە" و نوسەرانی وەک "زاهیدۆڤ"، "ئا. لاهرودی"، "ئا. ئەمینی" و ...تد وتار و بیروڕای بەنرخ و جیاوازیان لەسەر بزوتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگارییخوازانەی ئازربایجان بڵاوکردوەتەوە.



پیشەوەری سەرۆککۆماری ئازەربایجان

لەم کتێبەدا بە تەنیا باس لە ڕووداوەکانی ساڵانی 1939 - 1945 دەکەم و لە کتێبێکی تردا ڕووداوەکانی سێپتەمبەریی 1945 تا دیسێمبەریی 1946، واتە دامەزراندنی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و چالاکییەکانی شیدەکەمەوە.

لەم کتێبەدا بۆ یەکەم جار بە گوێرەی بەڵگەنامەکان، لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکان کراوە. بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ئەرشیڤی کۆمیساریای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، کۆمیتەی بەرگریی دەوڵەتیی، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی "بۆلشویک"ی یەکیەتیی سۆڤیەت، شورای کۆمیساریای گەلیی سۆڤیەت و هەروەها ئۆڕگانە جیاوازەکانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت کراوە. سەرەڕای ئەوەش بۆ لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی ڕووداوەکان پێویستە ئەرشیڤی ئەو وڵاتانەش لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت کە لەو کاتەدا بەشداربوون لە کێشەکانی ئێران و ئازەربایجاندا.

# پرۆگرامە سەربازیی و ستراتیژییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت


## دەربارەی ئازەربایجان

بەرلە جەنگی جیهانیی لە نێوان ئەڵمانیا و سۆڤیەت دا، میرجەعفەر باقرۆڤ سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیستی کۆماری ئازەربایجان لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ ستالین، دەربارەی ئازەربایجان دەڵێت: **(لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی ڕەزاشادا گەلی ئازەربایجان نەتەنیا لە وەرگرتنی پلەی باڵای حکومیی بێبەریین، بەڵکوو کاریی بە پلەی نزمتر و بچوکتریشیان پێنادەن و ئەو سیاسەتە سوپاش دەگرێتەوە و لە سەرکردایەتیی سوپادا بە هەڵکەوت ئازەربایجانییەک دەبیندرێت. حکومەتی شا بە داسەپاندنی زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمیی کیشوەر، لە ئازەربایجان زمانی فارسیی بەسەر ئیدارەکانی دەوڵەتییدا سەپاندووە. زمانی ئازەریی لە خوێندنگەکان دورخراوەتەوە و پەروەردە کردن بە تەنیا بە زمانی فارسییە. لە ئیدارەکانی دەوڵەتییدا قسەکردن بە زمانی ئازەریی بەتوندی یاساخ کراوە و نامە و بەڵگەنامەکانی ئیداریی بە زمانی فارسی دەنوسرێن. لەلای فەرمانبەرە فارس زمانەکان، ئازەربایجانییەکان مۆڵەتیان نییە بە زمانی دایکیان بدوێن[1].)**

کاربەدەستانی سۆڤیەت بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئازەربایجان لە سەردەمی ڕەزاشادا لەگەڵ هەلومەرجی قەفقازیا لە سەردەمی دەسەڵاتیی قەیسەرییدا، بەم ئاکامە گەیشتن کە: دۆخی فەرهەنگیی و نەتەوایەتی موسوڵمانانی قەفقاز لە "زیندانی ملل"ی سەردەمی حکومەتی قەیسەردا زۆر باشتر بووە لە دۆخی ئازەربایجانییەکانی ژێردەستی حکومەتی ڕەزاشا[2].

لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهاندا، ڕاپۆرتێک دەربارەی ئازەربایجان ئامادە کرابوو، لەو ڕاپۆرتەدا نوسراوە: **(سنورەکانی باشوری**

**ئازەربایجـــانی ئێـــران لـــە بوارەکـــانی جوگرافیـــایی و بیروبۆچـــوونی مرۆڤناسیدا نابێت حسابیان بۆ بکرێت، چونکە خاکی ئازەربایجانی ئێران تـا هەمـەدان و تەنانـەت تـا سولْتان ئـاوای باشوری هەمـەدان وڵاتـی تورکانە. شاری زەنگان 100% هی تورکانە و لە گوندەکانی دەوروبەری شاری "قوم"یش تورک دەژین[3].)**



میرجەعفەر باقرۆڤ سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت

ڕاپۆرتی تایبەتیی کۆمیتەی ئەمنیەتی دەوڵەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت "کا.گ.ب" لەژێر ناوی **(دۆخی سیاسیی- ئابوریی ئازەربایجانی باشور)** دا دەڵێت: **(شارەکانی ڕەشت، بەندەر پەهلەوی، قەزوێن و زەنگان کە بەشێوەی ڕەسمی کراون بە پارێزگای یەکەم، لە ئازەربایجان جودا کراونەتەوە.)** باقرۆڤ لە ڕاپۆرتکیدا بۆ ستالین، پانتایی خاکی ئازەربایجانی باشور بە 230 هەزار کیلۆمەتری دووجا مەزندە دەکات[4].

ساڵی 1938، کاتی سنورداش کردنی هاووڵاتیانی ئێرانیی لە ئازەربایجانی سۆڤیەت، کاربەدەستانی ئەمنیەتیی سۆڤیەت،

فەرمانبەرەکانی خۆیان خزاندە ناو 50 هەزار دورخراوە و ڕەوانەی ئێرانیان کردن. ساڵی 1940 ڕێکخراوە ئەمنییە سەربازییەکانی سۆڤیەت پێڕستێکی تەواویان لە بنکە پیشەییەکانی ئازەربایجان ئامادە کرد[5]. لەو ساڵەدا ڕوکنی پێنجەمی سوپای سور، نەخشەی سەربازیی - جۆگرافیایی ئازەربایجانی کێشایەوە.

لە مانگی مارسی 1941 دا باقرۆف ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئازەربایجانیی باشور ئاراستەی ستالین کرد و لەودا سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی ئەو هەرێمە، نوسی: **(حکومەتی شاهەنشاهیی ئێران بە زانیاریی لە بیر و ویستی گەلی ئازەربایجان بۆ تێکەڵ بوونیان لەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەت، بە بەردەوامی پەرە بە گوشارە پۆلیسییەکانی بۆ سەر گەلی ئازەربایجان دەدات[6].)**.

لە سەرەتای چوونی هێزەکانی سوپای سور بۆ ئێران، دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەت دەربارەی ژمارەی ئەندامانی سوپای ئێران، توانایییەکانی جەنگیی ئەو، زانیارییەکی زۆری کۆکردبووەوە. دەربارەی 602 ئەفسەر لە 3600 ئەفسەری سوپای ئێران ڕاپۆرتێکی ئامادەکردبوو. لە نێوان ئەوانەدا 55 کەسیان سەرتیپ و سەرلەشکر بوون. ژمارەی ئەندامانی سوپای ئێران لەو ڕاپۆرتەدا 200 هەزار کەس مەزەندە کرابوو. بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنەکانی ڕەزاشا، دەرەتانی خۆڕاگریی ئەو سوپایە لە بەرامبەر سوپای سوردا لاواز بەراورد کرابوو[7].

لە مانگەکانی مای و یونیی 1941 (گوڵان- جۆزەردانی 1320)، بەرلە چوونی سوپای سور بۆ ناو ئێران . لە ئازەربایجانیی سۆڤیەت 52 گروپ کە ژمارەیان 3816 کەسیی مەدەنی بوو بۆ ڕەوانە کردنیان بۆ ئازەربایجان ئامادە کرابوون. لەو ژمارەیە، 12 کەسیان کادیری باڵای حیزبی، 70 کەسیان کادیری حیزبی، 100 کەسیان کارمەندیی ئیدارەکانی سۆڤیەت، 200 کەسیان مەئموری ئەمنییەتیی، 400 کەسیان پۆلیس، 60 کەسیان کارمەندی دەزگاکانی دادوەریی، 150 کەسیان

کارمەندی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، 245 کەسیان کارمەندی ڕێی ئاسن و 42 کەسیشیان زەویناس و کارناسی نەوت بوون.

عەزیز عەلییۆڤ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ڕێبەریی کردنی ئەو کەسانە دەستنیشان کرابوو. ئەو گروپانە دەبووایە لەگەڵ سوپای سور ڕەوانەی ئێران بکرێن [8].

لە مانگەکانی یونیی و یولییدا یەکیەتیی سۆڤیەت سێ یادداشتنامەی ڕەوانەی دەوڵەتی ئێران کرد و لەشکری 47ی سۆڤیەت لە سنورەکانی ئازەربایجان جێگیر کرا. ئێران لە سەرەتای ڕووداوی خەرمانانی ساڵی 1320دا بوو.

## چوونی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ ئێران و جێگیربوونیان لە ئازەربایجان (ئەوگۆستیی- دیسێمبەریی 1941)

ڕۆژی 1941/8/16 (1320/6/4) میرجەعفەر باقرۆڤ سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانیی سۆڤیەت لە بروسکەیەکی نهێنی "ڕمز" دا بۆ ستالین، ڕایگەیاند: **(بە پێشڕەویی کردنی هێزەکانمان هەندێک دیاردە سەریانهەڵداوە کە بۆ چارەسەر کردنیان پێویستمان بە ڕێنوێنی ئێوە هەیە.)**.

1- هەرچەندە هێزەکانمان کاتی چوون لە ئێرانەوە، ڕوبەڕووی پێشوازایی گەرمی خەڵک بوونەوە، بەڵام بە ڕاکردنی ئەندامانی سوپای ئێران لە ناوچەکە، بۆ دەستەبەر کردنی دیسیپلین و بەڕێوەبردنی یاسا، لە لایەن سوپای ئێمەوە نوێنەر دیاریی نەکراوە. لە ئاکامدا دوکان و بازار داخراون، ئۆرگانەکانی حکومیی کارناکەن و دابینکردنی ئازوقە و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکە توشی گرفت بووە.

2- حکومەتی ئێران، دەرەبەگەکان و بازرگانەکان بە دژی ئێمە پڕچەک دەکات. سوپای سۆڤیەت دەبێ چەکی ئەندامانی سوپای ئێران کە بەجێیان هێشتوە و هەڵاتون، کۆبکاتەوە. دەرەتانی سەرهەڵدانی شەڕی چەکدارانە بە دژی سوپای ئێمە لە ئارادایە.

3- بۆ پێشڕەویی کردنی بە پەلەی هێزەکانمان پێویستە خەڵک ڕون بکرێنەوە[9].

ئامانجی میرجەعفەر باقرۆڤ ئەوە بوو کە هەرچی زوتر گروپێک لە ئەندامانی دەزگای هەوڵگریی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی عەزیز عەلییۆڤ ڕەوانە تەورێز بکرێت، بەڵام ستالین لە بروسکەیەکدا بۆ باکۆ بە مێژووی 1941/8/28 (1320/6/6) وەڵامی دایەوە: **(بارودۆخی ئێران**

**هێشتا نادیارە. ڕەنگە لە سێ چوار ڕۆژی داهاتوودا بارودۆخەکە هەندێک ڕون بێتەوە. تا سێ چوار ڕۆژی تر ئێوە وەڵامی پرسیارەکانتان و ڕێنوێنییەکانی پێویست وەردەگرنەوە[10].).**

بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ بارودۆخیی ئازەربایجان، میرجەعفەر باقرۆڤ بە "نەخجەوان"دا چووە تەورێز. ناوبراو دەربارەی ئەو سەفەرەی دەنوسێت: **(من دوای سێ چوار کاتژمێر بە نەخجەوان دا چوومە تەورێز. لەوێ توشی گروپێک کچ و کوڕی 7- 8 ساڵانە بووم و ویستم قسەیان لەگەڵ بکەم. بە ڕاگرتنی ئوتۆمبێلەکەم ڕایانکرد. من بە زمانی ئازەریی داوام لێکردن بێنە ئێرە "بوراگلین". بە بیستنی قسە بە زمانی ئازەریی ئەوان هاتنەلام. بەوانم گوت خاکی ئازەربایجان باشور، خاکی ئەسڵیی گەلی ئێمەیە. زۆربەی سنورنشینەکانی کۆماریی ئێمە ماوەیەکی زۆرە بە دور لە خوشکوبراکانیان دەژین. دواتر گوتم حکومەتی ئێران کاتی دابەشکردنی ئێران بەسەر پارێزگاکاندا، ئازەربایجانیی بەم جۆرە لێکرد. "لە سەر نەخشە پێشانمدان" کە ئەوە جگە لە درۆ شتێکی تر نییە. بنوارن ئازەربایجان لێرەوە تا ئێرەیە (بە نیشاندان لەسەر نەخشە، لە ڕاستیدا تارانیش بەشێکە لە ئازربایجان[11].).**

سەرئەنجام لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی سێپتەمبەری 1941 (دەستپێکی دەهەی دووەمی خەرمانانی 1320) داوایان لە باقرۆڤ کرد بۆ وتووێژێکی یەک ڕۆژە دەربارەی ئازەربایجانیی باشور بچێتە مۆسکۆ. لە بروسکەیەی ستالیندا نوسراوە: **(کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیست دەیەوێت ئێوە بێن و ڕۆژێک لە مۆسکۆ بمێننەوە. ستالین 1941/5/1 ژمارە 3[12].).**

لە وتووێژی مۆسکۆدا بڕیاردرا لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە چەند لیژنەیەکی تێکەڵاو لە ئەندامانی حیزبی کۆمونیست، ئۆرگانەکانی دەوڵەتیی، کارناسانی دادوەریی - ئەمنییەتیی و ئابوریی ڕەوانەی ئازەربایجانیی باشور بکرێن. عەزیز عەلییۆڤ محەمەد کەریم ئۆغلی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی ئازەربایجان ڕێبەرایەتی ئەو لیژنانەی

پێسپێردرا. بڕیاردرا لە نیوەی دووەمی مانگی سێپتەمبەری 1941 دا "لیژنەکانی عەزیز عەلییۆڤ" لە تەورێز دەست بە چالاکییەکانیان بکەن و بەرپرسایەتی لیژنە ڕەوانەکراوەکان بەم جۆرە دیاریی کران: موحیبعەلی ئەمیر ئەسلانۆڤ بەشی ئابوریی، ئاغا سەلیم ئاتاکیشیۆڤ بەشی تایبەت "هەوالگریی"، مستەفا قولییۆڤ بەشی تەندروستی، میرزا ئیبراهیمۆڤ سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئازەریی زمان(13).

بە مەبەستی پێشاندانی گەشەکردنەکانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت لە زەمینەکانی ئەدەبیات، پیشە، هونەر، ئابوریی و ...تد، بڕیاردرا لیژنەکان گەنم، قەند، شەکر، نەوت و شتی تر بۆ شارەکانی تەورێز، بەندەر پەهلەوی، ئەردەوێڵ، ڕەشت، ئاستارا و جێیەکانی تر بەرن و لە شارە گەورەکانی ئازەربایجان ئۆپێرای "کۆرئۆغلی، لەیلی و مەجنون، شا ئیسماعیل، ئارشین مالئالان و مەشەدی عیباد" نومایشت بکەن. بە هاودەنگی لەگەڵ مۆسکۆ، لیژنەکانی سەر بە عەزیز عەلییۆڤ دەبووایە لە ماوەی سێ مانگدا ژمارەی ئەندامانیان لە پێنجسەد کەسەوە بگاتە دوو تا شەش هەزار کەس(14).

بە ڕێنوێنی کۆمیتەی بەرگریی دەوڵەتیی سۆڤیەت و فەرمانی "د. کۆزۆلۆڤ" فەرماندەی بەرەی شەڕی سەرووی قەفقازیا، سەرهەنگی کۆمیسێر عەزیز عەلییۆڤ کرا بە ئەندامی شورای جەنگیی لەشکری 47 کە لە تەورێز جێگیر کرابوو. لەو فەرمانەدا هاتووە: **(هاوڕێیانی ڕەوانە کراو دەبێ هەموو ڕێنوێنییەکانی عەزیز عەلییۆڤ سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت و ئەندامی شورای جەنگیی بەڕێوەبەرن. کۆمیسێرەکان و ئۆرگانەکانی جەنگیی - سیاسیی نابێ دەست لە کاروباری لیژنەکانی عەزیز عەلییۆڤ وەربدەن(15).)**

باقرۆڤ لە یەکێک لە دیدارەکانیدا لەگەڵ لیژنە ڕەوانەکراوەکان بۆ ئازەربایجان گوتی: ئێوە دەزانن کە سوپای سور لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی هەرێمەکانی باکوریی ئێرانی خستە دەست خۆی. هەموو ئەو

شوێنانە ئازەربایجانیی ئێمەیە. بە گوێرە بەڵگە مێژوویییەکان بەشی زۆری هەرێمی باکوریی ئێران وەک قەزوێن، ورمێ، میانە، مەراغە، تەورێز، ئەردەوێڵ، سەڵماس، خۆی، ئەنزەل و ...تد شوێنی باو و باپیرانی ئێمەن. ئەگەر لە ڕاستیی دەپرسن، تاران یەکێکە لە شارە کۆنەکانی ئازەربایجانی ئێمە(16).

لە پرۆتکۆڵی ڕۆژی 1941/9/15 (1320/6/24) دا ئاماژە بۆ دیداریی باقرۆڤ و هاوڕێیانی ڕەوانەکراو بۆ ئێران کراوە: **(مەسەلەیەک کە من لێرە دەبێ لەگەڵ ئێوە باسی لێبکەم ئەوەیە تا ئەوکاتەی سوپای سوری سۆڤیەت لە خاکی ئازەربایجانیی باشوردا بێت، ئێمە ناتوانین بێدەنگ بوەستین و سەدان کەس لە برسێتیدا بمرن. ئەگەر لە دەمارەکانی ئێمەدا دڵۆپێک خوێنی ئازەربایجانیی هەبێت، دەبێ درەنگ یان زوو ئازەربایجانییەکانی باشور لەگەڵ برا دورخراوەکانیان واتە گەلی ئازەربایجانیی سۆڤیەت تێک بخەینەوە. .... بۆ ئەو مەبەستە هێز و توانای پێویستمان هەیە. .... ئەو کارە هەرچەندە دژواریش بێت، ئێمە یارمەتیی زەحمەتکێشانی ئازەربایجانیی باشور دەدەین. غیرەتی ئێمە، ناموسی ئێمە، ئینساف و سەداقەتی ئێمە، ئێمە ناچار بە ئەنجامدانی ئەو کارە دەکات. لەبەر ئەوە ئێمە لە نامەیەکدا بۆ ڕێبەرمان هاوڕێ ستالین داوامان لێکرد کە ئیزنمان بدات یارمەتی بە زەحمەتکێشانیی ئازەربایجان بکەین. پرسیار لەمن کرا، چیتان دەوێت؟ وەڵامم دایەوە ئێمە دەمانەوێت بە براکانمان کە لە ئازەربایجانیی باشور دەژین، یارمەتی بکەین. داواکارین ئەو ئیزنەمان بدەنێ. هاوڕێیانی مۆسکۆ ئەو ئیزنەیان بە ئێمە دا(17).)**

باقرۆڤ سەبارەت بە ڕێنوێنییەکانی مۆسکۆ گوتی: **(یارمەتییەکانی ئێمە بە ئازەربایجانیی باشور دەبێ بە جۆرێک بێت کە حکومەتی شا و ئینگلیزەکان ئێمە بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران تاوانبار نەکەن.)** لە کۆتاییدا دەڵێت: **(ئەرکی ئێوە بەرپرسایەتییەکی قورس و**

**شەریفە، ئێوە بۆ کارێکی زۆر گرنگ ڕەوانەی ئەوێ دەکرێن و بە بەڕێوەبردنی ئەو مەئموورییەتە، خزمەتێکی گەورە بە گەلی ئازەربایجان دەکەن. ئێوە بە ئەنجامدانی ئەو مەئموورییەتە شەریفەتان، ئاواتی سەدان ساڵەی برا لێکدابڕاوەکانتان بەجێدەگەیەنن. ئێوە دڵی ئەوان لێک گرێ دەدەن و ئەوەش مەسەلەیەکی ناموسییە و غیرەت و سەداقەت و خۆشەویستیی ئێوە دەگەیەنێت[18].)**

ڕۆژی 1941/9/24 (1320/7/2) شاگلدییۆڤ لە گەڕانەوەی مەئموورییەتی ئازەربایجان، ئەم ڕاپۆرتەی ئاراستە کرد: **( ئێمە کاتی دەربازبوونمان لە گوندەکانی تورکمانچایی، "باقرۆڤ لەو جێیە گەلی گەورەی ئازەربایجانی کردە دوو بەش" لەگەڵ جوتیارەکان دوا، ئەوان گوتیان ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە و نوێنەرێکمان ڕەوانەی تەورێز کردووە کە بێن و حکومەتی شوراکان لە گوندەکانمان دامەزرێنن[19].).**

باقرۆڤ لە دیدارەکانیدا لەگەڵ فەرمانبەرە ڕەوانەکراوەکان بۆ ئازەربایجان تەئکیدی لەسەر بەنهێنی ڕاگرتنی مەسەلە باسلێکراوەکان و بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی عەلییۆڤ عەزیز دەکردەوە. سەرەڕای هەوڵەکانی باقرۆڤ سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەرکە دیاریکراوەکان لە ئازەربایجانیی باشور، ڕێبەری سۆڤیەت لەو بارەیەوە توشی گۆمان و دوودڵیی بوو. ئۆرگانە ئەمنییەتییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی ئێران، چەندان تەرح و پلانیان دەربارەی هەوڵی ڕزگارییخوازانە لە کوردستاندا ئامادە کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا "ئاندرە سیمیرنۆڤ" سەفیری یەکیەتیی سۆڤیەت کە ئاشنایەتیی پتری لەسەر ئێران هەبوو، دژی "یاریی کردن لەگەڵ کێشەی کوردستان" بوو، ئەو دەیگوت: **(لە ئێران تاوانیی جیاوازییخوازیی کوردەکان بە بەردەوامی یارییەکی سیاسیی وڵاتانی بێگانە بووە. ئێمە دەبێ خۆمان تێکەڵاوی ئەو یارییە نەکەین. ئەوە بەو واتایە نییە کە پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ کوردەکان بپچڕین و بە قازانجی خۆمان و بەرەوپێشەوە بردنی**

**دەستکەوتەکانمان کەڵکیان لێوەرنەگرین. لە هەر حاڵەتێکدا چالاکییە سیاسییەکانی ئێمە لە باکوری ئێران پەیوەندیی بە ئازەربایجانییەکانەوە هەیە[20].)**.

حکومەتی ئێران سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان، بە توندی لە ئازاردا بوو. بە مێژووی 1941/8/28 (1320/6/6) میرزا عەلییخانی سوهەیلی وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی نوێی فروغی لە ڕاگەیاندنێکی نهێنیدا بە دیپلۆماتەکانی ئێرانیی لە دەرەوە ڕادەگەیاند: بۆ بەربەرەکانی بە دژی هەڵسوکەوتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت، سەرنج بدەنە ڕاسپاردەکانی دەوڵەتی بریتانیا و لەگەڵ کێشەکانی ئازەربایجان بە جیددی هەڵسوکەوت بکەن. ئەو بۆ سەفیری ئێران لە ئەنقەرە دەنوسێت: **(ئەگەر کارەکان بەم جۆرە بچنە پێشەوە، ئێمە ئازەربایجانیی لەدەست دەدەین[21].)**.

فروغی لە هەموو دەرەتانێک بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت و بریتانیای مەزن سودی وەردەگرت. ڕۆژی 1941/9/8 (1320/6/17) ڕێککەوتنامەیەکی دەربارەی داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بریتانیاوە ئیمزا کرد. هێزەکانی ئینگلیز سەرەتا لە فیکری چوون بۆ تاران نەبوون، بەڵام بۆ بەرگریی کردن لە ئاسەواری نیگاتیڤی جێگیرکردنی هێزەکانی سۆڤیەت لە پایتەختی ئێران، ڕایان گۆڕی. حکومەتی بریتانیا لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەردا، بە یەکیەتیی سۆڤیەتی ڕاگەیاند کە بە هێزەکانی خۆی فەرماندا وە بەپەلە بچن بۆ تاران. وینستۆن چەرچل بە ستالینی ڕاگەیاند کە ئەویش فەرمانێکی بەم جۆرە بە هێزەکانیی سۆڤیەت لە ئێران بدات. ڕۆژی 1941/9/16 (1320/7/25) کاتێک هێزە هاوپەیمانەکان خەریک بوون بگەنە تاران، ڕەزاشا بە سودی محەمەد ڕەزای کوڕی، تاج و تەختەکەی بەو سپارد. ڕۆژی دوایی سەرەتا هێزەکانی سۆڤیەت و دواتریش هێزەکانی بریتانیا گەیشتنە تاران.

ڕۆژی 1941/9/21 (1320/7/29) فروغـــی، فـــەهیم ئـــەلمولکی کـــرد بـــە پارێزگاریی ئازەربایجان و هەر لـەو ڕۆژەشدا لیژنـەیـەک لـەژێر فـەرمانی عەزیز عەلیيۆڤدا لە تەورێز دەستی بە چالاکییەکانی کرد[22].

بە لەبەرچاو گرتنی چالاکییەکانی لیژنـەی ڕەوانـەکراوی ئازەربایجـانی سۆڤیەت، لـە سـاڵانی 1941 - 1942دا، کۆمیسـاریای کاروبـاری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە بروسکەیەکی نهێنی "ڕمز"دا بە باقرۆڤی ڕاگەیاند: **(عەلی سوهەیلی وەزیری دەرەوەی ئێران شکاتێکی دژی لیژنـەی عـەزیز عەلیيۆڤ ئاراستەی سیمیرنۆڤ، سەفیری ئێمە کردووە کە لیژنەی عەزیز عەلیيۆڤ لـە تـەورێز ڕۆژنامـەیـەک بـەناوی لـە ڕێـی نیشتماندا "وەتـەن یۆڵونـدا" بـــە زمـــانی تـــورکی بڵاودەکاتـــەوە. ســیمیرنۆڤ لـــە وەڵامیـــدا ڕایگەیاندووە، ئەو ڕۆژنامەیە بۆ سەربازانی سوپای سور و فەرمانبەرانی سـۆڤیەت بڵاودەکرێتـەوە. سـوهەیلی داوا دەکـات ڕۆژنامەکـە لـەنێوان خەڵکدا بڵاونەکرێتـەوە. داوا دەکـەین وەڵامێکـی پەسـەند بـەو وتانـەی وەزیری دەرەوەی ئێران بدەنەوە[23].)**

میرجەعفـەر بـاقرۆڤ لـە بروسـکەیەکدا بـۆ هاوڕێیـان "دکانـازۆڤ" و "سوبۆلۆڤ" لە کۆمیساریای کاروباری دەرەوە دەڵێت: **(وتەکانی سوهەیلیی لـەخۆوە نـین و بەتـەواوی بێنـاوەڕۆکن. دەبـێ بڵێـیم کـە سیمیرنۆڤ بـە غەرەزەوە ڕوبەڕووی چالاکییەکانی عەزیز عەلیيۆڤ دەبێتـەوە. ڕەخنـەی فەرمانبەرە ڕەسمییەکانی ئێمە لەوانە ئەندامانی سوپا لە کاروبـاری عەلیيۆڤ بۆ ئەوەیە کە ئەو بەشداریی کۆبوونەکانی مەی خواردنەوەیان ناکات و بە پێچەوانەوە هۆشیاریان دەکاتەوە کە لە سنوری دەسەڵاتیان دەرنەکەون. وا دیارە کە ئەو هاوڕێیانە لە وتەکانی عـەلیيۆڤ خۆشحاڵ نین. داوات لێدەکەم، ئەو مەسەلەیە بە "ڤیچسڵاو مخایلۆیچ" (مەبەستە لە مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتە- وەرگێڕ) بگەیەنن[24].)**



عەلی سوهەیلی دووهەم سەرۆکوەزیرانی ئێران بە دوای خەرمانانی 1320

ڕۆژی 1941/9/22 (1320/7/30) کە عەزیز عەلییۆف گەیشتە تەورێز، فەرمانبەرە ڕەوانەکراوەکانی ئازەربایجانیی سۆڤیەتی بەسەر ئەو شارانەدا بڵاوکردەوە کە سوپای سوریان لێ جێگیر کرابوو و هەرئەو ڕۆژەش بۆخۆی چووە تاران تا چاوی بە فەرمانده‌ی سوپای سور و سەفیری سۆڤیەت بکەوێت(25). ڕۆژی گەڕانەوەی بۆ تەورێز ئەرمەنییەک بە ناوی "بوداغیان" کە بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە کاروباری قەند و شەکر بوو لە تەورێز، بۆ پێکهێنانی نارەزامەندیی لەناو خەڵکی شاردا، لە بڵاوکردنەوەی قەند و شەکر خۆدەپارێزێت و قەند و شەکریی عەمبارەکانی تەورێز بە نهێنی ڕەوانەی شارەکانی باشوری ئێران دەکەن. کۆنسولی تورکیا و ئینگلستان لە تەورێز داوا لە عەزیز عەلییۆف

دەکەن کە بیرێک لە ئاسایی کردنەوەی شار بکاتەوە. بۆ بەرگریی کردن لەو کارە تێگدەرانەیە، بانگهێشتی فەرماندار و سەرۆکی شارەبانی و سەرۆکی نوسینگەی سوپای سور دەکات و پێیانڕادەگەیەنێت کە کۆتایی بەو یارییانە بهێنن. ئێوارەی ڕۆژی 1941/9/24 (1320/8/2) ئازوقەی ڕەوانەکراو لە ئازەربایجانیی سۆڤیەتەوە گەیشتە تەورێز کە 800 تەن قەند، 300 تەن ئارد، 150 تەن گەنم، 30 هەزار مەتر قوماش و...تد بوو[26].

گروپەکەی عەزیز عەلییۆڤ لە کۆتایی سێپتەمبەر و سەرەتای ئۆکتۆبەریی 1941 (نزیکەی 8- 1320/8/10)، کۆمپانیا ئەڵمانییەکانی لە شارە جیاوازەکانی ئازەربایجان داگیرکرد. ئەو کۆمپانیایانە بریتی بوون لە: ئێران ئیکسپریس، ڤۆبەر بایر ترانسپۆر، هیس و کۆمپانیی و ئا.ا.گ. عەزیز عەلیۆڤ کاڵاکانی ئەو کۆمپانیایانەی کە نرخیان یەک ملیۆن و دووسەد و چل هەزار ڕیال بوو، ڕەوانەی یەکیەتیی سۆڤیەتی کرد. لە حسابی بانکیی ئەڵمانییەکان لە بانکی میللی لقی تەورێز، نزیکەی نۆسەد هەزار ڕیالی هەڵگرت و ڕژاندییە سەر حسابی سوپای سور[27].

لە مانگی ئەوگۆستیی 1941دا، ئەو چەکانی سوپای ئێران کە لە کاتی پاشەکشەکردنندا کەوتبوونە دەست "شاسەوەن"ەکان. بۆ بەرگریی کردن لەوەی کە نەکات شاسەوەنەکان لەو چەکانە کەڵکی نابەجێ بە دژی هێزەکانی سۆڤیەت وەرگرن، عەزیز عەلییۆڤ لە کۆتایی سێپتەمبەری 1941 (نزیکەی 1320/8/8) دا فەرمانیدا خواردەمەنی لەنێوان شاسەوەنەکاندا بڵاوبکرێتەوە و متمانەیان پێ بهێنرێت و چەکەکانیان لێوەربگرنەوە. ڕۆژی 28 ی سێپتەمبەر (6 ی ڕەزبەر) لە مشکین شار چاوی بە سەرۆک هۆزەکانی شاسەوەن کەوت. سەرۆک هۆزەکان قبوڵیان کرد کە چەکەکانیان بدەنەوە. ئەوان بۆ دیدارێک لەگەڵ میرجەعفەر باقرۆڤ بانگهێشتی باکۆ کران. شاسەوەنەکان لە حکومەتی پەهلەوی ناڕازیی بوون. لە مانگی نۆڤێمبەری 1941 (خەزەڵوەر- سەرماوەزی

1320) لە شاری باکۆ چاویان بە باقرۆڤ کەوت و گوتیان هیچ دڵخۆشییەکیان بە ئێران نییە و نیوەیان نیشتەجێ ئازەربایجانیی سۆڤیەتن و ئەوانیش دەیانویست ڕەگەڵ ئازەربایجانیی باکور بکەون[28].

لە ڕاپۆرتێکیدا عەزیز عەلییۆڤ بە مێژووی 1941/10/24 (1320/8/2) بۆ باقرۆڤ دەڵێت: **(لە تەورێز و شارەکانی تردا دزیی و تالان لە لایەن هەندێک سەربازیی سوپای سور دەبینرێت. ئەوان بە بیانووی گەڕان بە دوای چەکدا شەوانە دەچنە ماڵی خەڵک و پارەیان لێدەدزن. بۆ کۆتاییهێنان بەو کردارە، ئێمە کاری پێویستمان ئەنجامداوە.)** ئەو لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێت: **(گۆزلیان جێگری کۆمیسارییای ناوخۆی ئەرمەنستانی سۆڤیەت، ئوتۆمبێلی ئێرانییەکی داگیر کردووە. هەرچەندە کۆمیسیۆنی دەستکەوتەکانی جەنگیی پێیڕاگەیاندووە کە ئوتۆمبێلەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو سەرپێچی دەکات[29].)**

کۆتایی ئۆکتۆبەری 1941 (نزیکەی خەزەڵوەری 1320) سەرلەشکر جهانبانی وەزیری ناوخۆی ئێران هاتە تەورێز و لە کۆبوونەوەیەکدا کە هەموو کارمەندانی پارێزگا بەشداربوون تیایدا، گوتی: **(ئێوە دەبێ هۆشیار بن و بەبێ هیچ گومان و دوو دڵییەک فەرمانەکانی شا و دەوڵەت بەڕیوەبەرن.)** دواتر فەهیمی "فەهیم ئەلمولک" پارێزگاریی ئازەربایجان گوتی: **(خەڵک نابێ فریوی پروپاگەندەی سوپای سور بخۆن و پارەکانیان خەرجی بینینی فیلم و تیاترەکانیان بکەن.)** جهانبانی تا نۆڤێمبەری 1941 (19 ی خەزەڵوەری 1320) لە تەورێز مایەوە.

باقرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی شیکەرەوەدا بۆ ستالین، سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ ناکۆکیی نێوان عەزیز عەلییۆڤ و لیژنەکانی سیاسیی سەربازیی جێگیرکراوی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، دەنوسێت: **(بەهۆی لاوازیی لە ڕێبەرایەتیی کردندا، لە هەندێک یەکەی لەشکری سوردا، ڕاکردن لە خزمەت و دزیی و تالانی خەڵکی ناوچەکە و مەیخواریی بیندراوە. ژەنەڕاڵ "نوویکۆڤ" فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران و "ژارکۆڤ"**

**کۆمیسێری جەنگیی ئەرکی خۆیان سەبارەت بە ڕاگرتنی دیسیپلین لە سوپادا باش بەڕێوە نابەن. بەشە جیاوازەکانی سەربازیی بەسەر ناکەنەوە و زۆربەی کاتەکانی خۆیان سەرفی بەشداریی کردن لە میوانیی و مەیخواریی دەکەن. کاری بێئابرویی نوویکۆڤ بە جێیەک گەیشتوە کە ئەفسەرێکی باڵای سوپای ئێران بە یەکێک لە فەرمانبەرەکانی ئێمەی گوتووە، فەرماندەی ئێوە تا سنوری بێهۆش بوونی تەواو، مەی دەخواتەوە و بەشداریی مەیخۆرییەکانی کۆمیسێری جەنگیی ژارکۆڤ دەکات. بە دوای یەکێک لە مەیخۆاردنەوەکانیدا، ژارکۆڤ دەربارەی ژمارەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران و سەرووی قەفقازیا زانیاریی بە ئینگلیزەکان داوە. ئەوکاتەی کە لە تەورێز بوو، لەگەڵ برایانی "بوداغیان" کە لە "داشناک"ە ناسراوەکانن، دۆستایەتی کردووە و زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ ئەوان لە کۆڕەکانی مەیخۆریی و ڕابواردن و خۆشگوزەرانیی تێپەڕ دەکرد[30]).**

ژەنەڕاڵ نوویکۆڤ و سەرهەنگ ژارکۆڤ بە دژی گروپی عەزیز عەلییۆڤ زانیاریی نهێنییان بۆ مۆسکۆ نارد. لە ئاکامی هەوڵی لێبڕاوانەی باقرۆڤدا، لەو دوو کەسەیان ویست ئێران بەجێهێڵن و بگەڕێنەوە، بەڵام هێچ بڕیارێک بە دژی گروپەکەی عەزیز عەلییۆڤ نەدرا. چونکە دەسەڵاتدارانیی سۆڤیەت لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیادا دۆخی نالەباریان هەبوو، نەیاندەویست بە دەستتێوەردان لە کاروباری ئازەربایجانیی ئێران، کێشەیەکی نوی بۆخۆیان دروست بکەن، بەڵام کاتێک لە مانگی دیسێمبەری 1941 (خەزەڵوەر و سەرماوەزیی 1320)، عەزیز عەلییۆڤ لە باکۆ بوو، سیمیرنۆڤ سەفیری سۆڤیەت، "نیکلاس یڤانۆڤ" ڕاوێژکاری سەفارەتیی ڕەوانەی تەورێز کرد تا بە هاوکاریی "ئاناتۆڵی کولاژنکۆڤ" سەرکۆنسولی نوێی سۆڤیەت لە تەورێز، دەربارەی چالاکییەکانی گروپی عەزیز عەلییۆڤ بکۆڵێتەوە[31].

# گومان و دوو دڵییەکانی ساڵی 1942

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئاناتۆڵی کولاژنکۆڤ و نیکلاس یڤانۆڤ، ئاندرە سیمیرنۆڤ سەفیری سۆڤیەت، ڕۆژی 1942/1/12 (1320/10/22) ڕاپۆرتێکی دەربارەی چالاکییەکانی گروپی عەزیز عەلییۆڤ ڕەوانەی کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد. "دکانازۆڤ" ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتەی لە بروسکەیەکدا بۆ باقرۆڤ نارد. لەو بروسکەیەدا هاتووە: **(لە ڕاپۆرتی کولاژنکۆڤ دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی ناوچەیی ئێران و کۆنسولی وڵاتانی بێگانە لە کار و چالاکییە زیانبارەکانی گروپی عەلییۆڤ ئاگادار کراون[32]).**

سیمیرنۆڤ لەو ڕاپۆرتەیدا ئاماژەی بۆ هەندێک لە کارە زیانبارەکانی گروپی عەلییۆڤ کردوە و بۆ نمونە پەنجەی بۆ ئەم خاڵانەی خوارە ڕاکێشاوە:

1- سەرەتای دیسێمبەریی 1941 (نزیکەی سەرەتای سەرماوەزیی 1320) عەلییۆڤ لە نامەیەکدا داوا لە سەرهەنگ "سلیڤانۆڤ" فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ورمێ دەکات کە لە کۆکردنەوەی چەک لەناو خەڵکدا خۆ بپارێزن و ئەو چەکانەش کە کۆکراونەتەوە، بدرێنەوە بە خەڵکەکە. ئەو نامەیەی عەلییۆڤ کەوتووەتە دەست ئۆرگانەکانی حکومەتی ئێران و فەرمانداری ورمێ خەریکە لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێک ئامادە دەکات.

2- ئەمیر ئەسلانۆڤ جێگری عەلییۆڤ ڕۆژی 16 ی دیسێمبەری 1941 (25 ی سەرماوەزیی 1320)، جێگری فەرمانداری ورمێ دەستگیر دەکات و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە تەورێز و دوای ماوەیەک ئازادی دەکات. دیارە ئەمیر ئەسلانۆڤ دەڵێت چونکە لە ڕووداوی پیکهەڵپرژانی کوردەکاندا گیانی جێگری فەرماندار لە مەترسییدا بووە، ئەوەی زیندانیی کردووە کە لەو ڕووداوە ڕزگاریی بێت.

3- ڕۆژی 30 دیسێمبەر (9 ی بەفرانباریی 1320) ئاتاکیشیۆف جێگری کۆمیسێری کاروباری دەرەوەی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە شاری "سەراب" سەرۆک هۆزێک دەستگیر دەکات و لە بنکەی ژاندارمەریی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات و فەرماندەدات کە زیندانیی بکەن. لەو بارەیەوە فەرمانداری سەراب خەریکی ئامادە کردنی ڕاپۆرتێکە.

ئاندرە سیمیرنۆف لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: دژوارە بتوانین باوەڕ بکەین کە بڵاوبوونەوەی چالاکییەکانی گروپی عەلیییۆف بە قازانجی ئێمە بن. ئەو لێرە بە سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانیی سۆڤیەت ناسراوە. ڕێبەرایەتیی کردنی ئەو لە چالاکییەکانی ئەو گروپەدا تەنیا ناڕەزامەندیی و ناباوەڕیی کاربەدەستانی ئێران، تورک و ئینگلیزییەکانی بەدواوە بووە. دەربارەی چالاکییەکانی گروپی عەلیییۆف، عەلی سوهەیلی و سەفیری دەوڵەتەکانی تورک و ئینگلیز، زانیاریی پێویستیان هەیە[33].

دکانازۆف لە کۆتایی بروسکەکەیدا بۆ باقرۆف دەنوسێت: **(هێشتا پەیوەندیی نێوان سیمیرنۆف و عەزیز عەلیییۆف نەگەڕاوەتەوە بواری ئاسایی خۆی و چارەسەر نەکراوە.)** ئەو پێشنیاز دەکات دیدارێک لەنێوان ئەو دوو کەسەدا پێکبێت. هەروەها جگە لەو بروسکەیە، دکانازۆف بە ڕێی تەلەفۆنیش گفتوگۆی لەگەڵ باقرۆف کرد.

ڕۆژی 194/1/17 (1320/10/29) باقرۆف لە وەڵامی بروسکەی دکانازۆفدا بروسکەیەکی بۆ کرملین نارد و نوسی: **(بە دوای گفتوگۆی تەلەفۆنیی لەگەڵ ئێوە، بە عەزیز عەلیییۆفم ڕاگەیاند کە دەست لە کاروباری بەربەرەکانیی "مقاومت" حکومەتیی ئێران وەرنەدات و دەبێ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سیمیرنۆف هەبێت و بە هاودەنگیی لەگەڵ سیمیرنۆف، مەسەلە جیاوازەکان لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەیی بێنێتە گۆڕێ. ئەمڕۆ فەرمانمدا بە عەلیییۆف کە بەپەلە بچێتە تاران و هەموو کێشەکان و لەوانە ئەو باسانەی کە لە ڕاپۆرتی کولاژنکۆڤدا ئامازەیان بۆ**

**کراوە، بۆ سیمیرنۆڤیان ڕون بکاتەوە، بەڵام دەربارەی ئاشکرا بوون و ناسینی عەلیییۆڤ لە لایەن تورکیا و ئینگلیزەکانەوە، عەلیییۆڤ و ئەندامانی گروپەکەی ڕۆلیان نەبووە لە ناساندنیدا و فیکر دەکەمەوە هەندێک لە فەرمانبەرانی ئێمە، کاتی مەیخوارییی لەگەڵ کەسانی گومانهەڵگر، عەلیییۆڤ و گروپەکەیان ئاشکرا کردووە. بەو کێشەیەی کە سەریهەڵداوە ئیتر دەرەتانی درێژەدان بەو کارانە نامێنێت کە لە ڕۆژانی سەرتاییدا دەستمان پێکردبوون. وا تێدەگەم کە سیمیرنۆڤ و ئەوانی تر لە کۆتاییهێنان بەو کارانەی ئێمەدا کە دەستمان پێکردبوو، سەرکەوتن[34].).**

بە گوێرەی بەڵگەنامەکان دەکرێت بڵێین بیری لە چوارچێوە خستنی چالاکییەکانی کارگێڕانی سیاسیی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، لە لایەن ڕێبەرانی سۆڤیەتەوە بە ئەنجام گەیشتوە. ڕاپۆرت و بروسکەکانی سیمیرنۆڤ بە دژی گروپی عەزیز عەلیییۆڤ بە فەرمانی نهێنیی کمیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت ئاراستە کراون. هۆی نواندنی ئەو نەرمییە لە لایەن سۆڤیەتەوە، لە لایەک دەگەڕایەوە بۆ دۆخی دژواری هێزەکانی سۆڤیەت لە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئەڵمان و لە لایەکی تردا وتووێژی نهێنی نێوان سۆڤیەت و ئینگلیز و ئێران لە تاران. بە لەبەرچاو گرتنی پێویستییەک کە لەو ڕۆژانەدا سۆڤیەت بە هاوپەیمانانی جەنگی هەبوو "تاقیکردنەوەکانی بۆلشویکیی" کە لە سەرەتادا لە ئازەربایجان دەستی پێکردبوو، بەرە بەرە بەلاوە نرا. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار وابوو کە ناردنی چەکی هاوپەیمانان بۆ سۆڤیەت لە هێڵی ئێرانەوە بە ئەنجام بگات کە ئێران بە کەڵکوەرگرتن لەو دۆخە، پشتگیریی سۆڤیەتی لە پارێزگاریی کردنی تەواوییەتی ئەرزیی ئێران دەویست. هەروەها ئینگلیزەکان، شا و حکومەتی ئێرانیان بە "مەترسیی کۆمونیزم" دەترساند و تورکیاش بە

نۆرەی خۆی چالاکییەکانی سۆڤیەتیی لە ئازەربایجان بە وردیی خستبووە ژێر چاودێریی(35).

هەرچەندە لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەری 1941 (نزیکەی 10 ی خەرمانانیی 1320)، کاتێک لە کرملین دەربارەی ئازەربایجان وتووێژ کرا، دەسەڵاتی تایبەتیان بە میرجەعفەر باقرۆڤ دا، بەڵام لە کۆتایی ساڵی 1941 و سەرەتای ساڵی 1942 دا، ڕێبەری سۆڤیەت لە چوارچێوەی زنجیرە عەمەلیاتێکی ئۆرگانەکانی ئەمنییەتیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، باقرۆڤی لە بەرامبەر ئەو نمونەیە دانا و نەخشەی هاتنەدەرەوەی کارگێڕانی ئازەربایجانی سۆڤیەتیان ئامادە کرد. ئەو پڕۆژانەی کە لە ئازەربایجان سەبارەت بە کێشە نەتەوایەتییەکان بەڕێوەدەچوون، ڕێبەرانی سۆڤیەتیان خۆشحاڵ نەدەکرد.

ئاندرە سیمیرنۆڤ داوای لە کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد پێش بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "وەتەن یولوندا" بگرێت کە لە ئازەربایجاندا دەست بە دەست دەگەڕا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کەسانی وەک میرزا ئیبراهیمۆڤ، سلێمان ڕۆستەم، ئیسرافیل نەزەرۆڤ، شەمسی بەدل بێگلی و ... ئەندامانی دەستەی نوسەرانی ئەو ڕژنامەیە بوون(36).

میرجەعفەر باقرۆڤ بە دژی ڕاگرتنی ئەو ڕۆژنامەیە، ڕاوەستا و لە بروسکەیەکدا بۆ "ئارکادی سوبولۆڤ" و دکانازۆڤ و دەسەڵاتدارانی باڵای کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی ڕایگەیاند: **(بەپێی زانیاریی گەیشتو، دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران لە ئازەربایجانیی باشور دۆست و لایەنگرانی ئێمە دەخەنە ژێر چاودێریی و دەیانگرن. هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی ئەو کاربەدەستانە بەجێیەک گەیشتوە کە لە تەورێز بە ئاشکرا فیلم و بڵاوکراوەکانی بەرەی شەڕی فاشیستەکانی ئەڵمانیا بە دژی ئێمە بڵاودەکەنەوە. بە پشگیریی ڕاستەوخۆی فەرمانداری تەورێز، ڕۆژنامەی فاشیست پەرستی "دەنگی ئازەربایجان" بڵاودەکرێتەوە. لە**

**شارەکانی ئازەربایجانیی باشور، کارمەندانی لایەنگریی دۆستایەتی لەگەڵ ئێمە لە ئیدارە دەوڵەتییەکان دەردەکەن. دەبێ بە سیمیرنۆڤ بگوترێ لە جیاتی داخستنی ڕۆژنامەی "لە ڕێی نیشتماندا"، بەرەنگاری کردەوەکانی دوژمنانەی دەسەلاتدارانی ناوچەیی بێتەوە[(37)].)**.

باقرۆڤ دواتر بە دەسەلاتدارانی بالای کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی ڕاگەیاند کە ئەو دەربارەی ئەو کێشانە، نامەیەکی بە "ڤیکتوریۆڤ" کارمەندیی کۆمیسارییای کاروباری ناوخۆدا ڕەوانەی ستالین کردووە[(38)].

سەرەتای ساڵی 1942 دەسەلاتدارانی ئێران بۆ دورکردنەوەی کارگێڕانی سیاسیی ئازەربایجانیی سۆڤیەت لە ئازەربایجانیی ئێران کەڵیان لە ڕووداوی "ڕاپەڕینی سەرتیب زادە" وەرگرت. سەرتیپ زادە سەردەمێک ئەندامی کۆمنتێرن بوو، بەلام دواتر هاوکاریی دەزگاکانی هەواڵگریی ئێرانی دەکرد. ئەو لەگەڵ "ئاقایۆڤ" و "ڕەسولۆڤ" کە لە ئازەربایجانیی سۆڤیەت دەرکرابوون، لە شارەکانی سەر سنور، لە قەرەداغ، جوڵفا و مەرەند چەند دەستەی چەکداریی پارتیزانییان پێکهێنابوو و ئالای سوریان هەڵکربوو. لە پێنج هەزار پارتیزان، 1800 کەسیان بە چەکی جۆراوجۆر پڕچەک کرابوون[(39)].

چۆنیەتی بەدەستخستنی ئەو چەکانە دیارنەبوو، بەلام گومان لەوە دەکرا کە دەزگاکانی هەواڵگریی سۆڤیەت بۆ پێکهێنانی گرفت بۆ گروپی عەلییۆڤ، ئەو چەکانەی دابێت بە سەرتیب زادە. ئەو پارتیزانانە، لە هەندێک جێدا فەرمانبەرەکانی ناوچەیی ئێرانییان ڕاونا و خودموختارییان ڕاگەیاند. کاتی سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوانە، عەزیز عەلییۆڤ لە باکۆوە بەرەو تەورێز لە نەخجەوان بوو. لێرە بە ڕێی سیستەمی ڕاکاڵی هێزە چەکدارەکانەوە، "م. یەعقوبۆڤ" کۆمیسێری کاروباری ناوخۆی ئازەربایجان، فەرمانی باقرۆڤی بە عەزیز عەلییۆڤ گەیاند. باقرۆڤ فەرمانیدابوو بە پەلە و بەبێ بەفیڕۆ دانی کات بۆ لەناوبردنی "دەستە پارتیزانەکان" هەوڵبدات. بە گوێرەی ئەو فەرمانە

دەبووایــە زیانــەکانی ئــەو ڕاپەڕینــە بــۆ خــەڵک ڕون بکرێتــەوە و پــارە و چەکــەکان بــۆ خاوەنــەکانیان بگەڕیتــەوە و کارمەنــدە زینــدانیی کراوەکــان ئازاد بکرێن و بە هەر بیانوویەک جارێ ڕەسولۆڤ لـە ناوچەکـەدا بخـەنـە ژێرچـاودێریی، بــەڵام پێداویسـتییەکانی دابــین بکــەن کــە هەسـت بــەوە نەکات کە زیندانییە[40]. بۆ بـەڕێوەچوونی فەرمانـەکانی باقرۆڤ، عـەزیز عەلییۆڤ بەپەلە لەگەڵ چەند کارگێڕی سیاسیی خۆی گەیاندە مەرەند. ئەو بەدوای وتووێژێکدا توانی بە شێوەی ئاشتیانە دەستە پارتیزانـەکان چـەک بکـات. ڕێبـەرانی ئـەو ڕاپەڕیوانـە هێنرانـە جوڵفـا و درانـە دەست ڕێکخراوەکانی هەواڵگریی ئازەربایجانیی سۆڤیەتی کران. دەوڵـەتی ئێران دەیویسـت بــە کــەڵکوەرگرتن لــە ڕووداوی ئازەربایجــان هێــزی ســەربازیی ڕەوانە بکات.

ڕۆژی 1942/1/7 (1320/10/17)، بـاقرۆڤ دەربـارەی ڕاپـەڕینی سـەرتیب زادە ڕاپۆرتێکی ئاراستەی ستالین کرد[41]. لەگەڵ ئەوەشدا نامەیـەکی بـۆ مۆکۆلـۆڤ جێگـری کۆمیسـاریای کاروبـاری نـاوخۆی یەکیـەتیی سـۆڤیەت و دکانازۆڤ جێگری کۆمیساریای کاروباری دەرەوەی نـارد و دەربـارەی کـاری هاندرانەی ئینگلیزەکان لەناو کوردەکاندا بەرگریی لە عەلییۆڤ کرد.

دەســەڵاتدارانی مۆسـکۆ بەڵێنیانــدا بــە بــاقرۆڤ کــە دەربــارەی گروپــی عــەزیز عــەلییۆڤ لەگــەڵ سیمیرنۆڤ سـەفیری سۆڤیەت لـە تـاران بـدوێن. بــاقرۆڤیش بــە عــەلییۆڤ و ئــەوانی تــری ڕاگەیانـد کــە بـۆ بەرژەوەنـدیی کارەکان، چالاکییەکانیان بە سیمیرنۆڤ بگەیـەنن و باشترە عـەلییۆڤ بـۆ گفتوگۆ کـردن لەگـەڵ سیمیرنۆڤ جـار جـارە بچێتـە تـاران[42]. بـاقرۆڤ لـە نامەکەیدا بـە عـەلییۆڤی ڕاگەیانـد: **(بۆ بـەرز ڕاگرتنـی وەرەی کـارگێڕانـی ئێمـە، درێـژە بـەو کارانـەتان بـدەن کـە بـۆ مـەبەسـتێکی بـەرز دەسـتمان پێکردووە[43].)**.

ڕۆژی 1942/1/21 عەزیز عەلییۆڤ لە دیدارێکیدا لەگـەڵ سیمیرنۆڤ لـە تاران، دەربارەی ئەو هەڵانەی کە گروپەکەی لە ئازەربـایجـان کردوویانـە،

پرسیاری كرد. سیمیرنۆڤ بە گوێرەی ڕاپۆرتی كولاژنكۆڤ سەركۆنسولی سۆڤیەت لە تەوریز، ئاماژەی بۆ دەستێوەردانی كارگێڕانی سیاسیی ئازەربایجان لە كاروباری كارگێڕانی ئێرانیی كرد. ئەو پەنجەی بۆ تەبلیغاتی كارگێڕانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت لەناو خەڵكدا ڕاكێشا و گوتی: **(خەڵكی ئازەربایجان بە ڕادەی پێویست شۆڕشگێڕن و پێویستیان بە ڕونكردنەوە و پروپاگەندە نییە[44].)**. سیمیرنۆڤ پێشنیازی بە عەزیز عەلییێڤ كرد كە بگەڕێتەوە باكۆ و لەوێوە ڕێبەرایەتیی كارەكانی بكات[45].

عەزیز عەلییێڤ لە ڕاپۆرتێكیدا كە ڕۆژی 1942/1/28 ئاراستەی باقرۆڤی كرد، نوسی: **(بۆچوونەكانی سیمیرنۆڤ و كولاژنكۆڤ دەربارەی بەلاوەنانی كاروباری تەبلیغاتیی لەناو خەڵكدا، بە ڕای من هەڵە و زیانبارن. بە ڕای من دەبێ هەڵسوكەوتی سەیر و سەمەرە و نەسیحەتكەرانەی سیمیرنۆڤ بە ناوەند ڕابگەیەنین. سیمیرنۆڤ بە هەموو هێزییەوە هەوڵدەدات كارە گەورەكانی ئێمە پوچەڵ بكاتەوە. ئەو لەو باوەڕە دایە كە دەبێ پشتیوانیی لە دەوڵەتی فروغیی و سوهەیلیی بكرێت و وا پێشاندەدات كە ئەو دوو دەوڵەتانە ئامادەی هاوكاریی لەگەڵ حكومەتی سۆڤیەتن. ئەوە لە حاڵێكدایە كە دەوڵەتی فروغی نەك لەگەڵ ئێمە، بەڵكوو هاوكاریی ئینگلیستان دەكات. سەرەڕای ئەوەش دەوڵەتی فروغی پێگەی كۆمەڵایەتیی خۆی لە ئێراندا لە دەست داوە و سیمیرنۆڤ پشتیوانیی كردنی لە دەوڵەتێكی بەم جۆرە بە كۆمیسارییای كاروباری دەرەوەی سۆڤیەت پێشنیاز دەكات[46].)**. عەزیز عەلیێڤ لە درێژەی ڕاپۆرتەكەیدا دەنوسێت: **(سیمیرنۆڤ لەو حەوت مانگەدا كە وەك سەفیر لە تاران خزمەت دەكات، هیچ چەشنە سەرچاوەیەكی زانیاریی گەیاندنی باوەڕپێكراوی لە دەستدا نییە. سەرچاوەی زانیارییەكانی "بولارد" سەفیری ئینگلیز و فروغیی، سوهەیلیی و بلاشاپكین جێگری بازرگانیی سۆڤیەتن. هەمان بلاشاپكن كە بە هۆی هەڵەكانی لە زانكۆ دەركرا [47].)**.

لە مانگی مای 1942 دا، بە هۆی گوشارهێنانی مۆسکۆ، داوا کرا عەزیز عەلییۆف و زۆربەی کارگێڕانی سیاسیی ئازەربایجانیی سۆڤیەت بگەڕێنەوە باکۆ. ڕۆژی 1942/3/29 "لاورنتی بێریا" کۆمیسێری کاروباری ناوخۆی سۆڤیەت لە بروسکەیەکی نهێنیدا بە باقرۆڤی ڕاگەیاند: (بە پێشنیازی من و پەسەند کردنی کۆمیتەی ناوەندیی، دەبێ کارگێڕانی ڕاگیراو لە ئێران بگەڕێنەوە و ئەو ڕۆژنامانەش کە لە تەوریز و ڕەشت بڵاودەکرێنەوە، ڕابگیرێن[48].)

## دەستپێکردنەوەی چالاکییەکان لە تەورێز

لــە ســاڵی 1944 وە بــەرە بــەرە سیاســەتی یەکیــەتیی ســۆڤیەت لــە ئازەربایجـان گـۆڕا و بەڵگەنامـە ئیمـزا کراوەکـان لـە کۆنفرانسـی تـاران، دەربـارەی ئێـران، گرنگایـەتی خۆیـان لـە دەسـتدا. دەرکردنـی هێزەکـانی ئـەڵمانیای فاشـی لـە خـاکی سۆڤیەت و نزیکبوونـەوەی هێزەکـانی سوپای سور لە سنورەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، پەرەی بە هەستی پاوانخوازانـەی سۆڤیەت دا. گەیشتن بە سەرچاوە نەوتییەکانی ئێران و شوێنەکانی تری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـە سیاسـەتی ناوەنـدیی سـۆڤیەتدا جێیـان گـرت. سـاڵی 1943 دەرهێنـانی دە میلیـۆن تـەن نـەوت لـە ناوچـەکانی باشـوری ئێـران لـە لایـەن ئینگلیزەکانـەوە، زەوقـی سۆڤیەتییەکانی بزوانـد[49]. لـە مـانگی یـونیی 1943 (جـۆزەردان و پوشـپەڕی 1322) ئانـدرە سـیمیرنۆڤ سەفیری سۆڤیەت لە تاران پێشنیازی بە میرجەعفەر باقرۆڤ کرد کە بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی نەوتیی باکوریی ئێران، گروپێکی زەویناس بنێرێتە ئەو ناوچەیە[50].



چەرچل، ڕۆزفێڵت و ستالین لە کۆنفرانسی تاران 1943 زایینی

ڕۆژی 1943/7/2 (1322/4/10) بە فەرمانی باقرۆڤ "ئا. ن. کارنیڤ" سەر ئەندازیاریی ئیدارەی توێژینەری زەوی و زەویناسی "شەریکەی ئارنیڤ" و "ئی. گ. حەسەنۆڤ" کارمەندیی ئەو ئیدارەیەی لەژێر ناوی ئەندازیاریی سوپای سور نارده تاران. لە ئاکامی توێژینەوه سەرەتاییەکاندا دەرکەوت پاشکەوتیی نەوت لە ئازەربایجان، گیلان، مازندەران، گورگان و باکوری خۆراسان کەمتر نییە لە نەوتی پاشکەوتووی باکوریی ئێران. ئاکامی ڕاپۆرتی زەویناسان بوو بە بابەتی وتووێژەکانی ساوچیکۆڤ سەرۆکی لقی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆمیسارياى کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت لە تاران[51].



مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و ڕێنیترۆپ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بە دوای ئیمزاکردنی پەیمانی دەستدرێژیی نەکردن لەنێوان ئەڵمان و سۆڤیەت دا، ئاوگۆستی 1939

لە سەرەتای ساڵی 1944 دا، بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی نێونەتەوەیی و دۆخی ئێران، مۆسکۆ بۆ جارێکی تر کێشەی ئازەربایجانی خستە ڕۆژەڤی کارەکانییەوە. ڕۆژی 1944/3/6 (1322/12/15) لە شورای کۆمیسارياى یەکیەتیی سۆڤیەت، بە سەرۆکایەتی مۆلۆتۆڤ دەربارەی

(پەرەپێدانی یارمەتییەکانی ئابوریی و فەرهەنگیی بە خەڵکی ئازەربایجانیی باشور) وتووێژ کرا و بڕیاردرا:

1- بەو پێیەی کە خەڵکی ئازەربایجانیی باشور و زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە سوپای سوریان تێدا جێگیرکراوە ئازەرییین، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانە، لیژنەکانی سیاسیی و سەربازیی ڕەوانە بکرێت.

2- لە ڕێکخراوی سەربازییدا، بە لایەنی کەمەوە هەفتەی سێ ژمارە ڕۆژنامە بە زمانی ئازەریی چاپ و لەناو خەڵکدا بڵاوبکرێتەوە.

3- لە شارەکانی تەورێز و ئەردەوێڵ و شارەکانی تری ئازەربایجاندا نوێنەرانی بازەرگانیی تێکەڵاو لە سۆڤیەت و ئازەربایجان هەبن. ئەو کارە بەرە بەرە لە ئۆرگانەکانی تری سۆڤیەتدا پەرەیان پێبدرێت.

4- لە نوێنەرایەتییە سیاسییەکاندا، لە پۆستی کۆنسول، جێگری کۆنسول و سەرۆکی کۆنسولگەریی دا کەڵک لە ئازەربایجانییەکان وەربگیرێت، بەتایبەتی لە شارەکانی تەورێز و ماکۆدا پێویستە.

5- لە سەفارەتی سۆڤیەت و نوێنەرایەتی بازرگانیی تاران، یەک دوو کارمەندی ئازەربایجانیی کار بکەن.

6- بۆ چاپی بەرهەمی نوسەران و شاعیرانی ئازەربایجانیی و بڵاوبوونەوەیان لەناو خەڵکدا، چاپخانەیەک بە ناوی "چاپخانەی تەورێز" لە شاری تەورێز دابنرێت.

7- لە مانگەکانی مای و یونیی 1944 دا، هونەرمەندانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت، پرۆگرامی تیاتر و کۆنسێرت لە تەورێز و شارەکانی تری ئازەربایجان نومایشت بکەن.

8- لە تەورێز خوێندنگەیەکی دە پۆلیی بۆ پەروەردە کردنی زمانی ئازەریی بکرێتەوە. زمان و ئەدبیاتی فارسیی لەو خوێندنگەیەدا دەبێ لە ڕیزی وانە پلە دووەمەکان دابنرێت. خوێندن لەو خوێندنگەیەدا بەلاشە و

مامۆستاکانی ئەو خوێندنگەیە لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە ڕەوانە بکرێن.

9- لەو خوێندنگەیەدا پەرتوکخانەیەک دابنرێت کە جگە لە خوێندکاران خەڵکی تری شاریش کەڵکیلێوەربگرن.

10- بۆ پەروەردە کردنی جوتیاران لە بواری کەڵکوەرگرتن لە زەوی و شێوازەکانی کشتوکاڵ، بنکەیەکی نمونەی کشتوکاڵ لە ناوچەی تەورێز دابنرێت.

11- بۆ ئەوەی کە بەشێک لە کەسانی بێکار، کاریان چنگ بکەوێت، کارگەیەکی چنینی گۆریی و کێشبافیی دابنرێت(52).

بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەو بڕیارانە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، دەستبەجێ و لە ماوەیەکی کورتدا، ئەو کەسانەی خوارەوەی ڕەوانەی ئێران کرد:

- ئەحمەد یەعقوبۆڤ جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان لە پلەی ڕاوێژکاری سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران.

- جەبرەیل هاشمۆڤ سەرۆکی ڕێکخراوی ئەمنییەتی ناوچەی "سەعاتلو"، سکرتێری سێیەمی ئەو سەفارەتە.

- حەسەن حەسەنۆڤ سکرتێری سێیەمی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، جێگری سەرکۆنسولیی سۆڤیەت لە تەورێز.

- میرزا محەمەدۆڤ، سکرتێری سەرکۆنسولیی سۆڤیەت لە تەورێز.

- مستەفا مستەفایۆڤ سەرۆکی لقی سێیەمی کۆمیسارییای ئەمنییەتی ئازەربایجان، جێگری کۆنسولیی سۆڤیەت لە ماکۆ.

- پاشا عەلی ئەکبەرۆڤ سەرۆکی لقی ئەمنییەتی گوبا، سکرتێری کۆنسولگەریی ورمێ.

- بەندەعەلی مەهدیۆڤ، سکرتێری کۆنسولگەریی ئەردەبیل.

- شامل نەزەرلی، جێگری کۆنسولخانەی ڕەشت.

- محەمەد شەریفۆڤ، کۆنسولیی گورگان.
- زەینەل گوزلۆڤ، بەرپرسی کۆنسولخانەی قەزوین [53].

بەرلە چوونی ئەو فەرمانبەرانە بۆ ئێران، مۆلۆتۆڤ چاوی بەو ژمارەیە کەوت و پێیڕاگەیاندن: **(بەوردی سەرنج بدەنە دیاردەکان و پەرە بە نفوزی ئێمە لەناو خەڵکدا بدەن[54].)**. لە بروسکەیەکدا کە بەهاریی ساڵی 1944 (1323) لە تەورێزەوە بۆ میرجەعفەر باقرۆڤ ڕەوانە کرابوو، هاتووە: **(ڕۆژی 10 ی ئاپریل، چوار هەزار بەرگ ڕۆژنامەی "وەتەن یولۆندا" چاپ و لەناو خەڵکدا بڵاوکرایەوە.)** بۆ نوسینی ئەو ڕۆژنامەیە، 27 کەس لە باکۆوە ڕەوانە کرابوون. لەناو ئەو ژمارەیەدا دەکرێت ئاماژە بۆ ئەم ناوانە بکەین: عەلی حەسەن شاگلدیۆڤ، جەعفەر خەندان حاجیۆڤ، ئەسرافیل نەزەرۆڤ، غولام محەمەدلی، غلمان موسایۆڤ، ئەنوەر محەمەدخانلی، کازم کازم زادە، مەلک مەلک زادە و...تد[55].

بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات لە ئازەربایجان، بە گوێرەی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، لە ماوەیەکی کورتدا دامەزراوەیەک بۆ موسوڵمانانی قەفقاز لە باکۆ کرایەوە. بە گوێرەی ڕاسپاردەکانی کۆمیساریای بەرگریی یەکیەتیی سۆڤیەت، سەرۆکی ئێنستیۆی زمانەکانی بێگانە لە سوپای سور، لە نامەیەکدا داوای لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان کرد:

**- (بۆ ئامادە کردنی وەرگێڕیی سەربازیی بە زمانی فارسیی زۆر بەپەلە 15- 20 کەسیی ئاشنا بە زمانی "تات" لەناو خەڵکی "بالاخان" و "سوراخان" و "مش تەقی" دەستنیشان و ڕەوانەیان بکەن[56].)**. بە فەرمانی میرجەعفەر باقرۆڤ ڕێبەرایەتیی هەموو ئەو فەرمانبەرانەی ڕەوانەی ئێران کران بە حەسەن حەسەنۆڤ درا[57].

لە بەرنامەیەکدا کە بۆ ئازربایجان دانرابوو، هاتووە: **(بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری خەڵکی ئازربایجان بەرەو خۆمان، لە پلەی یەکەمدا سەرنج بدەنە دین و خزمەتکارە ئایینییەکان.)** لە درێژەی ئەو نوسینەدا

گوتراوە: **(ئەو کارە بۆ ئەوە نییە کە ئەوان دەبنە پاڵپشتی حکومەتی سۆڤیەت، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین زۆر کار بەو ڕۆحانییانە بکەین**[58]**).**

بە فەرمانبەرە ڕەوانەکراوەکان گوترا بوو: **(بەبێ لەبەرچاو گرتنی دۆخی کۆمەڵایەتیی دانیشتوان دەبێ هەژار و دەوڵەمەند بەرەو خۆمان ڕاکێشین. کارەکان دەبێ بە جۆرێک بچنە پێشەوە کە موڵکدارە مامناوەندییەکان و وردە مالیکەکان دڵنیا بن کە تەنانەت ئەگەر حکومەتی شوراکانیش دابمەزرێت، ئەوان زەوییەکانیان بۆخۆیان دەمێننێتەوە.)**. لە درێژەدا بە فەرمانبەرەکانیان ڕاسپاردبوو: **(ئێمە دەبێ واپێشان بدەین کە دەربارەی دامەزراندنی حکومەتی شوراکان شتێک نازانیین. ئێمە هاووڵاتیانی سۆڤیەتین و دەمانەوێت لەگەڵ دراوسێی خۆمان پەیوەندیی دۆستانە پێکبهێنین و گەشە بە پەیوەندییەکانی ئابوریی بدەین و دامەزراوەی پیشەییتان بۆ دابنێین**[59]**).**

ئەگەر ئێمە کێشەی یەکگرتنەوەی "دوو ئازەربایجان" چارەسەر بکەین، چ بخوازین یان نا، دەبێ بۆ ماوەیەکی دیار ئەلف و بێی ئێستا ڕابگرین. لەبەر ئەوە، ئەگەر نوسینتان لە ڕاستەوە بۆ چەپەیە و زمانی فارسییتان لەبیر کردووە، ڕۆژانە یەک دوو کاتژمێر وانەی فارسیی بخوێنن[60].

لە مانگی مای 1944 (گوڵان - جۆزەردانیی 1323) میرجەعفەر پیشەوەریی سەرنوسەری ڕۆژنامەی "ئاژیر" هات بۆ تەورێز. دەربارەی بەهێز کردنی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودە، بە ڕاکێشانی کادیرەکانی ئازەربایجان وتووێژیان لەگەڵ کرد. لەوکاتەدا "ئەردەشیر ئاوانسیان" بەرپرسی حیزبی تودە بوو لە تەورێز. میرجەعفەر باقرۆف لە نامەیەکدا بۆ ستالینی نوسی: **(ناکرێت لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا بێ تەفاوەت بین کە لە سەروی بەهێزترین حیزبی ئازەربایجان، واتە حیزبی تودەدا، کەسێکی ئەرمەن "ئەردەشیر ئاوانسیان" دانرابێت، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئازەربایجانییەکان ئیسکلێتی ئەسڵیی ئەو حیزبە**

**پێکدەهێنن[61]).** دیارە سەید "زیائەدین تەباتەبایی"ش زیرەکانە لەو دیاردەیە کەڵکیوەرگرت و گوتبووی: **(دنیای ئیسلام ناتوانێت قبوڵ بکات کە لە وڵاتی "شەمسی تەورێزی" یدا ئارداشی ئەرمەن حوکم بکات.).**

دوای گۆڕانی سیاسەتی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، کۆکردنەوەی زانیاریی سەبارەت بە دۆخی سیاسیی ئێران و پێکهاتەی سوپا، توندیی بەخۆیەوە گرت. لاپەڕەیەک لە ڕاپۆرتی ڕۆژی 20 ی سێپتەمبەری 1944 (29 ی خەرمانانی 1323) ی دەزگای هەواڵگریی سوپای سور، لەژێر ناوی "ژەنەڕاڵەکان و ئەفسەرانی سوپای ئێران" ڕەوانەی باقرۆڤ کرا. لەو ڕاپۆرتە 236 لاپەڕەیەدا کە ژەنەڕاڵ "ئیڤانۆڤ" سەرۆکی نوسینگەی سوپای سەروی قەفقاز* و سەرهەنگ "کارشکۆڤ" سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئامادەیان کردبوو، ژمارەی ئەندامانی سوپا 123 هەزار و ژمارەی ئەفسەران 9 هەزار کەس مەزندە کرابوو. ئادرێسی ماڵی ژەنەڕاڵەکانی ئێران و تەنانەت نەخشەی ماڵەکانیان ئامادە کردبوو. ناوی ئەفسەرانی سوپای ئێران و هەمە چەشنە زانیارییەک سەبارەت بە شێوەی ژیانیان و جۆری بیرکردنەوەیان ڕەوانەی ژەنەڕاڵ "ئالێکس ئانتۆنۆڤ" سەرۆکی نوسینگەی سوپای سور کرابوو[62].

کاتێک سەرۆکایەتی دیژبانی شارەکانی ئازەربایجانیان بە ئەفسەرانی ئازەربایجانیی پێسپێردرا، دیسیپلینێکی توند لە سەربازگەکاندا پێکهێنرا کە لەو بارەیەوە ئەفسەرە ڕوسەکان ناڕازیی بوون. ڕۆژی 4 ی ئەوگۆستیی 1944 سەرهەنگ "کۆپریانۆڤ" جێگری زیدیئیتلاعاتی لەشکری چواری سۆڤیەت لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ ژەنەڕاڵ "ڕوخادزە" سەرۆکی زیدیئیتلاعاتی بەرەی سەروی قەفقاز لە "تاوانکاریی" ئەفسەرانی ئازەربایجانیی دوا. بۆ نمونە لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: **(ڕۆژی یەکی مای 1944 سەرگورد عەلییۆڤ سەرۆکی دیژبانی قەزوێن لەگەڵ "سرشت" سەرۆکی شارەبانیی ئەو شارە لە هۆتێل شاپور فراوین دەخوات. کاتێک سرشت پەیکێک ڤۆدکا بە سلامەتیی هەموو ئەفسەرانی سوپای سور بەرز**

**دەکاتــەوە، عــەلییۆڤ دەڵێــت مــن تــەنیا بــە ســلامەتیی ئەفســەرانی ئازەربایجــان دەخۆمــەوە. لـــە وەڵامــدا سرشـــت داوای لێــدەکات کـــە گۆرانییـەکی ئـازەریی بڵێت کـە عـەلییۆڤ دەڵێت: لـە مـاوەی ئـەو چـوار ساڵەدا کە من لـەناو ئـەو زەردانـەدا "مـەبەست لـە رووسـەکانـە- وەرگێـڕ" دەژیم، گۆرانیی ئازەرییم لـەبیر کردووە[63]).**

ژەنەڕاڵ ڕوخادزە، کۆپییەکی لەو ڕاپۆرتەی بۆ باقرۆڤ ناردووە. باقرۆڤ دەستبەجێ لـە ئەفسـەرانی ئازەربایجـانیی و سـەرۆکی دیژبانـەکانیی دەوێت کە لەم بارەیەوە ڕونـی بکەنـەوە. ئـەو ئەفسـەرانـەی ئازەربایجـان لـە ڕاپۆرتەکانیانـدا بـۆ بـاقرۆڤ ئامـاژەیـان بـۆ مـەیخۆریی و ڕابـواردن و دزیـی ئەفســەرە ڕوســەکان کــرد و نوســیان، ئــەو ئەفســەرە ڕوســانە کاریگـەرییان هـەبووە لەسـەر دەزگاکـانی زیدیئیتلاعات[64]. باقرۆڤ لـە نامەیەکیدا بـۆ ژەنـەڕاڵ "تۆڵنـف" فـەرماندەی بـەرەی سـەروی قـەفقاز، ڕاپۆرتەکەی زیدیئیتلاعات بە ناڕاست لە قەڵەم دەدات و دەپرسێت بۆچی ئەفسەرە ڕوسـەکان هەڕەشـەی کوشتنیان لـە "ئـەژدەر مـانیۆڤ" سـەرۆکی دیژبانی تەورێز کردووە، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە[65]

.

## خەبات بۆ نەوت و سەفەری کەفتارادزە بۆ تاران

لە مانگی یونیی 1944 (پوشپەڕیی 1323) لە واشنتۆن کۆنفرانسێک سەبارەت بە نەوت لەنێوان ئینگلیز و ئەمریکادا پێکهات. لەو کۆنفرانسەدا کە ماوەی دە ڕۆژی خایاند، دەربارەی نەوتیی ئێران گفتوگۆ کرا[66].

بەرلە پێکهاتنی ئەو کۆنفرانسە، لە ئاپریلیی 1944 (خاکەلێوە - گوڵانیی 1323) دا، "برایتۆن" کە کرابوو بە جێگری دوکتۆر "میلسپۆ" ڕاوێژکاریماڵیی ئەمریکا لە ئێران، هاتە تاران. ئەو لە ڕاستیدا نوێنەری کۆمپانیای ئەمریکیی "سینگلەر" بوو کە چاوی لە سەرچاوە نەوتییەکانی بلوچستان بڕیبوو. نوێنەرانی کۆمپانیایەکی تری ئەمریکی بەناوی "ئامێریکن سیتەرنکۆ" لە ئێران خەریکی وتووێژ کردن بوون. لە مانگی یولیی 1944 (پوشپەڕ- گەلاوێژیی 1323) دا دەوڵەتانی ئێران و ئەمریکا و کۆمپانیاکانی نەوتیی ئەمریکا بە نهێنی دەستیان بە وتووێژەکانیان کرد[67]. بە بۆچوونی ئێرانییەکان، ئەو وتووێژانە نهێنیی بوون، بەڵام دەزگاکانی هەواڵگریی سۆڤیەت ئاگاداری ئەو گفتوگۆیانە بوون.

میگۆنۆڤ نوێنەری بازرگانیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە تاران زانیارییە کۆکراوەکانی دەربارەی وتووێژەکانی نەوت، لە مانگی ئەوگۆستیی 1944 (گەلاوێژ- خەرانانیی 1323) بە نهێنی ڕەوانەی میرجەعفەر باقرۆڤ کرد[68]. یەکیەتیی سۆڤیەت چالاکییەکانی ئەمریکای لەژێر چاودا بوو، ئۆڕگانەکانی دیپلۆماتیی، سەربازیی و ئەمنییەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت بە شوێن هەموو پڕۆسەکانی پەیوەنددار بە کێشەکانیی نەوتەوە بوون.

لە ڕاستیدا ناردنی کارگێڕانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت بۆ ئازەربایجانیی ئێران، بە بەشێک لەو سیاسەتە نەوتییەی مۆسکۆ لە ئێراندا دەژمێردرا، بەڵام نە ئەو کارگێرانەی سۆڤیەت و نە خەڵکی

ئازەربایجان کە هەستی نەتەوەییان بەخەبەر هاتبوو، ئاگاداری بیریی سۆڤیەتییەکان نەبوون.

لە پاییزی ساڵی 1944 (1323) دا ڕوسەکان لە فیکری بەدەستهێنانی ئیمتیازیی نەوتی باکوریی ئێران کەوتن. سەفیری کۆمیسیۆنی ئابوریی یەکیەتیی سۆڤیەت، بەبێ ئاگاداریی دەسەڵاتدارانی ئێران، بەرنامەی دانابوو و پرۆژەی مامەڵەی نەوت و پرۆتکۆڵەکانی بە نهێنی ئامادە کردبوو.

ڕۆژی 1944/9/10 (1323/6/19) لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی "کەفتارادزە" جێگری کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت هاتە ئێران و چاوی بە "ساعد" سەرۆکوەزیران و محەمەد ڕزاشا کەوت و داوی گفتوگۆ کردنی لەگەڵ ئەوان، چووە ناوچەکانی باکوری ئێران.



محەمەد ساعد مەراغەیی سەرۆکوەزیرانی ئێران

ڕۆژی 1944/9/25 (1323/7/3) دەوڵـەتی سۆڤیەت لـە یادداشـتێکیدا بـۆ سـەرۆکوەزیرانی ئێـران، داوای ئیمتیـازی پشـکنین و دەرهێنـانی نـەوتی ناوچـەکانی سمنان، گورگـان، مازنـدەران، گـیلان و ئازەربایجـانیی کـرد. هەرچەندە لە سەرەتادا محەمـەد ساعد بـەڵێنیی پێدان کـە لـە مەجلسـی شورای میللـی دا داخوازی یەکیـەتیی سۆڤیەت پەسـەند دەکـات، بـەڵام بـە بیـانووی جیـاواز لـە وەڵامدانـەوە بـەو داخـوازە خـۆی پاراسـت. ڕۆژی 1944/10/2 (1323/7/10) محـەمەد ساعد پێشـنیازی یـەکیـەتیی سۆڤیـەتی خسـتە بەرباسـی هەیئـەتی وەزیـران. هەرچـەنـدە لـەو کۆبوونـەوەیـەدا بڕیاردرا تا کۆتایی جەنگ هیچ ئیمتیازێک سەبارەت بە نـەوت نـەدرێت، ساعد ئێـوارەی هـەمان ڕۆژ ڕایگەیانـد بـەهۆی دۆخـی نـاڕێک، هەیئـەتی وەزیران نـەیتوانی بڕیار بدات. لەگـەڵ ئەوەشدا مەجلیسـی شورای میللـی لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا دانی هیچ چەشنە ئیمتیازێکی سـەبارەت بـە نەوت پەسەند نەکرد. ڕۆژی 1944/10/25 ( 1323/9/3)، هەیئـەتی ڕوسیی بەبێ وەرگرتنی وەڵام ئێرانی بەجێهێشت.

دوای ئـەوە، دەوڵـەتی سۆڤیەت زنجیـرە ڕقەبەرایـەتێکی بـە دژی سـاعد بـەڕێوە بـرد، لەوانـە: نەیهێشـت شـەمەنەفەرەکانی هـەڵگری ئازوقـە لـە ئازەربایجانـەوە بچنـە تـاران. کۆتاییهێنـا بـە هـەموو پەیوەندییـە دیپلۆماتییـەکانی لەگـەڵ سـەرۆکوەزیران. لـە تـاران و بەتایبـەتی لـە شـارەکانی بـاکوریی ئێـران بـە بەشـداریی چالانـەی کۆنسولگەرییەکان و سـەرۆکی دیژبانـەکان، متینـگ و خۆپێشـاندنانی بـە دژی سـاعد بەڕێخست[69].

## تەورێز لە مانگەکانی یانواریی - مارسیی 1945 (بەفرانبار - ڕەشەممەی 1323)

حەسەن حەسەنۆف کە بۆ مەئمورییەتێکی تایبەت و ڕێبەریی کردنی کاروباری سیاسیی هاتبووە تاران، ڕۆژی 1945/2/13 (1323/11/24) لە کۆتایی سەفەرەکەیدا ڕاپۆرتێکی 67 لاپەڕەیی ڕەوانەی باقرۆف کرد و نوسی: **(ئەو فەرمانبەرانەی کە لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە هاتوونە ئێرە، گەلێک کاری گەورەیان کردووە، بەڵام کاتی بڕیاردان لەسەر دیاردەیەکی دیار، چونکە لە ئامانجی نیهایی حکومەتی سۆڤیەت ناگەن، ناتوانن کارەکانیان وەک پێویست ئەنجام بدەن. دەبێ بۆ فەرمانبەرانی ئێمە لە ئێران بە وردیی ڕون بکرێتەوە کە ئێمە بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئازەربایجان لە زوڵم و ستەمێک هاتووین کە سەدان ساڵە فارسەکان بەسەریاندا سەپاندوون. تەواوی کارەکان دەبێ لەو ڕوانگەیەوە بەڕێوە بچن و بچنە پێشەوە. پرۆسەی گۆڕانی مێژووی ئێران پێشاندەدات کە گەلی ئازەربایجان دەبێ لەژێر ستەم و زوڵمی فارسەکان ڕزگاریی بێت. دەوڵەتی ئێران کە لە هەڵوەشاندایە، توانای ڕاگرتنی سەربەخۆیی وڵاتی نییە[70]. سەرەڕای تیرۆر و گوشارەکانی، هەستی نەتەوایەتیی و بیری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەناو گەلی ئازەربایجاندا زۆر بەهێزە. فەرمانبەرانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت دەبی باس لە ئازادیی گەلی ئازەربایجان بکەن. ئێمە زۆر خۆشحاڵین، چونکە بە ئازاد کردنی هاوولاتیانی ئازەربایجانیی باشور، برایانی ئێمە بۆ هەمیشە لە مەترسیی لەناوچوون ڕزگاریان دەبێت و بۆ گەشەپێدانی هەموو گەلی ئازەربایجان "باشور و باکور- وەرگێڕ" دورنمایەکی بەرین پەیدا دەکات. ئێمە لەم باوەڕەدابین کە هەلومەرجی جیهان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە مێژووییە زۆر ڕێک و هەموارە. دەبێ ئازادکردنی گەلی**

**ئازەربایجان لە ئێران هاوکات بێت لەگەڵ لەناوبردنی ئەڵمانیای هیتلەریی[71]. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان ناکرێت خۆمان بە گفتوگۆی دیپلۆماتیی ببەستینەوە. ئازادکردنی ئازەربایجانیی باشور و پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکرات لەوێ و تێکەڵکردنیی لەگەڵ ئازەربایجانیی سۆڤیەت تەنیا بەڕێی گەلدا بە ئەنجام دەگات و دەبێ هاوپەیمانان "بریتانیا و ئەمریکا-وەرگێڕ" لە بەرامبەر کاری ئەنجامدراو دابنێین[72].).** لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا حەسەن حەسەنۆڤ دەڵێت: **(لە ئازەربایجانی باشور خەڵک هەن بە ئامادەیی تەواو، وێژدانی هۆشیار و سادق بۆ بە بەرهەم گەیاندنی خواستی خەڵک. ئەوانیش لە ڕێبەرایەتیی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودە، سندیکای کرێکاران و هەروەها لە ئۆرگانەکانی دەوڵەتییدا چالاکن و بە تەواوی دەکرێ باوەڕیان پێبکرێت، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە. لەو ڕوانگەیەوە پێویستە ئازەربایجانییەکانی وەک میرجەعفەر پیشەوەریی خاوەن مافی ڕۆژنامەی "ئاژیر" و شۆعلەوەر سەرنوسەریی ڕۆژنامە و مالیک لە تارانەوە بهێنرێنە تەورێز. لە کاتی پێویستدا دەبێ چەند فەرمانبەر بۆ ڕێبەریی کردن لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە ڕەوانە بکرێن[73].).**
حەسەنۆڤ لە ڕاپۆرتەکەیدا دەربارەی کێشەی کوردەکان دەڵێت: **(بە دوای چارەسەر کردنی کێشەی ئازەربایجان دەبێ خودموختاریی بە کوردەکان بدرێت و کارگێڕانی ئێمە دەبێ لەم بارەیەوە چالاک بن.)** لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا هاتووە: **(ئازادیی ئازەربایجان دەبێ بە یارمەتیی حیزبی تودە بە ئەنجام بگات کە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری لە کرێکاران، جوتیاران، پیشەوەران و ڕوناکبیران لە ڕیزەکانیدا کۆکردووەتەوە. بۆ پشتیوانیی کردن لە ڕێبەرانی ئەو حیزبە "لە ئازەربایجان- وەرگێڕ" پێشنیاز دەکەم مانگانە دە هەزار تمەن یارمەتیی ئابوریی بکرێن[74].)**

لە دیسێمبەریی 1944 (سەرماوەز- بەفرانباریی 1323) ماکسیمۆڤ سەفیری سۆڤیەت لە تاران بە حەسەن حەسەنۆڤ ڕادەگەیەنێت: پلانێکی

کارییم "دەستورلعمل" لە مۆسکۆوە بۆ هاتووە کە لە ئازەربایجانیی ئێران کۆمەڵەیەکی بۆرژوا - دیموکراتیی دابمەزرێت. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ سەرنجی نوێنەرانی ئازەربایجان لە مەجلسی شورای میللی ڕاکێشین. حەسەنۆڤ دژی ئەو بۆچوونە بوو. بە ڕای ئەو بیری دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی بۆرژوا - دیموکراتیی لە ئازەربایجان جێی سەرنجی خەڵک نییە. بە چارەسەرکردنی کێشەی زەوی لەوێ، جوتیاران بۆ بزوتنەوەی ئازادیی ئازەربایجان کۆناکرێنەوە. ناکرێت لەسەر نوێنەرانی ئازەربایجانیی لە پەرلەمانیش حساب بکەین، چونکە زۆربەیان زەویداریی گەورەن و لە ناوچەکانی تری ئێرانیش زەوییان هەیە. لەبەر ئەوە، ئەوان ناتوانن کێشەی جیاکردنەوەی ئازەربایجان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەوێ ڕێبەرایەتی بکەن. هەروەها حەسەنۆڤ گوتی لە هەلومەرجی ئێستادا، تەنیا دروشمی خەڵک پەسەند، ئازادکردنی ئازەربایجانە لە زوڵم و ستەمی فارسەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراتیی و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی(75).

یەکەم ڕۆژەکانی ساڵی 1945 هاوکات بوو لەگەڵ بەهێزکردنی ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی تودە لە ئازەربایجان. ڕۆژی 1945/1/11 (1323/10/21) یەکەم کۆنفرانسی ئەیالەتیی حیزبی تودە لە تەورێز پێکهات. تا پێش ئەو ڕۆژە چالاکییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی و ئەیالەتیی حیزبی تودە ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتیان پێکنەهێنابوو.

حیزبی تودە لە مانگی ئۆکتۆبەریی ساڵی 1941 (ڕەزبەر-خەزەڵوەریی 1320) لەسەر بنەمای حیزبی کۆمونیستی ئێران دامەزرا. **دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئێران لەو کۆمونیستە کۆنانەدا گۆڕان پێکهات کە لە لایەن کۆمنتەرنەوە بۆ ئەرکی تایبەت ڕەوانەی ئێران کرابوون، بەڵام ئەوان بۆ سۆڤیەت جێی متمانە و باوەڕپێکردن نەبوون.** زۆربەی هاوڕێیانیان لە لەیەن ستالینەوە لە یەکیەتیی سۆڤیەت بێسەرشوێن کرابوون. بە گوێرەی نوسراە نهێنییەکانی ڕێبەرانی سۆڤیەت،

ئەو کۆمونیستە کۆنانە بە سیخوڕیی کردن بۆ دەوڵەتانی بێگانە تاوانبار کرابوون، کۆمنتەرن لە حیزبی کۆمونیستی ئێران ڕازیی نەبوو، بۆ نمونە دەیانگوت ڕێبەرانی ئەو حیزبە بیست و پێنج هەزار تەمەنیان بۆ کاروباری حیزب لە کۆمنتەرن وەرگرتووە، بەڵام ڕێبەرانیان پارەکەیان دزیوە[76]. جگە لەوە زانیاریی بە کۆمنتەرن گەیشتبوو کە کەسانی سەربە حکومەت خزاونەتەوە ناو ئەو حیزبەوە.

حیزبی کۆمونیستی ئێران لە ساڵی 1927ی زایینی ڕێبازی خەباتی نهێنیی گرتبووەبەر و لە ساڵی 1931 دا کە لە لایەن کۆمنتەرنەوە بەلاوەنرا، تەنیا لە ساڵی 1936دا جارێکی تر بە سەرۆکایەتی "تەقی ئەرانی" روی لە خەباتی ئاشکرا کردەوە. کاتێک حیزبی کمونیستی ئێران بەلاوە نرا، بە کۆمونیستەکانی ئێرانیی نیشتەجێ لە مۆسکۆ گوترا: **(ئێرە میوانخانە نییە، بگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان، هەرکام لە ئێمە دە تا بیست ساڵ تەمەنی خۆمان لە زینداندا تێپەڕ کردووە، کەسێکی شۆڕشگێر و کۆمونیست نابێ لە زیندان بترسێت[77].)**.

لەناو کۆمونیستە کۆنەکاندا تەنیا عەبدولسەمەد کامبەخش و ئەردەشیر ئاوانسیان کە بە نازناوی سەرتیپ پوور خەباتی دەکرد، جێی متمانە بوون. هەردووی ئەوانە، سەربە مۆسکۆ بوون. "س. یملیانۆڤ" کۆمیسێری ئەمنییەتیی ئازەربایجانیی سۆڤیەت لە ڕاپۆرتێکیدا نوسیوێتی: **(... ئاوانسیان لە ساڵی 1944 دا بە یارمەتیی ئێمە ڕێی بۆ پەرلەمانی ئێران کرایەوە. لەو چالاکییانەی کە لە پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبیی تودەدا ئەنجامی دەدات، چەپڕەویی زیانبار دەبیندرێت[78].)** سەرنجی دەزگای هەواڵگریی ئازەربایجان بە کۆمونیستە کۆنەکان دەگەڕایەوە بۆ پلانەکانی داهاتووی ئەو ڕێکخراوەیە. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە دەیانویست بەهێز کردنی کۆمیتەی ئەیالەتیی ئازەربایجان لەژێر ڕێبەرایەتیی ئەواندا بە ئەنجام بگات.

سەبارەت بە ئازەربایجانیی ئێران بەرە بەرە ناکۆکیی بۆچوون لەنێوان ڕێبەرانی حیزبی توودە و کاربەدەستانی سۆڤیەتدا سەریهەڵدا. لە کۆتایی ساڵی 1944 کە سۆڤیەت دەستی کرد بە بەهێز کردنی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی توودە، لە ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەدا گومانی ئەوە سەریهەڵدا کە نەکات ئازەربایجان جیا بکەنەوە. لە بنەمادا فیکری پێکهاتنی کۆنفرانسی ئەیالەتیی حیزبی توودە هی سۆڤیەتییەکان بوو کە لەژێر چاودێریی "ماتویۆف" سەرکۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز بەڕێوەچوو. سەرکۆنسول ڕاپۆرتێکی وردیی لەسەر ئەو کۆنفرانسە ئاراستەی کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و میرجەعفەر باقرۆڤ کرد[79].

سادق پادگان کە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ئەیالەتیی هەڵبژێردرابوو، لە ڕاپۆرتێکدا لە مانگی یولیی 1944 (پوشپەڕ-گەلاوێژیی 1323)، نوسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودە ڕەزامەندیی لە کۆمیتەی ئەیالەتیی نییە. لە ڕاپۆرتی حەسەن حەسەنۆڤدا سەبارەت بە **"دۆخی ئازەربایجانی باشور"** نوسرابوو: **(لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودەدا کەسانێک هەن کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە ناردراون و نایانەوێت گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لە ئازەربایجانی باشوردا ڕوبدات و بە شێوەیەکی ڕەسمیی دژی هەموو چەشنە تایبەتمەندییەکانی نەتەوایەتیی گەلی ئازەربایجان ڕادەوەستن.)** نوێهێنانەکانی کۆنفرانسی ئەیالەتیی حیزبی توودە سەرەتای دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات لە مانگی ئەوگۆستی - سێپتەمبەریی 1945 (گەلاوێژ- خەرمانانیی 1323) بوو.

میرجەعفەر باقرۆڤ لە بروسکەیەکدا دەربارەی چالاک بوونی کەسانی کۆنەپەرست لە تەورێز بۆ ستالین دەنوسێت: **(ڕۆژی 30 مارسی 1945 (10 ی خاکەلێوەی 1324) دوو ئێرانیی و دوو پۆلیس لە تەورێز هەڵیانکوتاوەتە سەر ئەندازیار "یاکۆشنکۆڤ" فەرمانبەریی**

ئێمە و لییانداوە. ڕۆژی 8 ئاپریل (1/9) گروپێکی ئاژاوەگێڕ لەگەڵ خاوەن چاپخانەیەک لە کوڕانی فەرمانبەرەکانیی ئێمەیان داوە. یەکێک لەوانە کوڕی "ماتۆیۆڤ" سەرکۆنسولیی سۆڤیەت لە تەورێز بوو. حەوت کەس دەستدرێژییان کردووەتە سەر کچی کاپتان "نۆیکۆڤ". ئەو کردەوە قێزێنەرانەی کۆنەپەرستان بەبێ پشتیوانیی ئۆرگانەکانی ئەمنییەتیی ئێران جێی باوەڕ نییە. تێبینی دەکرێت هەندێک لە کارمەندانی کۆنسولگەریی ئێمە هێشتا لەو هاوکارییەی نێوان پۆلیس و کاسانی کۆنەپەرست نەگەیشتون[80].)

.

## کۆتایی جەنگ لە ئەوروپا و دوعای خێریی شێخولسەلام

لە مانگی مارسی 1944 (ڕەشەممەی 1323) کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت و شورای کۆمیسارياکانی گەلی سۆڤیەت دەربارەی "بەهێز کردنی یارمەتییەکانی ئابوریی و فەرهەنگی بە خەڵکی ئازەربایجانی باشور" بڕیاریاندا بۆ کاریگەریی و ڕاکێشانی خەڵک لە ئایین و ڕۆحانییەکان کەڵکی پێویست وەربگرێت. بەم مەبەستە لە مانگی مای 1945 (گوڵان- جۆزەردان 1324)، "شێخولسەلام ئاقا عەلیزادە" سەرۆکی کۆمەڵی ڕۆحانییەکانی سەروی قەفقازیان ڕەوانەی شارەکانی ئازەربایجان و تاران کرد.

ئەو سەفەرە لە لایەن کۆمیسارياى ئەمنییەتیی دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە بەڕێوەچوو[81]. عەلیزادە ڕۆژی 27 ی مای (6 جۆزەردان) لە مزگەوتی تەورێز وتارێکی ئایینیی بە زمانی تورکی پێشکەش کرد. کەسانێک لە ئازەربایجان بە گومانەوە ڕوبەڕووی ئەو سەفەرەی مەلا عەلیزادە بوونەوە و دەیانگوت ناوبراو لە لایەن ستالینەوە بۆ نفوز کردن لەناو خەڵکی ئازەربایجان ڕەوانە کراوە. ئەوان دەیانگوت چۆنە ڕوسەکان لە لایەک پشتی حیزبی تودە دەگرن و بەهێزی دەکەن کە دژی دینە و لە لایەکی تردا مەلا دەنێرێنە ئێران. لە ئێران ڕۆحانییەکانی لایەنگریی زەویدارە گەورەکان بەربەرەکانیی حیزبی تودە دەکەن[82].

لە ڕێوڕەسمێکدا لە زەنگان کە بۆ پێشوازیی کردن لە مەلا عەلیزادە پێکهاتبوو، ڕەزا فەهیمی فەرمانداری زەنگان لە فەرماندەی هێزەکانی سوپای سوریی پرسی: **(داوا دەکەم پێم بڵێن، ئایا ئەو شێخولسەلامە پلەی سەرهەنگیی هەیە، یان ژەنەڕاڵە؟ چونکە من نازانم لە وتاری بەخێرهێنانیدا، بە چ ناوێک بەخێرهاتنی بکەم[83].)**.

گوتنی ئەو قسەیە دواتر بە گرانیی بۆ فەهیمیی تەواو بوو. لە مزگەوتی زەنگانیش شێخولسەلام عەلیزادە دەربارەی چواردە مەعسوم وتاریی "ڕەوزە" خوێندەوە و خەڵکی گریاند. عەبدلعلی زادە یەکێک لە ڕێبەرانی پێشوی حیزبی تودە لە زەنگان و وەرگێڕیی قسەکانی سەرۆکی شارەوانیی دەیگوت: **(بەرلە بیستنی وتاریی شێخولسەلام لە مزگەوت، باوەڕم نەدەکرد کە ئەو بە ڕاستی ڕۆحانیی بێت و ئێستا زۆر کەس بینیان کە ئەو موجتهیدێکی گەورەیە. ئێمە نەماندەزانی لە هەرێمەکانی سەرووی قەفقازدا مەلا هەبێت، یان ئەگەر مەلاش هەبێ، ئەوە مەلای خوانەناسن و ئێستا بە هەڵەی خۆم زانی[84]).**

کاتێک شێخولسەلام عەلیزادە لە تاران بوو، سەرۆکی پەرلەمان و بەشێکی زۆر لە پلەدارە گەورەکان هاتنە لای. محەمەد ڕەزاشاش لە چاوپێکەوتنێکی یەک کاتژمێرەدا لەگەڵ ناوبراو، دەربارەی دۆخی ئایینی ئیسلام لە یەکیەتیی سۆڤیەت، ژمارەی موسوڵمانەکان لە قەفقاز و هەندێک شتی تر پرسیاری لێکرد. ئەوانەی شێخولسەلامیان ڕەوانە کرد، بە ئامانجی سیاسیی خۆیان گەیشتن. ئەو سەفەرە لە سەرەتای ڕووداوێکدا دانرابوو کە بڕیاربوو لە ئازەربایجان ڕوبدات.

# هاوینی ساڵی 1945، بڕیارەکانی مۆسکۆ دەربارەی ئازەربایجان

لە مانگی یونیی 1945 ڕەوتی کارەکان لە ئازەربایجان پتر توندیی بەخۆوە گرت. داخوازە پەیتا پەیتاکانی میرجەعفەر باقرۆڤ لە مۆسکۆ بە ئاکام گەیشتن و ڕۆژی 10 یونیی 1945 (20 جۆزەردانیی 1324) ستالین بڕیارێکی نهێنیی دەربارەی "دامەزراندنی یەکەی سۆڤیەت لە باکوریی ئێران" ڕاگەیاند. لەو بڕیارەدا باس لە دامەزرانی لقی یەکەی پیشەیی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە تەورێز و شارەکانی تری باکوریی ئێران دەکرا. ئەو یەکە پیشەییانە بریتی بوون لە کارخانەی قەند، کارگەی پێڵاو بە توانایی 100 هەزار جووت لە ساڵدا، کارگەی ڕستن، کارگەی چنینی گۆرەوی لە تەورێز و کارگەی ڕستنی ئاوریشم لە ڕەشت. بۆ دانان و بەڕێخستنی ئەو یەکە پیشەییانە دەبووایە کادیری فەننی لە ئازربایجانی سۆڤیەتەوە ڕەوانە بکرێن. ناردنی ئامێر و کەرەستەی ئەو یەکە پیشەییانە دەبووایە تا ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبەری 1945 (9 ڕەزبەریی 1324) کۆتایی بێت. بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە بە "تەیمور قولییۆڤ" سەرۆکی شورای کۆمیسارىای گەلی ئازەربایجان سپێردرا[85].

ئەو بڕیارەی ستالین باسی لە تێکەڵکردنی بە پەلەی ئازەربایجانی ئێران لەگەڵ ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەکرد. بە کۆمیسارىای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان فەرماندرابوو کە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئازەربایجان پلانی پێویست ئامادە بکات. ڕۆژی 11 ی یونیی 1945 (21 ی جۆزەردانیی 1324)، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لایحەی پلانی

پێکهێنانی بزوتنەوەی جیاوازییخوازانەی "مەبەست لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەیە- وەرگێڕ" لە ئازەربایجان و شارەکانی تری باکوریی ئێران بۆ وەرگرتنی ڕای مۆلۆتۆڤ، باقرۆڤ و کافتارەدزە ڕەوانە کرد [86].

ڕۆژی 21 ی یونیی 1945 (31 ی جۆزەردانیی 1324) ستالین بەڵگەیەکی تەوا نهێنیی دەربارەی "کاروباری زەویناسیی و دۆزینەوەی نەوتی ناوچە نەوتییەکانی باکوری ئێران" ئیمزا کرد. لەو بەڵگەیەدا هاتووە:

**- (بۆ بەڕێوەبردەنی کارەکانی زەویناسیی لە ناوچە نەوتییەکانی باکور، کۆمیسارییای نەوتی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئازەربایجان، بنکەیەکی هاوبەشی هیدرۆلۆژی دامەزرێنن.)** بە "بابیاکۆڤ" سەرۆکی کۆمیسارییای نەوتی یەکیەتیی سۆڤیەت و سلێمان وەزیرۆڤ سەرۆکی یەکەی "ئازنەوت" ڕاگەینرا بە ڕادەی پێویست هێزی "دۆزێنەر لەنێوان کارمەندانی پیشەی نەوت پێکبهێنن و بە کەڵکوەرگرتن لەو بنکانەی کە لەژێر ناوی بەشی هیدرۆلۆژی لە قەزوێن کراونەتەوە، ڕەوانەی شوێنە دەستنیشانکراوەکان بکرێن [87]، واتە کاری پشکنین و دۆزینەوەی نەوت دەبووایە لەژێرناوی عەمەلیاتی هیدرۆلۆژیی دا بەڕێوەبچێت.

بە نیکلای بایباکۆڤ و سلێمان وەزیرۆڤ گوترا تا یەکی سێپتەمبەریی 1945 (10 خەرمانانیی 1324) ئامێری پێویست بۆ هەڵکەندنی زەوی ڕەوانەی ناوچە دەستنیشانکراوەکان بکرێت. بە ژەنەراڵ "تۆلنف" فەرمانەدەی بەرەی سەروی قەفقاز گوترابوو ئەمنیەتی کرێکارانی دۆزینەوەی نەوت لە باکوریی ئێران بپارێزێت.

لە سێپتەمبەیی 1945 (خەرمانان- ڕەزبەریی 1324) دا گروپەکانی سەربە "ئازنەوت" لە گیلان، مازندەران، گورگان و ئازەربایجان دەستیان بە کارەکانی هیدرۆلۆژی کرد. لە ئازەربایجان بۆ ناوچەیەک بە پانتایی 23،400 کیلۆمەتری دووجا نەخشەی زوەیناسیی ئامادە

کرا. لە ئاکامی ئەو گەڕان و پشکنینەدا دەرکەوت لە دەشتی گورگان، مازندەران و ڕەشت نەوت و گاز هەیە و لە ئازەربایجان نەوت نییە[88].

ڕەنگە یەکێک لە هۆیەکانی ئەو پەلە کردنەی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ دۆزینەوەی نەوت لە باکوریی ئێران بۆ ئەوە بوو کە ئینگلیزەکان دەستیان کردبوو بە عەمەلیاتی نەخشە گرتن لە ناوچەکانی باکور-باکوریی ڕۆژهەڵاتی تاران. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ئەمنییەتییەکانی سۆڤیەت، چالاکیی شەریکەی ئینگلیزیی "ئەلکساندرکیپ" لەو ناوچانە، بۆ شوێنەونکردنی نەوتی ناوچەکانی باکوریی ئێران بوو کە بڕیار وابوو گەشەیان پێبدرێت[89].

بە هەر حاڵ لەوە دەچوو بڕیاری ستالین سەبارەت بە عەمەلیاتی دۆزینەوەی نەوت لە باکوریی ئێران، کێشەی نەوتیی لە سیاسەتی سۆڤیەتدا بۆ ئازەربایجان و ئێران لە سەروی کێشەکانی تر دادەنا.

لە سەرەتای یولیی 1945 (پوشپەڕ- گەلاوێژیی 1324) لە میرجەعفەر باقرۆڤیان ویست بچێتە مۆسکۆ و ڕۆژی شەشەمی ئەو مانگە، دەفتەری سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەت بڕیارێکی نهێنی لەژێر ناوی "تێبینیی پێویست دەربارەی ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە لە ئازەربایجانی باشور و شارەکانی تری باکوریی ئێران" پەسەند کرد. بۆ ڕێبەریی کردنی ئەو بزوتنەوەیە لە ئازەربایجان، دامەزراندنی "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" لەبەرچاو گیرا. بە دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات، دەبووایە کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودەی ئێران لە بنەماوە بگۆڕدرێت و لەناو هەموو چینەکانی گەلدا، کەسانێک کە لایەنگریی جیاکردنەوەی ئازەربایجان بوون، لەگەڵ فیرقە بکەون. لە بەندی سێیەمی ئەو بڕیارەی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمونیست دا،

لە کوردستانیشدا ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە و پێکهاتنی خودموختاریی پێشبینی کرابوو(90).

بۆ ڕێبەریی کردنی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ئازەربایجان دەبووایە بە زوویی گروپێکی بەرپرس لە تەورێز پێکبێت و لە بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی لەگەڵ کۆنسولی سۆڤیەت لە پەیوەندییدا بێت. ڕێبەرایەتی ئەو گروپە درا بە میرجەعفەر باقرۆڤ و "م. یەعقوبۆڤ". لە بەندی پێنجەمی پەسەندکراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەتدا هاتووە: باقرۆڤ و میرزا ئیبراهیمۆڤ" لە ئازەربایجان خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی خولی پانزدەی مەجلیسی شورای میللی ئامادە بکەن. هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕزگارییخواز دەبێ لەسەر بنەمای ئەو دروشمانەی خوارەوەدا بن:

ئەلف: بەشێک لە زەوییەکانی دەوڵەتیی و زەویدارە گەورەکان دابەشبکرێن بەسەر جوتیاراندا و قەرزی درێژخایەنیان پێبدرێت.

ب- چارەسەرکردنی گیروگرفتی بێکاریی بەهۆی گەشەپێدانیی کارگەی دەوڵەتیی، دروست کردنی زنجیرەی پەیوەندیی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

پ- ئاوەدانکردنەوەی شارەکان، دابینکردنی ئاو بۆ دانیشتوان.

ت- چارەسەرکردنی دۆخی تەندروستیی.

س- دانی پتر لە 5% لە داهاتیی دەوڵەت بۆ لەناوبردنی پێداویستییەکانی ناوچەیی.

ج- مافی یەکسانیی کەمایەتییەکانی نەتەوەیی ئازەربایجانییەکان، کوردەکان، ئەرمەنییەکان و ئاسورییەکان بۆ دامەزراندنی خوێندنگە، بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە، گفتوگۆ کردن بە زمانی دایک لە ئیدارەکان و دادگاکان، ڕێکخستنی هێزەکانی نەتەوییی لە شارەبانیی

و ژاندارمەریی و پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی و ویلایەتیی لە پلەی ئۆرگانەکانی خودموختاردا.

گۆڕانی بنەڕەتیی لە پەیوەندییەکانیی ئێران و سۆڤیەت[91].

لە بڕیارە پەسەندکراوەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەتدا پێشبینی کرابوو کە گروپە چەکدارەکان لە ڕزگارییخوازانی ئازەربایجان و لایەنگرانی یەکیەتیی سۆڤیەت پێکبێت و بە چەکی دروستکراوی دەرەوە "مەبەست لەو چەکانەیە کە سۆڤیەت دروستی نەکردوون- وەرگێڕ" پڕچەک بکرێن. بەڕێوەبردنی ئەم بەندە بە میرجەعفەر باقرۆڤ و "بولگانین" سپێردرابوو.

لە پێنج بەندەکەی دوایی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمونیست دا باس لە دیاردەکانی فەرهەنگیی کرابوو. لە کۆتاییدا بۆ یارمەتیی کردنی ئابوریی بە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە لە ئازەربایجان و هەروەها هەڵمەتی هەڵبژاردنی خولی پانزدەیەمی مەجلیسی شورای میللی، بڕیاردرابوو یەک میلیۆن ڕوبڵ (6086426 ڕیال) بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان بدرێت[92].

سێ ڕۆژ دوای پەسەند کرانی ئەو بڕیارەی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، لە ڕۆژنامەی "پراودا"دا وتارێک لەژێر ناوی "پەسەسەندنی چالاکیی کەسانی کۆنەپەرست لە ئێران" بە ئیمزای "ولادیمێرۆڤ" بڵاوکرایەوە. (وتارە گرنگەکان بەگشتیی لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت لەژێر ناوی "بەدڵ" دەنوسران- وەرگێڕ). ئەو وتارەی ولادیمێرۆڤ بە مەبەستی ئامادەکردنی زەمینە بوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی بڕیارەکانی دەفتەری سیایی[93]. چاپی ئەو وتارە لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا، بیروڕای دژ و لەگەڵیی بەرز کردەوە.

لە یولیی 1945 (پوشپەڕ- گەلاوێژیی 1324) میرجەعفەر باقرۆڤ دوو بروسکەی بۆ "مالنکۆڤ" سکرتێری حیزبی کۆمونیستی یەکیەتیی

سۆڤیەت نارد. لە بروسکەی ڕۆژی 14 ی یولیی (23 ی پوشپەڕ)دا داوا لە مالنکۆڤ دەکات، بۆ گەشەپێدانی کارەکان لە ئازەربایجان، عەلی عەلییۆڤ سکرتێریی یەکەمی سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران بە سەرکۆنسولیی سۆڤیەت لە تەورێز دابنرێت[94].

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانیی سۆڤیەت لە پلانێکی تەواو نهێنیدا، دامەزرانی فیرقەی دیموکراتیی ئازەربایجان، خەبات بۆ ڕەوانەکردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی، پێکهێنانی "کۆمەڵەی دۆستانیی ئازەربایجانی سۆڤیەت، ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە، پێکهێنانی ئەنجومەنی ئەیالەتیی و ویلایەتیی و کارەکانی تری پێشبینی کردبوو. لەو بەڵگەنامەیەدا نوسرابوو، پیشەوەریی و عەبدولسەمەد کامبەخش بۆ وتووێژ بێنە باکۆ و لە ئەنجامی ئەو وتووێژەدا، هاتنی "سادق پادگان" بەرپرسی نوێی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودە لە ئازەربایجانەوە بۆ باکۆ پەسەند کرا[95]. لەو پلانەدا پێشبینیی کرابوو کە کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودە لە تەورێز سەرەڕای پشتیوانیی کردنی لە دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات، حیزبی تودە لە ئازەربایجان هەڵبوەشێنن و لە ئەندامانی خۆیان بخوازن، بچنە ڕیزی فیرقەی دیموکراتەوە. بە دوای پێکهێنانی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات لە تەورێز، دەبووایە بە زوویی لقەکانی خۆی لە شارەکانی ئەردەوێڵ، ورمێ، خۆی، میانە، زەنگان، مەراغە، مەرەند، مهاباد، ماکۆ، قەزوێن، ڕەشت، بەندەر پەهلەوی، ساری، شاهیی، گورگان و مەشهەد دامەزرێنێت.

بە فەرمانی باقرۆڤ لە یولیی 1945 (پوشپەڕ-گەلاوێژی 1324)، عەبدولسەمەد کامبەخش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە و نوێنەری مەجلیسی شورای میلليی، سادق پادگان، شەبستەری و میرجەعفەر پیشەوەریی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی "ئاژیر" یان بە نهێنیی بردە باکۆ. لە وتووێژەکانی باکۆدا بڕیاردرا میرجەعفەر

پێشەوەریی بە شێوەی کاتیی ڕێبەرایەتیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان قبوڵ بکات. دەربارەی ئەو هەڵبژاردنە، باقرۆڤ لە نامەیەکدا بۆ ستالین، نوسی: **(دوای وتوویژ لەگەڵیان، میرجەعفەر پیشەوەریی کە لە ناو توێژیی دیموکراتدا نفوزی هەیە و خاوەن مافی ڕۆژنامەی ئاژیرە لە تاران، بۆ ڕێبەریی کردنی فیرقەی دیموکرات لەبەرچاو گیرا[96]).**

باقرۆڤ لە ڕاپۆرتەکانیدا بۆ مۆلۆتۆڤ، بێریا و "مالنکۆڤ"، نوسی: **(پیشەوەریی لە ئازەربایجانیی ئێران لە دایک بووە، ئەندامی پێشوی حیزبی کۆمونیستی ئێرانە، ساڵی 1927 (1305- 1306) لە لایەن کۆمنتەرنەوە ڕەوانەی ئێران کراوە، لە سەردەمی ڕەزاشادا دە ساڵ زیندانیی بووە و بە هاتنی سوپای سور لە زیندان ئازاد کراوە. دوو برای لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەژین کە یەکێک لەوان ئەفسەری پزیشکە لە لەشکری سوردا[97].)**

بە کارگێڕانی بەرپرس لە ئازەربایجان فەرماندرا لە تێکەڵکردنی حیزبی تودە لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ساتێک کۆتایی نەکەن. لە بروسکەیەکی نهێنییدا کە فەرمانبەرێکی دەزگای هەواڵگریی بە نازناوی "چوپان" ئاراستەی کردووە، نوسراوە: **(دەبێ هەرچەشنە کردەیەکی پارێزگای تەورێز کە بە دژی بەڕێوەچوونی پلانی ئێمە روبدات، پوچەڵ بکرێتەوە.)**. لەو بروسکەیەدا گوتراوە ڕۆحانییەتی پێشکەوتوو، زەویداران، بازرگانان و ڕۆشنبیران بەرەو خۆتان ڕابکێشن. تا فەرمانی دوایی هیچ نێردراوێک لە لایەن حیزبی تودەوە وەرمەگرن و هەوڵبدەن بە دوای ڕاگەیاندنی پلانەکەمان، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە، پشتیوانیی بکات لە دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان[98].

بەو فەرمانبەرەی دەزگای هەواڵگریی فەرماندرابوو کە ناوەڕۆکی بروسکەکەی بە گوێی "یەعقوبۆڤ" یملیانۆڤ، ماتۆیۆڤ، ئاتاکیشیۆڤ و

ژەنەراڵ "ڕۆسۆف" ئەندامی شورای سەربازیی سوپای چوارەم بگەیەنێت.

تودەییەکان بە توندیی دژایەتیان لەگەڵ دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات کرد و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدا کە ئەو کارانە بە ئەنجام نەگەن. هەرچەندە لە دیداریی باکۆدا بڕیاردرابوو کە پیشەوریی، شەبستەریی و سادق پادگان بەهۆی تێبینیی ئەمنییەتی لە تەورێز دورنەکەونەوە، کەچی سادق پادگان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دژایەتیی کردنەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە، چووە تاران. بەڕێوەنەچوونی بەپەلەی کارەکان لە ئازەربایجان و بڕیارەکان لە لایەن ڕێبەرانی حیزبی تودەوە، کاسەی سەبری باقرۆفی پڕ کرد. ئەو بۆ یملیانۆف، حەسەن حەسەنۆف و میرزا ئیبراهیمۆفی نوسی:

- (وادیارە یەعقوبۆف، ئاتاکیشیۆف، ڕۆسۆف و قولییۆف لەوە ناگەن کە کاتژمێرێکیش بۆ ئێمە زۆر بە نرخە و دەبێ زۆر بە توندیی کار بکەن و بچنە پێشەوە. گومان ناکرێت کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە سەرسەختانە دژی بیروبۆچوونی ئێمە دەوەستێت. ئەوان هەموو جۆرە دژایەتییەک و کێشەیەک دروست دەکەن کە خەڵک لە ئێمە دوربکەنەوە. بەم مەبەستە لەو هاوڕێیانەم دەوێت:

1- بە زوویی سادق پادگان بە ساخی لە تارانەوە بگەڕێننەوە تەورێز.

2- ئەو کەسانەی کە لە لایەن ئێمەوە بۆ ڕێبەریی کردنی فیرقەی دیموکرات لەبەرچاو گیراون، نابێت بچن بۆ تاران، تەنانەت لە لایەن هەرکەس و هەر پلەیەکەوە بانگهێشت بکرێن. "هیچ زەمانەتێک نییە کە لەوێ لەناویان نەبەن."

3- پارێزگاریی لە هەموو ڕێبەرانیی بزوتنەوە بکەن.

4- زۆر بە پەلە کەسانێک لە تەورێزەوە بۆ وتووێژ ڕەوانەی ئەردەوێل، خۆی، ماکۆ، ورمێ، مەراغە، بەندەر پەهلەوی، ڕەشت و بە گوێرەی دەرەتان شارەکانی تر بکەن.

5- دەبێ لە دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات و ئامادە کردنی بەڵگەنامە پێویستەکانیدا پەلە بکەن.

6- بڵاوکردنەوە ڕۆژنامە پەلەی کردنی دەوێت[99].

## دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات و بیریی خودموختاریی

ئەحمەد یەعقوبۆڤ ڕاوێژکاری سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران، لە سەرەتای ئەوگۆستیی 1945 (گەلاوێژ- خەرمانانیی 1324) هاتە تەورێز. ئامانجی ئەو سەفەرەی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەورێز بوو لە نزیکەوە کە پەیوەندیی بە بڕیارەکانی دەفتەریی سیاسیی و بڕیارەکانی باکۆوە هەبوو بە مەبەستی توندوتوڵ کردنی کارە سەرەتاییەکان بۆ دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان.

ماتیۆڤ سەرکۆنسولی سۆڤیەت لە ئازەربایجان نەیتوانی خۆی لەگەڵ دۆخی نوێی ئازەربایجان بگونجێنێت. لە ڕاستیدا ئەوە ئەحمەد یەعقوبۆڤ بوو کە کاروباری کۆنسولیی بەڕێوەدەبرد. کاتێک تودەییەکان لە تاران بە چالاکییەکانی دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیان زانی، لە هەموو دەرتانێک کەڵکیان وەردەگرت کە ئەو پرۆژەیە پوچەل بکەنەوە. لە سەرەتای ئەوگۆستیی 1945 (گەلاوێژیی 1324) ئەردەشیر ئاوانسیان، ئەمیر خیزیی و حوسێن نوری "زولۆن" لە ڕێبەرانی حیزبی تودە هاتنە تەورێز[100].

ئاوانسیان لە دیدارێکیدا لەگەڵ سەرکۆنسولیی سۆڤیەت ڕایگەیاندبوو، بە ڕای کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە، کاتی ئەوە هاتووە کە لە گوندەکاندا خەبات بە دژی خاوەن موڵکەکان توندوتۆڵ بکرێت. دوای چەند ڕۆژ، تودەییەکان لە تەورێز کۆبوونەوەی دێهاتیان پێکهێنا و دەربارەی گەشەپێدانی خەباتی چینایەتی چەند بڕیاریاندا. ئەندامانی هەندێک لە کۆمیتەکان، دوای گەڕانەوەیان لە تەورێز، بڕیارەکانیان جێبەجێکرد. لە ئەردەوێڵ کۆمیتە بۆ چەککردنی خاوەن موڵکەکان، گروپ و دەستەی جیاوازیان پێکهێنا[101]. ئەوەی

میرجەعفەر باقرۆف لە نامەیەکدا بۆ کارگێڕانی سیاسیی لە ئازەربایجانیی ئێران پێشبینی کردبوو، بەدیهات و بۆ پوچەڵکردنەوەی ئامادەکارییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، یەکەم هەنگاو لە لایەن تودەییەکانەوە هەڵگیرا. بۆ بەربەرەکانیی بە دژی دروشمی ڕزگازییخوازانەی فیرقەی دیموکرات و بۆ ڕێگرتن لە چوونی بازرگانەکان، پیشەکاران و بە تایبەتی خاوەن موڵکەکان بۆ ڕیزی فیرقەی دیموکرات، تودەییەکان زنجیرە کارێکی تێکدەرانەیان بەڕێوەبرد کە ئەوی هەرە توندیان لە "لیقوان" بەڕێوەچوو.

ئەردەشیر ئاوانسیان ڕۆژی 9 ی ئەوگۆستیی 1945 ( 18 ی گەلاوێژیی 1324)، ئەمیر خیزیی، ڕەزا ڕەزایی و ئەبولفەزل هاشمی ئەندامی حیزبی تودەیان لەگەڵ نزیکەی 100 کەس بۆ پێکهێنانی متینگێک نارده لیقوان. لەنێوان پیاوانی حاجی ئیحتشام لیقوانیی مالیکی دی و متینگدەراندا شەڕی چەکدارانە ڕویدا. لەو ڕووداوەدا سێ کەس لە هێنراوەکان بۆ لیقوان و حاجی ئیحتشان و کوڕەکەی و یەکێک لە نۆکەرەکانی کوژران و ماڵ و سامانی حاجی ئیحتشام تالان کرا.

جێی ئاماژە بۆ کردنە کە سوڵتان ئیحتشام کوڕە گەورەکەی حاجی ئیحتشام، پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ڕوسەکان هەبوو و لە پلەی نوێنەری خولی چواردەیەمی مەجلیسدا یارمەتی رووسەکانی دابوو. لە کێشەی دانی ئیمتیازی نەوت بە سۆڤیەت، بەیاننامەیەکی دژی ساعد مەراغەیی سەرۆکوەزیرانی ئەو دەورەیە بە ئیمزای چل مالیک گەیاندبوو. عیسا لیقوانی کوڕێکی تری حاجی ئیحتشام کە نوێنەریی مەجلیس بوو، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سۆڤیەت هەبوو. ئاوانسیان فەرمانیدابوو کاتی بە خاکسپاردنی ئەو سێ کەسانەی کە لە پێکهەڵپرژانی چەکدارانەدا کوژرابوون، متینگێک پێکبێت. ڕۆژی دوانزدەی ئەوگۆستیی (21 ی گەلاوێژیی 1324) کاتی بەڕێوەچوونی

ئەو متینگە، یەکێک لە خزمانی حاجی ئیحتشام و دادیاریی شاری تەورێز بریندار بوون.

لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا، یملیانۆڤ کۆمیسێری ئەمنییەتیی دەوڵەتی ئازەربایجانیی سۆڤیەت لە ڕاپۆرتێکیدا نوسی: **(ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە کە لە تارانەوە هاتوون، لە جیاتی بەربەرەکانیی بە دژی مالیکە کۆنەپەرستەکان لە ئازەربایجان، دژی کەسانێک هەڵدەسوڕێن کە دۆستایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت دەکەن. ئەو کردەوەیەیان خەڵک توشی هەڵە و گومان دەکات[102].)**

لە ڕاپورتێکدا کە بەشی هەواڵگریی تایبەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە تەورێزەوە ڕەوانەی کردووە، نوسراوە: **(ڕووداوی لیقوان نفوزی یەکیەتیی سۆڤیەتی لەناو خەڵکدا دابەزاندووە، بۆ نمونە "کیانی"ی سەرۆکی لقی بانکی میللی ئێران لە تەورێز دەڵێت: حاجی ئیحتشام پیاوی ڕوسەکان بوو، ئەو یەکەم کەس بوو کە بروسکەی دانی ئیمتیازی نەوتی باکوریی بە ڕوسەکان ئیمزا کرد. ئینگلیزەکان ئاگاداری ئەو دیاردەیە بوون. دوای سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوە، دەرکەوت ڕوسەکان پشتی دۆستەکانیان ناگرن و لە بەرامبەر هەموو شتێکدا بێ تەفاوەتن. دوای ئەو ڕووداوە، بازرگانان و مالیکان زۆر بە باشیی ڕوسەکانیان ناسی و ئێستا دورییان لێدەکەن. بە ڕای من ئەو کارانە لەژێر سەری ئینگلیزەکاندایە. ئەوان ڕەخنەیان کردووەتە ناو حیزبی تودە و بەهۆی ئەوانەوە لە کاروباری ڕوسەکاندا لە ئازەربایجان کاری تێگدەرانە دەکەن[103].)**

18 ی ئەوگۆستیی 1945 (27 ی گەلاوێژیی 1325) بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بارودۆخی ئازەربایجان، کۆمیسیۆنێک بە سەرۆکایەتیی سەرلەشکر جیهانبانی و ئەندامەتیی سەرتیپ خەسرەوپەنا لە تارانەوە هات بۆ تەورێز. بیستی ئەوگۆستیی ئەندامانی ئەو

کۆمیسیۆنە چوونە کۆنسولخانەی سۆڤیەت و چاویان لە ماتویۆڤ، یەعقوبۆڤ و ژەنەراڵ "گلینسکی" کەوت. لەو دیدارەدا یەعقوبۆڤ گوتی بارودۆخی ئازەربایجان باش نییە و سەرنج نادرێتە پێداویستییەکانی خەڵک و سکاڵاکانیان. ژەنەراڵ گلینسکی شکاتی لە هەڵسوکەوتی سەرتیپ درەخشانی فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان کرد. بە ڕای سەرلەشکر جیهانبانیی خەڵکێک بۆ نالەبار پێشاندانی بارودۆخەکە، دەنگۆ بڵاودەکەنەوە. ڕۆژی هاتنی ئەو بۆ تەورێز هەندێک دەیانویست بە داخستنی دوکان و بازار دۆخی شار نائارام بکەن (دواتر دەرکەوت کە ڕێبەرانی حیزبی تودە لە تارانەوە هاتبوون و دەستیان لەو ئاژاوەیەدا هەبووە.) سەرلەشکر جیهانبانی گوتی: بە زوویی دەبێ پارێزگاری تەورێز بگۆردرێت و کەسانی دیار و بەرچاو تەورێز بەجێهێڵن[104]. ڕۆژی بیست دووی ئەوگۆستیی، جیهانبانی لە دیدارێکی تردا لەگەڵ یەعقوبۆڤ گوتی چەند نوێنەر لە لایەن حیزبی تودە و سندیکای کارگەرانەوە هاتوونەتە لای و هەندێک پێشنیازیان سەبارەت بە پێداویستییەکانی پارێزگای ئازەربایجان ئاراستە کردووە. ئەو گوتی هەوڵدەدات تاران وەڵامی پۆزەتیڤ بەو پێشنیازانە بداتەوە[105].

لە ڕۆژانی کۆتایی ئەوگۆستیی 1945 (5-10 گەلاوێژیی 1324)، کارە سەرەتاییەکان بۆ دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کۆتاییهات. ناوی کەسانێک کە بڕیاربوو ڕاگەینراوی سەرکردایەتی فیرقە بە سەرۆکایەتی پیشەوەریی ئیمزا بکەن، دیاریکرابوون. ڕێبەرانی باکۆ ڕەشنوسی ئەو ڕاگەینراوەیان پەسەندکرد و بەرگێکیان بۆ مۆسکۆ نارد.


سەرتیپ عەلی ئەکبەر درەخشانی فەرمانەدەی لەشکری 3 ی ئازەربایجان

"س. یملیانۆڤ" لە ڕاپۆرتێکیدا لەژێر ناوی "دەربارەی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کارەکانی پەیوەندییدار بە ئازەربایجان" دەنوسێت: **(هەندێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیان تێدەکۆشن. ئارداش ئاوانسیان و ئەمیز خیزی دەستیان هەیە لە دارشتنی پلانی بەشێک لەو کارە تێگدەرانەیە و تالانکردنی سامانی خەڵکدا. ئەوان داوای ڕاپەرینی چەکدارانە دەکەن. هەرچەندە ئەو بانگهێشتکردنە بۆ ڕاپەرین، بە ڕواڵەت بە دژی ڕژێمی کۆنەپەرستی تارانە، بەڵام لە ڕاستیدا**

**کردەوەکـــە بـــە دژیـــی دامەزرانـــدنی فیرقـــەی ســـەربەخۆیە لـــە ئازەربایجـــان. ئـــەوان دژی خـــەباتی ئازادییخوازانـــەی نەتـــەوەی ئازەربایجانن[106]).**

بەیانیی ڕۆژی 3 ی سیپتەمبەریی 1945 (12 ی خـەرمانانیی 1324) کاتێک خەڵکی شارەکانی ئازەربایجان لـە خـەو هەستان، چاویان بـە بەیاننامەیەک کەوت کە بە زمانی تورکیی بە دیوارەکانـەوە بـوو. ئـەو بەیاننامەیە باسی لـە دامەزراندنی فیرقـەی دیموکراتی ئازەربایجـان دەکرد و ئامەنجەکانی فیرقەی تیادا شی کرابووەوە[107].

ئـەو بەیاننامـەیـە کـە نزیکـەی هەشتا بازرگـان، مالیـک، چـالاکیی سیاسیی، ڕۆشنبیر، جوتیار و ڕۆحانیی ئیمزایان کردبوو، بـە زوویـی لـە شـارەکانی تـاران، خۆراسـان، مازنـدەران و گـیلان بڵاوبـووەوە. لـەو بەیاننامەیـەدا هـاتبوو: **(ئازەربایجـان کـە بـە درێژایـی مێـژوو بـە ئاڵاهەڵگری ئازادیی ناسراوە، ئیتر ناتوانێت لەژێر ستەم و گوشاریی حکومـەتی کۆنەپەرستیی تارانـدا بمێنێتـەوە و دەبـێ ئـازاد بکرێـت. ئازەربایجان کە لـە ڕابـردوودا خـاوەن فەرهـەنگێکی پرشنگدار بـووە، ناتوانێ لە ئازاریی نەخوێندەوارییدا بێت. گەلی ئازەربایجان زمانی شیرینی دایکیی خۆی هەیە. لە خوێندنگەکانیی ئازەربایجانـدا دەبـێ بەو زمانە وانە بگوترێتەوە و لـە ئیدارەکانیدا پێی بنوسرێت. سەروەت و سامانی لەبننەهاتووی ئازەربایجان دەبێ بۆخۆی بگەڕێتەوە. دەبێ لـە ئازەربایجـان پیشـە گەشـە بسـتێنێ و کشـتوکاڵی پێشـکەوتووی هـەبێت. کارگـەر نـابێ بێکـار و جوتیـار نـابێ بـێ زەوی بمێنێتـەوە. ئازەربایجـــان دەبـــێ لـــە هـــەموو بوارەکانـــدا ئـــازاد و ئـــاوەدان بکرێتـەوە[108]).**

م. چشـم ئـازەر کـە یـەکێک بـوو لـە یارییکـەرانی ڕووداوەکـانی ئـەو سـەردەمەی ئازەربایجـان لـە کتێبێکـدا کـە سـاڵی 1991 لـە بـاکۆ بڵاویکردووەتـەوە، دەنوسێت: **(پیشـەوەریی گرنگایـەتییـەکی زۆری بـە**

**هەڵبژاردنی ناوی فیرقەی دیموکرات دا و بە ڕای ئەو لە ناودانانی فیرقەدا دەبووایە، ئامانجە تایبەتییەکان لەبەرچاو بگیرێن[109]).**
بەڵام ماوەیەک بەرلە دامەزرانی فیرقەی دیموکرات، لە ڕۆژی 6 ی یونیی 1945 (1 ی پوشپەڕیی 1324) دا ناوی فیرقە لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دیاریی کرابوو.

تا ڕۆژی چوونەدەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، بەپێی بەڵێنیی ستالین لە کۆنفرانسی "پۆتسدام" هێشتا شەش مانگ کات هەبوو. ئەو ماوەیە تێریی ئەوەی دەکرد کە بڕیارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەربارەی ئازەربایجان بە ئەنجام بگات.

ڕۆژی 6 ی سێپتەمبەریی 1945 (15 ی خەرمانانیی 1324) کۆنفرانسی ئەیالەتیی حیزبی تودە بەسترا. 112 نوێنەر لە تەورێز و شارەکانی تری ئازەربایجانەوە بەشداریی ئەو کۆنفرانسەیان کرد. ئەو نوێنەرانەی کە لە گوندەکانەوە هاتبوون، ئامادەیان بۆ پەرەسەندنی خەبات بەدژی حیزبی تودە کرد. فەرەیدون ئیبراهیمیی بەیاننامەکەی فیرقەی دیموکراتی خوێندەوە. 31 نوێنەر قسەیان لەسەر کرد و زۆربەیان بە شیوەی پۆزەتیڤ بەیاننامەکەیان هەڵسەنگاند، بەڵام کەسانێکیش بە دژی وەستان. قارەمان ناوێک کە پێشتر لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەرکرابوو بۆ ئێران، سنگ پێشخەرێک بە ناوی شاهیان، داوید گورگیان ئەندامی ئەیالەتیی حیزبی تودە و بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەیەکی ئەرمەنیی زمان، دژی پێکهێنانی یەکیەتیی حیزبی تودە و فیرقەی دیموکرات قسەیان کرد. سامانزادە کارگەریی کارخانەی دروستکردنی شقارتە گوتی: **(دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات پارییەکی نوێیە کە بە دژی حیزبی تودە بەڕێوەدەچێت و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەسێنێت.)** ئارسەن شانەزەریان گوتی: **(ئێمە نەک هاوکاریی ئەندامانی فیرقەی دیموکرات ناکەین، بەڵکوو دژیان دەوەستینەوە و بە دژی ئەوان درێژە بە خەبات دەدەین. درەنگ یان زوو، یان ئێمە**

**ئـــەوان لـــەناو دەبـــەین، یـــان ئـــەوان ئێمـــە[110]).** لـــە وەڵامـــی ئـــەو پرسـیارانـەدا سـادق پادگـان دەربـارەی ئامانجـەکان و ئـەرکی حیزبـی نوێ وتارێکی پێشکەش کرد.

دوای قســـە و گفتوگۆیـــەکی زۆر کـــۆنفرانس ڕۆژی 7ی ســـێپتەمبەری 1945 بڕیارەکـانی بڵاوکـردەوە. لــەو بڕیارنامەیـەدا گوترابـوو، گـەلی ئازەربایجان ڕەخنەی لە داخستنی گۆڤاری "بـەرەی ئازەربایجـان" لـە لایـەن حکومـەتی کۆنەپەرسـتەوە دەگرێـت. شـیکردنەوەی نـاوەڕۆکی بڕیارنامەی کۆنفرانس لە ناوچەکەدا درابوو بە ڕێکخراوەکـانی حیزبـی تـودە. بـە گـوێرەی بڕیارنامەکـە کۆمیتـەی ئەیالـەتیی و ویلایـەتیی حیزبـی تـودە لەگـەڵ فیرقـەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان، یەکیـەتیی پێکدەهێنن. کۆمیتەی ئەیالەتیی و ویلایەتیی پڕۆگـرام و دروشمەکانی حیزبـی نـوێ قبـوڵ دەکـات و بـۆ بـە ئـەنجام گەیانـدنی بەرنامـەی یەکیـەتیی دوو حیـزب، کۆمیسـیۆنێکی پێـنج کەسـیی بـە هـاودەنگیی لەگەڵ ڕێبـەری فیرقەی دیموکرات پێکدەهێنن[111].

ڕۆژی 6ی سێپتەمبەریی 1945، بـاقرۆف لـە نامەیەکیدا بـۆ سـتالین، نوسی: **(ئەمڕۆ کۆمیتەی ئەیالـەتیی و ویلایـەتیی حیزبی تودە بە دوای وتووێژێکدا سەبارەت بـە بەیاننامـەی فیرقـەی دیمـوکرات، مەسـەلەی یەکیەتیی لقی ئازەربایجانیی حیزبی تودە لەگەڵ فیرقەی دیموکرات بە ئاکام دەگات[112]).**

دەسـەڵاتدارانـی سۆڤیـەت لـە ئازەربایجـان بـۆ بـە ئـەنجام گەیانـدنی بڕیارەکانی کۆنفرانسی ئەیالـەتیی و ویلایـەتیی حیزبی تودە، بەوردیی کۆنفرانسـەکەیان لـەژێر چاودێرییـدا بـوو. پێشـتر لەگـەڵ زۆربـەی نوێنەرانی بەشدار لـە کۆنفرانسدا، دەربـارەی هـەڵبژاردنی پاڵێوراوان بۆ ئەندامەتیی لە کۆمیسیۆندا گفتوگۆیـان کردبـوو و لـە ئـەنجامی ئـەو چالاکییانـەدا، پلانـی دژەبـەران بـە ئاکـام نەگەیشت. سادق پادگـان و قیـامیی لـە تـەورێز، بورهـانیی لـە مەرەنـد، واقـف لـە سـەراو و یـەدوڵا

کەڵانتەریی لە ئوسکۆ بە ئەندامی کۆمیسیۆنی یەکیەتیی هەڵبژێردران.

دوای ڕاگەیاندنی دامەزرانی فیرقەی دیموکرات، ئینگلیزەکان لە ناو عەشیرەتەکانی باشوری ئێراندا کۆمەڵێک پلانیان دارشت. لەو بارەیەوە میرجەعفەر باقرۆڤ لە نامەیەکدا بە مێژووی 6 ی سێپتەمبەر بۆ ستالین دەنوسێت: **(بۆ لادانی سەرنجی ئینگلیزەکان و حکومەتی ناوندیی ئێران، لە پلانەکانی ئێمە لە هەرێمی باکوریی ئێران، داوا دەکەم ئیزن بدەن بۆ پوچەڵکردنەوی چالاکییەکانی ئینگلیز، لەناو عەشیرەتەکانی باشوردا هەندێک چالاکیی بەڕێوەبەرین. بە ڕای ئێمە پێکهێنانی پەیوەندیی لەگەڵ دەرەبەگەکانی باشور کە خاوەن بۆچوونی جیاوازن، پێویستە. دەکرێت لەوانە بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەی چەکدارانە دژی لایەنگرانی ئینگلیز و بەڕێخستنی بزوتنەوە بە دروشمی ڕزگارییخوازانە بە دژی حکومەتی ناوەندیی کەڵکوەربگرێت[113].)**.

باقرۆڤ لە نامەی ڕۆژی 28 سێپتەمبەر (6 ی ڕەزبەر)دا بۆ ستالین، دەربارەی نەهاتنی بەشێک لە ڕۆشنبیران، بازرگانان و مالیکان بۆ ناو ڕیزی فیرقەی دیموکرات و دڕدۆنگیی پێشاندانیان دەنوسێت: **(ئەوانە دڵنیا نێن کە ئێمە تا ئاخر پشتی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ئەوان دەگرین[114].)**.

لە ڕاپۆرتی فەرمانبەرێکی دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەتدا بۆ ستالین نوسراوە: **(بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ئازەربایجانییەکان جگە لە ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان، تورکەکانیشی بەجیددی نیگەران کردووە. لە سەفارەتی تورکیاوە لە تاران بۆ کۆنسولگەرییەکانی ئەو دەوڵەتە لە تەورێز و ورمێ نوسراوە: دوا ئامانجی ئەو بزوتنەوەیەی باکوری ئێران، یەکگرتنەوەی ئازەربایجانی ئێرانە لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت.)** سەفارەتی تورکیا فەرمانیدابوو بە فەرمانبەرەکانی خۆی

لـە پەناهێنـەرە سـپییەکان (ئەوانـەی لـە دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، سـۆڤیەتیان بەجێهێشـت- وەرگێـڕ) و لـە پلـەی یەکەمـدا لـە "مسـاواتچییەکان" (حیزبـی لایـەنگری تورکیـا کـە لـە سـاڵانی 1918-1920 لـە قـەفقاز خـەباتی دەکـرد- وەرگێڕ) لـە کاروبـاری تـەبلیغاتیدا کەڵکوەرگرن(115).).

هەرچەندە لە بڕیارەکانی ڕۆژی 6ی یولیی (15 ی پوشپەڕ) کۆمیتەی ناوەنـدیی حیزبـی کۆمونیسـتی یەکیـەتیی سـۆڤیەتدا سـەبارەت بـە ڕێکخسـتنی بزوتنـەوەی ڕزگارییخوازانـە لـە گـیلان، مازنـدەران و خۆراسانیش بڕیـار وەرگیرابـوو، بـەڵام میرجەعفـەر باقرۆف لـە نامـەی ڕۆژی 28ی سیپتەمبەریدا بـۆ ستالین دەنوسێت: **(هەرچەنـدە هـەموو سەرنج و هێزی خۆمان بۆ پشکنین و دۆزینـەوەی نـەوت لـە هەرێمـەکانی باکوریی ئێران و بەرەوپێشبردنی مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستان تەرخان کرد، بەڵام نەمانتوانی لە گیلان و مازندەران و خۆراسان کار بۆ بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە بکەین(116).).**

ڕۆژی 28ی سـێپتەمبەریی 1945 (6ی ڕەزبـەری 1324) لـە لایـەن دەزگـای هـەواڵگریی سـۆڤیەت لـە ئازەربایجـان، داخوازنامەیـەک بـۆ ڕەوانەکردنی چەک، ئاراستەی باقرۆف کـرا. دابەشکردنی چـەک لـەناو خەڵکدا بەم جۆرە بەرنامەی بۆ دانرابوو:

تـەورێز و دەوروبـەری 2000 تفـەنگ. ئوسـکۆ و دەوروبـەری 1000 تفـەنگ. ئـەرونق، سـوفیان، شەبسـتەر، شـەرەفخانە و خامنـە 1000 تفەنگ. مێهرانرود و دەوروبەری 1000 تفەنگ. میانە و گەرمرود 1000 تفـەنگ. سـەراب و گونـدەکانی دەوروبـەری 1000 تفـەنـگ. ئـەردەوێل، مشـکین شـهر، خـەلخال، گرمـی، نـەمین، پیلەسـوار و ئاسـتارا 2000 تفەنگ. مەراغە و دەوروبەری 1500 تفەنگ. مەلیک کەندی و میانـدواو 500 تفـەنگ. مەرەنـد، جوڵفـا، عەلەمـدار 1000 تفـەنگ. مـاکۆ و دەوروبـەری 1000 تفـەنگ. خـۆی و سـەلماس 1000 تفـەنگ. ورمـێ و

دەوروبەری 1000 تفەنگ و ئەهەر و ئەرەسبارا 2000 تفەنگ. هەروەها داوایان کردبوو 500 دەمانچە و دوو ملیۆن فیشەک بۆ ڕێبەرانی فیرقە بنێرن. بڕیاردرابوو ئەو چەکانە لە سەربازگەکاندا ڕابگیرێن. لە کۆتاییدا نوسرابوو لە ئامادە کردنی ئەم بەرنامەیەدا میرجەعفەر پیشەوەریی و سادق پادگان هاوکارییان کردووین(117).

بە فەرمانی مۆسکۆ چەکە بڵاوکراەکان لەناو خەڵکدا نابێت چەکی دروستکراوی سۆڤیەت بن. لەبەر ئەوە کۆمیتەی ئەمنییەتی دەوڵەتیی ئازەربایجانیی سۆڤیەت 29 دەمانچەی دروستکراوی دەرەوەی لەگەڵ 1050 فیشەک بۆ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات نارد. هەروەها بڕیاردرا، دە هەزار چەکی برنوی دروستکراوی ئێران، 1000 دۆشکەی برنو، 500 نارنجۆکی دروستکراوی ئەڵمانیا، 300 دەمانچەی مارکی "ماورز" و "براونینگ"، 500 چەکی "پارابڵۆم"، 200 چەکی "والتەر" و بە گوێرەی پێویست فیشەک بۆ ئەو چەکانە ڕەوانە بکرێت(118).

ڕۆژی 8 ی ئۆکتۆبەریی 1945 (16 ڕەزبەریی 1324) کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت و شورای کۆمیسارياکانی گەلیی یەکیەتیی سۆڤیەت دەربارەی پەرەپێدانی عەمەلیاتی سەربازیی لە ئازەربایجان بڕیاریدا: **(شورای سەربازیی باکۆ و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان بەرپرس دەکرێن ژمارەیەک بۆ لەناوبردنی ئەو کەسانە دەستنیشان بکەن کە بە دژی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە هەڵدەسوڕێن.)** هەروەها دەربارەی مەسەلەی ئابورییش وتووێژ کرا و بۆ "ئاناستاس میکۆیان" کۆمیسێریی بازرگانیی دەرەوە و "وازنیسیسکی" بەڕێوەبەریی کۆمیتەی بەرنامەڕێژیی دەوڵەتیی هەندێک ڕێوشوێن دیاریی کرا(119).

ڕۆژی 21 ی ئۆکتۆبەریی 1945 (29 ی ڕەزبەریی 1324) ژەنەڕاڵ "ماسلنیکۆڤ" فەرماندەی سەربازگەی باکۆ و میرجەعفەر باقرۆڤ نامەیەکیان بۆ "بێریا" کۆمیسێری کاروباری ناوخۆی گەلیی یەکیەتیی

سۆڤیەت نارد کە تیایدا نوسرابوو: **(بۆ بەڕێوەبردنی بڕیاری ڕۆژی 18 ی ئۆکتۆبەریی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت دەربارەی ئازەربایجانی ئێران، ئەم کارانەی خوارەوە بەئەنجام گەیشتون: بۆ لەناو بردنی کەس و ڕێکخراوەکانی دژ کە لەمپەر دەخەنە بەر بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ئازەربایجان، 21 فەرمانبەریی بە ئەزموون بۆ عەمەلیاتێکی تایبەتیی بۆ کۆمیسارییای کاروباری ناوخۆ و کۆمیتەی ئەمنییەتی دەوڵەتی ئازەربایجان دەستنیشان کراون. ئەو هاوڕێیانە دەستە و گروپی پارتیزانیی چەکدار لە خەڵکی ناوچەکە پێکدەهێنن. بۆ یامەرتیی بەو هاوڕێیانە 75 کەسی تر دەستنیشان کراوە. ئەو گروپە سەرەتا ڕەوانەی تەورێز، ئەردەوێڵ، میانە، ورمێ و مەراغە دەکرێن. بۆ بە نهێنیی ڕاگرتنی ئەو فەرمانبەرانە و کارە تایبەتییەکانیان، ئەوان لەژێر ناوی ئەندامانی سوپای سور لە ئازەربایجان خەبات دەکەن. لە کۆتایی نامەکەدا ئاماژە بە پێداویستییەکانی ئەو فەرمانبەرانە کراوە و بۆ هەرکامەیان مانگانە 100 هەزار ڕیال داواکراوە[120].)**

بۆ وتوویژ دەربارەی بەرەوپێشچوونی کارەکان لە ئازەربایجان، لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەریی 1945 دا، لە میرجەعفەر باقرۆڤیان ویست بچێتە مۆسکۆ. لە دواکاتەکانی پێکهاتنی کۆنگرەی دامەزرێنەراندا، لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداریی مۆلۆتۆڤ، بێریا و "مالنکۆڤ، دوایین دەقی بەرنامە و پەیڕەوی فیرقەی دیموکرات کەوتە بەرباس و گۆڕانی تێدا کرا و مەسەلەی پێکهێنانی ئۆرگانەکانی خودموختار لە پرۆگرامەکەدا گونجا. ڕاپۆرتی باقرۆڤ دەربارەی پەلە کردن لە کارەکانی ئازەربایجاندا هاودەنگی لەگەڵ کرا. دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ، باقرۆڤ دەستبەجێ سەبارەت بە گۆڕانکاریی لە پرۆگرامی فیرقەدا چەند فەرمانی بە تەورێز ڕاگەیاند. بۆ

بەڕێوەچوونی بڕیارە وەرگیراوەکان، ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبەر لە بودجەی تایبەتیی ئازەربایجانیی ئێران، 400 هەزار ڕیال درا بە میرزا ئیبراهیمۆڤ و حەسەنۆڤ. دوای بیست ڕۆژ، هەر لەو بودجەیە 400 هەزار ڕیالی تری دا بە کەریمۆڤ جیگری دەزگای هەواڵگریی ئازەربایجانیی سۆڤیەت [121].

ڕۆژی 2 ی ئۆکتۆبەریی 1945 (10 ی ڕەزبەریی 1324) یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە تەورێز پێکهات. 237 نوێنەر و چوار ڕاوێژکار بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد. جگە لەوە 17 میوان، لەوانە "نیکجو" جێگری پارێزگار، ئیلهامیی سەرۆکی شارەوانیی تەورێز، سالار سەرۆکی شارەبانیی، ئاقائۆلی سەرۆکی دارایی میوانەکانی ئەو کۆنگرەیە بوون. کۆنگرە لە ماوەی سێ ڕۆژدا پەیڕەو و پرۆگرامی فیرقەی دیموکراتی پەسەند کرد و ڕێبەرانی فیرقە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردران [122]. میرجەعفەر پیشەوەریی بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا و جێگرەکانی بریتیی بوون لە: نیزامەدین ڕەفیعی، سادق پادگان و حاجی میرزا عەلی شەبستەریی. ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی لە: سەلامولا جاوید، حەسەن زەریفی، عەلی ماشینچی، غولامحوسێن فرشچی و جەعفەر ئەدیب پێکهات و ڕاوێژکارەکانیش بریتی بوون لە: حەسەن بێرنگ، حەسەن جەودەت و زەینەلعابدین قیامیی.

میرجەعفەر باقرۆڤ دەستورێکی کارکردنی بۆ فەرمانبەرەکانی خۆی لە تەورێز نارد کە دەقەکەی بەم جۆرە بوو: **(دەبێ ڕابگەیەنن کە لە نیوەی ئازەربایجانی گەورەدا کە پارێزگای چوارەمی ئێرانە، باردۆخی ئێستا جێی پەسەند نیە. دەبێ پەلە بکەن لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا. بۆ دامەزراندنی "کۆمەڵەی دۆستانی ئازەربایجانیی سۆڤیەت". بە شەریفۆڤ و باقرزادە بڵێن، ئەگەر بە زوویی کارەکە ڕانەپەڕێنن، ئێمە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکەین و بە حسابیان دەگەین. خەڵکی**

**هەرێمەکە ئازار مەدەن. دەبێ ئەوان خۆیان بە خاوەنی ئەسڵیی وڵات بزانن و ئێمە وەک کەسانێک کە بۆ یارمەتیی کردنیان هاتووین. دەبێ پێیان بگوترێت کە ئێمە بەشێوەی کاتیی لە لایانین و بە زۆرەوە دوای چوار مانگی تر بەبێ یارمەتیی ئێمە دەبێت کارەکانیان بەڕێوەبەرن. ئەوان دەبێ خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبیی، دەوڵەتیی و سەربازیی ئامادە بکەن(123).**

باقرۆف ئەو دەستورە کارییەی بە میرزا ئیبراهیمۆڤ دا ڕەوانەی تەورێز کرد. لە دەیەی سێیەمی مانگی ئۆکتۆبەر (دەیەی یەکەمی مانگی خەزەڵوەر) حەسەن حەسەنۆڤ کارگێڕی کاروباری تایبەت، ئاتاکیشیۆڤ و میرزا ئیبراهیمۆڤ چوار جار لەگەڵ پیشەوەریی، شەبستەریی و سادق پادگان کۆبوونەوە. بۆ لەناوبردنی گەمارۆی ئابوریی ئازەربایجان لە لایەن حکومەتی تارانەوە، ڕۆژی چوارەمی نۆڤێمبەریی 1945 (13 ی خەزەڵوەریی 1324) مۆلۆتۆڤ بەڕێوەبەری شورای کۆمیسارییای گەلیی یەکیەتیی سۆڤیەت بڕیارێکی لەژێر ناوی "گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی ئابوریی لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران" ئیمزا کرد. بە گوێرەی ئەو بڕیارە دەبووایە دەستبەجێ یەک میلیۆن و پێنجسەد هەزار مەتر قوماشی چیت، 1500 تەن قەند، 4880 تەن سوتەمەنی، 200 تەن داوە بەن و 200 تەن کاغەز ڕەوانەی ئازەربایجان بکرێت و لە بەرامبەردا بنکە جیاوازەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، 4500 گا، 50 هەزار مەڕ، 250 تەن کشمیش، 1500 تەن قەیسی وشک، 500 تەن بادام و 1000 تەن خوریی بکڕن(124). ئەو بڕیارە هەلومەرجی ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتی بەهێز کرد و ئەوانی بەرەو هەڵگرتنی هەنگاوەکانی تر پاڵپێوەنا.

بە گوێرەی بڕیاری ڕۆژی 18 ی ئۆکتۆبەریی 1945، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لە نیوەی یەکەمی مانگی نۆڤێمبەردا، 80 فەرمانبەریی ئەمنییەتیی کە بە شێوەیەکی

تایبەت پەروەردە کرابوون، ڕەوانەی ئازەربایجان کرا. ئەو گروپە زنجیرەیەک کاری تیرۆریستیی بەڕێوەبرد: **(لە میانە یەکێک لە خاوەن موڵکەکانیان بە ناوی "ئەنساریی" و لە زەنگان کەسێکیان بە ناوی "ڕاهنما" کە یەکێک بوو لە نزیکانی مەحمود زولفەقاریی و ئەحمەد ئاغای ئەڵایاریی خاوەنی گوندی "نقدوز" کوشت. هەرلەو کاتەشدا گروپ و دەستەی چەکداریان لە خەڵکی شار و گوندەکان پێکهێنا. لە سەرەتادا 3000 کەسیان لە 30 گروپدا پڕچەک کرد[125]).**

ڕۆژی 16 ی نۆڤێمبەریی 1945، دەوڵەتشاهیی جێگری پارێزگای ئازەربایجان و سەرتیپ درەخشانیی فەرماندەی ژاندارمەریی لە بروسکەیەکدا بۆ تاران، ئاماژەیان بە بارودۆخی ئازەربایجان کرد. ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەیئەتی وەزیران کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی لە تاران پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرلەشکر ڕیازیی وەزیری جەنگ دەربارەی پڕچەک کردنی خەڵکی ئازەربایجان و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین دوا. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا، بە دوای ئاگادارکردنی شا لە بارودۆخی ئازەربایجان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران وتووێژ بکرێت. "مورتەزا قولی بەیات" سەرۆکوەزیرانی پێشوو کرا بە پارێزگاریی ئازەربایجان. بە دوای ڕاگەیاندنی توانایی جەنگیی سوپای ئێران، لە وەزیری جەنگیان ویست بۆ بەهێز کردنی لەشکری ئازەربایجان دوو گوردانی پیادە و یەکەیەکی ژاندارمەریی لە تارانەوە ڕەوانە بکرێت.



مورتەزا قولی بەیات پارێزگاری ئازەربایجان لەگەڵ کافتارەدزە نوێنەری سۆڤیەت لە ئێران
بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی باکور

ڕۆژی 17 ی نۆڤێمبەر (26 ی خەزەڵوەر) لە نێوان سەرلەشکر ڕیازیی و سەهەنگ "ڕازین" نوێنەری کاروباری سەربازیی سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران کۆبوونەوەیەک پێکهات. لەو دیدارەدا سەرلەشکر ڕیازی نیگەرانیی دەوڵەتی ئێرانیی سەبارەت بە پێکهاتنی دەستە و گرووپی گومانـاویی لە ئازەربایجان ڕاگەیاند. دواتر داوای لە نوێنەری کاروباری سەربازیی سەفارەتیی سۆڤیەت لە ئێران کرد کە کاربەدەستانی سۆڤیەت ئیزنیان پێبدەن یەکەیەک لە ورمێوە بگوازنەوە شاری خۆی و 24 ئاڵقە تایەی ئوتۆمبێل و هەروەها فیشەک بۆ کاریی پەروەردە کردن ڕەوانەی تەورێز بکەن. هەروەها ناوبراو داوای کرد بە مورتەزا قولی بەیات پارێزگاریی نوێی ئازەربایجان ئیزن بدەن کە بە فڕۆکەی سۆڤیەت بگەڕێتەوە شوێنی بەرپرسایەتییەکەی لە تەورێز. ڕیازی بە سەرهەنگ ڕازینی ڕاگەیاند

کـە دەوڵـەتی ئیبـراهیم حـەکیمیی "حـوکیم ئـەلمولک" لـە هـەموو دەرەتانێـک بـۆ پێکهێنـانی پەیوەنـدیی بـاش لەگـەڵ سـۆڤیەت کەڵکوەردەگرێت (126).

ئێـوارەی 17 نۆڤێمبـەر نوێنـەری کاروبـاری سـەربازیی سـەفارەتی سۆڤیەت لـە تـاران و جێگرەکـەی سـەرهەنگ "ئێڤـانۆڤ" بانگهێشـتی وەزارەتی جەنگ کران. لەو دانیشتنەدا کە بە بەشداریی بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا ئەنجامی گرت، دەربارەی پەرەسەندنی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکوریی ئێران، بەرپرسانی سۆڤیەتیان هۆشیار کـردەوە و بـە لەبـەرچاوگرتنی ڕووداوەکـانی ئـازەربایجـان، جـارێکی تـریش پێویسـتیی ڕەوانـەکردنی دوو گـوردانی پیـادە و یەکەیـەکی ژاندارمـەرییان دووپـات کـردەوە. لـە کۆتاییدا دیسـانیش داوایـان کـرد مورتـەزا قولی بەیات بە فڕۆکەی سۆڤیەت ڕەوانەی تەورێز بکرێت.

بەیانیی ڕۆژی 18 ی نۆڤێمبـەر (27 ی خـەزەڵوەر) کۆبوونـەوەیـەک لـە نێوان "ئـەحـەد یەعقوبۆڤ" جێگری سەفیری سۆڤیەت و سـەرۆکوەزیرانی ئێران پێکهات. لەو کۆبوونـەوەیەدا سـەرۆکوەزیران سـەرلـەنوێ ئـامـاژەی بۆ ئـەو قسانە کرد کـە لـە وەزارەتـی جەنگدا کرابـوون. یـەعقوبۆڤ لـە وەڵامـی سـەرۆکوەزیراندا گـوتی: **(ئێمـە ئاگامـان لـە نائارامییـەکانی ئازەربایجان نییە. بۆ ڕەوانەکردنی هێزی زیادە بۆ ئازەربایجان دەبێ لەگەڵ فەرماندەی سوپای سور جێگیر لە ئێران قسە بکەن. زیاد کردنی هێـزی سـۆڤیەت لـە بـاکوریی ئێـران ڕاسـت نییـە، بەپێچەوانـەوە بـە گوێرەی فەرمانی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی شورای باڵای یەکیەتیی سۆڤیەت، دەستمان کـردووە بـە پرۆسـەی کەمکردنـەوەی هێزەکـانی سـوپای سـور. بـۆ ڕەوانـە کردنـی مەرتـەزا قـولی بـەیات بـۆ تـەورێز، پێویستە پەیوەندیی بە کۆنسولیی سۆڤیەت لە تەورێز بگرن. دەربارەی کشـانەوەی هێزەکـانی سـۆڤیەتیش لــە ئێـران، حکومــەتی سـۆڤیەت بڕیاردەدات (127).)**



ئیبراهیم حەکیمی

دەوڵەتی ئێران چاوەڕوانی گەڕانەوەی وەڵام لە سۆڤیەتەوە نەبوو و هێزی بەرەو تەورێز نارد و بە وەزارەتی جەنگی ڕاگەیاند کە بە هەر نرخێک بێت ئەو هێزانە دەبێ بگەنە تەورێز، کەچی سوپای سور لە "شەریف ئاوا" پێشی بە چوونی هێزەکانی ئێران گرت.

ڕۆژی 17 ی نۆڤێمبەر (26 ی خەزەڵوەر) دەوڵەتشاهی جێگری پارێزگاریی ئازەربایجان پەیوەندیی بە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتەوە کرد و داوای دانیشتنێکی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی فیرقە کرد. لە دیدارێکیدا لەگەڵ پیشەوەریی، شەبستەریی و ڕەفیعی، ڕای ڕێبەرانی فیرقەی سەبارەت بە پێکهاتنی دەستە و گروپی چەکدار لە گوندەکاندا پرسی. وەڵامیان دایەوە کە فیرقە پێکهێنەری ئەو گروپانە نییە و ئەوان بۆ بەرەنگار بوونەوەی بە دژی کردەوەی دڕندانەی کۆنەپەرستان چەکیان هەڵگرتووە. بە دەوڵەتشاهی گوترا: فیرقەی دیموکرات چەندان جار داوای کردووە کە پێش بەو کردەوە دڕندانەیە بگرن، بەڵام سەرۆکەکانی شارەبانیی و ژاندارمەریی سەرنجیان بەو داخوازانە نەداوە.

## ئازەربایجان لە سەرەتای 21ی سەرماوەزی 1324 دا

لە نۆڤێمبەریی 1945 (10ی خەزەڵوەریی 1324) وە میرجەعفەر باقرۆف بە گشتیی ڕۆژانە ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئازەربایجان بۆ ستالین، مۆلۆتۆف و مالنکۆف دەنارد. ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانی لەو زانیارییانە پێکدەهاتن کە کارگێڕانی سیاسیی، سەربازیی و ئەمنییەتیی سۆڤیەت لە تەورێزەوە دەیاننارد.

ڕۆژی 18ی نۆڤێمبەر (27ی خەزەڵوەر)، متینگێکی بەشکۆ لە تەورێز پێکهات. بەرلە پێکهاتنی ئەو متینگە، شەبستەریی و ڕەفیعی سەردانی پارێزگاریان کرد و داوایان لێکرد کە ئۆرگانەکانی دەوڵەت ئاسایشی خۆپێشاندەران دابین بکەن. هەر لەو بارەیەوە پەیوەندییان بە سوپاشەوە کردبوو. سەرتیپ درەخشانی فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان گوتبووی: **(سوپا خزمەتکاری دەوڵەتە، ئەگەر دیموکراتەکان بە حکومەت بگەن، سوپا لە خزمەتیاندا دەبێت هەروەها ناوبراو ڕایگەیاندبوو کە سوپا تێکەڵاویی سیاسەت نابێت[128].)**. درەخشانیی دەستبەجێ بە یەکاکانی سوپای ڕاگەیاندبوو شار بەجێهێڵن و ئەمنییەتی شار بە شارەبانی بسپێرن. بەم جۆرە فداییەکان بە چالاکیی خۆیان یەکەم سەرکەوتنیان تۆمار کرد. درەخشانیی، وەرەهرام، هومایونیی و دەوڵەتشاهیی کە لە سەرەتادا تەنانەت ئامادە نەبوون سڵاو و عەلێکی ڕێبەرانی فیرقە بکەن، ئێستا خۆیان بە خزمەتکار دەناساند. بەڵام هەیئەتی سێ کەسەی ڕێبەریی "میرزا ئیبراهیمۆف، حەسەن حەسەنۆف و ئاتاکیشیۆف" بە پیشەوەریی، شەبستەریی و سادق پادگانیان ڕاسپارد کە هەڵسوکەوتی تێکەڵاو بە ڕێزەوەی بەرپرسانی ئێران بە جیددی نەگرن و هێزەکانیان سەقامگیر بکەن، ژمارەیان زیاد بکەن و لەبیر نەکەن کە تەنیا بزوتنەوەیەکی بەهێزی گەلیی دەتوانێت ئاواتەکان بەدی بهێنێت[129].

بەشێک لە بازرگان و خاوەن موڵکەکان بە توندیی لە هەڵسوکەوتی فیداییەکان دەترسان و توشی دڵەڕاوکێ ببوون. بەرلە میتینگی ڕۆژی 18 نۆڤێمبەر، دوو خاوەن موڵکی ناسراویی تەورێز بە ناوەکانی "سدقیان" و "موسەوی" چووبوونە کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات و نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە هەڵسوکەوتی فیداییەکان و نەهێشتنی مالکیەتی تایبەت ڕاگەیانبوو کە پێیان گوتبوون، دیموکراتەکان پرۆگرامێکی بەم جۆرەیان نییە و نابێ سەبارەت بە ئەمنیەتی خۆیان و پاراستنی موڵک و سامانەکانیان نیگەران بن، باشترە درێژە بە کار و ژیانی خۆیان بدەن. هەروەها ڕایانگەیاند، فیداییەکان بە فەرمانی فیرقە دانەمەزراون، بەڵکوو ئەوان بۆ بەربەرەکانیی بە دژی کردەوەی دڕندانەی کۆنەپەرستان پێکهاتوون[130].

ڕۆژی 19 ی نۆڤێمبەر (28 ی خەزەڵوەر) ژەنەڕاڵ گلینسکی ڕیی بە سەرتیپ درەخشانی دا کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی گروپەکانی فیدایی لە میانە، هێزێکی دووسەد کەسە بنێرێت. لەگەڵ ئەوەشدا گروپێکی لەژێر چاودێریی فەرمانبەرەکانی سۆڤیەتدا ڕەوانەی میانە کرد کە نێردراوەکانی سوپای ئێران چەک بکەن[131].

هەیئەتی سێ کەسەی عەمەلیات لە نامەیەکدا بۆ باقرۆڤ ڕایانگەیاند: **(بە ڕای ئێمە بە دوای عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی یەکەم گروپەکانی فیدایی، ناکرێت هاودەنگیی بکرێت لەگەڵ پێکهێنانی خۆ لە خۆوەی گروپە نوێیەکان، چونکە چەککردنی ئەو گروپانە دەتوانێت کاریگەریی نیگاتیڤی هەبێت لەسەر کارەکانی دوایی. هەلومەرجی ناوچەکانی ئازەربایجانیی باشور بۆ شەڕی پارتیزانیی ڕێک نییە و دواخستنی خەبات و ڕاگرتنی هێزە چەکدارەکان بە هاوسەنگیی لە بەرامبەر یەکتردا، پەسەند نییە و**

**قبوڵ ناکرێت. لەبەر ئەوە داوا دەکەین بفەرمون دە هەزار تفەنگ و کەرەستەی جەنگیی بە شەمەنەفەریی تایبەت ڕەوانە بکەن[132]).**

ڕۆژی 23 ی نۆڤێمبەریی 1945(2 ی سەرماوەزیی 1324) بەیاننامەی "کۆنگرەی گەورەی گەلی ئازەربایجان" لە ڕۆژنامەی ئازەربایجاندا بڵاوکرایەوە. ئەو بەیاننامەیە ڕوی لە محەمەد ڕەزاشا و سەرۆکی مەجلیسی شورای میللی و سەرۆکوەزیران بوو. میخایل سیلین سەرۆکی ئیدارەی ژێر پشتیوانیی کۆمیسارییای دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت فەرمانی بە ئەحەد یەعقوبۆڤ جێگری سەفیری سۆڤیەت لە تاراندابوو کە جاریێ بەیاننامەکە لە بڵاوکراوەکانی تاراندا چاپ نەکەن، بەڵام میرجەعفەر باقرۆڤ بە دوای گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ ستالین، فەرمانی بە ئەحەد یەعقوبۆڤ دا کە بەیاننامەکە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی تاراندا چاپ بکەن[133].

بە جیددی بوونی بارودۆخ لە ئازەربایجان، کاربەدەستانیی سۆڤیەت چاودیریی پتریان بەسەر وتە و کردەوەکانی پیشەوەریی دا دەکرد و پێداگرییەکانیان بۆ قبوڵکردنی بۆچوونەکانی سەبارەت بە هەندێک دیاردە، جێی خۆشحاڵیی کاربەدەستانی سۆڤیەت نەبوو. ئۆرگانە تایبەتییەکانی دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەت دەستیان هەبوو لەوەدا کە پیشەوەریی خودموختاریی ئازەربایجان لە سنوری جوگرافیای ئێراندا بەبێ دورنمایەکی ڕونی سیاسیی هەست پێبکات. بە ڕای ئەو ئەگەر بە پشتیوانیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان حکومەتێکی کۆماریی وەک کۆماری مەنگوڵستان دامەزرێت، بەرەبەرە ڕێی بۆ یەککگرتنەوەی هەردوو ئازەربایجان دەکرێتەوە، بەڵام چونکە پیشەوەریی ئەو بۆچوونەی خۆی ئاشکرا نەکردبوو، هەموو پڕۆگرامەکان لە ئازەربایجان دا بە گوێرەی پڕۆگرامی سۆڤیەت دەچووە پێشەوە. بۆ داسەپاندنی چاودێریی پتر بەسەر کارەکانی پیشەوەرییدا، کارگێڕانی سۆڤیەت لە ئێران ئیزنیان لە کاربەدەستانی مۆسکۆ وەرگرت کە

داریوش جەوادزادە بە بیانووی درێژەدان بە خوێندن بنێرێنە باکۆ. باقرۆڤ فەرمانیدا بە عەزیز بەگۆڤ جێگری بەڕێوەبەریی شورای وەزیران، یاقۆبۆڤ کۆمیسێری ناوخۆ و یلمیانۆڤ کۆمیسێری ئەمنییەتی دەوڵەتیی ئازەربایجان کە پێداویستییەکانی سەفەریی داریوش جێبەجێ بکەن.

بە لەبەرچاو گرتنی تەمەنی کەمیی داریوش جەوادزادە، بڕیاردرا ئەو لەماڵی مامی خۆی "میرخەلیل جەوادزادە" کە لە باکۆ پزیشکی سەربازیی بوو، جێگیر بکرێت. چونکە میرخەلیل لەگەڵ هاوسەر و سێ منداڵیی لە یەکەیەکی 32 مەترییدا دەژیا، بۆ دابینکردنی جێ بۆ داریوش، یەکەیەکی سێ ژوورییان دا بە سەروان جەوادزادە کە ژورێکیان بۆ داریوش تەرخان بکات و کۆپینێکی پلە یەکی ئازوقەشیان دا بە داریوش کە ئازوقەی خۆی لە بایەعی ژمارە 9 ی شاری باکۆ وەرگرێت(134). میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ ئەرکی ناردن و گواستنەوەی کوڕی پیشەوەرییان لە ئەستۆ بوو*.

لە کۆبوونەوەی 23 ی نۆڤێمبەر (21 ی سەرماوەز) هەیئەتی نەتەویی بڕیاریدا ڕۆژی 27 ی نۆڤێمبەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان بەڕێوەبەرێت و لە ماوەی پێنج ڕۆژاندا کۆتایی پێبێنێت. پێکهاتنی کۆبوونەوەی یەکەمی پەرلەمانی نەتەوەیی بۆ ڕۆژی 5 یان 6 ی دیسێمبەر "دوو ڕۆژ بەرلە دەستپێکردنی ڕێوڕەسمی مانگی محەرەم" لەبەرچاو گیرا، بەڵام لە دەستپێکردنی کارە سەرەتاییەکاندا، مۆسکۆ فەرمانی ڕاگرتنی هەڵبژاردنیدا. بەو فەرمانە زەبری توند لە بەرەوپێشچوونی کارەکانی ئازەربایجان دەکەوت، لەبەر ئەوە میرجەعفەر باقرۆڤ بەپەلە پەیوەندیی بە مۆسکۆوە گرت و ئەوانی لەو فیکرە پەشیمان کردەوە. ئەو لەو بارەیەوە بۆ ستالینی نوسی: **(من ڕاگرتنی هەڵبژاردن بە چاک نازانم. من فەرمانمدا هەڵبژاردن بکرێت. داوا دەکەم ئیزن بدەن**

**هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت. بە هەر حاڵ من ئاگادارم کردنەوە تا گەیشتنی فەرمانی ئێوە، پەرلەمان نەکەنەوە[135].).**

تا ڕۆژی هەڵبژاردن، گروپەکانی فیدایی لە زنجیرە عەمەلیاتێکدا کە لە ڕۆژی 17 – 27 ی نۆڤێمبەر (16ی سەرماوەز) بەڕێوەیان برد، هێزەکانی سوپا و ژاندارمەریی و شارەبانیان لە "نەمین، زەنگان، گەرمیی، ئاستارا و پیلەسوار" پاککردەوە و شاری تەورێز بە تەواوی لە دەست فیرقەی دیموکراتدا بوو. هێزەکانی دەوڵەت لە شار و گوندەکانی ئازەربایجان دەستیان نەکردەوە، زۆربەیان چەکەکانیان فڕێدا و ڕایان کرد و بەشێکیان بە چەکەوە خۆیان بەدەستەوەدا و ژمارەیەکیش کە بەربەرەکانیان دەکرد، چەککران.

ڕۆژی 28 ی نۆڤێمبەر (7 ی سەرماوەز) مورتەزا قولی بەیات پارێزگاری ئازەربایجان لەگەڵ پێنج کەسی تر لە تارانەوە بە فڕۆکەیەکی "دووگلاس" هاتە تەورێز. یملیانۆڤ کۆمیسێری ئەمنییەتیی دەوڵەتی ئازەربایجان بۆ میرجەعفەر باقرۆڤی نوسی: **(یەکێک لەو پێنج کەسانەی لەگەڵ مورتەزا بەیات هاتووە، فەرمانبەریی باوەڕپێکراویی ئێمەیە[136].).**

بە پێی ڕاپۆرتی ئاتاکیشیۆڤ لە تەورێز، بەیات بەو فەرمانبەرەی گوتووە، دەیەوێت ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات ببێنێ و لە دوا ئامانجەکانیان بگات و ڕەنگە هاودەنگیان لەگەڵ بکات.

ڕۆژی یەکی دیسێمبەریی 1945 (10ی سەرماوەزیی 1324)، مورتەزا قولی بەیات لە کۆنسولخانەی سۆڤیەت چاوی بە "کراسنی" سەرکۆنسولی سۆڤیەت کەوت و پێیراگەیاند، دەیەوێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات وتووێژ بکات و دەربارەی پێشنیازەکانیان بۆخۆی یان لە لایەن دەوڵەتەوە ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە. هەروەها گوتی دەوڵەتی ناوەندیی ئامادەیە لەخۆبوردوویی زۆر پێشانبدات. دیارە ئەو بەرلە هاتن و گفتوگۆ کردنی

لەگەڵ سەرکۆنسول، هەوڵی ئەوەی دابوو کە چاوی بە پیشەوەریی بکەویت. "ڕەوشەنی" سەرۆکی نویی شارەوانیی تەوریز بە تەلەفۆن بە پیشەوەریی دەڵیت: بەیات داوای لێکردووە کە لە پاریزگا وتوویژی لەگەڵ بکات، بەلام پیشەوەریی خۆ لەو دیدار و وتوویژە نادات و ئیستا مورتەزا قولی بەیات پەنای بۆ سەرکۆنسولی سۆڤیەت هیناوە و داوا دەکات ئەو دەرەتانی وتوویژکردنی لەگەڵ پیشەوەریی بۆ پیکبهینیت، بەلام کراسنی سیاسییانە داوای بەیات ڕەد دەکاتەوە. لە کۆتایی وتوویژکردنەکەدا سهامولسولتان بە بەیات بە سەرکۆنسولی سۆڤیەت ڕادەگەیەنێ کە بۆ دابینکردنی ئاساییش لە ئازەربایجان و چاودیریی کردنی بەسەر پەیوەندیی ئیران لەگەڵ سۆڤیەت، دەوڵەتی ئیران دەسەلاتیکی پان و بەرینیی پیداوە[137].

ڕۆژی 2 ی دیسیمبەر (11 ی سەرماوەز)، دەوڵەتشاهیی سەرۆکی ئیدارەی دارایی تەوریز کە بۆ ماوەیەکی زۆر جیگری پاریزگار بوو، هاتە کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات و بە نوینەرایەتی مورتەزا قولی بەیات پرسیاری کرد، پیشەوەریی لە کوێ ئامادەی وتوویژ لەگەڵ ئەو دەبیت و دەربارەی کام دیاردە دەیەویت لەگەڵ پاریزگار گفتوگۆ بکات؟ پیشەوەریی پیشنیازی ماڵی "سیراج میرزکائەدین"ی کرد و بەیات دەستبەجێ هاودەنگیی خۆی ڕاگەیاند.

ڕۆژی 3ی دیسیمبەر، پیشەوەریی و ڕەفیعی لەو جییە لەگەڵ بەیات و دەوڵەتشاهیی وتوویژیان کرد. لە ڕاپۆرتیکی میرجەعفەر باقرۆڤ دا بۆ ستالین، نوسراوە: **(وتوویژ دوو کاتژمیری خایاند. دوای سلاو و چاک و خۆشیی، بەیات داوای لە پیشەوەریی کرد، داواکاریی دیموکراتەکانی پیڕابگەیەنیت. پیشەورەیی دەربارەی داخوازەکانی فیرقەی دیموکرات کە لە برِیار و ڕاگەیەنراوی دەستەی دامەزرینەراندا ئاماژەی بۆ کرابوو و لە ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بلاوکرابوونەوە، ڕونکردنەوەیەکی هەمە لایەنەی ئاراستە**

کرد. بەیات گوتی بۆ چارەسەر کردنی ئەوانە دەسەڵاتم دراوەتێ، ئەگەر لە چارەسەرکردنیاندا گرفتێک ڕوبدات، تاران ئاگادار دەکەمەوە. بەیات دەربارەی خواستی سیاسیی، فەرهەنگیی و ئابوریی گەلی ئازەربایجان لە چوارچێوەی خودموختارییدا، گوتی لە ئەسڵدا لەگەڵ داخوازەکانی فیرقەی دیموکرات و گەلی ئازەربایجان هاودەنگە، بەڵام داوا لە دیموکراتەکان دەکات بۆ بەدەستخستنی ئەو داخوازانە، ڕێی ئاشتییخوازانە هەڵبژێرێت و ناکۆکییەکان قوڵتر نەکاتەوە. دواتر گوتی بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی و ویلایەتیی و مەسەلەی زمانی تورکیی هیچ گرفتێک لە ئارادا نییە و ئەو بۆخۆی ئەو کێشانە چارەسەر دەکات، بەڵام ناوەڕۆکی خودموختاریی بۆ ئەو ناڕونە و لەگەڵ دەستوریی هەمیشەیی یەک ناگرێتەوە. پیشەوەریی تێیگەیاند کە گەلی ئازەربایجان لەسەر مافی خودموختاریی بە تەواویی پێدادەگرێت و چاوپۆشیی لێناکات. ئەگەر حکومەتی ناوەندیی پەنا بۆ توندوتیژیی بەرێت، ئەوە گەلی ئازەربایجان تا دوا هەناسە بەرگریی لە مافەکانی خۆی دەکات. ناوبراو گوتی ئێمە دەمانەوێت کێشەی خودموختاریی ئازەربایجان بە ئاشتیی چارەسەر بکرێت، ئەگەر ئەوە بۆ ئێوە ناڕونە، یەک ڕێگا دەمێنێتەوە کە هەموو گەلی ئازەربایجان لەناو بەرن. لە کۆتاییدا بە بەیاتی ڕاگەیاند کە شەوی سێی دیسێمبەر لە کاتێکدا عەزادارانی ڕێوڕەسمی مانگی محەرەم بەرەو مزگەوت دەچوون، سەربازەکان تەقەیان لێکردوون. بەیات متمانەی بە پیشەوەریی دا کە ئەو جۆرە کارانە بە فەرمانی ناوەند بەڕێوەناچن. هەوڵیدا وتووێژەکە ڕەوتی دۆستانە بەخۆیەوە بگرێت. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا، بەیات و دەوڵەتشاهیی لە پەردەدا ئاکامی وەرگیراویان سەبارەت بە خودموختاریی بە تێکەڵکردنی ئازەربایجان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت

**لێکدایەوە کە پیشەوەریی بە شێوەیەکی شیاو ئەو وتانەی ڕەد کردەوە[138]).**

کاربەدەستانی سۆڤیەت لە تەورێز لەو باوەڕەدا بوون کە بەیات دەیویست بۆ ئارام کردنەوەی بزوتنەوە یان بە لایەنی کەمەوە کوشتنی کات بۆ بە دواخستنی چارەسەریی کێشەکانی ئازەربایجان، بە زمانی "ئارام" و "دۆستانە" ڕێبەرانی بزوتنەوەی دیموکراتیی فریو بدات. کاربەدەستانی سۆڤیەت بە پیشەوەرییان ڕاگەیاند کە وەڵامی پۆزەتیڤ بە پێشنیازی دیدارێکی تری بەیات بداتەوە، بەڵام سەبارەت بە دابینکردنی داخوازەکانی فیرقە، قورس و قایم بوەستێت.

دوای کۆتایی هەڵبژاردنی مەجلیسی نەتەوەیی، هاودەنگیی کردنی مۆسکۆ بۆ کردنەوەی یەکەم کۆبوونەوەی مەجلیس پێویست بوو. بۆ ئەو مەبەستە، میرجەعفەر باقرۆڤ ڕۆژی 1945/12/2 (11 ی سەرماوەزی 1324)ی دەستنیشان کرد و مێژووی کردنەوەی پەرلەمانی ئازەربایجانیی بە ستالین، مۆلۆتۆڤ، بێریا و مالنکۆڤ ڕاگەیاند. هەیئەتی سێ کەسەی ڕێبەریی کردنی عەمەلیات لە تەورێز "میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ" و کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات، ڕۆژی 10 ی دیسێمبەر (19 ی سەرماوەز) یان دەستنیشان کرد. بۆ گفتوگۆ کردن لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا، ئەم بابەتانەی خوارەوە لەبەرچاو گیرابوون:

1- هەڵبژاردنی سەرۆکی فیرقە و جێگرەکانی.
2- پەسەندکردنی پێکهاتەی هەیئەتی وەزیران.
3- پێکهێنانی کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمان.
4- پەسەندکردنی پرۆگرامی دەوڵەت.

بڕیاروابوو سیستەمی پارێزگا هەڵبوەشێت و هەیئەتی دەوڵەت ئەرکەکانی لە ئەستۆ بگرێت. بۆ هەیئەتی وەزیران دە وەزیر لەبەرچاوگیرا. کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتیی ئازەربایجان

لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر لە تارانەوە هێزی پشتیوان ڕەوانەی نەکرێت، هێزە سەربازییەکانی فیرقە دەرەقەتی هێزەکانی سوپا، ژاندارمەریی و شارەبانیی دێن.

سەرئەنجام وەڵامێکی بەم جۆرە لە مۆسکۆ وەرگیرا: **(باکۆ، هاوڕێ باقرۆڤ، لە وەڵامی بروسکەی ژمارە 339 - 2 ی سێپتەمبەریی ئێوەدا ڕادەگەیەنم کە لەگەڵ پێشنیازی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات (مەبەست مێژووی کردنەوەی پەرلەمانی نەتەوەییە- وەرگێڕ) هاودەنگیی دەکرێت. مۆلۆتۆڤ 1945/12/5، کاتژمێر 02:55 ).(139)**

بەڵام کۆبوونەوەی کردنەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی لە ڕۆژی 10 ی دیسێمبەر (19 ی سەرماوەز) دا پێکنەهات و دوو ڕۆژ بە دوای ئەو ڕۆژەدا لە 21 ی سەرماوەزی 1324دا پێکهات.

# سەرچاوەکانی کتێبی یەکەم


1-AR SPIHMDA, f ,I. s. 89, i. 108. V .27.

(کۆمــاری ئازەربایجــان- ئەرشــیڤی ناوەنــدیی دەوڵــەتیی حیزبــە سیاســییەکان و بزوتنــەوە کۆمەڵایەتییەکان، بابەت 1، پێڕستی 89، دۆسیەی 108، بەرگی 27.)

2- Ibid , v. 62

3- Ibid , v. 62

4- AR SPIHMDA, f, 1, s. 89, i. 18. v. 10.

5- AR MDYTA, f. 28, s. 4, i. 60, v. 1- 206.

(کۆماری ئازەربایجان- ئەرشیڤی ناوەندیی دەوڵەتی مێژووی سەردەم، بابەت 28، پێڕستی 4، دۆسیەی 60 لاپەڕەی 1- 206)

6- AR SPIHMDA, f. 1, 89, i. 18, 33.

7- AR SPIHMDA, f. 1, s, 89, i. 89, v. 1- 236.

8- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 33, v. 1- 269.

9- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 31, v. 1.

10- Ibid. v, 2.

11- AR SPIHMDA, f. 1, s. 162, i. 30, v. 6. •

12- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 1, v. 3.

13- Ibid. v, 13- 16.

14- Ibid. v, 10- v. 26.

15- Ibid. i. 5, v, 42.

16- AR SPIHMDA, f. 1, s. 162, i. 28, v. 32.

17- Ibid. v, 14- 18.

18- Ibidd. v, 19.

19- Ibid, i. 30. v. 14.

20- AR MDYTA, f. 28, s, 4, i. 2, v. 55.

21- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i.35, v,9

22- Ibid, i. 4,v.1.

23- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. v,17

24- Ibid, i. 1,v.32-34.

25- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 4. v.1.

26- Ibid, i. 1,v.18.

27. Ibid, i. 6,v.23.

28- Ibid, i. 10,v.8.

29- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 4. v.44.
30- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 1. v.30.
31- Ibid, v. 31. 33- Ibid.
32- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 35. v.2.
33- Ibid.
34- Ibid. V.5.
35- AR MDJTA, f. 28, s, 4 ,i. 2. v. 52.
36- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 59. v. 2-3.
37- Ibid, i 1, 36-37.
38- Ibid, i 1, 37.
39- Ibid, i 1, 43, v. 15.
40- Ibid, v. 14.
41- Ibid, i 1, 35, v. 1.
42- Ibid, v, 3.
43- Ibid.
44- Ibid, v. 35.
45- Ibid, v. 34.
46- Ibid, v. 36-37.
47- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 40. v. 37.
48- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 35. v. 15.
49- J. H. BAMBERG, the History of the British Petropeum Cambridge, 1994 , p. 242- 243.
50- AR SPIHDA, f. I, s, 89 ,i. 77. v. 1.
51- Ibid, v. 16.
52- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 84, v, 1-5
53- AR SPIHMDA, f. 1, s. 129, i. 80, v, 2-3.
54- AR SPIHMDA, f. 1, s. 220, i. 49, v, 4-5
55- AR SPIHMDA, f. 1, s. 129, i. 80, v, 4-5
56- AR SPIHMDA, f. 1, s. 129, i. 62, v, 330
57- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 81, v, 131.
58- Ibid.
59- Ibid, v. 132.
60- Ibid, v. 134- 136.
61- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 71, v, 20.

*- هەرێمی قەفقاز لە نێوان دەریای خەزەر و دەریای ڕەش هەڵکەوتووە و بەشکراوە بەسەر دوو بەشی باشوور و باکوردا. قەفقازی باشوور یان سەروی قەفقاز بریتییە لە کۆمارەکانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان لەگەڵ بەشێکی بچوک لە باکوری ئێران و باکوریی ڕۆژئاوی تورکیا. حامید.

62- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 101, v, 106-115.

63- Ibid, i. 78, v. 7.

64- Ibid, i. v. 37.

65- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i. 78, v, 29-34.

66- دیلی نیوز، 1944، 27ی یونی.

67- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 73, v. 169-170.

68- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 77, v. 153-162.

69- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 77, v. 70.

70- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 108, v. 82.

71- Ibid, v. 83.

72- Ibid.

73- Ibid, v. 85.

74- Ibid, v. 84.

75- Ibid, v. 86.

76- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 82, v. 21.

77- AZAD, 1944 , 23 Mai.

78- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 95, v. 69-70.

79- Ibid, i. 94, v. 1-61.

80- Ibid, i.0, v. 3.

81- Ibid, i. 95. v. 22-43.

82- Ibid, v. 32.

83- Ibid, v. 35.

84- Ibid, v. 38.

85- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 106, v. 8-10.

86- Ibid, i. 90, v. 6-8.

87- Ibid, i.104, v.1.

88- Ibid, v. 103-104.

89- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 101, v. 96-98.

90- Ibid, i. 90, v. 4.

91- Ibid, v. 4-5.

92- Ibid, v. 5.

93- ڕۆژنامەی پڕاودا 1945، شەشەمی یولی.

94- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 90, v. 16.

95- Ibid, v. 9.

96- Ibid, v. 19.

97- Ibid, v. 67.

98- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 95, v. 59.

99- Ibid, i, v. 121.

100- Ibid, i, 90, v. 32

101- Ibid, i, 95, v. 70.

102- Ibid.

103- Ibid, i, 95, v. 71.

104- Ibid, v. 165.

105- Ibid, i, 91, v. 168.

106- Ibid. V. 169

107- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 96, v. 149.

108- ڕۆژنامەی ئازەربایجان، 1946، سێپتەمبەر، ژمارە 9، لاپەڕەی 23.

109- م.م. چشم ئازەر، "دەربارەی ڕۆڵی س. ج. پیشەوەریی لە دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و پێکهێنانی حکومەتی نەتەوەیی"، ڕووداوە مێژوویيەکانی ئازەربایجانی باشور، باکۆ، 1991، لاپەڕەی 30.

110- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 95, v. 66.

111- Ibid. v. 67-68.

112- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 90, v. 20-21.

113- Ibid. v. 24.

114- Ibid. v. 36.

115- Ibid. v. 38.

116- Ibid. v. 40.

117- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 95, v. 189-190.

118- Ibid. v. 181.

119- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 121, v. 7-9.

120- Ibid. v. 208- 209.

121- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 120, v. 64.

122- Ibid. i. 109, v. 3-13.

123- Ibid. i, 97, v. 158- 160.

124- م. ج. پیشەوەری، بەرهەمی هەڵبژێردراو، باکۆ، 1984، لاپەڕەکانی 331- 332.

125- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 97, v. 165-166.

126- Ibid.i, v. 165.

127- Ibid. i, 101, v. 133.

128- Ibid. i, 96, v. 30.

129- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 96, v. 31.

130- Ibid.

131- Ibid. v, 40.

132- Ibid. v. 34

133- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 96, v. 122.

134- Ibid. i. 90, v. 9.

*- داریوش جەوادزادە "پیشەوەریی" لە سەرەتای شەستەکاندا هاوسەر و دوو منالّی خۆی بەجێهێشت و بە برلینیی ڕۆژهەلاّتدا خۆی گەیاندە ئەلّمانیای ڕۆژئاوا و بوو بە پەنابەر.

135- Ibid.i, 90, v. 78.

136- AR SPIHMDA, f. 1, s. 89, i, 96, v. 122.

137- Ibid. i. 90,  v. 145-146.

138- Ibid. v. 149-151.

139- Ibid. v. 137.

# کتێبی دووەم

## چەند بەشێک لە کتێبی دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان

لە ساڵەکانی 1945- 1946

باکۆ 1999

# کورتەیەک لە پێشەکیی نوسەر

لە سەدەی بیستەمدا گۆڕانێکی زۆر لە جیهاندا پێکهات: ئیمپراتۆرییەکان هەڵوەشان و دەوڵەتیی نوێ پێکهاتن. بیری سەربەخۆییخوازانە سەریهەڵدا و ئەو گەلانەی دابەشکرابوون، یەکیان گرتەوە. لە ڕەوتی ئەو پرۆسە مێژووییەدا پێکهاتنی کۆماری سەربەخۆی ئازەربایجان، سەرکەوتنێکی مێژووییە بۆ ئازەربایجان و گەلی ئازەربایجان و بەشی گەورەی خاکی ئازەربایجان و نەتەوەی تورکی ئازەربایجان لە ئازەربایجانیی باشوردا. خەڵکی ئازەربایجانی باشور لە سەدەی بیستەمدا بەشداریی چوار شۆڕشیان کرد، بەڵام ئێستاش لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی وەک: زمان، پەروەردە و ڕۆژنامەنوسییدا بێبەشە.

مێژووی سەدەی بیستەمی ئازەربایجان، مێژووی خەباتە بۆ ئازادیی، دیموکراسیی و مافی نەتەوایەتیی. بزوتنەوی مەشروتەخوازیی بە سەرۆکایەتیی ستارخان و بزوتنەوەی شێخ محەمەد خیابانیی بۆ دیموکراسیی نە تەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی وەڕێخست.

لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانییدا، لاوازیی ڕژێمی پەهلەویی هەلومەرجێکی لەباریی بۆ گەشەکردنی خەباتی ئازادییخوازانەی نەتەوەیی لە ئازەربایجان پێکهێنا. سەرەڕای کاریگەرییە دەرەکییەکانی، بزوتنەوەی نەتەوەیی لە ئازەربایجان سەریهەڵدا. لەو بزوتنەوەیەدا هێشتا بەشدارانی بزوتنەوەی خیابانیی و تەنانەت سەتارخانیش زیندوو بوون. دۆخی نالەباریی شاری تەورێز و شارەکانی تری ئازەربایجان و داسەپاندنی ئایدەلۆژیی فارسایەتیی لە لایەن ڕژێمی سەرەڕۆی پەهلەوییەوە، هەستی خەڵکی ئازەربایجانیی بریندار کردبوو.

ڕۆشنبیران و فەرمانبەرانی بەشی ڕاگەیاندنیی ئازەربایجانیی سۆڤیەت کە لەناو سوپای سوردا ڕەوانەی ئازەربایجانیی باشور کرابوون، ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە ڕاپەڕاندنیی هەستی نەتەوایەتیی خەڵکدا.

سەرکەوتنی یەکیەتیی سۆڤیەت لە جەنگیی دووەمی جیهانییدا، سیاسەتی پاوانخوازانەی ئەو دەوڵەتەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نزیکدا کرد بە مەسەلەی ڕۆژ. ڕێبەریی سۆڤیەت هەوڵیدا بە قازانجی خۆی لە هەستی نەتەوایەتیی تورکەکانی ئازەربایجان کەڵکوەربگرێت. بە جۆرێک کە توێژینەوەی بەڵگەنامەکان پێشاندەدەن، یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان قازانجی ئەرزیی هەبووە و لە ئێراندا چاوی بە دوای بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتەوە بووە. مۆسکۆ کە لە سەرەتادا خولیای ئەو دوو ئامانجە بوو، لە بەرامبەر گوشاریی ڕۆژئاوادا ناچار کرا ئازەربایجان فیدای نەوت بکات، کەچی لە حیساباتیی دواییدا بە هیچکام لەو ئامانجانەی نەگەیشت.


کتێبی بەردەست باس لە ڕووداوەکانی دیسێمبەریی 1945 تا دیسێمبەریی 1946 (سەرماوەزیی 1324 تا سەرماوەزیی 1325) دەکات. لەم بەرهەمەدا بە گوێرەی بەڵگەنامەی ئەرشیڤەکان، باس لە پێکهاتن و چالاکییەکانی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و لە بەرامبەر یەکتردا وەستانی یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە ئازەربایجان دا دەکرێت.

ئەو بەڵگەنامانە لە ساڵی 1946دا گواسترابوونەوە یەکیەتیی سۆڤیەت و تا ساڵی 1997 لەژێر ناوی "بە تەواویی نهێنیی"دا پارێزگاریان لێدەکرا. دەستنوسەکانی سەید جەعفەر پیشەوەریی سەرۆکوەزیرانی حکومەتیی نەتەوەیی ئازەربایجان لەژێر ناوی "مێژووی بزوتنەوە دیموکراتییەکانی ئازەربایجانیی ئێران" کە ساڵی 1947 لە لایەن ئۆڕگانە ئەمنییەتییەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە دەستی بەسەردا گیرابوو و لە ئەرشیڤدا پاراستبوویان، بۆ ڕونکردنەوەی زۆربەی

ڕووداوەکانی ئازەربایجان کەڵکی لێوەرگیرا و لە هەردوو کتێبدا ڕەنگی داوەتەوە. دیارە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئەم دیکۆمێنتە بە دوای هاتنی پیشەوەریی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت نوسراوە.

## دیسێمبەریی 1945: دەستپێکی مێژوویی 21 سەرماوەز

کاتژمێر 10:00 ی ڕۆژی 1945/12/8 (1324/9/17) دووهەمین دیداریی "سەهام ئەلسولْتان بەیات" پارێزگاری ئازەربایجان لەگەڵ پیشەوەریی، لە ماڵی "سیراج میر زوکائەدولە" بەڕێوەچوو. لەو دیدارەدا بەیات و حەسەن دەولەتشاهی لەگەڵ پیشەوەریی و حاجی میرزاعەلی شەبستەری و محەمەد بێریا گفتوگۆیان کرد.



محەمەد بێریا

لەو دیدارەدا بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێک بەیات هەوڵیدا بەڵگەیەک سەبارەت بە بیروڕا و شێوەی بیرکردنەوەی دیموکراتەکان وەرگرێت. لەوانە مەجلیسەکەیان چۆن پەرلەمانێکە و ئەو مەجلیسە پەیوەندییەکانی چۆن لەگەڵ مەجلیسی شورای میللی پێکدەهێنێت؟ لەو

دیدارەشـــدا بـــەیات هەوڵیـــدەدا وتووێژکـــە بـــەرەو دیـــاردەی وەک ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی و پەروەردە کردن بە زمانی دایکیی بکێشێت. ئەو گوتی ناتوانێت هاوسەنگیی چالاکییەکانی مەجلیسی ئازەربایجان لەگەڵ مەجلیسی شورای میللی لە مێشکی خۆیدا بگونجێنێت. بەیات دیسانیش جیاوازیی ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ دەستوری ئێران بەبیر هێنایەوە. پیشەوەریی تێگەیشت کە بەیات بەو تەخشان و پەخشانەی کە سەبارەت بە ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی و شتی تر دەیانکات، دەیەوێت کێشەی خودموختاریی ئازەربایجان بخاتە کەنارەوە و لە پەراوێزیی بخات. لەبەر ئەوە، لێبڕاوانە ڕایگەیاند داخوازەکانی گەلی ئازەربایجان بە ڕونیی لە بەیاننامە بڵاوکراوەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ڕەنگیی داوەتەوە و دەبێت لە لایەن شا و مەجلیسەوە پەسەند بکرێن. ئێستا ئەو داخوازانـــە جێبـــەجێ بکـــرین یـــان نـــا، چەنـــد ڕۆژی تـــر پەرلـــەمانی ئازەربایجان دەست بە کارەکانی دەکات. بێریا و شەبستەریی وتەکانی پیشـــەوەریان ســـەبارەت بـــە کێشـــەی خودموختـــاریی ســـەلماند. بـــەیات ناڕاستەوخۆ و ژێراوژێر پێیڕاگەیاندن: **(ئێوە توانایی ئەوەتان نییە کە بە شێوەی خودموختار بژین[1].).**

دەربـارەی ئـەو وتووێژانـە، میرجەعفـەر بـاقرۆڤ سـکرتێریی کۆمیتـەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستیی ئازەربایجانیی سۆڤیەت لە نامەیەکدا بۆ ژۆزف ستالین سەرۆکی شورای کۆمیسارباکانی گەلیی سۆڤیەت دەنوسێت: **(دیـداریی دووبـارەی بـەیات سـەلماندیی کـە نـاوبراو بـە گـوێرەی ڕاسپاردەکانی حکومەتیی ئێران بە درێژەدان گفتوگۆکانی بێ کۆتایی هەوڵـدەدات چارەسـەریی کێشـەی خودموختـاریی ئازەربایجـان بـەدوا بخات. لەوە دەچێت ئەوانە دەیانەوێت کێشەی ئازەربایجان بە دەست دەوڵەتە بێگانەکان چارەسەر بکەن. ئێمە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دیدار و بۆچوونانە بڕیارماندا کە:**

**1- کۆبوونەوەی کردنەوەی پەرلەمان بەبێ دواکەوتن لە ڕۆژی 12 ی دیسێمبەردا (21 ی سەرماوەز) بەڕێوە بچێت.**

**2- پەرلەمان و دەوڵەت بەپەلە بڕیارەکانی کۆنگرەی گەل بەڕێوەبەرن.**

**3- تا کۆتایی یەکەم خولی پەرلەمانی نەتەوەیی لە وتوویژ کردن لەگەڵ بەیات خۆبپارێزن[(2)].)**.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە لەگەڵ بەیات گفتوگۆ کرابوو، هەیئەتی سێ کەسەی ڕێبەریی "حەسەنۆڤ، میرزا ئیبراهیمۆڤ و ئاقا سەلیم ئاتاکیشیۆڤ" سەبارەت بە کردنەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی و هەڵبژاردنی هەیئەتی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پێکهاتەی هەیئەتی دەوڵەت لەگەڵ پیشەوەریی و بێریا گفتوگۆیان کرد.

"کایلەر یانگ" کارگێڕیی ڕاگەیاندنیی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران هاتە تەورێز و ڕۆژی 9 ی دیسێمبەر (18 ی سەرماوەز) چاوی بە پیشەوەریی کەوت. ئەو دەربارەی خودموختاریی ئازەربایجان، گروپە پارتیزانانەکان، ڕێکخراوی فیرقەی دیموکرات، پێکهاتەی سنفیی و نەتەوەیی فیرقە، بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی گەل، پەیوەندیی فیرقە لەگەڵ گروپە پارتیزانە چەکدارەکان و چونیەتیی چەک بەدەستخستنیان پرسیاریی کرد. "یانگ" بە تایبەتیی دەربارەی دەستێوەردانی ڕوسەکان لەو ڕووداوانە پرسیاریی کردووە.

میرجەعفەر باقرۆڤ لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ ڕێبەری کرملین دووپاتی کردبووەوە کە پیشەوەریی وەڵامی شایستەی بەو پرسیارانە داوەتەوە. ئەو لە وەڵامی ئەم پرسیارەی "کایلەر یانگ" دا کە "بەیاننامەی کۆنگرە بە پێچەوانەی دەستوریی هەمیشەیی ئێرانە؟" پێیگوتووە گەلی ئازەربایجان بۆ داخوازیی عادلانەی خۆی خاوەن مافی مێژووییە، هەر بەم جۆرەی کە لە سەردەمێکدا گەلیی ئەمریکا داوای مافی خۆی دەکرد و دەستوریی هەمیشەیی ئەوکاتەی ئەمریکا پێشیی بە بزوتنەوەی

مافخوازانەی گەلی ئەمریکا بۆ بەدەستخستنی ئازادیی نەگرت، گەلی ئازەربایجانیش بە پشتیوانیی گەلانی دیموکرات بە تایبەتیی گەلی ئەمریکا کە هەست بە دەرد و ئازارەکانی دەکات، ئومێدی زۆریی بەستووە. لە کۆتاییی ئەو وتووێژەدا، یانگ گوتی لەگەڵ پیشەوەریی هاوبیرە و بۆچوونەکانی پەسەند دەکات، بەڵام داوا دەکات تا گەیشتنەوەی بۆ تاران و ئاراستە کردنی ڕاپۆرت بە سەفیر، ئەم بۆچوونانەی لە ڕۆژنامەکانی ئازەربایجاندا چاپ نەکرێن[3].

ڕۆژی 11ی دیسێمبەر (20 ی سەرماوەزیی 1324) هەموو ئازەربایجان لەژێر کۆنترۆڵی فیرقەی دیموکرات دا بوو. مەراغە، سەراب، بوستان ئاوا، مەرەند و سوفیان لە لایەن فیدائییەکانەوە ئازاد کرابوون. تەورێز لە گەمارۆدا بوو و پەیوەندیی لەشکر لەگەڵ تاران و شوێنەکانی تر بڕابوو. دوا ئامادەکارییەکان بۆ کردنەوەی پەرلەمانیی نەتەوەیی و پێکهاتنی حکومەتیی نەتەوەیی لە ئارادا بوو. میرجەعفەر باقرۆف پرۆگرامی ناوخۆی پەرلەمانیی بۆ پەسەند کردنی ستالین، مۆلۆتۆڤ، بێریا و مالنکۆڤ ڕەوانەی مۆسکۆ کرد[4].

پێشنیازی پیشەوەریی و شەبستەریی دەربارەی پێکهاتنی کۆمیسیۆنە نوێیەکانی بودجە و دادوەریی لە پەرلەماندا، لە لایەن کاربەدەستانی باکۆوە پەسەند نەکرا. میرجەعفەر باقرۆف فەرمانیدا جگە لەو کۆمیسیۆنانەی کە پێشتر لە سەرەتادا لەبەرچاو گیراون، هیچ کۆمیسۆنێکی تری پەرلەمانیی پێک نەهێنرێت. هەروەها باقرۆف ڕایسپارد بوو، کاتی پێکهاتنی پەرلەمان، دەبێ هەوڵبدرێت خەڵک نەشڵەژێن و دەبێ کردنەوەی پەرلەمان و پرۆسەی بە دەستگرتنی حاکمیەت لە لایەن حکومەتی نوێوە بەبێ خوێنڕشتن بە ئەنجام بگات.

میرزا ئیبراهیمۆڤ و میر تەیمور یەعقوبۆڤ کۆمسێریی ناوخۆی ئازەربایجان و ستێپان یلمیانۆڤ کۆمسێری ئەمنییەتی دەوڵەتیی ڕۆژی 6 ی یونیی ساڵی 1945 چەند پێشنیازێکیان سەبارەت بە بەئەنجام

گەیاندنی بڕیارێکی "تەواو نهێنی"ی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ژێر ناوی "دەربارەی وەرگرتنی بڕیاری پێویست بۆ پێکهێنانی بزوتنەوەکانی ڕزگارییخوازانە لە ئازەربایجان باشور و پارێزگاکانیی تری باکوری ئێران" ئاراستەی باقرۆف کرد. لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە: **(بە گوێرەی فەرمانی ئێوە پلانێک بۆ بەڕێوەبردنیی چالاکیی بۆ قۆناخی دووەمی بزوتنەوەی ئازادییخوازانەی نەتەوەیی ئازەربایجان پێشنیاز دەکەین.)** لەو بەڵگەنامەیەدا گوتراوە: **(ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات و ڕێبەرانی کۆمیتەی نەتەوەیی دەربارەی ڕەوتی داهاتووی خودموختاریی لە ئازەربایجان و چۆنیەتی پەرەپێدانی لە داهاتوودا، ڕوانگەیەکی ڕونیان نییە. ئەوان لەم باوەڕەدان ئەگەر خودموختاریی ئازەربایجان لە لایەن حکومەتی شاش بە ڕەسمیی بناسرێت، بە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، دەتوانێت هەلومەرجەکە بە تەواوی هەڵگەڕێتەوە. بە ڕای ڕێبەرانی فیرقە، دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، حکومەتی ئێران هێز دەنێرێت و خودموختاریی ئازەربایجان لەناو دەبات[5].)**.

لەو بارەیەوە ڕێبەرانی ئازەربایجانیش لەگەڵ ڕێبەرانی فیرقە هاوبیر بوون. لە پێشنیازی ئاراستەکراودا بۆ باقرۆف هاتووە: **(ئەوان لەم باوەڕەدان تەنیا ڕێی دابینکردنی مافی نەتەوایەتی ئازەربایجانییەکان، پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراتیی گەلیی سەربەخۆی وەک کۆماری گەلیی مەنگوڵستانە. نەرمی پێشاندانی حکومەتی کۆنەپەرستی تاران لەگەڵ داخوازەکانی گەلی ئازەربایجان، ئەو پێویستییە زەق دەکاتەوە[6].)**.

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ، ڕێبەرانی حکومەتی نەتەوەیی و لە سەرووی ئەواندا، سەید جەعفەر پیشەوەریی بەڵگەیەکیان لەژێر ناوی

"داخوازەکانی گەلی ئازەربایجان" ئیمزا کرد. لەو بەڵگەنامەیەدا سەرنجێکی پتر درابوو بە بیری سەربەخۆییخوازانەی گەلی ئازەربایجان. لەودا دەگوترا: **(ئێمە دەبێ بە تەواوی لە ئێران جیا بینەوە و کۆماری دیموکراتیی نەتەوەیی ئازەربایجان دامەزرێنین. وڵاتی ئێمە کۆماری دیموکراتی ئازەربایجانیی پێدەگوترێت[(7)].)**

سەرئەنجام دوای هاودەنگیی کردنی ڕێبەرانی سۆڤیەت، کاتژمێر 10:00 ی ڕۆژی 12 ی دیسێمبەری 1945 (21 ی سەرماوەزیی 1324) یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان لە هۆڵی سینەما "دیدەبان" لە تەورێز، بە وتاریی محەمەد تەقی ڕەفیعی "نیزامولدەولە" سەرۆکی بەتەمەنیی پەرلەمان کرایەوە. 76 نوێنەر لە 95 نوێنەریی هەڵبژێردراو بەشدارییان تێدا کرد. سەرکۆنسولی سۆڤیەت، نوێنەرێک لە سەفارەتی فەرەنسە و هەروەها میسیۆنی کاتۆلیکی فەرەنسیی و نوێنەرانی پارێزگاریی ئازەربایجان، جێگری بەڕێوەبەریی ئیدارەی پەروەردە، بەڕێوەبەریی ئیدارەی کشتوکاڵ، دارایی و شارەبانیی میوانانی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

دوای هەڵبژاردنی هەیئەتی سەرۆکایەتیی کاتی، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پەسەند کرا. کاتی گفتوگۆ کردن سەبارەت بە پێکهاتەی هەیئەتی وەزیران، نوێنەرانی میانە و مەرەند پێشنیازیان کرد، وەزارەتی دەرەوە بە هەیئەتی دە کەسەی وەزیران زیاد بکرێت. پیشەوەریی ڕونی کردەوە و گوتی چونکە حکومەتی خودموختاریی ئازەربایجان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا دەمێنێتەوە، پێکهێنانی وەزارەتی دەرەوە پێویست ناکات. ئەو پێشنیازە بە زۆربەی دەنگ ڕەد کرایەوە. دواتر نۆرەی دابەشکردنی کارەکان هات: میرزا عەلی شەبستەریی بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرا، سادق پادگان و ڕەفیعی و حەسەن جەودەت بوون بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان، میر ڕەحیم ولایی و محەمەد عەزیما نوسەرانی "سکرتێر- وەرگێڕ" پەرلەمان.

ئەندامانی هەیئەتی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بریتی بوون لە: عەلی ئەسغەر دیبائیان، سادق دیلمقانی و موراد عەلی خان تەیموریی بەیات.

دوو نوێنەر لە لایەن ئیدارەی ژاندارمەریی تەورێزەوە هاتنە ناو کۆبوونەوەی پەرلەمان و ڕایانگەیاند ژاندارمەریی هۆشیار کردنەوەی فیداییەکان سەبارەت بە چەککردنی ژاندارمەریی قبوڵ دەکات. غولام یەحیا و ولایی لە لایەن پەرلەمانەوە مەئمور کران، بچنە ژاندارمەریی و چەکەکانیان لێ داماڵن[8].

لە کۆبوونەوەی پاشنیوەڕۆدا، پەرلەمان پێکهاتەی هەیئەتی وەزیرانی بە سەرۆکایەتی پیشەوەری پەسەند کرد.

ڕۆژێک دوای پێکهاتنی حکومەتی ئازەربایجان، ڕەوشەنی بەڕێوەبەریی شارەبانیی تەورێز بە "کراسنی" ی سەرکۆنسولی سۆڤیەتی ڕاگەیاند: مورتەزا بەیات پارێزگار فەرمانیداوە بە سوپا و شارەبانیی و ژاندارمەریی کە بۆ بەرگریی کردن لە خوێنڕشتنی بەلاش، هیچ چەشنە بەربەرەکانییەک نەکەن و بچنە ژێرفەرمانی حکومەتی دیموکراتەکانەوە. ڕەوشەنی لە کۆتاییدا گوتی: بەیات لە پلەی نوێنەریی دەوڵەتی ناوەندییدا، هاوکاریی کردن لەگەڵ حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بە پێویست دەزانێت.

ڕۆژی 13 ی دیسێمبەر (22 ی سەرماوەزی 1324) هەواڵ گەیشت کە بەیات خۆی ئامادە دەکات کە بچێتە تاران. ناوبراو داوای لە سەرکوسوڵی سۆڤیەت کردبوو کە لە لایەن "ئینتوریست"ەوە (Intouriste ئاژانسی جیهانگەردیی یەکیەتیی سۆڤیەت- وەرگێڕ) ڕەوانەی تاران بکرێت. کراسنی لەم بارەیەوە بە ئینتوریستی سپاردبوو کە ڕەوشەنی بەرێتە تاران.

ڕەوشەنی بە نوێنەرایەتی لە لایەن "بەیات"ەوە داوای لە سەرکۆنسولی سۆڤیەت کرد کە سوپای سور بۆ پێکهێنانی ئارامیی و بەرگریی کردنی لە ئاڵۆزیی و تالان و تۆڵەسەندەوە، هەموو جۆرە یارمەتییەک بکات.

سەرکۆنسولی سۆڤیەت وەڵامی پۆزەتیڤی بەو داواکارییە دایەوە، بەڵام باقرۆڤ لە نامەیەکدا بۆ ستالین، نوسی: **(بە ڕای ئێمە وەڵامی کراسنی هەڵە بوو. فەرمان بە هاوڕێیانی سوپا بدەن، جارێکی تر دەست لە کاروباری دیموکراتەکان بۆ جێگیر کردنی دیسیپلین لە شاردا وەرنەدەن[9].)**.

پیشەوەریی لە کتێبێکدا کە ساڵی 1947 لەژێر ناوی "مێژووی بزوتنەوەکانی دیموکراتیی لە ئازەربایجانی ئێران" دا لە باکۆ ئامادەی کردبوو و هێشتا دەستنوسەکەی ماوە، دەنوسێت:

**- (مانەوەی سەهامولسلتەنە "بەیات" لە تەورێز لەگەڵ پێکهێنانی پەرلەمانی نەتەوەیی، حکومەتی نەتەوەیی و خودموختاریی دژایەتی هەبوو. لەبەر ئەوە لیژنەیەکی ڕەسمی لە لایەن ئێمەوە چوو بە بەیاتی ڕاگەیاند کە پێویستە تەورێز بەجێهێڵێت. بەیاتیش کە تێگەیشت بەبێ پشتیوان ناتوانێ بمێنێتەوە، پێشنیازەکەی ئێمەی پەسەندکرد[10].)**.

ڕۆژی 13 ی دیسێمبەر، پیشەوەریی لە فرۆکەخانەی تەورێز، بەیاتی ڕەوانەی تاران کرد. پیشەوەریی لەو بارەیەوە دەنوسێت: **(ئێمە بۆ پێشاندانی نیەتی پاکمان تا فرۆکەخانە لەگەڵ بەیات چووین. پێمگوت ئەگەر حکومەتی تاران داخوازەکانمان قبوڵ بکات، ئێمە بۆ هەموو چەشنە وتووێژ کردنێک ئامادەین[11].)**. دوای ڕۆیشتنی بەیات، ڕێبەرانی حکومەتی نەتەوەیی لە پارێزگای تەورێز جێگیربوون و دەستیان بە کارەکانیان کرد.

شەوی 13 ی دیسێمبەر کۆتایی بە چەککردنی ژاندارمەریی هات. لە وتووێژێکدا کە نوێنەرانی حکومەتی نەتەوەیی لەگەڵ سەرتیپ درەخشانیی کردیان، ناوبراو پەیوەست بوونی خۆی بە حکومەتی ئازەربایجان ڕاگەیاند. ئەو گوتی تەنانەت ئەگەر گروپە فیداییەکان بخوازن بێنە ناو سەربازگەی لەشکر، تەقەیان لێناکرێت. درەخشانی داوای کرد بۆ چارەسەر کردنی هەموو کێشەکان تا کاتژمێر 9 ی بەیانی

ڕۆژی داهاتوو کاتی پێبدرێت. بەڵام ئەو لە کاتی دیاریکراودا نەهاتە پارێزگا. پیشەوەریی لە درەخشانی ویست کە تا کاتژمێر 12:00ی ڕۆژی 13 ی دیسێمبەر (22 ی سەرماوەز) بێتەلای. پیشەوەریی تێیگەیاند کە لەشکرەکەی ژێر فەرمانی بخاتە ژێر فەرمانی حکومەتی نەتەوەیی و چەکەکانیان تەحویل بدەن. درەخشانی بۆ دەربرینی بڕیار داوای کاتژمێر و نیوێک کاتیی کرد و پیشەوەریی ئەو کاتەی دایە. دواتر ئەو تەلەفۆنی بۆ پیشەوەریی کرد و داوای کرد تا بەیانیی ڕۆژی دوایی کاتەکەی درێژ بکرێتەوە کە پیشەوەریی قبوڵی نەکرد. درەخشانی بە دوای ئەو گفتوگۆیەدا، لە نامەیەکدا بە ژەنەڕاڵ "گلینسکی" فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەتی ڕاگەیاند کە شار لە گەمارۆی ژمارەیەکی زۆر چەکدار دایە و ئەگەر ئەوانە هێرش بکەنە سەر سەربازگەی لەشکر، ئێمە بەرگریی لە خۆمان دەکەین. پیشەوەریی لە کۆبوونەوەی شەوانەی پەرلەمانی نەتەوەییدا، نوێنەرانی لە هەڵسوکەوتی درەخشانی کە ئاکامەکەی خوێنڕشتنی بەدواوە دەبێت، ئاگادار کردەوە. سەبارەت بە کردەی درەخشانی بە پەلە بەیاننامەیەک لە شاردا بڵاوکرایەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەران سوێندیان بە قورئان خوارد کە بە حکومەتی ئێران و خودموختاریی ئازەربایجان ئەمەگناس دەبن.

داوایان لە فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت لە تەورێز کرد کە بۆ یارمەتی گەیاندن بە فەرماندەکانی گروپە فیداییەکان لە چەککردنی سەربازگەی لەشکردا، چوار ئەفسەر بە وەرگێڕەوە لەبەرچاو بگرن، بەڵام ژەنەڕاڵ "ئێڤان ماسلینکۆڤ" فەرماندەی سوپای سور لە باکۆ، ئەم فەرمانەی دەرکرد:

**- (هیچ ئەفسەرێک بۆ ئەو مەبەستە دیاریی نەکرێت. گلینسکی فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە تەورێز، دەست لە هیچ ڕووداوێک وەرنەدات. بە فەرمانی من حاڵەتی ئامادەباشی جەنگیی بە**

**ئۆردوگاکەتان بدەن. ئاتاکیشیۆف دەرەتانی تری هەیە و بەبێ ئیزنی من تەنانەت سەربازێک یان ئەفسەرێکیان نەدرێتێ[12]).**

بە ئاتاکیشیۆف جێگری کۆمیسێری ئەمنیەتی دەوڵەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت فەرماندرا کە دژی لەشکری تەورێز، عەمەلیاتی سەربازیی بەڕێوە نەچێت، بەڵام پەیوەندیی لەشکر لەگەڵ دەرەوە بپچڕن و مەهێڵن ئازوقە و ئاو بە سەربازە گەمارۆکان بگات. لەو حاڵەتەدا ئەوان خۆیان بەدەستەوە دەدەن و چەکەکانیان دادەنێن. هەروەها بە حکومەتی ئازەربایجان پێشنیاز کرا کە بە ناوبژیی کەسانی ناسراو و بە نفوز کێشەی چەککردنی لەشکر چارە بکەن.

درەخشانی لە بروسکەیەکدا بە حەکیمیی سەرۆکوەزیرانی ڕاگەیاند کە ئەگەر ئێمە تا کاتژمێر 9 ی شەوی 13 ی دیسێمبەر (22 ی سەرماوەزی 1324) خۆمان بەدەستەوە نەدەین، دیموکراتەکان بە یارمەتی هێزەکانی سۆڤیەت، هێرشمان بۆ دەکەن. حەکیمی فەرمانی دا بە ڕیازیی وەزیری جەنگ کە لەگەڵ سەرلەشکر ئەرفەع سەرۆکی نوسینگەی سوپا، فەرمانێک سەبارەت بە خۆبەدەستەوەدانی لەشکر ئامادە بکات. بە دوای گفتوگۆ کردنێکی زۆردا حەکیمی سەرۆکوەزیران ئەم فەرمانە "خەفەتبارەی" ئیمزا کرد، بەڵام ئیتر کات بەسەر چووبوو، درەخشانی دوو کاتژمێر بەرلە گەیشتنی فەرمانەکە، لەشکری بەدەستەوە دابوو[13].

کاتژمێر 8 ی شەوی 13 دسێمبەر درەخشانی بە تەلەفۆن داوای دیداریی پیشەوەری کرد. پیشەوەری، شەبستەی، جاوید و بێریا چاویان بە درەخشانی کەوت. ئەو پەیوەست بوونی لەشکری ئازەربایجانی بە حکومەتی نەتەوەیی ڕاگەیاند و گوتی بە سەربازگەکانی ورمێ و ئەردەوێڵیشی فەرمانداوە. درەخشانی داوای کرد کە ئەمنیەتی ئەو ئەفسەرانە دابین بکرێت کە دەیانەوێ بچنە تاران کە لەو بارەیەوە دڵنیا کرایەوە. سەبارەت بە پەیوەست بوونی لەشکری ئازەربایجان بە

حکومەتی نەتەوەیی و چەککردنی ئەندامانی، بەڵگەیەک لەنێوان پیشەوەری و درەخشانیی ئیمزا کرا. لەو بەڵگەیەدا نوسراوە:

**- (سەربازگەی تەورێز دەچێتە ژێر فەرمانی حکومەتی نەتەوەیی، چەکەکانی دەگوازرێنەوە بۆ ئەو جبەخانانەی کە فیداییەکان دەیانپارێزن. یەکەکانی سوپا نابێ بەبێ ئیزنی حکومەتی نەتەوەیی، لە سەربازگە دەرکەون و ئەو ئەفسەرانەی نایانەوێت لە تەورێز خزمەت بکەن، ئیزن دەدرێن بچنە تاران و چەکی ئەو ئەفسەر و سەربازانەش کە لە تەورێز دەمێننەوە، لە بەرامبەر سوێند خواردندا، بە خۆیان دەدرێتەوە[14].).**

بە ئیمامیی و جاوید ئەندامانی نوێ مەئموریەت درا بچنە سەربازگە و لەگەڵ ئەفسەرەکان بدوێن و چەکەکانیان دامالْن. درەخشانی بە دوای ئیمزا کردنی ئەو بەڵگەیەدا گوتی نایەوێت بگەڕێتەوە سەربازگە و داوای لە پیشەوەریی کرد کە ڕێگەی پێبدەن کە شەو لە بارەگای حکومەت بمێنێتەوە. ناوبراو شەو لە ماڵی شەبستەریی سەرۆکی پەرلەمان مایەوە.

میرجەعفەر باقرۆڤ فەرمانیدا هەموو سەربازگەکانی ئازەربایجان و لە پێشەوەی هەمووأندا سەربازگەی ورمێ و ئەردەوێڵ چەک بکەن و چەکی سەربازەکانی سەربازگەی تەورێزیش نەدرێتەوە بە ئەفسەر و سەربازەکان. بۆ چارەسەرکردنی کەمیی ئاو و ئازوقە لە سەربازگە، ڕێ بە سەرباز و ئەفسەرەکان بدەن کە ئەگەر دەخوازن بگەڕێنەوە ماڵەکانیان. ئەگەر سەرتیپ درەخشانی سادقانە هاوکاریی دەکات، یارمەتی بدەن و پارێزگاریی لێبکەن[15]. ڕۆژی 14 دیسێمبەر (24ی سەرماوەزی 1324) فیداییە چەکدارەکان کە تەورێزیان گەمارۆ دابوو، هاتنە ناو شار. پیشەوەریی ڕایگەیاند بە بۆنەی مانگی محەرەم، هەموو دەزگا و دامەزراوەکانی ژێر فەرمانی حکومەتی نەتەوەیی و هەروەها پەرلەمانی نەتەوەیی بۆ ماوەی هەفتەیەک پشو دەدەن. بەم جۆرە بە

پشتیوانیی سەربازیی، سیاسیی و دیپلۆماسیی سۆڤیەت و بەشدارییکردنی چالاکانەیان، قۆناخی سەرەتایی بزوتنەوەی ئازادییخوازانەی نەتەوەیی ئازەربایجان، واتە پرۆسەی بەدەست گرتنی حاکمیەت کۆتاییهات[16].

بە بۆچوونی پیشەوەریی، لە ئاکامی ڕەوتی بەپەلەی ڕووداوەکاندا، کۆتایی بە سەردەمی حاکمیەتی دوو هەڵوێستەی ئازەربایجان هات. کاروبارەکان کەوتنە دەست حکومەتی هەڵبژێردراوی خەڵک و نەتەنیا ئازەربایجان بەڵکوو لە سەرانسەریی ئێراندا، سەردەمێکی نوێ سەریهەڵدا[17].

## ڕاپەرینی 12 ی دیسێمبەر (21 ی سەرماوەز): پڕ جۆش و خرۆش لە تاران و کۆنفرانسی مۆسکۆ

لە مەجلیسی شورای میللی ئێران، زۆربەی نوێنەران دەربارەی ڕووداوەکانی 21 ی سەرماوەز وتاریان خوێندەوە. نوێنەرانی حیزبی تودە سەرهەڵدانی بارودۆخی ئازەربایجانیان بە سیاسەتی نادروستیی دەوڵەتی ئێران بەستەوە. دوکتۆر ڕەزا ڕادمەنیش لە وتارەکەیدا گوتی سیاسەتی دەوڵەت، تەنانەت چینە بێلایەنەکانیشی کێشاوەتە گۆڕەپانی بەربەرەکانیی کردنەوە. ناوبراو نوسراوەی ڕۆژنامەکانی لایەنگریی "سەید زیائەدین تەباتەبایی" کە ڕایانگەندبوو سۆڤیەت دەیەوێت ئازەربایجان ئێران تێکەڵی ئازەربایجانی سۆڤیەت بکات، بە درۆ خستەوە و گوتی جگە لە ئازەربایجان، سەرتاسەری ئێران پێویستیی بە چاکسازیی قوڵ هەیە(18). ڕۆژنامەکانی تارانییش دەربارەی ڕووداوی ئازەربایجان لە ڕادەبەدەر وتاریان بڵاوکردەوە.

ڕۆژانی 14 – 15 ی دیسێمبەر، "بڕێنس" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و "بۆیین" وەزیری دەرەوەی بریتانیا و جێگرەکانی و هەروەها بولارد سەفیری ئینگلیز لە تاران، بۆ بەشدارییکردن لە کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوە چوونە مۆسکۆ. ڕۆژی 16 ی دیسێمبەر کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوە لە مۆسکۆ پێکهات. ڕۆژی کردنەوەی کۆنفرانسەکە، ڕۆژنامەی "ئیزۆستیا" وتارێکی وردی سەبارەت بە "پێکهاتنی حکومەتی نەتەوەیی لە ئازەربایجانی ئێران" بڵاوکردەوە. ئێوارەی ئەو ڕۆژە، ڕادیۆ مۆسکۆ ڕاپۆرتێکی دەربارەی حاکمیەتی نەتەوەیی لە ئازەربایجان ڕاگەیاند.

ڕۆژی کردنەوەی کۆنفرانسی وەزیران، مۆلۆتۆڤ دژی گونجاندنی کێشەی ئازەربایجان لە پرۆگرامی وتووێژە ڕەسمییەکاندا ڕاوەستا و بڕیاردرا بە شێوەی ناڕەسمیی لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکەن.

ڕۆژی 18 ی دیسێمبەر، بۆیین پێشنیازی بە مۆلۆتۆڤ کرد کە سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان بدوێت و گوتی ڕای گشتیی بریتانیا بە وردیی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێرانیان لەژێر چاو دایە. مۆلۆتۆڤ وەڵامی دایەوە کە یەکیەتیی سۆڤیەت بچوکترین دەستی لە بزوتنەوەی میللی-دیموکراتیی ئازەربایجاندا نییە و ڕایگەیاند کە ئەوە کێشەیەکی ناوخۆی ئێرانە. دەربارەی هاتنەدەرەوەی هێزەکانی بێگانە لە ئێران، مۆلۆتۆڤ گوتی ئەو مەسەلەیە لە کۆبوونەوەی "پوتسدام" و لەندەندا کەوتووەتە بەرباس و هاودەنگیی لەسەر کراوە و هۆیەک بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بابەتە نییە.

ڕۆژی 19 ی دیسێمبەر (28 ی سەرماوەز) ستالین پێشوازیی لە بڕێنس و بۆیین کرد. لەو دیدارەدا باس لە کێشەی ئازەربایجانیش کرا. ستالین بە دوای بۆچوونەکانی مۆلۆتۆڤدا، لەو بارەیەوە گوتی: **(دەوڵەتی ئێران دوژمنایەتی یەکیەتیی سۆڤیەت دەکات و خەریکە کاری مەترسییهێنەری تێکدەرانە لە سەرچاوە نەوتییەکانی باکۆ بەڕێوەدەبات، لەبەر ئەوە بوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران پێویستە. ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە یەکیەتیی سۆڤیەت چاوی لە خاکی ئێران نەبڕیوە و بە پێکهاتنی ئەمنیەت لە سەرچاوە نەوتییەکانی باکۆدا، هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران دەکشێنەوە و دەست ناخەنە ناو کاروباری ئێرانەوە[19].)**.

بڕێنس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەفەریی ئەمریکا بۆ تاران، داوای لە سەفیری ئەمریکا لە تاران کرد کە ئێران دەتوانێت چۆن مەترسییەک بۆ نەوتی باکۆ پێکبهێنێت. سەفیر لە وەڵامیدا گوتی: **(داستانی مەترسیی ئێران بۆ نەوتی باکۆ کە لە لایەن سۆڤیەتەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەتەواوی بێ پایەیە و تێناگات ئەو هەڵسوکەوتە جیددییەی ئەوان بەو مەسەلەیە چییە.)**

لە چوارەمین ڕۆژی کۆنفرانسی مۆسکۆدا، دەوڵەتی ئێران یادداشتێکی دەربارەی هێنانە گۆڕێی کێشەی ئازەربایجان نەتەوەکاندا ڕەوانەی مۆسکۆ، لەندەن و واشنتۆن کرد [20].

بە دوای دیداریی لەگەڵ ستالین، بڕێنس بەو ئاکامە گەیشت کە کێشەی ئازەربایجان دەبێ لە ڕێکخراوی نەتەوەکاندا بکەوێتە بەرباس و گفتوگۆی لەسەر بکرێت. ڕۆژی 20 دیسێمبەر (29 ی سەرماوەز) ناوبراو ئامۆژگارییەکانی خۆی بە هۆی "هەریمەن" سەفیری ئەمریکا لە مۆسکۆ ڕەوانەی سەفیری ئەمریکا لە تاران کرد. لەو پەیامەدا بۆ سەفیر نوسرابوو:

**- (داوا دەکەم بە شێوەیەکی ناڕەسمیی و نهێنی بە سەرۆکوەزیران بڵێن کە ئێوە ئامۆژگارییان دەکەن کە دەوڵەتی ئێران هەرچی زوتر چاوپۆشیی لەوە بکات کە ئازەربایجانییەکان ژمارەیەک خوێندکار پەروەردە دەکەن. بەتایبەتی پەروەردەکرنی زمانی تورکیی هاوشان لەگەڵ زمانی فارسیی لە خوێندنگەکاندا و پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی بە گوێرەی دەستوریی هەمیشەیی ئێران بۆ من جێی فام و دەرک کردنە. ئێوە دەتوانن پێی بڵێن ماوەیەکی زۆرە بە ویستی جێبەجێکردنی ئەو دیاردانە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەزانم و پەلە کردن لە جێبەجێکردنیان پیویستە، بەتایبەتی کە ئەو هەنگاوە دژایەتی لەگەڵ سەربەخۆیی ئێران نییە. سروشتییە کە کارێکی بەم جۆرە بۆ ڕێگرتن لە جیابوونەوەی ئازەربایجان پێویستە. بە سەرۆکوەزیران بگەیەنن کە ئێوە پێشنیازیان پێناکەن کە لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان هاودەنگیی بکات. پێی بڵێن کە ئامانجی ئێوە لەو ئامۆژگارییانە سەلماندنی حەقانیەتی دەوڵەتی ئێرانە لە بەرامبەر ڕێکخراوی نەتەوەکان و ڕای گشتیی جیهان، سەبارەت بە ڕێزدانانی ئێران بۆ مافی خەڵک بە گوێرەی دەستوریی هەمیشەیی [21].).**

حەکیمی سەرۆکوەزیران کە خۆی ئازەربایجانیی بوو، دژی ئەو بۆچوونانە ڕاوەستا و هەوڵیدا بە ئەمریکاییەکان بسەلمێنێت کە گەلی ئازەربایجان هەرگیز زمانی تورکییان بە زمانی نەتەوەیی خۆیان نەزانیوە، چونکە مەنگوڵەکان کاتی داگیرکردنی ئێران، ئەو زمانەیان بە زۆرەملی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە.

ئەو دەیگوت خەڵکی ئازەربایجان بەشداریی لە ئاژاوەگێڕییدا ناکەن. پیشەوەریی تا دوو ساڵ لەمەوبەر کەسێکی نەناسراو بوو، هەموو تەمەنی خۆی لە باکۆ تێپەڕاندوە. لەو ڕوانگەیەوە ئەو و هاوکارەکانی ناتوانن وەک نوێنەری خەڵک قسە بکەن. حەکیمی بەو بیروبۆچوونەیەوە گوتی ڕاسپاردەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا قبوڵ دەکات و لەو بارەیەوە هەنگاو دەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە تاران بە سەفیری ئەمریکای ڕاگەیاند، دەوڵەتەکەی هەرگیز پەرلەمان و حکومەتی ئازەربایجان بە ڕەسمی ناناسێت، چونکە ئەو ئۆرگانانە هیچ بنەمایەکی یاساییان نییە و لە لایەن کەسانی بێگانەوە بەشێوەی نایاسایی کە لە قەفقازەوە هاتوونەتە ئێران، دایانمەزراندووە. حەکیمی گوتی بە دوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، ڕاپەڕینی ئازەربایجان دەنیشێتەوە.

سەفیری ئەمریکا لە تاران دەربارەی وتووێژی خۆی لەگەڵ ڕێبەرانی ئێران، بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکای نوسی: **(من چەندان جارم بە شا و سەرۆکوەزیران گوت لە چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان بەبێ خوێنرێژیی پەلە بکەن. ئامۆژگارییم کردن کۆمیسیۆنێک لە ئازەرییەکانی سەربە حاکمیەت پێکبهێنن و بۆ وتووێژکردن لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان پەروەردەیان بکەن[22].)**

ڕۆژی 23 دیسێمبەر (2 ی بەفرانبار) ستالین جارێکی تریش بە ئێوارە خوانێک لە کرملین پێشوازیی لە بڕێنس و بۆیین کرد. بولارد سەفیری بریتانیا لە تاران بەشداریی ئەو ئێوارە خوانەی کرد. لەو دیدارەدا بڕێنس بە ستالینی گوت لەوە بە پەرۆشە کە کێشەی ئازەربایجان لە

کۆبوونەوەی مانگی یانواریی ڕێکخراوی نەتەوەکاندا دەکەوێتە بەرباس و هیوادارە بەو هەوڵانەی دەدرێن، ئەو کێشەیە نەگاتە نەتەوەیەکگرتووەکان. ناوبراو بە ئاماژە کردن بەو یارمەتییانەی کە ئێران لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانییدا بە یەکیەتی سۆڤیەتی کردبوو، بە بیری هێنایەوە کە ئێستا ناتوانێت لەگەڵ ئەو بۆچوونانە بێت کە دەوڵەتی ئێران لە پەیوەندییەکانیدا دوژمنایەتی یەکیەتی سۆڤیەت بکات.

ستالین لە وەڵامی وتەکانی پرێنسدا ڕاگەیاند، یەکیەتی سۆڤیەت ترسی لەوە نیە کە ئێران ئەو کێشەیە بەرێتە ڕێکخراوی نەتەوەکان و ئەگەر ئەوە ڕوبدات، هیچ کەس نارەحەت نەبێت **(ئێمە کارێک ناکەین کە ئێوە شەرمەزار بن[(23)]).**

بۆیین وەزیری دەرەوەی بریتانیا دوای ڕاوێژ کردن لەگەڵ برێنس، پلانی کۆمیسیۆنێکی سێ لایەنەی بریتانیا، ئەمریکا و سۆڤیەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان ئاراستەی مۆلۆتۆڤ کرد. لەو پێشنیازەدا بریتانیا ئامۆژگاریی دەوڵەتی ئێرانی دەکرد کە لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی بکۆڵێتەوە و پەروەردەکردنی زمانەکانی تورکی، کوردی و عەرەبی لە پلەی زمانی کەمە نەتەوەکاندا دەستەبەر بکات. بە ڕای بۆیین ئەو کۆمیسیۆنە سێ لایەنە دەبووایە ئەرکی چاودێریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی بەڕێوەبەرێت و بە سێ دەوڵەتەکان ڕاسپێرێت کە هێزەکانیان لە ئێران دەرخەن. ئامانجی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی بریتانیا لەو پلانە ئەوە بوو کە بە یارمەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت، حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان بچێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێرانەوە. ستالین کاتی دیدار لەگەڵ بۆیین، قبوڵ کردنی پێشنیازەکەی بە دور نەزانی و ئەو پلانەی بۆ لێکۆڵینەوە بە کۆمیساریای کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت سپارد.

ڕۆژی 26 دیسێمبەر بۆیین پێشنیازی کرد ئەگەر لەگەڵ پێکهاتنی ئەو کۆمیسیۆنە هاودەنگیی بکرێت، هەموو پێشنیازەکانی سۆڤیەت بۆ کۆڕانکاریی لەودا قبوڵ دەکرێت. سەرەڕای هەموو چالاکییەکانی بۆیین، مۆلۆتۆڤ ڕەخنەی لە درێژەدانی وتووێژ دەربارەی ئازربایجان گرت و بەو بۆچوونەی کە کێشەی ئازربایجان لە وتوویژی ڕەسمی کۆنفرانسدا نەگونجاوە، پێشی بە چالاکییەکانی بۆیین گرت. مۆلۆتۆڤ بە وەزیری دەرەوەی بریتانیای ڕاگەیاند کە بەبێ ڕەزامەندیی ئێران، دەرەتان بۆ پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی بەو جۆرە نییە و بە لەبەرچاو گرتنی دوژمنکارییەکانی ئێران، یەکیەتیی سۆڤیەت ئامادەی چارەسەر کردنی کێشەکە نییە[24].

ڕۆژی 27 دیسێمبەر وەزیرەکانی دەرەوەی ئەمریکا و بریتانیا و هەروەها بولارد سەفیری ئینگلیز لە تاران بەبێ وەرگرتنی ئاکام دەربارەی کێشەی ئازەربایجان، مۆسکۆیان بەجێهێشت.

## حکومەتی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان لەنێوان

## خودموختاریی و سەربەخۆیی دا

دوای 21 ی سـەرماوەزی 1324، لـە مـاوەی دە ڕۆژدا، سـوپا . ژاندارمـەریی، شـارەبانی و ئیـدارەکانی دەوڵـەتیی چونـە ژێرفـەرمانی حکومـەتی نـوێ و پڕۆگرامـە پەسـەندکراوەکانی پەرلـەمانی نەتـەوەییـان بـەڕێوەبرد. لـە تـەورێز ئاسـاییش و ئەمنییـەت جێیگـرت و دز و تاوانبارەکان مەیدانیان پێ تـەنگ کـرا. تەنانـەت سدقیانی بەڕێوەبـەری ژوری بازرگانیی تەورێز کە لە سەرەتادا دەیویست لە تـەورێز بڕوات، لـە بڕیاری خۆی پەشیمان بۆوە و بەرگریی لە حکومەت کرد.

میر جەعفەر باقرۆف سەبارەت بـە بارودۆخی ئازەربایجان نامەیەکی ئاراستەی ستالین کـرد و لـەو نامەیـەدا نوسـی: **(هیـوا ئاپریک سـەرۆکی کۆنسولگەریی ئـەمریکا لـە تـەورێز گوتویـەتی، کاربەدەستانی ئـەمریکا دژی بزوتنـەوەی دیموکراتیخوازانـە لـە تـەورێز نـین، بـەڵام ئـەوان بـە تەواوی ئاگاداری دەستێوەردانی ئاشکرای ڕوسەکانن لەو ڕووداوەدا.)**

باقرۆف بەرلە وەرگرتنی وەڵام لـە مۆسکۆ، بـە هـۆی یـەقوبۆف کۆمسێری کاروبـاری نـاوخۆ و یملیـانۆف کۆمسـێری ئەمنیـەتی نـاوخۆوە بـە ئاتاکیشـیۆف، ئیبراهیمـۆف و حەسـەنۆف بەرپرسـانی کاروبـاری ئازەربایجان و ژەنەڕاڵ ڕۆسۆقی ڕاگەیاند کە لە کارەکانیاندا بـە جیددی نهێنی بپارێزن. لەو بەڵگەنامەیەیدا هاتبوو: **(لە زانیارییەکانی گەیشتو بە سەرۆک "مەبەست باقرۆڤە- نوسەر" دەردەکەوێت فەرمانبەرانی ئێمە زیاتر لە پێویست بە ئاشکرا یارمەتیی بە هاوڕێیانی ناوچەیی دەکەن. هاوڕێ سەرۆک بە پێویستی دەزانێت کە ئێوە و بە ڕێگەی ئێوەوە هەموو فەرمانبەرەکانمان هۆشیار بکەینەوە کە لەبیرتان نەچێت ئێوە لە وڵاتی بێگانەدا جێتان گرتووە و دەبێ نهێنییکاریی لەبەرچاو بگرن. دەبێ**

**بزانن کە نە تەنیا ئێرانییەکان، بەڵکوو ئینگلیزەکان، ئەمریکاییەکان، تورکەکان و هی تریش، کار و کرداریی ئێوە و هەموو سۆڤیەتییەکانیان لەژێر چاو دایە... دەستێوەردانی ئاشکرای لە ڕادەبەدەری هاوڕێیان لە کاروباری ئازەربایجان، ڕاوێژکردن لە کارەکانیاندا و ڕاسپاردەکانی ئاشکرا بە فیرقەی دیموکرات و گروپە پارتیزانەکان، نەک هەر نابەجێیە، بەڵکوو لە زۆر لایەنەوە زیانبارن. هاوڕێ سەرۆک ئامۆژگاریی دەکات کە لە کار و پەیوەندییەکانی هاوڕێیانی ئێمە لەگەڵ هاوڕێیانی ناوچەیی نهێنی و نهێنییکاریی پێویستە[25]).**

دوای چەککردنی سوپا لە ئازەربایجان ئیزن بە سەرتیپ درەخشانیی فەرماندەی لەشکر، سەرهەنگ وەرەهرام سەرۆکی نوسینگە و حەوت ئەفسەری تر درا کە بە فڕۆکە بچنە تاران. بەڕێکردنیان لە لایەن پیشەوەرییەوە، جێی ڕەزامەندیی باقرۆڤ نەبوو. ئەو بە هۆی هاوڕێیانییەوە بە پیشەوەریی ڕاگەیاند کە لەم جۆرە کاتانەدا پلە و قورسایی خۆی ڕابگرێت[26].

هەرکە سەرتیپ درەخشانی و هاوڕێیانی پێیان گەیشتە تاران، گیران و زیندانی کران. پیشەوەریی دژی ئەو کردەیەی دەوڵەتی ئێران لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان دا نوسی: **(زیندانی کردنی درەخشانیی و ئەفسەرەکانی تر کارێکی ناعاقڵانەیە. درەخشانی بە ویستی خۆی تەسلیم نەبووە، بەڵکوو ئەوە سەرباز و ئەفسەرەکان بوون کە نەیانویست تەقە لە خەڵک بکەن. حکومەتی تاران بە زیندانی کردنی درەخشانی، جارێکی تریش پێشانیدا کە لە هیچ تاوانێک سڵ ناکات. ئەگەر ئێمە حکومەتی نەتەوەیی و هێزی چەکداری خۆمان نەبێت، تاران دەتوانێ هەموو شتێک لە ئێمە بستێنێت. ئێمە چەندان جار پاراستنی سەربەخۆیی و تەواویەتی عەرزی ئێرانمان ڕاگەیاندووە، بەڵام تاران بۆ لەناوبردنی ئەو سەربەخۆییە، هەر ڕۆژەی پەنا بۆ فێڵ و تەڵەکەیەکی نوێ دەبات. ئەگەر کارەکانی بەم جۆرە بچنە پێشەوە، ئێمە ناچار دەبین**

**كە بە تەواوی لە ئێران جیا ببینەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان دامەزرێنین. چارەیەكی تر نییە.... ناچارین بە ئێوە بڵێین "سیزینكی سیزدە، بیزیمكی بیزمدە" واتە "هی خۆتان بۆ خۆتان، هی خۆشمان بۆ خۆمان- وەرگێڕ". لێمانگەڕێن و ڕێگە بدەن ماڵی خۆمان بۆخۆمان بەڕێوەبەرین(27)).**

چونكە ئەندامانی حكومەتی نەتەوەیی لە كاروباری ئیدارییدا ئەزمونیان نەبوو، داوایان لە كاربەدەستانی سۆڤیەت لە باكۆ كرد كە بۆ هەر وەزارەتخانەیەك بە لایەنی كەمەوە ڕاوێژكارێكی ناڕەسمی لەبەرچاو بگرن. چونكە بۆ جێبەجێكردنی ئەو داوایە هاودەنگیی كردنی مۆسكۆ پێویست بوو، باقرۆف ڕۆژی 19 دیسێمبەر لە نامەیەكیدا بۆ ستالین، مۆلۆتۆڤ، بێریا و مالنكۆڤ، نوسی: **(حكومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان دەستی بە چالاكییەكانی كردووە و چونكە ئەندامانی حكومەت ئەزمونی پێویستیان لە ئیدارەی كارەكانیاندا نییە، پێویستیان بە ڕێنوێنی هەیە. هاوڕێیانی تەورێز داوا دەكەن بۆ هەر وەزیرێك، ڕاوێژكارێك لە فەرمانبەرانی ئێمە لەوێ دابنرێن. بە ڕای ئێمە دەكرێت هاودەنگیی لەگەڵ هاوڕێیانی تەورێز بكەین. بەم بۆنەیەوە خەریكی دەستنیشان كردنی كەسانی پیویستین. چاوەڕوانی بڕیاری ئێوە دەكەین(28)).**

ڕۆژی 24 ی دیسێمبەر، مۆسكۆ وەڵامی پۆزەتیڤی بەو پێشنیازە دایەوە. مۆلۆتۆڤ لە بروسكەیەكی نهێنی دا كە بە ژمارە 185 ڕەوانەی باقرۆڤی كرد، ڕایگەیاند: **(بۆ یارمەتیدان بە وەزیرەكانی حكومەتی نەتەوەیی ئازەربایجانی ئێران، لەگەڵ پێشنیازی ئێوە بۆ ڕەوانە كردنی ڕاوێژكار هاودەنگیی دەكرێت. بۆ ئەو مەبەستە سەرنج بە دەستنیشان كردنی هاوڕێیان بدەن كە لەوێ كارەكانیان بەباشی بەڕێوەبەرن و هاووڵاتیی بوونی خۆیان بە سۆڤیەت ئاشكرا نەكەن(29)).**

ڕۆژی 26 دیسێمبەر، ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ هەیئەتی سێ کەسەی باکۆ لە تەورێز لە نامەیەکدا بۆ باقرۆڤ، ناوبراویان لە ئاکامی گفتۆگۆکانیان لەگەڵ پیشەوەریی سەبارەت بە کەڵکوەرگرتن لە کەسانی ڕەوانەکراو لە وەزارەتخانەکاندا ئاگادار کردەوە. بڕیاردرابوو کەسێک لە وەزارەتی ناوخۆ و کەسێک بۆ پێکهێنانی هێزەکانی پۆلیس و کەسێکیش بۆ کاروباری ئیتلاعاتیی دابنرێت. گوترابوو لە وەزارەتی داراییدا دەکرێ لە محەمەدۆڤ کەڵکوەرگرن کە پسپۆڕی ئابوریی و ماڵییە. هەروەها لە وەزارەتی سوپای نەتەوەیی، کشتوکاڵ، دادوەریی و بازرگانیی پێویستیان بە فەرمانبەریی بە ئەزمون هەیە. لە وەزارتەکانی زانست و تەندروستیی دا دەکرێت لە فەرمانبەرانی خوێندنگە و نەخۆشخانەکانی سۆڤیەت لە تەورێز کەڵکوەربگرێت.

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژ، هەیئەتی سێ کەسە لە نامەیەکی ترادا داوایان لە باقرۆڤ کرد کە بۆ پەروەردە کردنی کادیرانی ناوچەیی، بە زوویی دە مامۆستای خاوەن ئەزموون ڕەوانەی تەورێز بکەن. میر جەعفەر باقرۆڤ بە غەفارزادە سکرتێری حیزبی کۆمونیستیی ئازەربایجان و یملیانۆڤ کۆمسێری ئەمنیەتیی فەرماندا کە لە ماوەی دە ڕۆژدا، کەسانی پێویست دەستنیشان بکەن و دوای کۆنترۆڵ کردنی هەمە لایەنە و وتووێژ لەگەڵیان، هەتا پانزدە یانواریی 1946 ڕەوانەی تەورێزیان بکەن، تا هاوکاریی لەگەڵ هاوڕێیان بکەن[30].

پەرلەمانی نەتەوەیی بە دوای پشودانی مانگی محەرەمدا، لە ڕۆژی 21 ی دیسێمبەر دەستی کردەوە بە چالاکیی و پەسەندکردنی یاساکانی. لە یاسای پەیوەندیدار بە سوپای نەتەوەییدا، پەرلەمان مەئموریەتی دا بە دەوڵەت کە بۆ پڕچەککردنی سوپا، چەک لە ئێران و لە دەرەوەی ئێران بکڕێت. هەروەها ئەو ڕۆژە یاسایەکی بە دژی تاوانبارانی دژی بە خودموختاریی پەسەند کرد. بە گوێرەی ئەو یاسایە دەبووایە لە ماوەی

سێ مانگدا . هەموو ئەو کەسانە لە دادگایەکی سەربازیی سەحراییدا موحاکمە بکرێن.

ڕۆژی دوای پەسەندکردنی ئەو یاسایە، فەرمانێکی بە پەلە لە کەناڵە سەربازییەکانەوە بە میرزا ئیبراهیمۆڤ گەیشت، لەو فەرمانەدەدا، فەرمانڕەوا "مەبەست لە ستالینە- وەرگێر" فەرمانیدابوو کە یاساکانی پێکهێنانی سوپای نەتەوەیی و دادگایی کردنی سەحرایی لە چاپەمەنییەکاندا بڵاونەکرێتەوە و لەمەودواش، پەرلەمان بەرلە پەسەندکردنی یاسایەکی بەم جۆرە و دەوڵەت بەرلە وەرگرتنی بڕیاریی گرنگ، هاودەنگیی لەگەڵ ئێمە بکات[31]. لەوە دەچێ بوونی وەزیرەکانی دەرەوەی ئەمریکا و ئینگلیز لە مۆسکۆ، کاریگەریی بووبێت لە بە یاساخ کردنی بەپەلەی ئەو یاسایانە لە بڵاوکراوەکاندا.

حکومەتی ناوەندیی بە ڕاسپاردەی کاربەدەستانی ئەمریکا و ئینگلیز، یەکەم هەنگاوی بۆ وتووێژ لەگەڵ ئازەربایجان هەڵگرت: کەسێک لە لایەن سەید محەمەد سادق تەباتەبایی سەرۆکی مەجلیسی شورای میللیەوە هاتە تەورێز و پەیامێکی زارەکی بۆ پیشەوەریی هێنا. لەو پەیامەدا تەباتەبایی بانگهێشتی پیشەوەریی کردبوو کە بۆ ئازادکردنی هەموو ئێران لە پێکهاتەی دەسەڵات لە ناوەنددا بەشداریی بکات. پیشەوەریی ئەو بانگهێشتەی تەباتەبایی بە حیسابی مانۆڕی لایەنە کۆنەپەرستەکانی ئێران دانا کە هەوڵدەدن ڕێبەری بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان بە لارییدا بەرن و لە مەیدان دەریی بکەن. لەبەر ئەوە وەڵامی بانگهێشتی تەباتەبایی نەدایەوە و قبوڵی نەکرد.

دوای ماوەیەکی تر، سەرلەشکر حەسەن موقەدەم و سەرهەنگ مەحمود پەناهیان کە خۆیان ئازەربایجانیی و خاوەن دەسەڵات بوون، بۆ کاریگەریی دانان لەسەر پیشەوەریی ڕەوانەی تەورێز کران. سەرلەشکر موقەدەم پارێزگاریی پێشوی ئازەربایجان، خاوەنی موڵکێکی زۆر بوو لە ئازەربایجان و نفوزی زۆری لەنێوان چینێکی دیاریی ناوچەکەدا هەبوو.

هاتنی پارێزگاریی پێشو بۆ تەورێز وەک پلانی حکومەتی تاران و ئینگلیز هەڵسەنگێنرا و ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و نوێنەرانی سۆڤیەتیان لە تەورێزی بە پەرۆش کرد. هۆی بە پەرۆش بوونەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەو سەفەرانە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی لە ئازەربایجاندا لاواز دەکەن.

پیشەوەریی لەو بارەیەوە ئازاری دەبینی کە کۆنسولگەریی سۆڤیەت لە تاران بەبێ هاودەنگیی کردن لەگەڵ حکومەتی نەتەوەیی، ئیزن بەو کەسانە دەدا کە بێنە تەورێز. ڕاوێژکارانی سۆڤیەت لە تەورێز پیشەوەرییان هاندەدا کە نەهێڵێت نێردراوەکان بێنە ئازەربایجان.

ڕۆژی 23 ی دیسێمبەری 1945 (2 ی بەفرانباری 1324)، پیشەوەریی، شەبستەریی، سادق پادگان، دوکتۆر جاوید و محەمەد بێریا نامەیەکیان ئاراستەی میرجەعفەر باقرۆڤ کرد و لەودا سەرەڕای ڕاپۆرتی کارەکان، نوسیان:

**- (لە سەدەی بیستەمدا گەلی ئازەربایجان بۆ دامەزراندنی حکومەتی دیموکراتیی گەلێک قوربانیی لە ژمارنەهاتووی داوە. ستارخان و باقرخانیان فریودا و بردیانن بۆ تاران و لەوێ بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتیانن. خەباتی عەدالەتخوازانەی خیابانییان بێدەنگ کرد و ئێستاش حکومەتی تاران لە بەرامبەر بزوتنەوەی نەتەوەیی و یاسای گەلی ئازەربایجاندا، ڕەوشی دوژمنانەی گرتووەتەبەر. ئازەربایجانی باشور بە بوونی زمان و ئەدەبیات و کادیری کارامەوە دەتوانێت چارەنوسی پێنج میلیۆن ئازەربایجانی بە دەست ئەوان بسپێرێت. سێ ساڵ لەمەوبەر پەیماننامەی ئەتلانتیک کە لە لایەن دەوڵەتە دیموکراتە زلهێزەکانەوە ئیمزا کرا، مافی بە گەلی ئازەربایجان داوە کە ژیانێکی سەربەخۆی هەبێت. ئێمە لەو باوەڕەداین کە بە گوێرەی هەلومەرجی ئێستا و بۆ بەرگریی کردن لە مافی پێنج میلیۆن ئازەربایجانیی، دەبێ گەلی ئازەربایجان کۆماریی دیموکراتی خۆی پێکبهێنێت.**

**گەلی ئازەربایجان لە پەیوەندیی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی دەبێ لە مافی یاسایی خۆی کەڵکوەرگرێت. داوا لە ئێوە دەکەین کە یارمەتیمان بدەن تا گەلی ئێمە هەلی بۆ بڕەخسێت و بە ئامانجە دەرونییەکانی بگات بۆ تێکخستنەوەی دوو کۆماری برا. ڕونیان کردەوە کە سنورەکانی ڕۆژهەڵات و باشوریی ئەو کۆمارە لە زەلکاوەکانی "ئەنزەلی"یەوە دەست پێدەکات و بە ڕەشت، مەنجیل، قەزوێن، هەمەدان و کرماشاندا دەگاتە سنوری عێراق. دانیشتوانی ئەو هەرێمە ئازەربایجانییەکان و کوردەکانن[32]).**

لە ڕاپۆرتێکدا کە ڕۆژی 23 دیسێمبەر لە باکۆوە ڕەوانەی ستالین کرا، ئاماژەیان بۆ کۆبوونەوەی حیزبەکانی تودە و جەنگەڵ لە شاری ڕەشت کرد. ژمارەی بەشدارانی کۆبوونەوەکە نەدەگەیشتە 500 کەس. ئەوان لە بروسکەیەکدا بۆ شا و مەجلیسی شورای میللی و سەرۆکوەزیران، داوایان کرد لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی و ویلایەتیی و پێکهێنانی حکومەتی دیموکراتیی لە تاران و هەروەها موحاکمە کردنی سەید زیائەدین تەباتەبایی و دانانی 50% ی باجە کۆکراوەکان بۆ پێداویستییەکانی ناوچەیی پەلە بکەن.

جێی بەبیر هێنانەوەیە کە بە گوێرەی بڕیاری ڕۆژی 6 ی یونی (16 ی جۆزەردانی 1324) کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەت دەبووایە هاوشان لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوەیی لە ئازەربایجان لە گیلان، مازندەران و خۆراسانیش بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە پێکبێت. بە سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران و کارگێڕانی سیاسیی لە تەورێز و کۆنسولگەرییەکانی ئەو هەرێمانە سەروو فەرماندرابوو کە دەربارەی ئایندەی بزوتنەوەی دیموکراتی لە باشوریی دەریای خەزەر و خۆراسان پێشنیازی خۆیان ئاراستە بکەن.

لە نوسراوەیەکدا کە ڕێبەری حیزبی تودەی ئێران لەژێر ناوی "هەلومەرجی سیاسیی ئێران و بیر کردنەوە لە گەشەپێدانی بزوتنەوە

دیموکراتیییەکان" ئامادەی کردبوو، دەگوترا هەلومەرجی جیهان بۆ بەرێخستنی بزوتنەوە دیموکراتیییەکان رێکە. رێبەرانی فیرقەی دیموکرات لە سەرەتادا ئایندەیەکی رۆشەنیان بۆ بزوتنەوە لە باشوری دەریای خەزەر نەدەبینی و بە رای ئەوان لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا ئومێدێک بۆ ئەو دیاردەیە نییە، چونکە بە دوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، هەلومەرجەکە بە قازانجی ئێران دەگۆڕدرێت. بەڵام لە بەڵگەنامەیەکدا کە بە هاوبەشی تودەییەکان ئامادە و رەوانەی باکۆ و مۆسکۆ کرابوو، دەگوترا دۆخی ئێستای ئێران رێی دەربازبوونی نییە و توانایی سوپا کە تەنیا پێگەی حکومەت بوو، رۆژ لەگەڵ رۆژ پتر لەناو چووە و لە بەرامبەر دیموکراتەکانی ئازەربایجان دا نەیانتوانی بەرگەی بەرەنگار بوونەوە بگرن. بە دوای ئەو سەرەتایەدا، پێشنیازیان کردبوو کە لە گیلان، مازندەران، گورگان، تورکمان سەحرا و تەنانەت لە خودی تارانیش کودیتایەکی "دیموکراتیی" بەرێوەبچێت.

بۆ بەرێوەبردنی کودیتا لە مەشهەد، هۆزەکانی "هەزارە" و "زەعفەرانلو" بە هەزار تودەیی یارمەتی دەکەن. لە خۆراسان هێزی هەرە مەترسیهێنەر بە دژی کودیتا، رێکخراوی هەوالگریی ئینگلیز، رۆحانییەکان بوون. بەگوێرەی ئەو پلانە وەرێخستنی بزوتنەوە لە گیلان، مازندەران، گورگان و تورکمان سەحرا، ترس دەخاتە دڵی کاربەدەستانی تاران و سەر لە فەرماندەکانی سوپا دەشێوێنێت و لە ئاکامدا هەلومەرج بۆ کودیتای "دیموکراتی" لە تاران دەرەخسێت. هێزە سەرەکییەکانی کودیتا لە تاران، شەش هەزار تودەیی و لایەنگرانیان بوو. عەمەلیاتی کودیتا دەبووایە تێکەڵاوی زەنجیرەیەک چالاکیی بکرێت. بۆ نمونە فرۆکەوانە تودەییەکان لە هێزی فرۆکەوانیی، بینای مەجلیسی شورامی میللی لە کاتی کۆبوونەوەی نوێنەراندا بۆمباران بکەن و جبەخانەکان لە سەربازگەی عەباس ئاوا بتەقێننەوە و ژمارەیەک لە کۆنەپەرستە

ئاشتیینەخوازە مەترسیهێنەرەکان تیرۆر بکەن و لە کۆتاییدا تودەییەکان شوێنە ستراتیژییەکان بخەنە دەست خۆیان[33].

یملیانۆڤ کۆمسێری ئەمنیەتی ئازرەبایجانی سۆڤیەت بە دوای خوێندنەوەی ئەو پلانەدا ڕایگەیاند دەرەتانێک بۆ سەرکەوتنی ئەو پلانە نابینێت. بە ڕای ئەو هێشتا زانیاریی دروست لە دەستدانییە کە کۆمەڵانی خەڵک بەشداریی خۆپێشاندانی گەشەپێدان و بەرینکردنەوەی بزوتنەوەی دیموکراتی لە گیلان، مازندەران و خۆراسان و تەنانەت تاران بکەن و کادیری پێویست نییە و ناکرێ بۆ ئەو مەبەستە پشت بە کەسانی وەک ئارداش ئاوانسیان و عەبدولسەمەد کامبەخش ببسترێت، چونکە ئەوان چەپڕەویی دەکەن و لەناو خەڵکدا نفوزیان نیە و هەندێک لایەن بە ئاژاوەگێریان دەناسن. لە بەڵگەنامەیەکدا کە لە تارانەوە ڕەوانە کرابوو، مەسەلەیەکی تایبەت سەرنجی یملیانۆڤی بەرەو خۆی ڕاکێشا. لە جیاتی لایەنی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی، بزوتنەوەی خودموختارییان لە ئازەربایجانی ئێران بەرجەستە کربووەوە و ڕەوتی ڕووداوەکانیان بە جۆرێک پێشاندابوو کە گوایە بزوتنەوەی ئازەربایجان بەشێکە لە سیاسەتی گشتیی دیموکراتیزە کردنی سەرانسەریی ئێران. بە بۆچوونی یملیانۆڤ خودموختاریی گەلی ئازەربایجان و بزوتنەوەی ئازادییخوازانەی نەتەوەیی لەوێ و دانانی بە هەوڵێک بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران، هێمای شۆفنیزمی مەترسیهێنەریی ئێرانی گەورە بوو کە لە مێشکی زیانهێنەریی ڕێبەرانی حیزبی تودەوە سەرچاوەی گرتبوو و بڵاوببووەوە. بەرژەوەند حوکم دەکات کە پەرە گرتنی ڕووداوی ئازەربایجانی ئێران لە هەرێمەکانی سەروودا نەک لە ڕوانگەی دەستپێکردنی بزوتنەوەی دیموکراتیی، بەڵکوو بۆ لادانی سەرنجی حکومەتی ناوەندیی ئێران لە دەرەوەی بازنە سەرکییە بەرچاوەکاندا ببیندرێت[34].

ڕێکخـراوی هـەواڵگریی ئازەربایجـانی سـۆڤیەت دەربـارەی دژایـەتی کردنـی ڕێبـەرانی حیزبـی تـودە لـەگـەڵ حکومـەتی نەتـەوەیی و بـە گشتی بزوتنـەوەی میللـی - دیمـوکراتیی ئازەربایجـانی ئێران، زانیـاریی زۆریـان کۆکردبووەوە. زانیارییـەکان باسیان لـەوە دەکـرد کـە کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبی تودە و بەتایبەتی ئەردەشیر ئاوانسیان، عەبدولسەمەد کامبەخش و ئیـرەج ئەسـکەندەریی دەربـارەی تێکـەڵکردنی ئازەربایجـانی ئێـران لەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەت، هاودەنگ نەبوون. ساڵی 1945 ئاوانسیان بـە هـەموو شـێوەیەک هەوڵیـدا پـێش بـە سـەرهەڵدانی بزوتنـەوەی دیمـوکراتیی لـە ئازەربایجـان بگرێـت. ئـەو کـاتی دامـەزرانی فیرقـەی دیموکرات، بروسکەیەکی ئاراستەی ماکسیمۆڤ سەفیری پێشوی سۆڤیەت لـە تـاران کردبـوو و پەیوەنـدیی دوژمنکارانـەی خـۆی لەگـەڵ فیرقـەی دیمـوکرات و ڕێبـەرانیی نـە شـاردبووەوە. سـەرەڕای هۆشـیار کردنـەوەی کارگێڕانی سەفارەت، ئاوانسیان دەستی لـە تۆهمـەت هەڵبەستن بـە دژی چالاکانی فیرقەی دیموکرات هەڵنەدەگرت. تەنانـەت ئەو سەفارەتی بـەوە تاوانبار دەکرد کە پشتی بزوتنەوەی دیمـوکراتیی ئازەربایجـان دەگرێت و هـەوڵی لـەناوبردنی حیزبـی تـودە دەدات. ڕێکخـراوی هـەوڵگریی ئازەربایجـانی سـۆڤیەت کـردەی ئاوانسـیانی بـە بەسـتراوەیی ئـەو بـە دەزگاکـانی هـەڵگریی بێگانـە یـان داشناکەکان "فیدارسیۆنی شۆڕشگێڕی ئەرمەنـەکان" دەبەسـتەوە. لـە ئاکـامی ئـەو ڕاپۆرتانـەی ڕێکخـراوی تایبـەتیی ئازەربایجـانی سـۆڤیەت، کۆمیسـاریای ئەمنییـەتی یەکیـەتی سۆڤیەت، ئاوانسیانی لـە دەستێوەردانی ئازەربایجـان دورخستـەوە و بـۆ ماوەیەکی لە ئێرانـەوە ڕەوانـەی یەکیەتی سۆڤیەتی کرد.

کاتێـک لـە هـاوینی 1945 (1324) دا عەبدولسـەمەد کامبەخشـیان بـە نهێنـی بـردە بـاکۆ، لـەوێ هەستیان بـە دژایـەتی ئـەو لـەگـەڵ بزوتنـەوەی دیمـوکراتیی ئازەربایجـان کـرد. ڕێکخـراوی هەواڵگـەریی ئازەربایجـانی سـۆڤیەت ئـەوی بـە کەسێکی تونـدڕەو و شـۆڤینیی فـارس دەناسـی و لـە

ئاکامدا بۆ دور ڕاگرتنی لە چالاکییەکانی تەورێز، ڕەوانەی تارانیان کرد. پیشەوەرییش چەند جارێک گومانی خۆی لە شۆڕشگێڕ بوونی کامبەخش ڕاگەیاندبوو. میرجەعفەر باقرۆفیش بۆ مۆلۆتۆفی نوسیبوو کە لە پەیوەندییەکاندا لەگەڵ کامبەخش هۆشیار بێت[35].

ڕای نیگاتیڤی ژەنەڕاڵ یملیانۆف سەبارەت بەو پلانەی کە لە تارانەوە بۆ گەشەپێدانی بزوتنەوەی دیموکراتیی لە ئێراندا ڕەوانە کرابوو، لە لایەن باقرۆف و کاربەدەستانی کرملینەوە پەسەند کرا و لە ئاکامدا وەڕێخستنی بزوتنەوە دیموکراتییەکان لە گیلان، مازندەران، گورگان و خۆراسان بە شێوەی کاتیی ڕاگیرا.

ڕۆژی 26 یانواریی (6 ی ڕێبەندانی 1324) پیشەوەریی لە نامەیەکدا بۆ باقرۆڤ، ڕایگەیاند کە هێشتا سنورەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی دیموکراتی نەتەوەیی ئازەربایجان دیاریی نەکراون. بە ڕای ئەو بە گوێرەی سەرچاوە مێژوویی، مرۆڤناسیی و جوگرافییەکان، سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان، زەلکاوەکانی "نەنزەلی" لەخۆ دەگرێت و دەبێ ناوچەکانی "تالش" بگرێتەوە و دواتر سنوریی قەزوێن دەبڕێت و دەگاتە شاری هەمەدان. ئێستا خەڵکی تالش و ئەنزەلیی دێن و داوا لە ئێمە دەکەن کە بیانخەینە سەر ناوچەی دەسەڵاتداریی حکومەت نەتەوەیی خۆمانەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە جارێ پێویستە بیست کیلۆمەتر لە ناوچەی ئەنزەلی و هەموو ناوچەی تالش بکەوێتە سەر ئازەربایجان. هەروەها پێویستە لە هەمەدان دەست بە کارە تایبەتییەکان بکرێت تا ئەو پایتەختە کۆنەی ئازەربایجان بدرێتەوە بە ئازەربایجان. بەڕای ئێمە دەکرێت هەموو ئەو کارانە بەبێ دژواریی و تێکهەڵچوون بە بەربەرەکانییەکی جیددی بەڕێوە بچێت[36].

لە باکۆ بە ڕێبەرانی کارگێڕە سیاسییەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت جێگیر لە تەورێز فەرماندرا لەگەڵ پیشەوەریی هاودەنگیی بکرێت و هەمەدان، بەندەر پەهلەوی و قەزوێن بخرێتە سەر خاکی کۆماری

ئازەربایجان و بە گشتیی کێشەی دیارییکردنی سنورەکانی ئازەربایجانی ئێران بە دروستیی بۆ هەلێکی ڕێک لە داهاتوودا دادەنرێت(37).

حکومەتی ئازەربایجان بۆ بەرگریی کردن لە هەندێک کاری زیانهێنەر لە بواری ئابوریدا، گۆڕینەوەی سامانە شەخسییەکانی لەگەڵ زێڕ و بردنە دەرەی لە ئازەربایجان یاساخ کردبوو. ئەرمەنییەک بە ناوی "بوداغیان" کە بازرگانیی قەند و شەکری دەکرد لە تەورێز، پەنجا هەزار تمەنی لە حیسابی خۆی لە بانک هەڵگرتبوو. لە وەزارەتی دارایی حکومەتی ئازەربایجان پێیانڕاگەیاند بە بێدەنگیی و بەبێ هاتوهاوار، ئەو پارەیە بگەڕێنێتەوە بۆ بانک. بە دوای ئەو ڕووداوەدا کەسێک بە ناوی ئاوانسیان کە فەرمانبەری سەفارەتی سۆڤیەت بوو لە تاران. لەژێر ناوی مەئموریەتی تایبەت، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ یارمەتیدانی بوداغیان هاتە تەورێز.

ڕۆژی 28 ی دیسێمبەر 1945 (7 ی بەفرانباری 1324)، کراسنی سەرکۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز، بانگهێشتی پیشەوەریی کرد کە بۆ دیدار لەگەڵ ئاوانسیان بێتە کۆنسولخانە. لەو دیدارەدا، ئاوانسیان سەرەرای ئاماژە کردنی بە سەختگیرییەکانی حکومەت لە بەرامبەر بازرگاناندا، پەنجەی بۆ کێشەی بوداغیان ڕاکێشا. پیشەوەریی لە وەڵامیدا گوتی ئەگەر بوداغیان ئازەربایجانیی بووایە، بە تاوانی ئەو کردەیەی کە بە دژی دەوڵەت کردوویەتی، زیندانی دەکرا. پیشەوەریی پرسی چۆن فەرمانبەریی سەفارەتی سۆڤیەت بەرگریی لە کەسێکی کۆنەپەرستی وەک بوداغیان دەکات؟ ناوبراو هەروەها گوتی لایەنگریی کردن لە کەسێکی وەک بوداغیان کە دژی دەوڵەت پیلان دەگێڕێت، بۆ فەرمانبەرێکی سەفارەتی سۆڤیەت باش نییە.

باقرۆف لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا، ڕاپۆرتێکی ئاراستەی ستالین و مۆلۆتۆف کرد. لە ڕاپۆرتەکەیدا بانگهێشتی پیشەوەریی لە لایەن کراسنی سەرکۆنسولی سۆڤیەتەوە بە کارێکی ناشایست و دور لە

ئـەدەب و ئـەخلاق زانـی و داوای کـرد کـە بـە فەرمانبـەرانی سـەفارەت و کۆنسولگەریی سۆڤیـەت بگوترێ لـە بوارەکـانی ئـابوریی و ماڵییـەوە دەست لـە کاروباری حکومـەتی نـەتەوەیی وەرنـەدەن(38).

بـاقرۆڤ جگـە لـەو ڕاپۆرتـەی، لـە ئـەحـەد یـەقوبۆڤ جێگـری سـەفیری سۆڤیەت لـە تـارانی ویست کـە سـەبارەت بـە ئامـانجی ئاوانسـیان لـە سەفەرکردنی بۆ تـەوێز ڕاپۆرتێک بنێرێت. یـەقوبۆڤ لـە وەڵامـی باقرۆڤدا نوسیوێتی ئاوانسیان لە کۆتایی مانگی دیسێمبەردا کاتی وەرگرتنی ئیزن بـۆ سـەفەرکردن بـۆ تـەورێز گوتویـەتی لـە لایـەن "ئاشـۆریۆڤ"ی سـەرۆکەییەوە بـۆ بـەڕێوەبردنی مەئموریـەتێک دەچێتـە تـەورێز، بـەڵام باسی لـە ئامـانجی مەئموریەتەکـەی نـەکرد. پێویست نـەبووە ئاوانسیان چاوی بە جەنابی پیشەوەریی بکـەوێت و لـەو بـوارەدا ئێمـە نـەمانگوتووە چـاوی بـە پیشـەوەریی بکـەوێت. لـە کۆتـایی ڕاپۆرتەکەیـدا نوسـرابوو، بەگشتی هـیچ مەئموریـەتێک لـە تـەورێز بـە ئاوانسـیان نـەدراوە و تـەنیا شتێکی کە ئەوی بەرەو تەورێز ڕاکێشاوە، لـە پەیوەنـدیی لەگـەڵ کێشـەی بوداغیاندا بووە(39).

ڕۆژی 28 ی دیسێمبەر، ڕۆبێرت ڕۆسۆ کۆنسولی نوێی ئەمریکا لـە تـەورێز داوای بینینـی پیشـەوەریی کـرد و ڕۆژی 29 ی دیسـێمبەر چـاوی بـە پیشەوەریی کەوت. باقرۆڤ لـە ڕاپۆرتێکدا بۆ ستالین، مۆلۆتـۆڤ، بێریـا و مالنکۆڤ ئاوا باس لـەو دیدارە دەکات: (لـەوە دەچێت کۆنسولی ئـەمریکا لـە دیداری خۆیدا لەگـەڵ پیشـەوەریی بـە شـیوێن دوو ئامانجـەوە بێـت: ئامانجی یەکەم دەیویست بزانێت کـە ئایا دیموکراتـەکانی ئازەربایجـان دەیانـەوێت داخوازەکانی خۆیان لـە جیابوونـەوە لـە ئێراندا بگـونجێنن؟ و ئامـانجی دووەمـی ئـەوە بـوو کـە بزانێت دیموکراتـەکان تـا چ ڕادیـەک سـەبارەت بـە داخـوازە سـەرەتاییەکانیان لێبوردنیـان هەیـە؟ ئێمـە بـە پیشـەوەریمان سپارد کـە لـەمـەودا کاتێک وتـوێژ لەگـەڵ وڵاتـانی بێگانـە

دەکات، شێلگیرانە بەرگریی لەو مافانە بکات کە لە ڕاگەینراوەکانی کۆنگرەی گەل و پەرلەمانیدا هاتوون[40].).

ڕۆژی 31 ی دیسێمبەر، باقرۆڤ بە هۆی یەعقوبۆڤ و یملیانۆڤەوە بە ڕێبەرانی فیرقەیان پێشنیاز کرد کە ئەوان بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە جیابوونەوە لە ئێران، خودموختاریی، یان هەرچەشنە داخوازێکی تر لە حکومەت دیاریی بکەن. ئەگەر دەیانەوێت لە ئێران جیابنەوە، چ ناوێک لە دەوڵەتەکەیان دەنێن، کۆماری گەل یان حکومەتی نەتەوەیی؟

## یانواریی 1946 : سەردەمی چاکسازیی لە تەورێز

ڕۆژی 1946/1/6 (1326/10/16) دەکرێت وەک ڕۆژێکی مێژوویی لە بزوتنەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان بە حیساب بێت. لەو ڕۆژەدا حکومەتی نەتەوەیی، زمانی تورکی بە زمانی ڕەسمی ناساند و بڕیاریدا زانکۆی دەوڵەتی ئازەربایجان لە تەورێز دابنرێت و منداڵانی بێسەرپەرست بەخێو بکات و پەروەردەیان بکات. لە بڕیاری دەوڵەتدا دەربارەی زمان هاتووە:

**- (لە کۆبوونەوەیەکی مێژوویی حکومەتی نەتەوەییدا کە ڕۆژی 1324/10/16 پێکهات، بۆ ڕاکێشانی خەڵک بەرەو دەوڵەت، بە ئاگا بوون لە پێداویستییە گشتییەکان و هەروەها کردنەوەی ڕێیەک بۆ پێشکەوتن و پێگەیاندنی زمان و فەرهەنگی نەتەوییی، بڕیاری خوارەوەیان دا:**

**1- لەمڕۆوە زمانی ئازەربایجانیی لە ئازەربایجان بە زمانی ڕەسمی دەناسرێت. بڕیار و ڕاگەینراوەکانی دەوڵەتیی و هەروەها فەرمانەکانی سوپا بۆ یەکەکانی و لایحە و یاسا پەسەندکراوەکان دەبێت بە زمانی ئازەربایجانیی بنوسرێن.**

**2- لە هەموو ئیدارە و دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا دەبێ بەڵگەنامەکان بە زمانی ئازەربایجانی بنوسرێن. ئەو بەڵگەنامانەی کە بەو زمانە نەنوسرێن. ڕەسمیەتیان نییە.**

**3- لە دادگاکاندا پرۆژەی دادگایی کردن بە زمانی ئازەربایجانیی بەڕێوە دەچن و بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو زمانە نازانن، وەرگێڕ دادەنرێت.**

**4- تابلۆ و نوسراوەکانی ئیدارە و دەزگاکان و دوکانەکان دەبێ بە زمانی ئازەربایجانیی بنوسرێن.**

**5- لە کۆڕ و کۆبوونەوە ڕەسمییەکاندا وتار و وتووێژەکان بە زمانی ئازەربایجانیی دەبن.**

**6- جگە لەو ئازەربایجانییانەی کە بە زمانێکی تر قسە دەکەن و هەروەها فەرمانبەرانی دەوڵەت، خوێندن و نوسین بە زمانی ئازەربایجانیی فێردەبن.**

**7- بۆ ئاشنا کردنی بەرپرسانی ئیداریی وەزارەتی زانست لەگەڵ زمانی ئازەربایجانیی، خولی تایبەتی گەورەسالان دەکرێتەوە و ڕۆژانە کاتژمێرێک ئیزن دەدرێن کە بەشداریی وانەکان بکەن.**

**8- ئەندامانی نەتەوەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، کارەکانیان بە زمانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، بەڵام ڕاگەینراوەکان و نوسراوە ڕەسمییەکانیان بە هەردوو زمانی دایکیی و ئازەربایجانیی دەنوسن.**

**9- نەتەوە بچوکەکان کە لە ئازەربایجان دەژین، دەتوانن لە خوێندنگەکانیان بە زمانی خۆیان بخوێنن، بەڵام هاوکات دەبێ بە زمانی ئازەربایجانییش پەروەردە بن.**

**10- حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بڕیاری وەزارەتی زانست دەربارەی پەروەردە کردنی بە زمانی ئازەربایجانیی لە خوێندنگەکاندا دەسەلمێنێت و وانە گوتنەوە بە زمانی نەتەوەیی بۆ مامۆستایان بە ئەرکی نەتەوەیی دەزانێت.**

**سەرۆکوەزیری حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان**
**پیشەوەریی (41)**

زانکۆی تەورێز کە بڕیار بوو لە ساڵی خوێندنی 1325- 1326 دا دەست بەکار بکات، سەرەتا بەشەکانی پزیشکی، کشتوکاڵ و پەروەردەی مامۆستا و دواتر بەشی مێژوو، زمان، فەلسەفە، یاسا، فیزیک، ماتماتیک و زانستی سروشتیی لە خۆیدا کۆدەکردەوە. دوکتۆر جهانشاهلو جێگری سەرۆک وەزیر کرا بە سەرۆکی زانکۆ و دوکتۆر دیباییان بوو بە جێگری ناوبراو. سەرۆک و جێگری سەرۆکی زانکۆ بە هاودەنگیی لەگەڵ "ئاندرە ڤیشینکی" جێگری کۆمیساریای کاروباری یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ئاشنا

بوون لەگەڵ ئەزمونی زانکۆکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بانگهێشتی باکۆ کران.

بۆ ساڵی یەکەمی زانکۆی تەورێز 180 خوێندکار لەبەرچاو گیرابوو کە لەو ژمارەیە 120 کەسیان لە بەشی پەروەردەی مامۆستا و 60 کەس بۆ بەشی پزیشکی دەستیان بە خوێندن کرد. بۆ دەستەبەر کردنی داخوازی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان سەبارەت بە ڕەوانە کردنی ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ بۆ تەورێز، م. عەلیۆڤ وەزیری دەرەوەی ئازەربایجانی سۆڤیەت، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتی کرد. ئاندرە ڤیشینکی لە بروسکەیەکی نهێنیدا بە ژمارە 149- 150 ئیزنی ناردنی مامۆستایانی زانکۆی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بۆ تەورێز پەسەند کرد. هەڵبژاردنی کتێبەکانی خوێندن درایە دەست مامۆستاکان و ئەو کتێبانەی کە لە زانکۆی ئازەربایجان دەخوێندران، دەبووایە لە تەورێز بە ئەلف و بێی فارسی چاپ بکرێنەوە. مامۆستا دەستنیشانکراوەکان ڕەوانەی تەورێز کران(42).

بە گوێرەی بڕیاری حکومەتی نەتەوەیی لە هەموو ئازەربایجاندا، منداڵانی بێسەرپەرستی نێوان 3- 14 ساڵانە لە خانەی پەروەردەی دەوڵەتییدا کۆدەکرانەوە. یەکەم خانەکانی پەروەردە لە تەورێز کرانەوە. بۆ دوو خانەی پەروەردەی کوڕان و دوو خانەی پەروەردەی کچان لە تەورێز، 400 منداڵ و بۆ خانەی منداڵانی ژێر سێ ساڵ 100 منداڵ لەبەرچاو گیرابوو. حکومەتی نەتەوەیی بۆ دابینکردنی بودجەی ئەو ناوەندانە داوای کردبوو کەسانی دەوڵەمەند و خێرخواز "کۆمەڵەی خێرخوازان" دامەزرێنن.

بە گوێرەی بڕیاری پەرلەمانی نەتەوەیی دەبووایە پەیکەری ڕەزا شا لە باخی گوڵستانی تەورێز دابەزێنرێت و لەجێی ئەو پەیکەری ستارخان دابنرێت و هەروەها لە ڕووبەڕووی "ارک قلعە سی" کە مەتەرێزی مەشروتەخوازان و موجاهیدەکان بوو، پەیکەری باقرخان دابنرێت(43).

ڕۆژی 8 ی یانواری، پەرلەمانی نەتەوەیی بڕیاریدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی، ناوچەیی و قەزاکانی پەسەند کرد. دیوانی سزا هەڵوەشایەوە و بۆ ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت و شارەوانییەکان کە بەرتیل وەردەگرن، سزای قورس لەبەرچاو گیرا(44).

ئامادەکردن و پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی "قانون اساسی" گرنگترین مەسەلە بوو لە ڕووبەڕووی دەوڵەتدا. ڕۆژی 1946/1/11 (1324/10/21) باقرۆف بە یەعقوبۆف، میرزا ئیبراهیمۆف، ئاتاکیشیۆف و حەسەنۆف کارگێڕانی چالاکییەکانی سۆڤیەت لە تەورێزی ڕاگەیاند بۆ ڕاگەیاندنی دەستوریی هەمیشەیی، یان بەلایەنی کەمەوە سپاردنی بە پەرلەمان بۆ وتووێژە سەرەتاییەکانی، لەگەڵ پیشەوەریی قسە بکەن. گوتی لەو دەستورەدا ماددەیەک سەبارەت بە مافی بازرگانیی سەربەخۆ لەگەڵ دەرەوە لەبەرچاو بگرن(45).

پیشەوەریی لەگەڵ پێشنیازی باقرۆف سەبارەت بە ئامادەکردن و پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی نەبوو. دەیگوت تا ڕونبوونەوەی پێداویستییەکانی پەیوەندیدار بە قۆناخی دووەمی بزوتنەوەی نەتەوەیی - دیموکراتیی پێویستە دەستوری هەمیشەیی دوابخرێت، چونکە لە هەلومەرجی ئێستادا پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەران بۆ پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی بە مەسڵەحەت نییە.

بەرلە پێکهاتنی کۆمیسیۆنی دەستوریی هەمیشەیی، حکومەتی نەتەوەیی بڕیاری بازرگانیی دەرەوەی پەسەند کرد. لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە، شورای کۆمیساریای یەکیەتی سۆڤیەت بڕیاریدا، ئامێر و کەرەستەی هەڵکەندنی زەوەی ڕەوانەی تەورێز بکات و کێشەی هێنانی ئاو بۆ تەورێز چارەسەر بکات. بە هاودەنگیی کردن لەگەڵ "بابیاکۆف" کۆمسێری پیشەی نەوتی یەکیەتی سۆڤیەت، بڕیاردرا "ئاز نەوت" بە هۆی نوێنەرایەتیی بازرگانیی سۆڤیەت لە ئێران، بایی 430 منات "منات پارەی ئازەربایجان بوو- وەرگێڕ" ئامێر و کەرەستەی زەوی کۆڵین بە

ئازەربایجان بفرۆشێت. بە گوێرەی ئەو پەیمانە، دەبووایە حکومەتی نەتەوەیی لە ماوەی سێ مانگدا نرخی ئەو ئامێر و کەرەستانە بە پارە یان بە کاڵا بداتەوە.

بە دوای بڕیاری حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان سەبارەت بە بازرگانیی دەرەوە، باقرۆف لە نامەیەکدا بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤی نوسی: لە هەلومەرجی ئێستادا ئیمزا کردنی پەیمانی بازرگانیی بۆ سۆڤیەتییەکان ڕێیەکی دەرباز بوونە لە هەلومەرجی پێشهاتوو. ناوبراو دەڵێت: بە بڕیاری ئێوە کە لەلایەن "ئاناستاس میکۆیان"وە بە ئێمە گەیشت، ئێمە بە حکومەتی نەتەوەییمان ڕاسپارد کە دەربارەی مافی سەربەخۆیی بازرگانیی دەرەوە، ماددەیەک لە دەستوری هەمیشەییدا بگونجێنن، بەڵام ڕێبەری حکومەتی نەتەوەیی بە دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ نوێنەرانی بازرگانان و مالیکان، ڕایگەیاند، چونکە لە بڕیارەکەدا ناوی یەکیەتی سۆڤیەت نوسراوە، دەقی ئەواوی ئەو بڕیارە لە چاپەمەنییەکاندا بڵاونەکرێتەوە. میرجەعفەر باقرۆف پێشنیاز دەکات ڕادەی کڕینی کاڵا لە ئازەربایجانی ئێران گەشەی پێبدرێت، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی کاتییش بێت 50- 60 میلیۆن ریال بە بانکی نەتەوەیی ئازەربایجان قەرز بدرێت بەو مەرجەی بەجێی قەرزەکەی کاڵا بداتەوە. لەگەڵ حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانیی ئیمزا بکرێت. لە کۆتایی نامەکەیدا، باقرۆف تەئکیدی کردووەتەوە کە پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان بۆ ئامادە کردنی لایحەی دەستوری هەمیشەیی، کۆمیسیۆنێکی پێکهێناوە و ماددەیەکی دەربارەی مافی سەربەخۆی بازرگانیی دەرەوە لەو یاسایەدا لەبەرچاوگرتووە(46).

بۆ نەهێشتنی بیکاریی لە ئازەربایجان و چارەسەرکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی لەوێ و هەروەها بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان دوو ئازەربایجان، باقرۆف ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی "پێداویستییەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بە هێزی کار" ڕەوانەی مۆسکۆ کرد. لەو ڕاپۆرتەدا

هاتبوو، بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمی نەوت پیویستیی بە 25- 30 هەزار کەس هێزی کار هەیە. ناوبراو پێشنیاز دەکات ڕێ بدەن ئەو کارگەرە پێویستانە لە ئازەربایجانی ئێرانەوە بێن کە لەوێ کێشەی بێکاریی هەیە. بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی زۆر لە ئازەربایجانەوە پەیوەندیمان پێوە دەگرن و هەروەها لەنێوان خەڵکی ئەوێدا ژمارەیەکی زۆر پسپۆری وەبەرهێنانی نەوت هەیە کە لێرە لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە بۆ ئێران دەرکراون. بە ڕای باقرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە 80- 85 هەزار ئازەربایجانیی، تا ڕادەیەک لە گوشاری بێکاریی ئەوێ کەم دەبێتەوە و هەروەها دەکرێت لە قۆناخەکانی دواییدا لەو کارگەرانەی دێنە ئێرە بۆ وەبەرهێنان نەوت و گەشەپێدانی ئازەربایجانی باشور کەڵکیان لێوەربگیرێ[47].

ڕۆژی 1946/1/16 (1324/10/26) بەڵگەیەک لەژێر ناوی "داخوازەکانی گەلی ئازەربایجان" بە ئیمزای پیشەوەریی، شەبستەریی، پادگان، بێریا و جاوید ئامادە کرا. لەو بەڵگەیەدا دەرەتانی کۆمارێکی سەربەخۆی نەتەوەیی - دیموکراتی لە ئازەربایجاندا بە گوێرەی ئەم پرنسیپانەی خوارەوە شیکرایەوە:

1- ناوی وڵاتی ئێمە کۆماری نەتەوەیی دیموکراتی ئازەربایجانە.

2- ئۆرگانەکانی ئەو کۆمارە دیموکراتییە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە دەنگی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

3- بۆ باسکردن سەبارەت بە دەستوریی هەمیشەیی و پەسەندکردنی کە چارەنوسی وڵاتی ئێمەی پێدەبەسرێتەوە، لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆڕی دامەزرێنەران بە شێوەیەکی دیموکراتیی پێکدێت.

4- دەستوری هەمیشەیی کۆماری نەتەوەیی دیموکراتی ئازەربایجان ئازادییەکانی بەیان، چاپەمەنی و ئایینی گشتیی هاووڵاتیانی دەستەبەر دەکات.

5- بۆ نزیککردنەوەی ئۆرگانەکانی دەوڵەتیی لەگەڵ کۆمەڵانی هەراوی گەل و بۆ پێکهێنانی حاکمیەتی نەتەوەیی لە سەرتاسەری ئازەربایجاندا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شار و شاۆچکە، ناوچە و ویلایەت پێکدێت تا چاودێریی گەل بەسەر کرداریی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا دابین بکرێت.

6- کۆماری نەتەوەیی دیموکراتی ئازەربایجان لە هەموو بوارەکاندا مافی مالکیەتی تایبەت بە ڕەسمی دەناسێت و لە هیچ هەوڵێک بۆ گەشەپێدانی ئابوریی و دەستەبەر کردنی ژیانی ئابوریی خەڵک کۆتایی ناکات.

7- بۆ چارەسەر کردنی دۆخی گوندەکان و بۆ دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی نوێی کشتوکاڵ، هەموو زەوییەکانی دەوڵەت و زەوی ئەو خاوەن موڵکانەی کە لە ئازەربایجان ڕایانکردوە، لەناو خەڵکدا دابەشدەکات.

8- بۆ چارەسەرکردنی نرخی بێکاریی لە وڵاتدا و بۆ لەناوبردنی دۆخی چینی کرێکار، بنکە پیشەییەکان چالاکتر دەکات و کارگە و کارخانەی نوێ دادەمەزرێنێت.

9- کۆماری نەتەوەیی دیموکراتی ئازەربایجان لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ کەڵکوەرگرتن لە سامانە گشتییەکان کە تا ئێستا بەهۆی سەرنج نەدانی دەوڵەتی ئێران بێسود ماونەتەوە، ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر. گەلی ئێمە گرنگایەتییەکی زۆر بەو مەسەلەیە دەدات و هیوادارە بە چارەسەرکردنیان، باری ئابوریی هەڵگەڕێنێتەوە.

10- لەو ڕوانگەیەوە کە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر لە سەدەکانی پەیتاپەیتادا وڵاتیان لە شارستانییەتی پێشڕەوی جیهان دورکردووەتەوە، کۆماری نەتەوەیی دیموکراتی ئازەربایجان، گەشەپێدانی زانست، تێکنیک و فەرهەنگ لە سەروی ئەرکەکانیدادەنێت.

11- ئێمە بە لەبەرچاو گرتنی زانیارییە مێژوویی، جوگرافیاییی و مرۆڤناسییەکان، ئەم شارانە خوارەوە لە چوارچێوەی کۆماری نەتەوەیی دیموکراتی ئازەربایجاندا دەبینین: تەورێز، ئەدەوێڵ، ورمێ، میاندواو، مەراغە، سەلماس، خۆی، مەرەند، میانە، ئەنزەلی، ماکۆ، ئەهەر، هێروئاباد، زەنگان، قەزوێن و هەمەدان. ئێمە سنورەکانی کۆمارەکەمان لەم نەخشەیەدا دیاریی کردووە کە لەگەڵ ئەم بەڵگەنامەیە. پتر لە 95% دانیشتوانی شار و گوندەکانی ناو ئەو نەخشەیە لە ئازەربایجانییەکان پێکهاتوون.

12- نەخشەکە خاکی کوردستانی باکوریش "مەبەست ڕۆژهەڵاتی کوردستانە- وەرگێڕ" لەخۆی دەگرێت. سنوری ئەو خاکە بە دوای دامەزرانی حکومەتی کوردستانی باکور دیاریی دەکرێت(48).

وا دەرکەوت کە ئەو بەڵگەنامەیە وەڵامێک بێت بۆ ڕاسپاردەکانی میرجەعفەر باقرۆف کە ڕۆژی 1945/12/13 (1324/10/10) ئاراستەی پیشەوەریی کردبوو. پێشنیازی باقرۆف بریتی بوو لەوە کە ڕێبەرانی فیرقە داخوازی خۆیان بە ڕونیی سەبارەت بە خودموختاریی یان سەربەخۆیی ڕابگەیەنن.

ڕۆژی 1946/1/22 (1324/11/2) حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شێوەی ڕەسمی خودموختاریی کوردستانی لە چوارچێوەی ئێراندا ڕاگەیاند. هەفتەییەک بەرلەو مێژوویە، "ئەڵایار ساڵحی" وەزیری ناوخۆ، بروسکەیەکی پێگەیشت کە ڕوسەکان ئەو کارەی کە لە ئازەربایجان کردوویانە، لە مهابادیش دووپاتیان کردوەتەوە و بروسکەیەکی تریشی لە ڕەشت پێگەیشت بوو کە باسی لە هەوڵی ڕوسەکان دەکرد بۆ ڕاگەیاندنی "کۆماری گیلان".



محەمەد قازی لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کوماری کوردستان دا

میرجەعفەر باقرۆڤ و پیشەوەریی لە سەرەتادا دژی ڕاگەیاندنی خودموختاریی لە کوردستاندا بوون. بە ڕای ئەوان باشتر ئەوە بوو کە لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا بە کوردەکان خودموختاریی فەرهەنگیی بدرێت، بەڵام چونکە کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا دامەزرا و ئەوەش بەشێک بوو لە بەرنامەی و ستراتیژیی یەکیەتی سۆڤیەت، میرجەعفەر باقرۆڤ هەوڵیدەدا ئەو پرۆسەیە بخاتە ژێر چاودێریی خۆی. کارگێڕانی ڕەوانەکراوەی ئازەربایجانی سۆڤیەت، چالاکانە بەشدارییان کرد لە پرۆسەی سیاسیی مهاباددا. تا هاوینی ساڵی 1946 سەبارەت بە دیارییکردنی سنورەکانی نێوان حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و "کۆماری کوردستان" و گەلێک دیاردەی تر لە

نێوان حكومەتى نەتەوەيى ئازەربايجان و كۆمارى كوردستاندا وتووێژ كرا[49].

لە سەرەتادا پەيوەنديى لەگەڵ كوردەكان دۆخێكى جێگير نەبوو. ڕۆژى 1946/1/29 (1324/11/9) ميرزا ئيبراهيمۆڤ و حەسەنۆڤ لە تەورێزەوە نامەيەكيان بۆ باقرۆڤ نوسى و لەودا ڕايانگەياند: **(پەيوەنديى نێوان ئازەربايجانييەكان و كوردەكان بەتايبەتى لە شارەكانى ورمێ و سندوس زۆر ئاڵۆزە. هەندێك سەرۆك عەشيرەتى كورد دەيانەوێ لە شارى سندوس كە 70% دانيشتوانى ئازەربايجانيى "قەرەپاپاخ" ن و لە ورمێ كە ژمارەيەكى كەمى كورد لێيە، حاكميەتى خۆيان داسەپێنن. لەم دوايانەدا زانيومانە كە نورى بەگ و زێڕۆ بەگ سەركردەكانى كورد، خەڵكى ورمێ ناچار دەكەن كە بچن لە ڕيزى حيزبى ديموكراتى كوردستانەوە. هەرچەندە ڕێبەرانى ئێستاى كورد باس لە "ئازاديى كورد" و "كوردستانى گەورە" دەكەن، بەڵام لە ڕاستيدا ئەوان بەتەواوى لايەنگرى ڕاگرتنى سيستەمى دەرەبەگايەتين.)**.

هەيئەتى سێ كەسەى ڕێبەريى لە تەورێز بۆ چاودێريى كردن لە كارەكانى كوردستان چەند پێشنيازى ئاراستەى كرد. ميرجەعفەر باقرۆڤ فەرمانى پێدان كە دژى ئەو سەرۆك عەشيرەتانەى ئازەربايجان و ئەو كوردانەى كە پەرە بە ناكۆكى نەتەوەيى دەدەن و ماڵ و سامانى خەڵك تاڵان دەكەن، بە توندى هەڵسوكەوت بكەن. بە فەرمانى باقرۆڤ، نەسير داداشۆڤ فەمانبەرى پێشوى وەزارەتى ناوخۆى ئازەربايجانى سۆڤيەت، لەژێر ناوى فەرمانبەرى بازرگانيى و مەليك ئەسلانۆڤ لە پلەى بەڕێوەبەرى نەخۆشخانەى سۆڤيەت، بۆ چاودێريى كردنى بەسەر كارەكاندا لە مهاباد جێگيركران[50].

فەرمانبەرانى ئازەربايجانى سۆڤيەت كە لە شارەكانى ئازەربايجان و زۆربەى شارەكانى ئێراندا خەريكى كارى ديپلۆماتيى بوون، يارمەتيان بە حكومەتى نەتەوەيى ئازەربايجان دەدا. "ب. سەيدزادە" و "ن.

قولیییۆڤ" فەرمانبەرانی کۆنسولگەریی سۆڤیەت لە تەورێز لە نامەیەکدا بۆ باقرۆڤ، نوسیان: **(هەموو فەرمانەکانت لە پەیوەندیی لەگەڵ ئازەربایجانی باشور بە ئەنجام دەگەن. بەپێی فەرمانی کۆمیساریای کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت، ئێمە دەربارەی بزوتنەوەی ئازادییخوازانەی نەتەوەیی و ڕووداوە سیاسییەکانی ئازەربایجان، بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕاپۆرت ئاراستەی مۆسکۆ دەکەین. ئێمە لە ڕاپۆرتەکانماندا هەوڵدەدەین لایەنە نەتەوەیی و ئازادییخوازییەکانی بزوتنەوەی ئازەربایجان و ویست و ئیرادەی گەلی ئازەربایجان، سەبارەت بە خەبات بۆ سەربەخۆیی ڕابگەیەنین. تا دەسپێکردنی بزوتنەوەی دیموکراتی و لە سەردەمەکانی دواتریشدا، بیروبۆچون و بەتایبەتی زانیارییەکانمان کە دەربارەی پیشەوەریی کۆمان کردبووەوە، بە کۆمیساریای کاروباری دەرەوەی سۆڤیەتمان ڕاگەیاند. دوای پێکهاتنی هەیئەتی سێ کەسەی ڕێبەریی لە تەورێز، ئێمە هەوڵدەدەین لە نێوان ڕاپۆرتەکانی ئێمە و ئەواندا بۆ مۆسکۆ، جیاوازیی نەبێت. ئێمە بە ئەرکی خۆمان دەزانین کە بە گوێرەی توانا، پلە و دەرەتانی ڕێبەرانی حکومەتی نەتەوەیی و لەوانە پلەی پیشەوەریی لە دەزگای ڕێبەرییدا بەرز بکەینەوە و لە بڕیارەکانماندا یارمەتی بە حکومەت بکەین[51].)**

ڕاگەیاندنی خودموختاریی کوردستان لە مهاباد، ئەرمەنەکانی دانیشتوی دەوروبەری ورمێی بە زەوق هێنا. ئاواتیان بۆ بەدەستخستنی خودموختاریی، بەشێک بوو لە پرۆگرامی ئەرمەنستانی گەورەیان. لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا، "ئا. س. عەلیزادە" جێگری کۆمیسێری کاروباری دەرەوەی ئازەربایجانی سۆڤیەت، ڕۆژی 1946/1/28 (1324/11/8) ئەم ڕاپۆرتەی ڕەوانەی باقرۆڤ کرد: کاتێک بۆ ئەنجامی مەئموورییەتێک چووبووم بۆ مۆسکۆ، ڕۆژێک کاتی فراوین لە ڕەستوران توشی هاوڕێ "کاراپتیان" کۆمیسێری کاروباری دەرەوەی ئەرمەنستان بووم. لە سەر مێزی نان خواردن، باسەکەمان کێشرایە سەر

ئەرمەنەکانی دەرەوەی ئەرمەنستانی سۆڤیەت. کاراپتیان گوتی تەنیا ئەرمەنەکانی باشوری ئێران کۆچ دەکەن و لە کاتی کۆچەکەیاندا، بەشێکیان لە باکوری ئێران دەمێننەوە. بیرلەوە دەکەینەوە کە لەو ناوچانەدا، خودموختاریی بۆ ئەرمەنەکان دەستەبەر بکەین. ئەو گوتی 120 هەزار ئەرمەن لە باکوریی ئێران دەژین. بە وتەی ئەو، لە دەوروبەری ورمێ گوندی ئەرمەن نشین هەن کە لە کۆنەوە ناوی ئەرمەنییان هەیە. کاتێک "س. ی. سیچۆڤ" بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیی کۆمیساریای کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت هات و لە مێزی ڕوبەڕووی ئێمە دانیشت، کاراپتیان ڕوی تێکرد و گوتی:

- **(کۆچ پێکردنی ئەرمەنەکان لە ئێران، تەنیا ئەرمەنەکانی باشور دەگرێتەوە و ئێمە ڕێگە نادەین کە ئەرمەنەکانی باکوریی ئێران کۆچیان پێبدرێت[52].)** چونکە باکۆ و ڕێبەرانی تەورێز بە جیددی چاودێریی ئەو دیاردەیەیان دەکرد، ئەرمەنەکان لە بەڕێوەبردنی پلانەکەیاندا سەرنەکەوتن.

سەیدجەعفەر پیشەوەریی سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان لە نامەیەکدا داوای لە میرجەعفەر باقرۆڤ سکرتێری گشتیی کرد، فەرمانبدات بیست هەزار مەلافە، دە هەزار جووت چەکمە، پێنج هەزار بارانیی، دە هەزار دەست بەرگی سەربازیی بۆ سوپای نەتەوەیی بفرۆش. باقرۆڤ لە نامەیەکدا داوای لە ستالین و مۆلۆتۆڤ کرد کە ئیزن بدەن وەڵامی پۆزەتیڤ بە داوای پیشەوەریی بدرێتەوە[53].

دەربارەی ناردنی چەک بۆ ئەو سوپایە، دەبێ بگوترێت کە لە مانگی ئۆکتۆبەری 1945 وە تا یانواریی 1946، 110 هەزار و 516 تفەنگی "مووزر"، 350 دۆشکە، 87 تفەنگی ئوتومات، 1086 دەمانچە، 3000 خۆمپارە و 2 میلیۆن و 651 هەزار و 416 فیشەک ڕەوانەی ئازەربایجان کرا[54].


لەو نامەیەدا، پیشەوەریی سەبارەت بە دیارییکردنی سنورەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان پێیداگرت. ئەو لە پەیوەندیی لەگەڵ دەستنیشان کردنی هێمای دەوڵەتی ئازەربایجان بۆ باقرۆڤی نوسی: **(ئێمە لەو باوەڕەداین کە خاوەن هێمای دەوڵەتی خۆمان بین. بە ڕای ئێمە ئەو هێمایە دەتوانێ لە مەشخەڵ، کتێبی کراوە و دوو شمشیر پێکبێت. ئێمە دەمانەوێت لەم بارەیەوە ڕای ئێوە ببیسین.)**

لە وەڵامدا باقرۆڤ ڕایگەیاند: دەکرێ بیرلەوە بکرێتەوە کە هێمای دەوڵەتی ئازەربایجان لە دوو شمشیریی ئەفسانەیی "شمشیری میسریی، هیمای خەبات و قارەمانەتی"، لەنێوان شمشیرەکاندا وێنەی مەشخەڵ "هێمای ئازەربایجان- وڵاتی ئاگر" ببینین کە بە گەڵای زەیتون دەوریان گیرابێت و لە ژێریاندا ئاڵای سور بە هێمای سەرکەوتن دانرابێت.

پیشەوەریی لە نامەکەیدا داوای لە باقرۆڤ کرد بوو سەبارەت بە کڕینی ئامێر و کەرەستەی پێویست لە باکۆ، بۆ قیلەتاو کردنی کۆڵانەکانی تەورێز، ناردنی کارناس و پسپۆڕی ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە و کردنەوەی وێستگەی ڕادیۆ تەورێز یارمەتیان بکات. نامەی پیشەوەریی بەم وتانە کۆتایی هات: **(جوتێک مافورەم بۆ ناردی، داوا دەکەم ئەو دیارییە وەک نمونەیەک لە کاری وەبەرهێنانی مامۆستا پیشەکارەکانی تەورێز قبوڵ بکەن[55].)**

پیشەوەریی لە نامەکانیدا بۆ باقرۆڤ، گرنگیی زۆری بە چاپکردنی پارە لە لایەن حکومەتی نەتەوەییەوە دەدا. ئەو لەو نامەیەدا دەنوسێت: **(لە پەیوەندیی لەگەڵ مەسەلەی ئابورییدا داوا دەکەم ئیزن بدەن کە ئێمە پارەی خۆمان هەبێت. ئێوە دەزانن کە ئێمە پارەیەکی کەممان هەیە. ئەگەر ئازەربایجان پارەی خۆی هەبێت، دەتوانێ کاڵاکانی بفرۆشێت. ئەگەر سەد میلیۆن "منات" پارە چاپ بکەین، کارەکانمان ڕێی خۆیان دەدۆزنەوە و قەرزەکانمان دەدەینەوە. ئەگەر پارەی ئێران چاپ بکەین، دەکەوینە بەر ڕەخنە جیهان. ئێمە سێ بانکمان هەیە کە بەجیددی کار**

**دەکەن. دەربارەی شوێنی چاپکردنی پارە، ئێوە بڕیار بدەن. لە تەورێز دەرەتانی ئەو کارە نییە[56]).**




نمونەی پارەی پێنج قرانیی چاپی فیرقەی دیموکرات

لە ڕۆژانی 28 و 30 یانواریی 1946 (8 و 10 ڕێبەندانی 1324) شکاتی ئێران لە یەکیەتی سۆڤیەت، لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەکاندا کەوتە بەرباس. لە بڕیارنامەی ئەو شورایەدا بە ئێران ڕاسپێردرا کە بە وتووێژی ڕاستەوخۆ، ڕێگە چارەی کێشەکە بدۆزنەوە.

ڕۆژی 1946/1/26 (1324/11/6) مەجلیسی شورای میللی ئێران دەست لەکار کێشانەوەی "حەکیم ئەلمولک"ی قبوڵ کرد و ڕۆژی 1946/1/27 بە قەوامولسەڵتەنەیان ڕاسپارد کە دەوڵەتی نوێ پێکبهێنێت. ڕۆژی 1946/1/31 ئەحمەد قەوام دەستی بەکار کرد.

## فیبرواریی 1946، سەفەری قەوامولسەڵتەنە بۆ مۆسکۆ

ڕۆژی 1946/2/4 (1324/11/15) ڕۆسۆ کۆنسولی ئەمریکا لە تەورێز جارێکی تریش چاوی بە پیشەوەریی کەوت. ئامانجی ئەو دیدارە بە رواڵەت پێکهێنانی ئاسانکاریی بازرگانیی ئەرمەن بوو بۆ ناردنی کاڵا بۆ ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی دروستیی گفتوگۆکان دەربارەی زنجیرەیەک دیاردەیی سیاسیی بوو. ڕۆسۆ لەو دیدارەیدا پرسی:

**- (بە گوێرەی پەیمانی سێ لایەنە، هێزە هاوپەیمانەکان دەبێ لە مانگی مارسدا ئێران بەجێهێڵن، بەڵام بە ڕای من کە پێشتر سەرباز بووم، بۆ بردنە دەرەوەی هێزەکان چەند مانگ کاریی سەرەتایی پێویستە. لە کاتێکدا لێرە کاری پێشوەخت بۆ بردنەدەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت نابیندرێت. ڕای ئێوە دەربارەی چوونەدەرەوەی هێزەکانی بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە چییە؟).** پیشەوەریی وەڵامێکی کورت و زیرەکانەی بەو پرسیارەی کۆنسول دایەوە:

**- ( ئێمە ئەو هێزانەمان بانگهێشت نەکردووە و جێگیربوونیان لە ئێران پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندی و هاوپەیمانەکانەوە هەیە. تا ئەو جێیەی کە ئەو هێزانە دەست لە کاروباری ئێمە وەرنەدەن، مانەوەیان لێرە مەترسیی بۆ حکومەتی نەتەوەیی نییە. سەرئەنجام سەبارەت بە گەڕانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، ئێوە دەتوانن زانیاریی لە دەوڵەتی خۆیان وەرگرن.).**

ڕۆسۆ دەربارەی ئامانجی حکومەتی نەتەوەیی لە پێکهێنانی پەیوەندییەکانی بازرگانیی سەربەخۆ لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە، ڕایگەیاند ئەو کارە دژی یاسا نێونەتەوەییەکانە. ئازەربایجان لە چوارچێوەی ئێران دایە و بازەرگانیی دەرەوە، یەکێکە لە ئەرکەکانی دەوڵەت. پیشەوەریی لە وەڵامی کۆنسولدا گوتی:

**- (حکومەتی تاران بە لە تەنگژە خستنی ئابوریی و بازرگانیی ئازەربایجان لەو فیکرەدایە کە گەلی ئازەربایجان بێدەنگ بکات. لەبەر ئەوە ئێمە پێکهێنانی بازرگانیی سەربەخۆی ئازەربایجان لەگەڵ دنیای دەرەوە بە پێویست دەزانین. ئەوە بە قازنجی گەلی ئێمەیە و بازرگان و خاوەن موڵکەکانیش ناچار بەو کارە دەکات.).**

ڕۆسۆ لە کۆتایی دیدارەکەیدا لەگەڵ پیشەوەریی پرسی: **(ڕای ئێوە دەربارەی وتوویژی لەندەن چییە؟) "مەبەست لە وتوویژی شورای ئەمنییەتە- وەرگێری ف"** پیشەوەریی ئەم وەڵامەی دایەوە: **(کێشەی ئازربایجان دەبێ لە ناوخۆی ئازەربایجاندا چارەسەر بکرێت. حکومەتی تاران بە گواستنەوەی ئەو کێشەیە لە چوارچێوەی ئێران، خیانەتی بە هەموو گەلانی ئێران کردووە. ئازەربایجان چارەنوسی خۆی بە دەست گرتووە و نایەوێت پاشەکشە لە بڕیاری خۆی بکات و بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی لە پێشکەش کردنی قوربانیی ناترسێت[(57)].)**

ڕۆسۆ هەر ئەو ڕۆژە ڕاپۆرتێکی دەربارەی وتوویژی خۆی لەگەڵ پیشەوەریی ڕەوانەی واشنتۆن کرد. ڕۆژی 7ی فیبرواریی، باقرۆف پرۆتکۆڵی بە پەلە نوسراوی ئەو وتوویژەی ئاراستەی ستالین و مۆلۆتۆف کرد. وەڵامی پیشەوەریی بە ڕۆسۆ بە ڕادەیەک جێی پەسەندی باقرۆف بوو کە ئەو پرۆتکۆڵەی بەبێ هیچ ڕونکردنەوەیەک ڕەوانەی مۆسکۆ کرد.

وتاری ڕۆژی 1946/2/9 (1324/11/20) ستالین لە مۆسکۆ دەستپێکی سەرهەڵدانی ئاڵۆزیی لە نێوان هاوپەیمان بە دوای کۆتاییهاتنی جەنگدا بوو. لەو مانگەدا مۆسکۆ ئیزنیدا بڕیاری پێکهاتنی گروپە فیداییەکان لە ئازەربایجان و یاسای پەسەندکراوی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان دەربارەی پێکهێنانی سوپای نەتەوەیی لە چاپەمەنییەکاندا بڵاوبکرێنەوە. ئەو یاسانە ڕۆژی 1946/2/7 لە ڕۆژنامەی ئازەربایجاندا بڵاوکرایەوە و پێکهاتنی سوپای گەل ڕەسمیەتی پەیداکرد. بۆ یارمەتیدان بەو پێکهاتەیە لە سەرەتای مانگی فیبرواریدا، 104 ئەفسەری

ئازەربایجان بە پەلە لە باکۆوە ڕەوانە کران. لەنێوان ئەو ئەفسەرانەدا، سەروان سەلاحەدین کازمۆڤ، سەرگورد خدر مستەفایۆڤ و ژەنەڕاڵ تەرلان عەلیاربەگۆڤ دەبینران کە قارەمانانی یەکیەتی سۆڤیەت بوون[58].



قەوامولسەڵتەنە لە کۆشکی گوڵستان

بەرلە ماوەیەک، سوپای چوارەی سۆڤیەت جێگیر لە باکۆ، 49 ئەفسەر و 32 کارمەندیی سیاسیی و 120 ئەفسەریی ئازەربایجانیی لە دەزگاکانی تایبەتەوە ڕەوانەی ئازەربایجان کردبوو. لە ڕاپۆرتێکدا کە باقرۆڤ لە مانگی فیبرواریدا ڕەوانەی مۆسکۆی کرد، ژمارەی فەرمانبەرانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە ئازەربایجان بە 720 ئەندام ڕاگەیاندبوو. ئەوانە لە بوارەکانی حیزبیی و شوراکان و بەشی فەرهەنگیی و سەربازییدا خەباتیان دەکرد. لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو، فەرمانبەرە

ڕەوانەکراوەکان بۆ ئازەربایجانی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشداریان کردوە لە پێکهێنانی گروپە پارتیزانەکان و عەمەلیاتی سەربازیی بە دژی کەسانی کۆنەپەرستدا. باقرۆڤ پێشنیازی کردبوو، دەوڵەت 500 لەو فەرمانبەرانە خەڵات بکات[59]. بە گوێرەی ئەو پێشنیازە، بە 79 کەس هێما و میدالیای جیاواز بەخشرا.

ئەرکی ئەسڵیی ئەندامانی ڕەوانەکراوی سوپا بۆ ئازەربایجان بریتی بوو لە یارمەتیدان بە دامەزراندنی یەکەکانی سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان. لە چوارچێوەیەدا 4600 کەس لە وەزارەتی سوپای نەتەوەیی بۆ ئەو مەبەستە لە پێنج گوردانی پیادە، لەشکرێکی تۆپخانە و گوردانێکی زرەیی لەبەرچاو گیرابوو. تیپی پیادە دەبووایە لە سەربازگەی مەراغە جێ بگرێت. پلان دانرابوو کە گوردانی یەکەم لە ورمێ، گوردانی دووەم لە میاندواو، گوردانی سێیەم کە هەوشار، گوردانی چوارەم لە زەنگان و گوردانی پێنجەم لە میانە جێگیر بکرێن. بۆ گوردانی تۆپخانە 62 تۆپ و بۆ گوردانی زرەیی 6 تانکی "چک ماراو" لەبەرچاو گیرابوو. فێرگەیەکی سێ مانگە بۆ ئەندامانی سوپا پێویست بوو. بە گوێرەی پرۆگرام دەبووایە تا یەکی مانگی یولیی 1946 سوپایەکی بە توانای جەنگیی لە ئازەربایجانی ئێران دابمەزرێت[60].

بە یارمەتی ئەفسەرە ڕەوانەکراوەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت، لە ماوەیەکی کورتدا، سوپایەکی ڕێکوپێک بە 17 هەزار ئەندام لە سەرانسەری ئازەربایجاندا دامەزرا و زانکۆی ئەفسەریی بۆ ئامادەکردنی ئەفسەر بۆ ئەو سوپایە پێکهات و 250 ئەفسەری بۆ سوپای نەتەوەیی پەروەردە کرد[61].

ژمارەیەک گەنج بۆ پەروەردە بوونی جەنگیی ڕەوانەی ئازەربایجانی سۆڤیەت کران. یەکەم عەمەلیاتی جەنگیی سوپای نوێی ئازەربایجان بە دژی چەکدارەکانی "زولفەقار" لە زەنگان بەڕێوەچوو. ڕۆژی 11 ی فیبرواریی، غولام یەحیا ڕەوانەی زەنگان کرا و ڕۆژی 17 ی فیبرواریی

(28 ی ڕێبەندان) سەرەڕای کەش و هەوای ناهەموار، عەمەلیاتی جەنگی دەستی پێکرد. لەو عەمەلیاتەدا 600 فیدایی بەشداریی کرد و دواتریش 200 فیدایی تریان لەگەڵ کەوت.

دوای ڕاگەیاندنی یاسای دامەزراندنی سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان، پێنج ئەفسەری سوپای ئێران هاتنە ڕیزی حکومەتی ئازەربایجانەوە و بەهۆی لێوەشاوەییان لە عەمەلیاتی نمونەدا، پلەی ژەنەڕاڵیان پێبەخشرا. لە بودجەی شەش میلیۆن ڕیاڵیی دا کە بەپێی بڕیاری مانگی یونیی 1945 ی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت، بۆ پێداویستییە جیاوازەکانی ئازەربایجان تەرخان کرابوو، تا ڕۆژی 20 فیبرواریی 1946، سێ میلیۆن و 624 هەزار و 562 ڕیال سەرف کرابوو. ئەو پارەیە بە فەرمانی نوسراوەی یملیانۆڤ جێگری کۆمیسێری ئەمنیەتیی ئازەربایجانی سۆڤیەت درابوو بە ئاتاکیشیۆڤ، کەریمۆڤ، سادق پادگان، حەسەن حەسەنۆڤ، ناسف ئیسماعیلۆڤ بەڕێوەبەری بەشی تەورێزی "رووس – ئێران بانک"، ژەنەڕاڵ شەفرانۆڤ جێگری فەرماندەی سوپای سێیەم، ئەحەد یەعقوبۆڤ، سەلمان قاسمۆڤ، ژەنەڕاڵ یڤان ماسلنیکۆڤ، میزا ئیبراهیمۆڤ و ...تد(62).

پەرلەمانی نەتەوەیی لە مانگی فیبرواریی دا کۆمەڵێک یاسای دەربارەی دابەشکردنی زەوی و موڵکی دەوڵەت و زەوی و موڵکی ئەو خاوەن موڵکانەی پەسەندکرد کە دژی حکومەتی نەتەوەیی هەڵدەسوڕێن. لە قۆناخی یەکەمدا، 260 هەزار دۆنم زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەشکرا(63).

دەربارەی یارمەتیکردن بە گەشەپێدانی کشتوکاڵ لە ئازەربایجان، میرجەعفەر باقرۆڤ بۆ شورای وەزیرانی یەکیەتی سۆڤیەتی نوسی: **(پیشەوەریی و شەبستەریی داوا دەکەن بۆ بەرێخستنی کشتوکاڵ لە ئازەربایجان، دە تراکتۆر بە هەموو ئامێر و کەرەستەی یەدەکەوە بە حکومەتی نەتەوەیی بفرۆشرێت. لەو ڕوانگەیەوە کە بینینی ئەو**

**تراکتۆرانە لە گوندەکاندا بە ڕووداوێکی گرنگ دەژمێردرێت، من لەگەڵ ئەوەدام کە بە پیشەوەریی و شەبستەریی وەڵامی پۆزەتیڤ بدرێتەوە. داوا دەکەم دەربارەی فرۆشتنی ئەو تراکتۆرانە بە ئازەربایجانی باشور هەڵسەنگاندنی پێویست بکەن[64]).**

کاتی باسکردن دەربارەی کابینەی قەوامولسەڵتەنە لە مەجلیسی شورای میللی، دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەت لە تاران بە فراکسیۆنی حیزبی تودە لە مەجلیسی ڕاسپارد کە پشتی کابینەی ناسێنراوی قەوام بگرن. لە ئەنجامی ئەو بڕیارەدا قەوامولسەڵتەنە توانی بکەوێتە پێش موتمەنلولمک[65] و بە یارمەتی سۆڤیەتییەکان بە دەسەڵات بگات.

قەوامولسەڵتەنە ڕۆژی هەژدەی فیبرواری، لە کاتی پێشکەش کردنی پڕۆگرامەکەی بە مەجلیس، گوتی پەیوەندیی نێوان ئێران و سۆڤیەت دەبێ لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەن لە یەکتر دابنرێت. هەرکە کابینەکەی لە لایەن مەجلیسەوە متمانەی پێبەخشرا، بروسکەیەکی پیرۆزبایی لەلایەن ستالینەوە پێگەیشت. قەوام لە وەڵامی ئەو بروسکەیەدا نوسی بە ئاواتە بە سەرۆکایەتی لیژنەیەک بچێتە مۆسکۆ و بەشداریی وتووێژی نێوان سۆڤیەت و ئێران بکات. هەر ئەو ڕۆژە، ستالین بانگهێشتی کرد و ئەویش لە ماوەی بیست کاتژمێردا ڕایگەیاند، دەچێتە مۆسکۆ[66].

حەکیم ئەلمولک سەرۆکوەزیرانی پێشو چەندان جار داوای کردبوو بچێتە مۆسکۆ، بەڵام ڕوسەکان بانگهێشتیان نەکرد. مەجلیسی ئێران، سەفەری قەوامی بە دەستکەوتێکی باش هەڵسەنگاند و هیوای خواست ڕێککەوتنێک سەبارەی بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران ئیمزا بکرێت. ئەندامانی لیژنەی ئێران بۆ وتووێژ، بریتی بوون لە: عەبدولحوسێن نیکپوور بەڕێوەبەری خانەی بازرگانیی، حوسێن پیرنیا، ئەسعەدی و کازم سیاح لە وەزارەتی دەرەوە. جگە لەوانە ڕەزازادە شەفەق، جەواد ئەمیری، حەبیبوڵا دڕی، سەرلەشکر شەفایی و

ڕۆژنامەنوسان عەمید نوری و جیهانگیر تەفەسولی یاوەرانی سەرۆکوەزیران بوون.

قەوامولسەڵتەنە لە کاتی سەفەرکردنیدا بۆ مۆسکۆ، دوو ڕۆژنامەی یاساخکراوی بە ناوەکانی "رهبر" ئۆرگانی حیزبی تودە و "ظفر" ئۆرگانی ناوەندیی سندیکاکانی کارگەریی ئازاد کرد و فەرمانیدا قفڵی دەرگای کلوبی حیزبی تودە و سندیکای کارگەران بکەنەوە. قەوام بە ئەندامانی حکومەتەکەی ڕاگەیاند، تا گەڕانەوەی لە مۆسکۆ، لە مەجلیسدا باس لە هیچ دیاردەیەک نەکەن.

لە مۆسکۆ، مۆلۆتۆف جێگری سەرۆکی شورای کۆمیسارییای یەکیەتی سۆڤیەت و کۆمیسێری کاروباری دەرەوە و جێگرەکەی دکانازۆف، سیچێف بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی کۆمیسارییای دەرەوە پێشوازیان لە قەوامولسەڵتەنە کرد. بە هۆی نەخۆش بوونی مەجید ئاهی سەفیری ئێران لە مۆسکۆ، هاوسەری ناوبراو لەگەڵ ئیحتشامی ڕاوێژکاری سەفارەت بۆ پێشوازییکردن هاتن. لەنێوان پێشوازیکەراندا سەفیری تورکیا، کارداری سەفارەتی بریتانیا و کارداری سەفارەتی ئەمریکا دەبیندران. قەوامولسەڵتەنە لە وتارێکی کورتدا لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ، گوتی:

**- ( زۆر خۆشحاڵم کە وەک دۆستێکی خۆشەویست هاتوومەتە پایتەختی وڵاتی دۆستمان. گومان لەوەدا نییە کە ئێمە لێرە دەتوانین لەگەڵ دراوسێی گەورەمان یەکیەتی سۆڤیەت پەیوەندیی نزیک و دۆستانە دابمەزرێنین.).**

لیژنەی ئێرانیی 19 ی فیبرواری تا 7 ی مارس لە مۆسکۆ و لە 8- 10 مارس لە باکۆ بوو. وتووێژە بنەڕەتییەکان لەگەڵ مۆلۆتۆف بەڕێوەچوون و قەوام دوو جاریش چاوی بە ستالین کەوت. وتووێژەکانی 20 - 23 ی فیبرواری لەگەڵ مۆلۆتۆف و 21 ی فیبرواریی لەگەڵ ستالین زۆر دژوار بوون. قەوام لە هەردوو دیداردا، دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێران

تـــا ڕۆژی 1946/3/2 (1324/12/11) بــــە یارمەتییـــەکی دەرونیـــی سۆڤیەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان و دیاریی کردنی سەفیری نوێی سۆڤیەت ناوبرد. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، ستالین کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێران بە پەیمانی ساڵی 1921 بەستەوە. قەوام جیاوازیی نێوان ئەو دوو پەیمانەی بە ڕای ستالین گەیاند. ستالین دواتر پەنجەی بۆ "پەیوەندیی دوژمنکارانەی" لیژنەی نوێنەرایەتی ئێران لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە ساڵی 1919 ڕاکێشا و قەوام بە تەنیا ئاماژەی بۆ ناوی "مشاورلممالک" سەرۆکی لیژنەکە کرد. (سمسامولسەلتەنە سەرۆکوەزیرانی ئێران لە یادداشتێکدا بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان، داوای کردبوو، قەفقاز و تورکمانستان لەگەڵ ئێران بخرێن- وەرگێڕی ف.)

ستالین لە ڕەوتی گفتوگۆکاندا پەردەی لەسەر ویستی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ڕاگرتنی هێزەکانی لە ئێران هەڵگرت و گوتی لەگەڵ ئەوەشدا کە ئازەربایجانییەکان داوای سەربەخۆیی ناکەن و تەنیا خودموختاریان دەوێت، بۆچی ئێران لەو بارەیەوە بە پەرۆش دەبێت؟ ستالین تێیگەیاند لە هەر حاڵەتێکدا سۆڤیەت تێکەڵاوی ئەو کێشەیە بووە و ناتوانێت خۆی لێ دەراوێت. قەوام گوتی بە گوێرەی دەستوری هەمیشەیی ئێران، خودموختاریی ئازاد نییە و ئەگەر بە ئازەربایجان خودموختاریی بدرێت، ویلایەتەکانی تریش داوای خودموختاریی دەکەن.

لە ڕەوتی ئەو گفتوگۆیانەدا، مۆلۆتۆڤ پێشنیازی کردبوو کە وەزارەتەکانی دەرەوە و جەنگی ئێران، ڕژێمی ئازەربایجان بە ڕەسمی بناسن کە قەوام ئەو پێشنیازەی قبوڵ نەکرد. بە ڕای قەوام، کێشەی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی لە چوارچێوەی یاسادا چارەسەردەکرێت. لەو گفتوگۆیانەدا ستالین و مۆلۆتۆڤ گوتیان لەگەڵ ئەوەشدا کە لێبوردویی هەیە لە بەرامبەر بریتانیادا، سەبارەت بە سۆڤیەت سیاسەتی جیاوازیی

بەڕێوەدەچێت. لەو بارەیەوە قەوام پەنجەی بۆ بڕیاری مەجلیسی شورای میللی ڕاکێشا کە دانی ئیمتیازی نەوتی یاساخ کردووە.

کاتێک قەوامولسەڵتەنە ئاماژەی بۆ ڕای نیگاتیڤی دەوڵەتی گەورەی سوڤیەت سەبارەت بە ئێران کرد، ستالین و مۆلۆتۆڤ وەڵامیان دایەوە و گوتیان: **(بۆ ئێمە گرنگ نییە کە بریتانیا و ئەمریکا چۆن بیر دەکەنەوە. ئێمە لەوان ناترسین[67].)**.

میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ دەربارەی دەنگدانەوەی وتووێژی مۆسکۆ لە ئازەربایجان، چەندان ڕاپۆرتیان ڕەوانەی باکۆ کرد. سێ ڕۆژ دوای دەستپێکردنی وتووێژ لە مۆسکۆ، باقرۆڤ بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤی نوسی: **(لە ئازەربایجانی ئێران ڕای گشتی لە سەفەری قەوام بۆ مۆسکۆ دەکۆڵێتەوە. لایەنی کۆنەپەرستەکان هیوادارن قەوام بتوانێ لە وتووێژەکانیدا بۆ کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەی دیموکراتی لە ئازەربایجاندا هاودەنگی بەدەست بهێنێت. کۆمەڵانی خەڵکی لایەنگری دیموکراسی دڵنیان کە یەکیەتی سۆڤیەت ئەو دەرەتانە بۆ قەوام نارەخسێنێت کە بەرژەوەندەکانی ژیانی ئازەربایجان لە مەترسی بخات. لەگەڵ ئەوەشدا هەست و بیرکردنەوەی ڕاچلەکێنهێنەر دەکرێت. دیموکراتەکان، قەوام بە دوژمنی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئێران دەناسن. ئەوان بە پەرۆشن و دەترسن قەوام متمانەی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. لە ساڵی 1908 دا کە شۆڕشی نەتەوەیی لە ئازەربایجان تێکدرا، قەوام وەزیری ناوخۆی ئێران بوو. هەروەها کاتێک لە ساڵی 1920 دا بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی گیلان تێکشکێنرا و میرزا کوچک خانیان کوشت، قەوام ئەندامی حکومەت بوو[68].)**.

ڕۆژی 1946/2/24 (1324/12/15) قەوام لە یادداشتێکدا کە ئاراستەی مۆلۆتۆڤی کرد، بە دوای دووپاتکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی دەربارەی دیاردە باسلێکراوەکان، نوسی:

- (بە ڕای من بە مەرجی پاراستنی سەربەخۆیی و تەواویەتی ئەرزیی ئێران، بە بەڕێوەبردنی ئەم چاکسازییانەی خوارەوە، کێشەی ئازەربایجان چارەسەر دەکرێت:

1- هەموو ئەو کەسانەی دەستیان هەبوو لە چالاکیی پێکهێنانی خودموختارییدا لێبوردنی گشتیان بۆ دەردەچێت.

2- هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتیی کە لەودا بەو مافانەی خوارەوە دەگەن بە زوویی بەڕێوەبچێت.

ئا- مافی چاودێریی کردن بەسەر بودجەی ناوچەدا، باجە وەرگیراوەکان و سەرفکردنیان.

ب- مافی دانانی ڕادەی باجەکان بۆ پێداویستییەکان و چاکسازیی ناوچەیی وەک دروستکردنی جادە، پەروەردەی گشتی، تەندروستی و شتی تر.

پ- مافی چاودێریی کردن بەسەر فرۆشتن، گۆرینەوە و سپاردنی موڵک و سامانە دەوڵەتییەکان بە پارێزگای ئازەربایجان بە گوێرەی ئەم یاسایانەی کە هەیە.

ت- مافی دەربڕینی بیروڕا لە کاتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەران بۆ دەزگا و پێکهاتەکانی دەوڵەتیی وەک شارەوانیی، پەروەردە، تەندروستی، شارەبانیی و تەنانەت دیارییکردنی پارێزگا.)

لە کۆتایی یادداشتەکەیدا، قەوام نوسی: **(بە هەر حاڵ بە ڕای من مەرجی پێویست بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەک چاکسازیی لە سەرانسەری وڵاتدا، پێکهاتنی زەمینەیە بۆ دەستەبەر کردنی دۆستایەتییەکی ڕاستین لەنێوان ئێران و سۆڤیەتدا و گەشەپێدان و چارەسەرکردنی کێشەی ئابوریی بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بەستراوەتەوە. نەتەوەی ئێران پشتیوانی لەم سیاسەتە دەکات[69].)**

مۆلۆتۆف لە وەڵامی ئەو یادداشتەی قەوامدا، بیروبۆچوونی یەکیەتی سۆڤیەت کە لە وتوویژەکاندا باسیان لێکرابوو بە نوسراوە ڕون دەکاتەوە. ئەو سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان دەنوسێت:

1- لە پارێزگای ئازەربایجان خودموختاریی پێکبێت. خودموختاری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان و لە لایەن ئەنجومەنی ئەیالەتییدا لە ویلایەت، بە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی لە لایەن ئەنجومەنی ویلایەتیی دەست بە کار بکات. هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان لە چوارچێوەی پەیڕەوێکی پەسەند کراودا بەئەنجام بگات کە بۆ هەڵبژاردن لە ئازەربایجان ئامادە دەکرێت. حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان بۆخۆی سەرۆکوەزیران، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی کار، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستیی و هەروەها شارەبانیی و داد و دادوەریی دەبێت.

2- بە خەڵکی ئازەربایجان مافی کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایک لە دەزگا و ئیدارە دەوڵەتییەکان و دادگاکاندا بدرێت و پەروەردە کردن بە زمانی دایک بێت. لە پەیوەندیی نێوان حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان و ناوەنددا لە زمانی فارسی کەڵکوەردەگیرێت.

3- سەرۆکوەزیرانی حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان لە هەمانکاتدا لە لایەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمی بە پارێزگاری ئازەربایجان دەناسرێت. فەرماندەکانی یەکە سەربازییەکانی ئازەربایجان ، بە هاودەنگیی حکومەتی ئەیالەتیی، لە لایەن دەوڵەتەوە دیاریی دەکرێن. یەکە سەربازییەکان و گروپە نەتەوەییەکان هاوئاهەنگ دەکرێن.

4- 70% ی داهاتی ئازەربایجانی ئێران بۆ بودجەی حکومەتی ئەیالەتیی ئازەربایجان لەبەرچاو دەگیرێت.

5- دەوڵەتی ئێران چالاکیی ئازادانەی فیرقەی دیموکرات، سندیکاکانی کارگەریی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە ئازەربایجان دەستەبەر دەکات.

6- کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای میللی، ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجانی ئێران لەگەڵ بەرز بوونەوەی ڕێژەی خەڵکی ئازەربایجان زیاد دەکرێت.

دوای ئەوە، مولۆتۆڤ دەربارەی کێشەی نەوت دەنوسێت: **(حکومەتی سۆڤیەت بە لەبەرچاو گرتنی داخوازی حکومەتی ئێران، پێشنیازی سپاردنی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران بە یەکیەتی سۆڤیەت وەردەگرێتەوە و لە جیاتی ئەو پێشنیاز دەکات کۆمپانیایەکی تێکەڵاوی سۆڤیەتیی- ئێرانیی بۆ پشکنین و وەبەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی باکوری ئێران دامەزرێت. بەشی سۆڤیەت لەو کۆمپانیایەدا 51% و بەشی ئێران 49% دەبێت.)**.

ڕای مۆلۆتۆڤ دەربارەت هێزەکانی جێگیریی سۆڤیەت لە ئێران بەم جۆرەبوو: **(دەوڵەتی سۆڤیەت دەیەوەێ لە دووەمی مارسی ئەمساڵدا دەست بکات بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە هەندێک ناوچەی ئێران و ئەوانی تر بە گوێرەی پەیماننامەی 26ی فیبرواریی 1921 بە شێوەی کاتیی بۆ ماوەیەک لە ئێران دەهێڵێتەوە. کاتێک هەموو هێزەکانی سۆڤیەت، ئێران بەجێدەهێڵێت کە دەوڵەتی ئێران کۆتایی بە دوژمنکارییەکانی سەبارەت بە سۆڤیەت بهێنێت و لە باکوریی ئێران ئارامیی پێکبێت و سیاسەتی دۆستانە لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بگرێتەبەر[(70)].)**.

چونکە قەوامولسەڵتەنە پاشەکشەی لە وتە و بۆچوونەکانی خۆی نەکرد، سادچیکۆڤ سەفیری نوێی یەکیەتی سۆڤیەت لە تاران ڕۆژی 1946/2/28 (1324/12/9) یادداشتێکی توندی ڕەوانەی قەوام کرد و لەودا هەموو پێشنیازە ئاشتییخوازەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی هەڵوەشاندەوە. سەرەڕای ئەوە، بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتیی جیهان، دەوڵەتی سۆڤیەت ڕایگەیاند کە ڕۆژی 1946/3/1 (1324/12/10) هێزەکانی خۆی لە مەشهەد، شارود و سمنان دەکێشێتەوە.

ڕۆژی 1946/3/3 (1324/12/12) قـــەوامیش یادداشـــتێکی تونـــدی بـــۆ مۆلۆتـۆڤ نـارد. لـە یادداشتـەکەیدا پشـتی بـە پـەیمانی ڕۆژی 1942/1/29 بـەست کە لـە تاران لـەنێوان دەوڵـەتانـی ئێران، سۆڤیـەت، ئینگلیـزدا ئیمـزا کرابوو و ویستـی هێزەکانـی سۆڤیـەت لـە هـەموو خـاکـی ئێران بکشێنـەوە[71].

گۆڕینـەوەی ئـەو یادداشتانـە لـە نێوان قەوامولسـەڵتەنە و کاربـەدەستانـی یـەکیـەتی سۆڤیـەت و هـەروەها دوا دیداری قـەوام لـەگـەڵ ستالین، ئاکـامی لێنـەکەوتـەوە. کاتێک لـە گفتوگۆکانـی قـەوام و مۆلۆتـۆڤ ئاکـام وەرنـەگیرا، قـەوام سکاڵای لـە ستالین کرد. ستالین بـە زەردەخـەنـەوە گوتـی:

**- (ئێستا تۆ باش لـە وەزعـی مـن دەگـەی. مـن بـە مرۆڤێکـی تونـد و قسـە لـەگـەڵ نـەهاتوو "انعطاف ناپذیر" ناسراوم، بـەڵام لـە نێوان ئێمـەدا کـەسیی هـەرە قسە لـەگـەڵ نـەهاتوو، مۆلۆتۆڤـە. دیارە لـە دۆخێکـی بـەم جۆرەدا مـن هـەوڵدەدەم لـەنێوان ئێوەدا ناوبژیی بکـەم. هیوادارم کاتێک سـەفیری مـن دەێتـە تاران، هـەڵگری چـەند هـەواڵـی خۆش بێت بۆتان[72].)**

# هەرێمی سەرهەڵدانی شەڕی سارد: ئازەربایجان، مارسی 1946

دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ، قەواموولسەڵتەنە ڕۆژی 1946/3/11 (1324/12/20)، بە وتارێکی کورت کۆتایی خولی چواردەیەمی ڕاگەیاند. سەرەڕای ئەوە بۆ پێخۆشبوونی مۆسکۆ سەید زیائەدین تەباتەبایی زیندانی کرد و سەرلەشکر ئەرفەع سەرۆکی نوسینگەی فەرماندەیی سوپای گۆڕی.

ڕۆژی 14 ی مارس، ئەحمەد یەعقوبۆڤ کارداری کاتیی سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران، چاوی بە قەواموولسەڵتەنە کەوت. یەعقوبۆڤ لەو دیدارەدا گوتی دەوڵەتی سۆڤیەت ئاگادارە کە ئێران هەوڵدەدات شکاتێک ئاراستەی شورای ئەمنیەت بکات. یەعقوبۆڤ گوتی ئەوکارە بۆ ئێران گران تەواو دەبێت و بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەوڵەتی سۆڤیەتەوە بە قەواموولسەڵتەنەی ڕاسپارد کە ئەم کارە نەکات. ڕۆژی دوایی قەوام نوێنەرێکی تایبەتی بە نهێنی ناردە سەفارەتخانەی ئەمریکا و بریتانیا. ئەو دەیویست بزانێ لە بەرامبەر مەترسییەکانی سۆڤیەتدا چی بکات و دەوڵەتانی ئەمریکا و بریتانیا چۆن هەڵوێستیک دەگرن. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئینگلیز بە سەفیرەکانی خۆیان لە تاران ڕاسپارد کە لە لایەن خۆیانەوە بە قەوام بڵێن جگە لە شکات کردن لە شورای ئەمنیەت، ڕێیەکی تر نەماوە[73].

ڕۆژی 14 ی مارس، باقرۆڤ لە جولفا چاوی بە پیشەوەریی، شەبستەریی و جاوید سەرکردەکانی فیرقەی دیموکرات کەوت. لەو دیدارەدا باقرۆڤ لە پەیوەندیی لەگەڵ هەلومەرجی نێونەتەوەییدا، بۆ یەکەم جار گومانی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە باکوریی ئێران

دەربڕی. باقرۆف تا ڕادەیەک بە دەقی ئەو پێشنیازانەی دەزانی کە بڕیاربوو چوار ڕۆژی تر سادچیکۆف ئاراستەی دەوڵەتی ئێرانی بکات.


حوسین عەلا ، سەفیری ئێران لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا

لە ڕاستیدا ئەو دیدارەی لەگەڵ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات بۆ ئەوە بوو کە لە بەرامبەر ڕووداوە گرنگە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوودا ئامادەیان بکات. لەو دیدارەدا دەربارەی بەهێزکردنی سوپای نەتەوەیی زنجیرەیەک باس و گفتوگۆ کرا، باقرۆف هەوڵیدەدا سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان بۆ ڕۆژێک ئامادە بکات کە سوپای سۆڤیەت خاکی ئێران بەجێدەهێڵێت.

ڕۆژی 1946/3/15 (1324/12/25) باقرۆف دەربارەی بارودۆخی سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان، ڕاپۆرتێکی ورد و بەرینیی ڕەوانەی ستالین کرد. لەو ڕاپۆرتەدا باسی ڕادەی ئامادەیی یەکەکانی تۆپخانە، زرەیی و ئەندازیاریی کرد و پرۆگرامێکی بۆ ڕەوانە کردنی ئەندام بۆ پەروەردە

کردنی سەربازیی لە ئازەربایجانی سۆڤیەتدا ئاراستە کرد. باقرۆف لە کۆتاییی دا داوای لە ستالین کردبوو کە ئەندامە ڕەوانەکراوەکان بە ئەندامی سوپای سور دابنرێن[74].

ڕۆژی 18 ی مارس، یڤان سادچیکۆف سەفیری نوێی سۆڤیەت بە باکۆدا چووە تاران. لە باکۆ پێشنیازەکانی خۆی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، کێشەی نەوت و ئازەربایجان لەگەڵ باقرۆف خستەبەرباس. ڕۆژێک بەرلە وتووێژەی سادچیکۆف و قەوامولسەڵتەنە، حوسێن عەلا سەفیری ئێران لە واشنتۆن بە ڕاسپاردەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بریتانیا، شکاتی ئێرانی لە یەکیەتی سۆڤیەت ئاراستەی شورای ئەمنیەت کرد. مێژووی پێڕاگەیشتن بە شکاتی ئێران، ڕۆژی 1946/3/20 (1324/12/30) دەستنیشان کرا. داخوازی "ئاندره گرۆمیکۆ" سەفیری سۆڤیەت لە واشنتۆن بۆ بەدواخستنی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ڕۆژی 10 ی ئاپریل کارساز نەبوو.

ڕۆژی 1946/3/20 (1324/12/30) ئەحمەد قەوام پێشوازیی لە سادچیکۆف کرد. سەرەڕای نهێنی بوونی ئەو دیدارە، "ئیبتهاج" بەڕێوەبەری بانکی میللی ئێران، سەفیری ئەمریکای لە تاران لەو وتووێژە ئاگادار کردبووەوە. لەو دیدارەدا سادچیکۆف ڕایگەیاند، ستالین لەوە بە داخە کە لە وتووێژەکانی مۆسکۆدا، ئێران هیچ هەنگاوێکی بە قازانجی سۆڤیەت و بەتایبەتی لە کێشەی نەوتدا هەڵنەگرت. قەوام لە وەڵامدا دەیگوت مادام یاسای پەسەندکراو لە مەجلیسدا، دانی هەموو چەشنە ئیمتیازی نەوتی یاساخ کردووە، ئەو کارێکی لە دەست نایەت و ئەگەر ڕوسەکان گوشاری بۆ بهێنن و ناچاری بکەن دژی یاسا کار بکات، ئەو دەست لە کار دەکێشێتەوە و دڵنیاش نییە جێنشینەکەی دۆستی سۆڤیەت بێت.

ڕۆژی 1946/3/22 (1325/1/2) دیدارێک لەنێوان قەواموڵسەڵتەنە و "موریی" سەفیری ئەمریکا لە تاران پێکهات. قەوام داوای بە نهێنی مانەوەی ئەو دیدار و وتووێژ کرد و لە سەفیریی ئەمریکای پرسی:

**- (ئەگەر لەجێی من بوایەن، چۆن وەڵامێکتان بە پێشنیازی سەفیری سۆڤیەت سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانیان لە بەرامبەر دانی ئیمتیازی نەوتی باکوریی ئێران دەدایەوە؟).**

موری لە وەڵامدا گوتی ئەو تەنیا لە لایەن خۆیەوە قسە دەکات و ڕایگەیاند سۆڤیەتییەکان ڕێز لە بەڵێنەکانیان ناگرن و ئیمزاکردنی پەیمانی دوولایەنەش بایەخی نابێت. هەمانکات بە قەوامی ڕاسپارد کە بۆ بەرگرییکردن لە بەرژەوەندەکانی ئێران ڕێی گفتوگۆ لەگەڵ سۆڤیەت بکاتەوە. سەفیری ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نوسی:

**- (ئەگەر شا، قەوام پەشیمان نەکاتەوە، من دڵنیام کە ئەو دەتوانێت بە مەرجی چوونەدەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، لە ماوەی شەش هەفتەدا لە وتووێژەنیدا لەگەڵ سادچیکۆڤ بە هەندێک ڕێکەوتن بگات.).**

بەیانی ڕۆژی 24 ی مارس (4 ی خاکەلێوە) سادچیکۆڤ لە ڕەوتی وتووێژەکانیدا لەگەڵ قەوام، دەربارەی ئازەربایجان پێشنیازێکی بە نوسراوە و دەربارەی نەوتی باکور پێشنیازێکی زارەکی ئاراستە کرد. پێشنیازی سادچیکۆڤ دەربارەی ئازەربایجان هەمان پێشنیازی ئاشتییخوازانە بوو کە مۆلۆتۆڤ لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 25 ی فیبرواری لە مۆسکۆ ئاراستەی قەواموڵسەڵتەنەی کردبوو. قەوام ڕایگەیاند پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت کە ئایا پێشنیازیی سەبارەت بە ئازەربایجان دژی دەستوری هەمیشەیی ئێرانە یان نا. نەخشەی ئەو جێیانەی کە ڕوسەکان بۆ پشکنین و وەبەرهێنانی نەوت لە باکور، لەبەرچاویان گرتبوو، لەگەڵ پێشنیازی سادچیکۆڤ خرابوو.

نزیکەی پەنجا ساڵە ئەو بڕیارە لە ناکاوەی یەکیەتی سۆڤیەت سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە ئێران، بابەتی باس و لێکۆڵینەوەی سیاسەتمەدارانە. ژمارەیە ئەو بڕیارە بە هەڕەشەی "اولتیماتوم" "ترومان" لە ستالین لە ڕۆژی 21 یان 23 ی مارسی 1946 دەبەستنەوە. هەرچەندە تا ئەمڕۆ کەسێک ئەو هەڕەشەیەی لە جێیەکدا نەبینیوە، بەشێکی تر ئەفسانەی لێدروست دەکەن. بۆ جاری یەکەم لە 24 ی ئاپریلی 1952 دا ترومان لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا ئاماژەی بەو هەڕەشەیەی کرد و گوتی: (لە بروسکەیەکدا بە ستالینم ڕاگەیاندوە.) ترومان جارێکی تریش ساڵی 1959 لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا پەنجەی بۆ ئەو هەڕەشەیەی ڕاکێشاوە[75].

هیچکام لە سیاسەتمەدارە دەسەڵاتدارەکانی ئەوکاتەی ئەمریکا وەک: "هێریمەن"، "جۆرج کنان"، "جۆرج ئالین"، "برێنس" و "ئالین دالیس" ئاماژەیان بۆ ئەو هەڕەشەیەی ترومان نەکردووە.

چونکە پرۆتکۆڵەکانی دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت لە دەستدا نین، خوێندنەوەی بەشێک لەو بەڵگەنامە نهێنییانەی یەکیەتی سۆڤیەت دەتوانن یارمەتیی بدەن بە ڕونکردنەوەی لایەنی تاریکی ئەو دیاردەیە: ڕۆژی 1946/3/24 (1325/1/4) کاتژمێر 13:40، ستالین و "ئا. ئانتۆنۆڤ" سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای سور فەرمانێکی بە پەلەیان ئیمزا کرد. وەرگری ئەو فەرمانە، ماسلنیکۆڤ فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت جێگر لە باکۆ و "لۆجێنسکی" فەرماندەی سوپای چوارەم بوون. کۆپییەکی ئەو فەرمانەشیان ڕەوانەی باقرۆڤ کرد. لەو فەرمانەدا هاتبوو:

1- دەست بە کشانەوەی هەموو یەکەکان، بەشی ئیداریی و عەمبارەکانی سوپای چوارەمی جێگیر لە ئێران بکەن و بیانهێننە سەربازگەی باکۆ.

2- دەرچوونی هێزەکان ڕۆژی 24 ی مارس بەرلە کاتژمێر 20:00 دەست پێبکات و تا 31 ی ئاپریل و ڕۆژی 10 ی مانگی مای کۆتایی بێت. لە سەرەتادا هێزەکانی قەزوێن، ڕەشت، زەنگان، گورگان و ساریی بکێشنەوە و قەزوێن تا ڕۆژی 5 ی ئاپریل بەتاڵ بکرێت. کشانەوەی لەشکری یەکەمی زرەیی لە نۆرەی دواییدا بەڕێوەبچێت.

3- کشانەوەی هێزەکان بە ئارامیی و بە دیسیپلینەوە بێت. فەرماندەکان و ئۆڕگانە سیاسییەکان و یەکەکان کاتی بەجێهێشتنی ئێران لەگەڵ خەڵکەکە کۆبنەوە و بەشێک لە ئازوقەکانیان بەسەر خەڵکەکەدا بەش بکەن.

4- پڕۆگرانی چۆلکردنی ئێران لە 25 ی مانگی مارسدا ڕەوانەی سەرکردایەتیی سوپا بکرێت. هەر 24 کاتژمێرەی جارێک ڕاپۆرتی چالاکیی کشانەوەی هێزەکان ڕەوانە بکرێت. داواکارییەکان سەبارەت بە گواستنەوەی هێزەکان بە دەریادا تا ڕۆژی 26 ی مارس بە سەرکردایەتی سوپا بگات(76).

ڕۆژی 1946/3/25 (1325/1/5) هەواڵنێری تاس، ئەم هەواڵەی خوارەوەی سەبارەت بە دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بڵاوکردەوە: **(کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە مەشهەد، شارود و سمنان کە ڕۆژی 2 ی مارس دەستی پێکرابوو، کۆتاییهات. بە گوێرەی سازیشێک کە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران کراوە، یەکیەتی سۆڤیەت لە ڕۆژی 24 ی مارسەوە دەستدەکات بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە ئێران. بەڕای فەرماندەیی سۆڤیەت، ئەگەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو سەرهەڵنەدات، چونەدەرەوەی هێزەکان لە ماوەی پێنج تا شەش هەفتەدا کۆتایی دێت.)**. دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەو "سازیشە"ی کە لەلایەن هەواڵنێری تاسەوە بڵاوکرابووەوە، هیچ چەشنە ڕونکردنەوەیەکی نەدا.

دەکرێ ئەو بڕیارە بەپەلە و دور لە چاوەڕوانییەی سۆڤیەت لە ئەنجامی گوشارێکی بە نوسراوە یان زارەکیی واشنتۆن درابێت. ئاندرە گرومیکۆ

چۆن ڕاپۆرتێکی نهێنیی بۆ مۆسکۆ ناردوە کە هەتا ئێستاش مۆری سەر زەرفەکەی بە نەکراوەیی ماوتەوە.

لەو بارەیەوە دەکرێ سەرنج بدرێت بە ڕای هێنری کیسنجێر کە لە کتێبی دیپلۆماسیی دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو لەو کتێبەدا کە ساڵی 1994 چاپکراوە، دەنوسێت: **(لە بەهاری 1946دا کە ترومان "سیاسەتی لێبڕاوەیی" خۆی دادەسەپاند، بەجێهێشتنی هەموو ئازەربایجانی دەویست ... ستالین نەیدەویست لەسەر بەئەنجام گەیاندن یان نەگەیاندنی ئەو هەڕەشەیەی ترومان بکۆڵێتەوە. هەرکاتێک مەترسیی ڕوبەڕوو بوونەوەی چەکدارانە لەگەڵ ئەمریکا سەریهەڵدەدا، ستالین پاشەکشەی دەکرد. ساڵی 1946 کە ترومان داوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێران کرد، ستالین پاشەکشەی کرد و لە گەمارۆی برلین لە ساڵانی 1948- 1949 دا، بەرلەوەی کە کێشەکە ڕوبەڕوو بوونەوەی چەکدارانەی لێبکەوێتەوە، دیسانیش ستالین پاشەکشەی کرد).** "ئی، نەروزۆڤ" نوسەری ئازەربایجانیی و یەکێک لە یارییکەرانی ڕووداوەکانی ئازەربایجان لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کیسنجێرە[77].

ڕاگەینراوی ڕۆژی 24 ی مارسی (4 ی خاکەلێوە)، یەکیەتی سۆڤیەت دەربارەی کشاندنەوەی هێزەکانی لە ئێران لە باسکردنی شکاتی ئێران لە شورای ئەمنیەتدا، کاریگەرییەکی زۆری نەبوو. ڕۆژی 25 ی مارس شورای ئەمنیەت بە سەرۆکایەتی "کو. تای. تسین" نوێنەری وڵاتی چین کۆبووەوە. هەرلەو ڕۆژەدا "بیلێن" بەڕێوەبەری هەواڵنێری یونایتدپرێس وتووێژێکی لەگەڵ ستالین ئەنجامدا. ستالین گوتی:

**- (کێشەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، بەهۆی سازیش لەنێوان دوو دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەت، بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ چارەسەرکراوە.).**

هەواڵنێری تاس بۆ شوێندانان لەسەر شورای ئەمنیەت، قسەکانی قەوامولسەڵتەنەی بڵاوکردەوە. بە وتەی قەوام، بەبێ کۆبوونەوەی شورای

ئەمنیەتیش کێشەی نێوان ڕوسیا و ئێران چارەسەر دەکرێت و ئەو کۆبوونەوەیە لە ڕۆژی 25 ی مارس یان چوارده ڕۆژ دواتر، گرنگایەتییەکی زۆری نیە. ئەگەر کێشەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و دیاردەکانی تر بە زوویی چارەسەر نەکرێن، ئەوکاتە دەکرێت کێشەی ئێران بخرێتە ناو پڕۆگرامی کارەکانی شورای ئەمنییەتەوە. ئەو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە حوسێن عەلا سەفیری ئێران لە واشنتۆن نامەی بۆ سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەکان ناردوە، گوتی: ئەو نامەیە بەبێ ئاگادایی دەوڵەت ڕەوانە کراوە و بە حوسێن عەلا ڕاگەینراوە لەمەودوا کارێکی بەم جۆرە دووپات نەکاتەوە. هەروەها قەوام ڕایگەیاند کاری گرنگ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتە لە ئێران و چارەسەرکردنی کێشەکانی تر بە کشانەوەی ئەو هێزانە بەستراوەنەتەوە. کێشەی ئازەربایجان گرنگایەتی زۆری نییە و هەرکاتێک سازیش لەسەر کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت کرا، ئەو کێشەیەش بە وتوویژ چارەسەر دەکرێت. قەوامولسەڵتەنە هەواڵی هاتنی هێزی زیادەی سۆڤیەتی بۆ ناو خاکی ئێران لە 2 ی مارسدا بەدرۆ خستەوە(78). دیارە خودی قەوامیش دەیزانی کە بەشێک لە قسەکانی لەو وتوویژە ڕۆژنامەوانییەدا دورن لە ڕاستی.

کاتژمێر 19:00 ڕۆژی 24 ی مارس (4 ی خاکەلێوە)، سادچیکۆڤ دەقی بڕیاریی دەوڵەتی سۆڤیەتیی بە قەوامولسەلتەنە گەیاند. بەڵگەی دووەم دەربارەی ئیمتیازیی نەوت و بەڵگەی سێیەم پەیوەندی بە کێشەی ئازەربایجانەوە هەبوو. لەو بارەیەوە پێشنیاز کرابوو سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان بکرێت بە پارێزگار و وەزیرەکان لە پلەی فەرمانبەرانی پارێزگادا کاریان بدرێتێ و مەجلیسی نەتەوەیی بکرێت بە ئەنجومەنی ئەیالەتیی.

کاتژمێر 22:00 سادچیکۆڤ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە قەوامی گوت بروسکەیەکی لە مۆسکۆ پێگەیشتووە و کاربەدەستانی سۆڤیەت

لەودا داوا دەکەن سەبارەت بە زیندانیی کردنی سەید زیا تەباتەبایی ئاگادار بکرێنەوە. هەروەها گوتی بە گوێرەی داخوازی ئێران، هێزەکانی سۆڤیەت لە کەرەج و قەزوێن دەستیان بە کشانەوە کردووە.

ڕۆژی 26 ی مارس (6 ی خاکەلێوە) شورای ئەمنیەت کۆبووەوە. دەربارەی بە دواخستنی پلانی کێشەی ئێران، هەندێک توندوتیژیی لەنێوان نوێنەری سۆڤیەت لە لایەک و نوێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیز لە لایەکەی تردا سەریهەڵدا. ڕۆژی 3 ی مارس حوسێن عەلا بانگهێشتی کۆبوونەوەی شورا کرا. ناوبراو گوتی هیچ زانیارییەکی دەربارەی سازانی نهێنیی یان ئاشکرای نێوان دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەت نییە و گوتی سەبارەت بە بەدواخستنی کێشەی ئێران هیچ فەرمانێکی لە دەوڵەت وەرنەگرتووە. هەروەها دواتر ڕایگەیاند هێزە چەکدارەکان و پیاوانی سۆڤیەت کۆمەڵێک پێشنیاز ئاراستە دەکەن کە زیان بە سەربەخۆیی ئێران دەگەیەنن. لەو هەلومەرجەدا بەدواخستنی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بۆ ئاشتی مەترسیدارە.

هەرچەندە قەوامولسەڵتەنە هاودەنگیی کردبوو لەگەڵ بەدواستنی کۆبوونەوەی شورای ئەمنیەت و حوسین عەلای بە هەڵسوڕانی "بەبێ ئاگاداریی دەوڵەت" تاوانبار دەکرد، بەلام وتووێژەکانی خۆی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بە نهێنی بە ئەمریکییەکان ڕادەگەیاند. "دین ئاچێن" جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە سەفیری ئەمریکا لە ئێرانیی ڕاگەیاند: **(بەهۆی ئاگادارکردنەوەی ئێمە لە وتووێژەکانی لەگەڵ سۆڤیەت، سوپاسی گەرمی ئێمە بە قەوامولسەڵتەنە ڕابگەیەنن و دڵنیای بکەنەوە ڕاسپاردەکانی سەبارەت بە نهێنی ڕاگرتنی ئەو زانیارییانە بەجێدەگەیەنین.).**

ئەحمەد قەوام لەوە دەترسا کە زانیارییە نهێنییەکانی بگاتەوە دەست ڕوسەکان و ئەگەر ڕوسەکان بەو مەسەلەیە بزانن، ئێران توشی ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بکات.

هەیئەتی وەزیران کۆمیسیۆنێکی بۆ ئامادەکردنی پێشنیاز دەربارەی کێشەی ئازەربایجان و نەوت پێکهێنا. ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە بریتی بوون لە: نەوشیروان سپەهبودیی وەزیری داد، سەرلەشکر فیروز وەزیری ڕێگا، مورتەزا بەیات وەزیری دارایی و سپێهر وەزیری بازرگانیی و پیشە و هونەر کە سەرۆکایەتی کۆمیسیۆنەکەشی لە ئەستۆ بوو. بە پێشنیازی ئەو کۆمیسیۆنە دەبووایە کۆمپانیایەکی هاوبەشیی ئێران - سۆڤیەت بە ڕێژەی سودی 50% پێکبێت. نەخشەی پێشنیازکراوی سۆڤیەت دەربارەی ناوچە نەوتییەکان جگە لە بەشێک لە هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا قبوڵ بکرێت و پەیمانی وەبەرهێنانی نەوت بە گوێرەی ئەو پەیمانە ئیمزا بکرێت و دوای سێ مانگ مەجلیسی شورای میللی پەسندی بکات(80).

یەکێک لە مەئمورەکانی دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەت کە لەگەڵ قەوامولسەلتەنە لە پەیوەندیدا بوو، لێیدەپرسێت: بۆچی خاکی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا تا سنوری تورکیا لە ناوچەی پێشنیازکراویی سۆڤیەت دەرهاویشتراوە؟ قەوام لە وەڵامیدا دەڵێت ئەو نایەوێت ئینگلیزەکان نارەحەت بکات، چونکە ئەوان لە بەرینبوونەوەی نفوزی سۆڤیەت لە ناوچە نەوتییەکانی موسڵ دەترسن. "س. یملیانۆڤ" وەزیری ئەمنیەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ باقرۆڤ دەنوسێت:

**- (بە ڕای مەئموریی هەواڵگریی ئێمە، ئەگەر گوشارەکانمان بۆسەر قەوام زیاد بکەین، ئەو لەگەڵ سپاردنی هەموو ئەو ناوچانەی کە داوایان دەکەین، هاودەنگیمان لەگەڵ دەکات).**

هەروەها یملیانۆڤ دەڵێت بە وتەی ئەو مەئمورەمان، قەوامولسەڵتەنە و ئەحمەد عەلی سپێهری وەزیری بازرگانیی و پێشە و هونەر لە وتاری توندی حوسێن عەلا لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنیەت تۆڕە بوون. ئەوان دەڵێن عەلا سەرنج بە فەرمانەکانی ناوەند نادات و لەژێر کاریگەریی

ئینگلیزەکان دایە[81]. وا دیاربوو قەوام دەیزانی ئەو مەئمورە سەر بە کوێیە.

قەوام سەفیری ئەمریکای لە پێشنیازە ئاراستەکراوەکان ئاگادار کردەوە. سەفیری ئەمریکا پرسی ئایا ڕاگەیاندنی پێشنیازەکانی پەیوەندییدار بە ئازەربایجان تەنیا بۆ ئاگادار کردنەوەیە یان دەیەوێت ئەمریکا ناوبژیی ئەو کێشەیە بکات؟ قەوامولسەڵتەنە گوتی:

**- (من لە ڕوسەکانم گەیاند کە ئەگەر پێشنیازەکانی من سەبارەت بە ئازەربایجان قبوڵ نەکەن، ئیمزا کردنی پەیمانی نەوتیش بەجێ ناگات.)**
ئەم جارە سەفیری ئەمریکا پرسی: **(ئەگەر ئەو لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت پێکهات، ئایا شکاتەکەی خۆی لە شورای ئەمنیەت وەردەگرێتەوە؟)**
سەرۆکوەزیران لە وەڵامدا گوتی: **(تا ئەوکاتەی تاقە سەربازێکی ڕوس لە ئێران مابێت، فەرمان بە حوسێن عەلا دەدات کە کێشەکە لە پڕۆگرانی شورای ئەمنیەتدا بهێڵێتەوە[82].)**

بڕیاری دەوڵەتی سۆڤیەت بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی سوپای سور لە ئێران، زۆر بە جیددی خەڵکی ئازەربایجانی بە پەرۆش کرد. لە ناوچەکانی تری ئێرانیشدا کە گیرۆدەی پروپاگەندەی سۆڤیەت ببوون، باوەڕپێکردنی بێقەید و شەرتیان بە سۆڤیەت ئاوێتەی بێباوەڕیی بوو. لە باشوری ئێران پروپاگەندەی تودەییەکان لەناو عەشایری بەختیاریی، قەشقایی و ئەوانی تردا بە دژی ئینگلیزەکان گرنگایەتی نەما. لە مانگی مارسی 1946 (خاکەلێوەی 1325) بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران، عەبدولسەمەد کامبەخش چووە "فیروزئاباد" و لەوێ چاوی بە "ناسر قەشقایی" کەوت. ناسرخان گوتی هەرگیز هەستی تۆڵەسەندنەوەی لە ئینگلیزەکان بە تاوانی کوشتنی باوکی نانیشێتەوە، بەڵام ئەو ناتوانێت باوەڕ بە یەکیەتی سۆڤیەت بکات. ئەو کردەی ڕوسەکانی لە کاتی شۆڕشی گیلان لەبیر نەکردبوو. لەو ڕوانگەیەوە دەرەتانێک بۆ عەشایری باشور نەمابوو کە لایەنگریی لە یەکیەتی

سۆڤیەت بکەن. ناسرخان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ئەگەر یەکیەتی سۆڤیەت هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە و بەتایبەتی ئەگەر دەست لە پشتیوانیی کردنی بزوتنەوەی ئازەربایجان هەڵگرێت، ئیتر باوەرپێهێنانیان لە کیس دەچێت[83].

بۆ ڕونکردنەوەی دۆخی سەرهەڵدان و دڵدانەوەی ڕێبەرانی فیرقە دیموکرات، ڕۆژی 28 ی مارس (7 ی خاکەلێوە) باقرۆف لە جولْفا چاوی بە پیشەوەریی، شەبستەریی و جاوید کەوت. ناوبراو سەبارەت بەو هەلومەرجە دوا کە بە فەرمانی ستالین سەریهەڵدابوو و بە ڕێبەرانی فیرقەی ڕاسپارد کە دەربارەی پاراستنی ئەوەی لە ئازەربایجان هاتووەتەدی، پێدانەگرن. باقرۆف ڕێبەرانی فیرقەی لە دەقی پێشنیازی سادچیکۆڤ بە قەوامولسەڵتەنە سەبارەت بە ئازەربایجان ئاگادار کردەوە. پاشەکشە کە وەک ئەسڵێکی سەرەتایی لەو پێشنیازەدا ڕەنگی دابووەوە، ڕێبەرانی ئازەربایجانی بە توندی نیگەران کرد. ئەوان گوتیان بە دوای دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات و پێکهێنانی حکومەتی نەتەوەییدا گەلێک بەڵێنمان بە خەڵک داوە، بەشێک لەو بەڵێنانەمان بەراورد کردووە و ئێستا پاشەکشە لە بەڵێنەکانمان زۆر دژوارە.

باقرۆف دەربارەی ئەو دیدارەی لەگەڵ ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات، لە نامەیەکدا بۆ ستالین نوسی: **(ئەوان باوەڕ بە قەوامولسەڵتەنە ناکەن. دڵنیان بەڵێنەکانی قەوام و تەنانەت ڕێککەوتنە ئیمزا کراوەکانیشی سەبارەت بە مافی نەتەوەی ئازەربایجان، دواتر بە بەستنەوەی بە دەستوریی هەمیشەیی پوچەڵ دەبێتەوە. ئەوان لە هێزە چەکدارەکانی ئێران ناترسن، بەڵام دڵنیان قەوام بە هاندانی بازرگانان، مالیکان و ڕۆحانییەکانی ئازەربایجان، شەڕی ناوخۆیی هەڵدەگیرسێنێت و لەنێوان کورد و ئازەرییەکاندا ئاگری شەڕی ڕەگەزیی دروست دەکات. لە یەکەم هەنگاودا ئینگلیزەکان یارمەتی دەکەن. ئەوان بۆ دەستەبەر کردنی**

**لایــەنی کــەمی مافــەکانی گــەلی ئازەربایجــان داوای نێـوبژیی کردنــی یەکیەتی سۆڤیەت دەکەن.).**

ڕێبەرانی فیرقە داوایان لە باقرۆڤ کرد کە بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانی ئابوریی و پێکهێنانی بە پەلەی سوپای نەتەوەیی، بە لایەنی کەمەوە دە میلیۆن تمەن پارە، سەد ئوتۆمبێلی بارهەڵگر، دەرمان و کەرەستەی تریان بدرێتێ و بیست ئەفسەری ئازەربایجان بۆ پەروەردەکردنی پاسەوانی سنور ڕەوانەی ئازەربایجان بکەن. باقرۆڤ لە کۆتایی نامەکەیدا بۆ ستالن دەنوسێت: **(قبوڵکردنی داواکارییەکانیان بە پێویست دەزانم[84].).**

لە کۆتایی مانگی مارسدا و چەند ڕۆژ بەرلە کۆتایی وتووێژەکانی سۆڤیەت و ئێران کە لە تاران بەڕێوەچوون، ستالین فەرمانیدا دەربارەی سوپای ئازەربایجان ڕاپۆرتێکی بۆ ڕەوانە بکەن. ئەو ڕاپۆرتە لە لایەن باقرۆڤ و ماسلنیکۆڤەوە ئامادە و ڕەوانەی ستالین کرا. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا داوایان لە ستالین کردبوو کە ئیزن بدرێت، کاتی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، 42 ئەفسەر و 59 پلەداریی سەبازیی باکۆ، تا ڕۆژی یەکی ئەوگۆستی (1325/5/10) بۆ پەروەردە کردنی مەشقی سەربازیی سوپای نەتەوەیی بمێننەوە و چەک و تەقەمەنیی بۆ ئەو سوپایە ڕەوانە بکرێت و تا ڕۆژی 20 ی ئاپریل (31 ی خاکەلێوە)، 270 خوێندکاری زانکۆ بۆ موشقی سەبازیی ڕەوانەی باکۆ بکەن. هەروەها داوا کرابوو لە جبەخانەکانی سوپای سۆڤیەت، پێداویستیی سێ مانگەی سوپای ئازەربایجانی باشور، داودەرمان و کەرەستەی پێویستی پزیشکی دابنرێت[85].

ئێوارەی ڕۆژی 30 ی مارس (10 ی خاکەلێوە)، سادچیکۆڤ بە قەوامولسەڵتەنەی ڕاگەیاند کە دەوڵەتی سۆڤیەت پێشنیازەکانی ئێوەی سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان، وەک بنەمای وتووێژ لەگەڵ ئازەربایجانییەکان قبوڵ دەکات. "ئاشورۆڤ" کە بەشدار بوو لە

وتووێژەکانی نێوان قەوام و سادچیکۆڤدا، نوسی قەوام مرۆڤێکی تورە، دوورو و بێ پرنسیپە و لە بەرامبەر هەموو داواکارییەکانماندا تەنیا ئەم وەڵامەی دەدایەوە کە **(بیروبۆچوونی هەیئەتی وەزیرانتان پێڕادەگەیەنین.)**.

کۆبوونەوەی هەیئەتی وەزیران لە کاتژمێر 20:00 تا 24:00 خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا سنوری ناوچە پێشنیازکراوەکانی سۆڤیەت بۆ وەبەرهێنانی نەوت، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک قبوڵ کرا. هەیئەتی وەزیران دژی پەسەندکردنی پێشنیازەکانی دەوڵەت لە لایەن شاوە هەڵوێستی گرت و ڕایگەیاند کە ئەوکارە پێگەی شا بەهێز دەکات و نفوزی دەوڵەت دادەبەزێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا هۆی دژایەتیی کردنەکە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەگەر لە ئایندەدا، کاتێک مەجلیس پێشنیازیی قەوامولسەڵتەنەی سەبارەت بە نەوت ڕەد کردەوە، شا ناچار نەبێت بەرگریی لەو پێشنیازە بکات.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەلایەن مەئمورەکانی سۆڤیەت لە کابینەی قەوام بەدەست دەهاتن، هەموو وەزیرەکان بەشوێن ئەم سیاسەتەوە بوون کە دەبێ لەلایەن شورای ئەمنیەتەوە گوشار بخرێتە سەر سۆڤیەت کە بتوانین دەستکەوتی پتری لێ بەدەست بهێنین. ئەو مەئمورە هەواڵگرییەی سۆڤیەت پێشنیازی دەکرد کە سۆڤیەت دەبێ بە هەموو هێزییەوە گوشار بۆسەر سەرۆکوەزیران بێنێت، تا بە زوویی ڕێککەوتنەکەی پێ ئیمزا بکەن(86).

# ئازەربایجان : بەهارێکی پڕ جۆش و خرۆش، 1946

لە کۆتایی مانگی مارس و دەستپێکی مانگی ئاپریلی 1946 دا کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران وەڕاست گەڕا. لەگەڵ ئەوەشدا وتووێژی دوولایەنە نەک ڕۆژانە بەڵکوو کاتژمێر بە کاتژمێر بەردەوام بوو و بۆچوونەکان بەرەبەرە لە یەکتر نزیک دەبوونەوە و ڕووداوەکان بە پەلە بەرین دەبوونە. پیشەوەریی بە دوای دیداریی لەگەڵ باقرۆڤ لەمانگی مارسدا، لە نزیکەوە هەستی بە مەترسی دەکرد. ئازەربایجان لە جۆش و خرۆشدا بوو و سەرۆکوەزیران لە دۆخێکی دژواردا دەژیا. لە کۆتایی مانگی مارس، هێزەکانی سۆڤیەت کەرەج، زەنگان، بابولسەر، بابل و نەوشهریان چۆلکرد.

ڕۆژی 1 ی ئاپریل (12 ی خاکەلێوە)، هێزەکانی سۆڤیەت "شاهی" و "میانە" و ڕۆژی 2 ی ئاپریل "بەندەرشا"یان بەجێهێشت. لەو ڕۆژەدا مۆلۆتۆڤ تەلەفۆنی بۆ باقرۆڤ کرد و گوتی پیشەوەریی خۆی بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی تاران و وەرگرتنی ئیمتیازاتی چاوەڕوانکراو ئامادە بکات و لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت لە تەورێز هاوئاهەنگیی بکەن[87]. باقرۆڤ بەپێی ئەو فەرمانەی مۆلۆتۆڤ بە نوێنەرانی خۆی لە تەورێز "میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ" ڕاگەیاند کە لەو پەیوەندییەدا کاربکەن و دووپاتی کردەوە کە چارەسەریی ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان لە چوارچێوەی دیارییکراودا، بۆ ئێوە ئەرکێکی پڕ گرنگە لە بەرامبەر ڕێبەرانی فیرقە و حکومەتی نەتەوەیی خۆتاندا. ئەو هۆشیاری کردنەوە کە چارەنوسی ئایندەی بزوتنەوەی ئازەربایجان بەوەوە بەستراوەتەوە کە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و حکومەتی نەتەوەیی چۆن کارەکانیان ڕادەپەڕێنن و چۆن هەڵسوکەوتێکیان دەبێت. بە ڕای باقرۆڤ بەتایبەتی دەبێ ڕابگەینرێت کە بیری پێکهێنانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە

ئەسڵدا بیرێكی دروست بووە. پاڵپشتیی كردنی هەموو چینەكانی گەل لە فیرقەی دیموكرات و توانایی بەخشین بەو، گەشەپێدانی پرۆسەی خۆناسینی نەتەوەیی توند كرد.

بە ڕای باقرۆف دەبێ لە هەڵەی چەپڕەویی دوریی بكرێت، كۆمەڵانی هەراوی گەل بۆ بەرگریی كردن لە حكومەت ئامادە بكرێن، یارمەتییە تایبەتییەكانی فەرمانبەرە بە ئەزموونەكانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بە بیر ڕێبەرانی حكومەتی نەتەوەیی بهێنرێتەوە، پشتگریی ڕێكخراوەیی و ئابوریی ئازەربایجانی سۆڤیەتیان بیر بخەنەوە و بوونی هێزەكانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان بە بەرگرێك بزانن لەسەر ڕێی سەربەرز كردنەوەی كۆنەپەرستاندا.

باقرۆڤ دەیگوت ڕێبەرانی حكومەتی نەتەوەیی ئێستا لە دۆخێكی تردا خەبات دەكەن. تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەت حاكمیەت لە دەست حكومەتی ئێراندا بێت و فەرماندەی لەشكر لە لایەن ئێرانەوە دیاریی بكرێت، دیسانیش هەلومەرجێكی باش بۆ ئازەربایجان دەمێنێتەوە كە بریتییە لە چالاكیی ئازادانەی فیرقەی دیموكرات و سندیكاكانی كارگەریی. پێكهێنانی هێزی چەكدار بە توانایی جەنگیی و پشتوانیی مەعنەویی یەكیەتی سۆڤیەت و ورەی باڵای گەلی ئازەربایجان. میرجەعفەر باقرۆڤ لەو باوەڕەدابوو كە كەسانێك پرچەك بكرێن كە لە بواری مەعنەوییەوە پەلەیەكی بەرزتریان لە ئەندامانی سوپای ئێران هەیە و لە ڕابردوودا پێشكەوتوویی خۆیان لە سوپا و ژاندارمەییدا سەلماندووە. ئەو بە هەیئەتی سێ كەسەی ڕێبەریی كردنی كاروباری تەورێزی ڕاگەیاند:

**- (ئێوە دەبێ بە جۆرێك بجوڵێنەوە كە ئەوان بەبێ یارمەتیی ئێوە بتوانن ئەو تاقیكردنەوە دژوارە بخەنە پشتسەر. هێزە چەكدارەكانی ئازەربایجانی باشور دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوی نادیار بن و ئەگەر پێویست بكات لە جیاتی خەباتی ئاشكرا، ڕو لە خەباتی نهێنی بكەن.)**

باقرۆڤ دواتر نوسی: **(لە هەموو بوارێکدا ئێوە بەرپرسن. ئێوە ماوەیەکی کەم لەوێ دەمێننەوە. لەو ماوەیەدا دەبێ لە هەل کەڵکوەربگرن کە بە دوای کشانەوەی هێزەکانمان و گەڕانەوەی ئێوەدا، فیرقە، سندیکاکانی کارگەریی و گەلی ئازەربایجان لە ڕیزێکدا بمێننەوە. ئێوە دەبێ خۆتان ڕێیەک بدۆزنەوە کە پەیوەندیی خۆتان لەگەڵ کەسانی خەباتکار بپارێزن و زانیارییان لێوەربگرن. بە کورتی ئێوە تا ئەمڕۆ ئەرکی خۆتان بەباشی بەڕێوەبردووە و ئێستاش دەبێ بە کەیفیەتێکی بەرزەوە کۆتایی پێبهێنن[88].)**.

ڕۆژی 1946/4/3 (1325/1/14) باقرۆڤ چەند فەرمانی بەپەلەی بۆ ژەنەڕاڵ گلینسکی، ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ و زینالۆڤ ڕەوانە کرد. ئەو نوسی: **(بە پیشەوەریی و بەهۆی پیشەوەرییەوە بە ڕێبەرانی تر ڕابگەیەنن کە حکومەتی تاران پەیوەندیان پێوەدەگرێت تا بەبێ مەرج وتووێژیان لەگەڵ بکات. بۆ ئەو وتووێژە کەرەج پێشنیاز دەکەن. ئەوە پێشاندەدات کە حکومەتی تاران بەشێوەیەکی جیددی حیساب لەسەر ئازەربایجان دەکات. حکومەتی نەتەوەیی دەبێ غروری خۆی ڕابگرێت و لە وتەکانی پێشوی خۆی پاشەکشە نەکات. لە هەمانکاتدا هێزە چەکدارەکانی حکومەتی نەتەوەیی دەبێ بە توندی لە مەتەرێزەکانیاندا بمێننەوە و دوای دەرچوونی هێزەکانی سوپای سور و کۆتایی وتووێژەکان و ڕێککەوتن، نەهێڵن ئەندامانی سوپا، پۆلیس و ژاندارمەریی بەبێ ئیزنی تایبەتیی حکومەتی نەتەوەیی بگەڕێنەوە ئازەربایجان[89].)**

پێشنیازەکانی سۆڤیەت دەربارەی وتووێژی ڕێبەرانی فیرقە لەگەڵ حکومەتی ئێران بەهۆی باقرۆڤەوە بە میرزا ئیبرهیمۆڤ و کەریمۆڤ جێگری وەزیری ئەمنیەتی ئازەربایجان ڕاگەینرابوو. فەرمانەکانی تری باقرۆڤ ڕۆژی سێی ئاپریل بە هێڵی پەیوەندییەکانی سەربازییدا ڕەوانە کران. شەوی سێ لەسەر چواری ئاپریل میرزا ئیبراهیمۆڤ، حەسەنۆڤ، ئاتاکیشیۆڤ و کەریمۆڤ چاویان بە پیشەوەریی کەوت و پێشنیازەکانی

سۆڤیەتیان کە دەوڵەتی ئێران هاودەنگیی لەگەڵ کردبوون، بە پیشەوەریی ڕاگەیاند. میرزا ئیبراهیموٚڤ دەقی ڕەشنوسی قسەکانی باقرۆڤ و فەرمانەکانی دەربارەی هەڵسوکەوتی حکومەتی نەتەوەیی لە هەلومەرجی ئێستادا خوێندەوە.

پیشەوەریی دوای بیستنی ئەو ئامۆژگاریانە گوتی: (**بە بیستنی ئەو بەڵگەیە ڕووداوەکانی ساڵی 1920ی گیلان کەوتنەوە بیرم. ئەوکاتیش دۆستە شۆڕشگێڕەکانمان ئێمەیان فریودا و کۆنەپەرستانی ئەو سەردەمیش بەرەبەرە گوشارەکانیان خستەسەرمان و لەناویان بردین و کەسانێک ڕزگاریان بوو کە توانیان بەرەو وڵاتانی تر کۆچ بکەن. ئێستاش هەمان دۆخ دووپات دەبێتەوە. دەوڵەتی ئێستا بە سەرۆکایەتی قەوام ئێوە فریو دەدات، ئەو بە هۆی کەسانی خۆیەوە لە تاران دەستی بەسەر سەفارەتی ئێوە داگرتووە و بە ڕەواڵەت بە سپاردنی کۆمەڵێک دەستکەوت بە ئێوە دەیەوێ بە دوای کشانەوەی سوپای سور، نفوز و سیاسەتی ئێوە لەناو ڕای گشتیی ئێران و بەتایبەتی ئازەربایجان بسڕێتەوە. بە ڕۆیشتنی ئێوە، ئەو لە سەرەتادا بە حیسابی کەسانێک دەگات کە لە سۆڤیەتەوە هاتوون و ژمارەیان دە هەزار کەسە. دواتر هەموو دیموکراتەکان و ڕێبەرانیان لەناو دەبات. کۆنەپەرستان چالاکانە بەشداریی ئەو چالاکییە دەکەن و چونکە دیموکراتەکان بەشێک لە زەوی و مەڵکەکانیان دابەشکردوون و فیداییەکان ڕاویاننناون و تەنانەت ژمارەیەکیشیان لێ کوشتوون، خزمەکانیان بەلایەک بەسەر دیموکراتەکان دەهێنن کە مێژوو لەبیری نەکات. ئێمە بۆخۆمان شاهید بووین کە ئەو کۆنەپەرستانە سەرەڕای بوونی سوپای سور لێرە، چۆن لە ساڵی 1941- 1942 دا منالانی دیموکرتەکانیان دەکوشت و دەستدرێژیان بۆسەر کچەکانیان دەکرد. ئێستا ئێوە بیر بکەنەوە، سوپای سور دەکشێتەوە و ئێوەش دەڕۆن و ئێمە لە چۆن بارودۆخێکدا دەهێڵنەوە. ئەگەر ئێمە بۆ حکومەتی قەوام دەست لە مافەکانمان هەڵگرین، بەو**

واتایەیە کە پاشەکشەمان لە مافەکانمان و بیروباوەڕمان کردووە و لە ئاکامدا دەبێ لە هەموو ئەوکارە مەزنانەی بەڕێوەمان بردوون، چاوبپۆشین. قبوڵکردنی ئەو مەسەلە بۆمن دژوارە، من تەنانەت ئەگەر بمهەوێ دیسانیش ناتوانم کارێکی بەم جۆرە بکەم. من ئامادەم بۆ بەرگریی کردن لە بەرژەوەندەکانی گەل لە گۆڕەپانی جەنگدا لەناو بچم، بەڵام ناتوانم خیانەتیان پێبکەم و ئەوە کارێکی دژ بە وێژدانە. ئێمە دیموکراتەکان بە پشتیوانیی ئێوە لە ڕۆژی یەکەمەوە لە وتار و ڕاگەینراوەکانماندا، دەستوریی هەمیشەیی ئێرانمان خستە ژێرپێ و ئەوەشمان بە هەموو جیهان ڕاگەیاند. بە دوای ئەو کارانەماندا تۆ بڵێی قەوام چاوپۆشی لە ئێمە بکات؟ تەنانەت ئەگەر ئەو لە سەرۆکایەتی دەوڵەتیش بکشێتەوە، ئەوەی جێی دەگرێتەوە، لێمان خۆش نابێت. لە دەقی ئەو ڕەشنوسەدا کە لێرە خوێندرایەوە وا دەردەکەوێت کە گوایە گەلی ئازەربایجان لە بزوتنەوە دیموکراتییەکەیدا دەستکەوتی زۆری بەدەستهێناوە. لە خوێندن بە زمانی دایک لە خوێندنگەکان و بە گشتی داخوازەکانیدا بە ڕێژەی 50% سەرکەوتووە.

من دەبێ سفرەی دڵم بۆ ئێوە بکەمەوە: دوای ماوەیەک تەنیا یەک ناوی وشک و بەتاڵ لە گەلی ئازەربایجان لە مێژوودا دەمێنێت. گەلی ئازەربایجان بە ڕادەیەک نفوز و قورسایی خۆی لە ڕۆژهەڵاتدا لە دەستدەدات کە نەوەکانی دوایی ئازەربایجان بیر لە بزوتنەوەی دیموکراتیی نەکەنەوە. ئەوکاتانەی کە بە گەرمیی خەریکی پەرەپێدانی بزوتنەوە و پێکهێنانی حکومەتی نەتەوەیی بووین، من هەندێک جار بە بینینی جوڵە و هەڵسوکەوتی هاوڕێیانی ئێوە... دووچاری گومان دەبووم کە ئایا ئێوە تا کۆتایی کارە دەستپێکراوەکان پشتیوانیمان لێدەکەن؟ ئێستا هیچ باوەڕم بە ئێوە نەماوە! دووپاتی دەکەمەوە من چیتر باوەڕتان پێناکەم! دەبێ بە بیرتان بهێنمەوە کە من بە هاودەنگیی لەگەڵ ئێوە دەستمکرد بە دابەشکردنی زەوی لە ئازەربایجاندا.

ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران بوونە خاوەن زەوی. هەردوێنێ فەرمانمدا بە هاوڕێیانم لە مەراغە کە بە زوویی کۆتایی بە دابەشکردنی زەویێ بهێنن. ئەمڕۆ کۆمەڵێک جوتیار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دابەشکردنی زەویێ هاتوونەتە تەوریز. ئێستا من چۆن و بە چ ویژدانێکەوە پێیان بڵێم ئەو زەوییانەی وەرتانگرتووە، دەبێ بیاندەنەوە. ئەوە جۆرێک یاریی زەوییە کە فیرقەی دیموکرات و حکومەتی نەتەوەییە لە لایەن جوتیاران و بازرگانان و تەنانەت کەسانی کۆنەپەرستدا بێ ئیعتبار دەکات و ئەو بیرە سەرهەڵدەدات کە بڵێن کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕ هاتوون، ئەمڕۆ بڕیار دەدەن و سبەینێ بڕیارەکانیان هەڵدەوەشێننەوە[90]).

پیشەوەریی دواتر ڕوی لە وتووێژکەران کرد و گوتی: (ئێوە بە وردی سەرنج بە وتەکانم بدەن، من نامەوێ گیانی خۆم ڕزگار بکەم، من بەرگریی لە بەرژەوەندەکانی گەلی ئازەربایجان دەکەم. دەوڵەتی سۆڤیەت و ئێوە، کاربەدەستانی حکومەتی شاهەنشاهی باش ناناسن، ئەوان ئەمڕۆ ئیمتیازێکی زۆر کەم دەدەن بە سۆڤیەت، بەڵام من دڵنیاتان دەکەمەوە لە دواڕۆژدا لێتان دەستێنێتەوە و هەموو گەلی ئازەربایجان و لە ڕیزی یەکەمدا بەشوێن چالاکانی بزوتنەوەی دیموکراتی دەکەوێت. ئەوانیش بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و هاوسەر و مناڵەکانیان ڕادەکەنە ئازەربایجانی سۆڤیەت. دەزانم سنوردارانی ئێوە ڕێیان لێدەگرن، زیندانیان دەکەن، یان پێیاندەڵێن بگەڕێنەوە. حکومەتی سۆڤیەت نابێ لە بەرامبەر ڕای گشتیی جیهاندا ئیزن بە دیاردەیەکی بەم جۆرە بدات. ئەوانەی بەرلە هەمووان زیان دەبینن، ئەو ئازەربایجانییانەن کە لە یەکیەتی سۆڤیەتەوە هاتوون بۆ ئێران. ئەوان لەنێوان دوو ئاگردا گرفتارن. کارەساتێک سەرهەڵدەدات لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوتای نەبێت. من باشتر لە ئێوە لە سیاسەتی جیهانیی و تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی سۆڤیەت دەگەم. دەزانم سۆڤیەت ئێستا ناتوانێ بە ئاشکرا یارمەتی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و خەباتە دژوارەکەی بکات.

من لەم بارەیەوە چاوەڕوانییەکەم نییە و بەو مەسەلەیە دەزانم، بەڵام بە دوای کشانەوەی سوپای سوردا، حکومەتی شا بە هەموو شێوەیەکی فریوکارانەی، بە ڕۆژ و مانگ و تەنانەت ساڵەکانیش خەریکی ڕاونانمان دەبێت. ئێمە سەرئەنجام دەمرین، بەڵام ئیزن بدەن کە بە شەرەفەوە بمرین. دوای دەرچوونی سوپای سور، ئێوە دەبێ خۆتان بکێشنەوە و دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەرنەدەن تا ئێمە بتوانین خەڵکی ئەو شار و گوندانەی ئازادمان کردوون، کۆبکەینەوە و بە یارمەتی فیداییەکان و هێزە چەکدارەکانمان لە بەرامبەر هێرشی هێزە کۆنەپەرستەکانی شادا بەرگریی لە خاکی ئازەربایجان بکەین. ئەگەرنا ئیزن بدەن ئێمە لەگەڵ هەموو هێزە دیموکراتییەکانی ئێران پەیوەندیی دامەزرێنین و بچینە تاران و حکومەتی شا بروخێنین و حکومەتێکی دیموکراتیی بۆ ئێران دامەزرێنین. ئەوکاتە بۆ ئێمە ئازەربایجانییەکان ژیانێکی نوێ و ئایندەیەکی بەرین سەرهەڵدەدات. من لە هەمووتان باشتر قەوامولسەڵتەنەی دووڕو و فریوکار دەناسم. ئێمە ئەگەر هاودەنگیی لەگەڵ پێشنیازەکانی بکەین، ئەو لە هەل کەڵکوەردەگرێت و بزوتنەوەی دیموکراتی ئازەربایجان تێکدەشکێنێت. لە ئاکامدا نەک گەلی ئازەربایجان، بەڵکوو یەکیەتی سۆڤیەتیش دەدۆڕێت و نفوز و بایەخی خۆی نە تەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لە دەستدەدات. ئایا شایستەیە یەکیەتی سۆڤیەت تا ئەو ڕادەیە لە بەرامبەر قەوامدا لێبوردوویی بکات کە لە ڕەشنوسەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە؟ بە ڕای من یەکیەتی سۆڤیەت بە دانی ئەو مافانە زیان بەخۆی دەگەیەنێت. ناتوانم لە بیریی خۆم پاشگەز ببمەوە و لە پەرلەماندا پروپاگەندەی لێبوردن لە حکومەتی شا بکەم. من هەمیشە دژی ئەو حکومەتە قسەم کردووە و خەڵکم بە دژی ڕون کردووەتەوە و ئەندامانی حکومەتی نەتەوەییم بۆ خەبات بە دژی هانداوە. ئەگەر من بەپێچەوانەی ئەو قسانەم بدوێم، هەر ئەوکاتە لەنێوانیاندا پەرۆشیی

سەرهەڵدەدات و دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان. تەنانەت لەوانەیە کە بەشێکیان پاڵ بە بەرەی دوژمنەوە بدەن.).

پیشەوەریی بە دوای ئەو قسانەیدا هەندێک هێمن بووەوە. ژەنەڕاڵ ئاتاکیشیۆڤ بە دوای بێدەنگ بوونی پیشەوەرییدا ویستی ڕەوتی قسەکان بگۆڕێت و لێیپرسی: **(ئەگەر قەواموڵسەڵتەنە بۆخۆی دەربارەی وتووێژ پەیوەندیت پێوە بکات، ئایا وتووێژ نەکردنت لەگەڵیی واتایەکی هەیە؟)** پیشەوەریی گوتی:

**- (دژی وتووێژ ناوەستم، بەڵام بە گوێرەی یاسا پەسەند کراوەکان دەبێ پەرلەمان نوێنەرایەتیم بداتێ. من دەبێ ئەو مەسەلەیە بەرمە پەرلەمان و داوا بکەم نوێنەرایەتیم بدەنێ. دەبێ بۆ وتووێژ لەگەڵ قەوام، لیژنەیەک هەڵبژێردرێ و شوێنی وتووێژ تەورێز یان میانە دیاریی دەکرێت. دەستنیشان کردنی ئەو دوو شارانە بۆ ئەوەیە کە گەلی ئازەربایجان بزانێ قەوام وتووێژەکانی لە وڵاتی ئازەربایجاندا بەڕێوەدەبات و ئەو کارە دەتوانێ کاریگەریی هەبێت لەسەر قەواموڵسەڵتەنە و ناچاری بکات مافی پتر بدات. لەو وتووێژانەدا من و شەبستەریی و جاوید و پادگان و بێگومان نوێنەرێکی ئێوەش وەک ڕاوێژکار بەشدار دەبێت. ئەگەر وتووێژەکانمان بێئاکام بوون و حکومەتی تاران ویستی هەوڵبدات خاکی ئازەربایجان بە هێزی چەک بگرێتەوە و ئێوەش فەرمانمان پێبدەن کە ناکۆکییەکانمان لەگەڵ ئێران بە ئاشتیی و دانی ماف بە ئێران چارەسەر بکەین، بۆمن و ڕێبەرانی تری فیرقەی دیموکرات، بەڕێوەبردنی فەرمانێکی بەم جۆرە دژوار دەبێت. ڕەنگە لە هەلومەرجێکی بەم جۆرەدا ئێمە ئەندامانی حکومەت و فیرقەی دیموکرات، لیژنەیەکی نوێ هەڵبژێرین و ئەرکی درێژەدان بە وتووێژەکان بەو لیژنەیە بسپێرین. لە حاڵەتێکی وادا دەبێ بە ئێمە ڕێبەرانی ناسراو ئیزن بدەن، بێینە یەکیەتی سۆڤیەت، یان بۆ وڵاتێکی تری وەک بولغارستان و لە هەمانکاتیشدا ڕێگا بە کۆچی دوو هەزار بنەماڵەی**

چالاکیی بزوتنەوەی دیموکراتیی بدەن کە بێنە سۆڤیەت، یان ئەو بنەمالانە لە چاوەڕوانیی ڕووداوەکانی ئازەربایجاندا ڕابگرن.) لە کۆتاییدا پیشەوەریی بە تانە و زەردە خەنەیەکی تاڵەوە گوتی:

- (من دەزانم و لە ناخی دڵمەوە تێدەگەم، ئێوە کە لێرە دانیشتون و هاوڕێ باقرۆڤ بەدڵ لایەنگریی دەکەن لە بەرگریی کردنی چەکدارانە لە حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و هەرگیز ڕازی نابن کە ئەو حکومەتە سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات، چونکە ئێمە پێکەوە ئەو حکومەتەمان دامەزراندوە، بەڵام بارودۆخی ئێستای جیهان و لە ئاکامدا سیاسەتی سۆڤیەت حوکم دەکات کە ماف بە قەوامولسەڵتەنە بدەن. ئێوە سبەینێ دەڕۆن و من دەمێنمەوە، چونکە من بەڵێنم بە خەڵک داوە و ئەوانم کۆکردووەتەوە. خەڵک من دەناسن، من چۆن دەتوانم لە بەرامبەر قەوامولسەڵتەنە و کۆنەپەرستییدا کۆتا بێم. ناتوانم دەیان هەزار ئازەربایجانیی قوربانیی بکەم. دژوارە بۆم، زۆر دژوارە و جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە من ناتوانم ئەوکارە بکەم. ڕێ بدەن هەر کەسێک بۆ هەرجێیەک دەیەوێت با بچێت، من لێرە دەمێنمەوە و بە چەک لە بەرژەوەندەکانی گەلی ئازەربایجان بەرگریی دەکەم و لە گۆڕەپانی خەباتدا دەکوژرێم.).

ئاتاکیشیۆڤ جێگری وەزیری ئەمنیەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە پیشەوەریی پرسی: (من دەمەوێ بە ڕونی بزانم کە ئەگەر وتووێژی ئاشتی دەستپێبکات، ئێوە دەتوانن چۆن لێبوردنێک لە خۆتان پێشانبدەن و سنوری ئەو لێبوردنانە چین؟) لە وەڵامیدا پیشەوەریی داخوازە ئامادە کراوەکانی خۆی بە زمان ڕاگەیاند:

1- خودموختاریی ئازەربایجان لە شێوازی ئەنجومەنەکاندا بە ڕەسمی بناسرێن، ئازەربایجان سوپای خۆی و هەیئەتی فەرماندەیی خۆی هەبێت، بەڵام وەک هەموو یەکەکانی سوپا، لەژێر فەرمانی سەرکردایەتی سوپادا بێت.

**2- کاتی پێویست، سوپای ئازەربایجان لە بەرامبەر دوژمنانی بێگانەدا بەرگریی لە ئێران دەکات، بەڵام لەو سوپایە بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکانی تر کەڵکوەرناگیرێت.**

**3- دابینکردنی ئارامیی و ئاسایشی ناوخۆ لەسەر شانی ئۆرگانەکانی تری ئازەربایجان بێت.**

**4- کارە ئیدارییەکانی ئازەربایجان بە زمانی ئازەربایجانیی و نوسینەکانی تر لەگەڵ تاران بە زمانی فارسیی بێت.**

**5- زەوی و موڵکە دابەشکراوەکان لە لای خوتیارەکان دەمێننەوە. دەوڵەت قەرەبووی نرخی زەوییە دابەشکراوەکان دەکاتەوە و جوتیارەکانیش بەرەبەرە پارەکەی دەدەنەوە بە دەوڵەت.**

**6- ئەو یاسایانەی تا ئێستا حکومەتی نەتەوەیی پەسەندی کردوون لە لایەن تارانەوە قبوڵ دەکرێن. دەوڵەتی ئێران نابێ دیموکراتەکان بە تۆهمەتی خەرجکردنی بودجەی دەوڵەت، داگیرکردنی زەویی و موڵک، دادگاییکردنی کەسانی جۆراوجۆر و دورخستنەوەیان لە ئازەربایجان سزای ئیعدام یان حوکمێکی تریان بۆ بدات.**

**7- ژمارەی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران بۆ ئازەربایجان دەبێ بە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی ئازەربایجان زیاد بکرێت.**

**8- کەسانێک کە بەتاوانی دوژمنایەتیی کردن بزوتنەوەی دیموکراتیی لە ئازەربایجان دورخراونەتەوە، نابێ بگەڕێندرێنەوە[(91)].**

نوێنەرانی ئازەربایجانی سۆڤیەت داوایان لە پیشەوریی کرد وتەکانی بخاتە سەر کاغەز و بە نوسراوە ئاراستەیان بکات، بەڵام پیشەوەریی گوتی لە بواری دەرونییەوە لە بارودۆخێکدا نییە کە بتوانێت قەڵەم بگرێتە دەست و شتێک بنوسێ و داوای لێکردن سەبارەت بە تورە بوونەکانی شتێک بە هاوڕێ باقرۆف نەڵێن. لە کۆتاییدا پیشەوەریی هەردوو لای ڕومەتی ئیبراهیمۆڤی لەناو دوو دەستی خۆی گرت و بە گاڵتە گوتی: **(لە سەروبەندی ڕۆیشتنی ئێوەدا، یەک دوو وشەتان پێدەڵێم و**

**مناقشەتان لەگەڵ دەکەم.)** میرزا ئیبراهیمۆف وەڵامی دایەوە: **(ئێمە هیچ کارێکی خراپمان نەکردووە کە لەگەڵ تۆ بۆ مناقشە ببێت.)**

بڕیاردرا ڕۆژی 1946/4/5 (1324/1/16) کۆبوونەوەیەک لەگەڵ پیشەوەریی، شەبستەریی و پادگان پێکبهێنن. ئاتاکیشیۆف هەر ئەو ڕۆژە دەقی گفتوگۆکانی لە تەورێزەوە ڕەوانەی باقرۆف کرد. لەو ڕاپۆرتەدا نوسرابوو: **(پیشەوەریی کاتی قسەکردن توڕە بوو. ئەو بە وزەیەکی زۆرەوە دەربارەی سەربەخۆیی دیموکراتەکان و ڕۆڵی خایینانەی قەوام قسەی دەکرد و داوای گواستنەوەی چالاکانیی حکومەتی نەتەوەیی کرد بۆ یەکیەتی سۆڤیەت.)**

ڕۆژی 5 ی ئاپریل باقرۆف پێشنیازەکانی پیشەوەریی بە ستالین و مۆلۆتۆف گەیاند. لەو بارەیەوە نوسی: **(پیشەوەریی دەڵێت ئامانجی قەوامولسەڵتەنە لەناوبردنی بزوتنەوەی دیموکراتی و هەموو ئەو دەستکەوتانەیە کە گەلی ئازەربایجان تا ئێستا بەدەستی هێناوە).** ئەو لە کۆتایی نوسینەکەیدا دەڵێت: **(هەموو فەرماندەکانی ئێمە بەڕێوە دەبات و لەمپەر ناخاتە بەر کارەکان. لە هەمانکاتیشدا نایشارێتەوە کە ئەو ئێستا تەنیا بەڕێوەبەریی فەرمانەکانە و لە دەرونیدا دژی هەمووکارەکانە[92].).**

ئێوارەی ڕۆژی 4 ی ئاپریل هەواڵ گەیشت کە پیشەوەریی بەبێ هاودەنگیی کردن لەگەڵ هەیئەتی سێ کەسەی ڕێبەریی ڕەوانەکراو لە باکۆ، بانگهێشتی عەبدولسەمەد کامبەخش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی بۆ تەورێز کردووە. لەو بارەیەوە باقرۆف ڕاپۆرتێکی ڕەوانەی مۆسکۆ کرد. ئەو لەو ڕاپۆرتەدا نوسیبووی کاتی دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات، کامبەخش یەکێک لەو کەسانە بوو کە بانگهێشتی باکۆ کرا، بەڵام چونکە دژی دامەزرانی فیرقەی دیموکرات و بزوتنەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان بوو، لە پرۆسەکانی دواییدا پەراوێز کرا. دایکی کامبەخش لە بنەماڵەی قاجارەکانە و باوکی فارس بووە. ئەو لە مۆسکۆ

مەشقی سەربازیی و سیاسیی بینیوە. باقرۆف لە کۆتاییدا بۆ ستالین دەنوسێت: **(هۆی بانگهێشت کردنی ئەو لە لایەن پیشەوەرییەوە بەبێ ئاگاداریی ئێمە، ڕون نییە.).**

لەو هەلومەرجەدا، بە هەیئەتی سێ کەسەی ڕێبەریی فەرماندرا بە لەبەرچاو گرتنی ورەی پیشەوەریی کە لە پەرۆشییەوە سەریهەڵداوە، سەبارەت بە وەرگرتنی پێشنیازەکانی بە نوسراوە، گوشاری بۆ نەهێنن، بەڵام سەبارەت بە ڕادەی هەرە زۆری لێبوردوویی لە وتووێژەکاندا لەگەڵ حکومەتی تاران، پیشەوەریی و ڕێبەرانی تر ڕون بکەنەوە کە ئەوان بەرەبەرە دەبێ خۆیان بۆ قبوڵکردنی ئەو ڕاستییە ئامادە بکەن. فەرماندرابوو دەربارەی بانگهێشت کردنی لە ناکاوی کامبەخش بۆ تەورێز کە پیشەوەریی لە هیچ کاتێکدا ڕای باشی لەگەڵیدا نەبووە، لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە بکرێت و لەو بارەیەوە لە پیشەوەریی و کامبەخش بکۆڵنەوە. ڕێکخراوی تایبەتیی هەواڵگریی کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز، سەفەری کامبەخشی بۆ تەورێز و دیدارەکانی لەگەڵ ڕێبەرانی حکومەتی نەتەوەیی خستە ژێر چاودێریی.

میرجەعفەر باقرۆف لە نامەیەکدا بۆ فەرمانبەرانی خۆی لە تەورێز، نوسی: **(بە نەرمیی و دۆستانە و بە ئارامیی بە پیشەوەریی و هاوڕێیانی و هەروەها بەجیا، بە کامبەخش بگەیەنن کە هەر کارێکیان بەبێ هاودەنگیی ئێمە، لەوانەیە ئاکامی نیگاتیڤی لێبکەوێتەوە و زیانبار بێت. بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی ئێستای نێونەتەوەیی هەرچەشنە بەرهەڵستکارییەکیان، بە کردەوەیەکی تێگەدەرانە دەژمێردرێت و لەسەرەتادا توشی شکست دەبێت[93].).**

باقرۆف بە میرزا ئیبراهیمۆڤی ڕاگەیاند کە پێیخۆشە ڕۆژی 6 یان 7 ی ئاپریل لە جوڵفای سۆڤیەت چاوی بە پیشەوەریی بکەوێت.

ڕۆژی 4 ی ئاپریل پیشەوەریی چاوی بە کامبەخش کەوت. کامبەخش دەربارەی دۆخی تاران و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە

سەبارەت بە دەوڵەتی قەوام و ئەرکی حیزبی تودە لە کاتی چالاک بوونی کۆنەپەرستان بە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، زانیارییەکی زۆری ئاراستەی پیشەوەریی کرد. ئەو گوتی کە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە دژی قەوامولسەڵتەنەن و ئەو بە دوژمنی سەرەکی دیموکراسیی و فێڵباز دەناسن، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی گرفتێک کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بۆ یەکیەتی سۆڤیەت سەریهەڵداوە، ڕێبەرانی حیزبی تودە بە ڕواڵەت ڕێز لە دەوڵەتی قەوام دەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیتەی ناوەندیی لەو باوەڕەدایە کە بە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، بەرەبەرە قەوام لە هەموو ئێران و لە ڕیزی یەکەمدا لە باکور، سیاسەتی لەناوبردنی بزوتنەوە دیموکراتییەکان دەگرێتەبەر. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە لەو باوەڕەدایە کە قەوام سەرەتا پشت بەرەی خۆی، واتە تاران لە تودەییەکان پاک دەکاتەوە و دوای ئەوە پەلاماری ئازەربایجان دەدات. بە ڕای کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە بۆ بەرگریی کردن لە لەناوچوونی بزوتنەوەی دیموکراتی لە ئازەربایجان و شوێنەکانی تری ئێران، دەبێ پلانی هاوبەش ئامادە بکرێت. بە گوێرەی ئەو پلانە، بە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، ئازەربایجان لە جیاتی چاوەڕوانی پەلاماردان بێت، بۆخۆی هێرش دەکات و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەش هاوکات لە تاران، قەزوێن و شوێنەکانی تری باکوری ئێران، خەریکی ڕێکخستنی ڕاپەرین دەبێت. بە بۆچوونی کامبەخش دەرەتان بۆ بەڕێوەچوونی ئەو پلانە هەیە و هێزە پێشکەوتووەکان و لە پێشەوەی ئەواندا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران لە تاران، بە بەردەوامیی و لێبڕاوانە بۆ بەرژەوندیی ئازەربایجان ئامادەن. هەروەها کامبەخش گوتی حکومەتی تاران ناتوانێ لە بەرامبەر یەکیەتیی دیموکراتەکانی ئازەربایجان و تودەییەکاندا بوەستێت. ئەگەر دیموکراتەکان و تودەییەکان خۆیان لە کاری شێلگیرانە بپارێزن، حکومەتی قەوام خۆ دەگرێت و ڕۆڵی کارەکان دەخاتە دەست خۆی.

پیشەوەریی لەگەڵ زۆربەی بۆچوونەکانی کامبەخش بوو و گوتی ئەگەر تاران مەترسیی بۆ ئازەربایجان هەبێت، ئازەربایجان ناچاردەبێت بەرگریی لەخۆی بکات[94].

ڕۆژی 3 ی ئاپریل، لە وتوویژیی نێوان ئێران و سۆڤیەت لە تاران، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، کۆمپانیای تێکەڵاو بۆ وەبەرهێنانی نەوت و کێشەی ئازەربایجان هاودەنگیی کرا. دەربارەی کێشەی ئازەربایجان، قەوام پێی باش بوو بۆ پاشەکشە کردنی سۆڤیەت لە دەستێوەردانی کێشەی ئازەربایجان، هیچ بەڵگەیەک ئیمزا نەکرێت و کێشەکە بەشێوەی ناڕەسمی بمێنێتەوە. سادچیکۆڤ سەفیری سۆڤیەت لە تاران بەڵێنیدا بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە هاودەنگی سۆڤیەت وەربگرێت و ڕۆژی 4 ی ئاپریل ڕێککەوتنەکە ئیمزا بکرێت. قەوام بۆ نەهێشتنی گومانی ڕوسەکان ڕۆژی 4 ی ئاپریل لە نامەیەکدا هەموو پێشنیازەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی دەربارەی دامەزراندنی کۆمپانیای تێکەڵاو بۆ وەبەرهێنانی نەوت قبوڵکرد.

شەوی 4 لەسەر 5 ی ئاپریل، مۆسکۆ هاودەنگیی کرد لەگەڵ پێشنیازە ئاراستەکراوەکانی سەفیر و ڕۆژی 5 ی ئاپریل ڕێککەوتننامەی دوولایەنەکەی ڕۆژی 4 ی ئاپریل (15 ی خاکەلێوەی 1325) ئیمزا کرا. لەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتبوو:

1- یەکەکانی سوپای سور لە ماوەی مانگ و نیوێکدا لە ڕۆژی 1325/3/24 (1325/1/4) وە هەموو خاکی ئێران بەجێدەهێڵن.

2- پەیمان دەربارەی کۆمپانیای تێکەڵاوی نەوتی ئێران - سۆڤیەت، حەوت مانگ بە دوای ڕۆژی 24 ی ئاپریلدا بۆ پەسەندکردنی ئاراستەی خولی پانزدەیەمی مەجلیس دەکرێت.

3- کێشەی ئازەربایجان وەک کێشەیەکی ناوخۆیی بە گوێرەی یاساکانی مەوجود، بە بۆچوونێکی خێرخوازانە سەبارەت بە خەڵکی ئازەربایجان

بــۆ بــەڕێوەبردنی چاکســازیی، لــەنێوان دەوڵــەتی ئێــران و خــەڵکی ئازەربایجان، بە ڕێگەی ئاشتیانەوە چارەسەر دەکرێت[95].

ئاشورۆڤ کارمەندیی سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران دەربارەی ڕەوتی وتووێژەکــان و نــاوەڕۆکی بەڵگەنامــەکان، دەســتبەجێ بروســکەیەکی ڕەوانەی باقرۆڤ کرد. باقرۆڤ بە دوای وەرگرتنی ئەو زانیارییانە، لە نامەیەکدا بۆ هەیئەتی سێ کەسەی ڕێبەرایەتی لە تەورێز، نوسی: **(لە 25 ساڵی ئایندەدا، لە کۆمپانیای تێکەڵاو لەگەڵ ئێران، حوکم دەکەوێتە دەست ئێمە و ئێمە دەتوانین هەزاران فەرمانبەر و مەئموری خۆمان ڕەوانــەی ئــەوێ بکــەین. سروشــتییە کــە ئــەو کەســانە لــەنێوان ئازەربایجانییەکاندا دیاریی دەکرێن.)**. باقرۆڤ لە درێژەی نوسینەکەیدا ڕایگەیاند: **(لە نامەیەکی تایبەتدا کە قەوام ئیمزای کردوە، بەڵێنیداوە هیچکــام لــە وەڕێخــەرانی بزوتنــەوەی دیمــوکراتیی و بەشــدارانی بزوتنەوەکە سزا نەدات، لەم قۆناخەدا ئێمە سەرکەوتووین و ئەگەر پیشەوەرییش لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ قەوام، دەستکەوتێکی هەبێت، بۆ گەلی ئازەربایجانیش سودبەخشە. تەنیا مەرجی پیشەوەریی لە وتووێژەکانیدا، خوێندنی منالانە تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی. ئێمە تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەگەڵ قەوام پێکهاتووین و دەبێ پیشەوەریی بۆ بەدەستخستنی سەرکەوتن تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی پێدابگرێت. دەبێ بە پیشەوەریی بڵێن کە توشی نائومێدیی نەبێت. نە قەوام و نە هیچ کەسێکی تر ناتوانێ زیانیان پێبگەیەنێت. دەربارەی یارمەتی کردنیان تا پێنج میلیۆن تمەن بۆ ڕاگرتنی سوپای نەتەوەیی، دوای دیدارم لەگەڵ پیشەوەریی، مۆسکۆ ئاگادار دەکەمەوە. دەربارەی گفتوگۆ کردن لەگەڵ پیشەوەری ئیزنم وەرگرتووە کە بتوانم لە دیدارماندا لە جوڵفا، ئاماژە بۆ گەلێک زانیاریی بەرین دەربارەی بەڵگەنامە چاپکراوەکان و ئەوانەی هێشتا چاپ نەکراون بکەم[96].)**.

ڕۆژی 5ی ئاپریل لە تەوریز پیشەوەریی، شەبستەریی، پادگان و جاوید، چاویان بە میرزا ئیبراهیمۆف، حەسەنۆف، ئاتاکیشیۆف و کەریمۆف نوێنەرانی ئازەربایجانی سۆڤیەت کەوت. لەو دیدارەدا دوکتۆر جاوید گوتی دوێنێ شەو لە ڕادیۆ سۆڤیەت دەربارەی وتووێژەکانی سادچیکۆڤ و قەوامولسەڵتەنە هەندێک شتم بیست. وادیارە لەو وتووێژانەدا باس لە چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان لە چوارچێوەی دەستوری هەمیشەیی ئێراندا کراوە. هەرکام لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەجۆرێک ڕای خۆیان دەربڕی. میرزا ئیبراهیمۆف گوتی: **(ئێستا هەلومەرجی جیهان و بەتایبەتی دۆخی ئێران بە تەواوی نادیارە. لەبەر ئەوە، هاوکات لەگەڵ بەهێز کردنی حکومەتی ئێوە، دەبێ بیرلە ئایندەش بکەینەوە. ئێوە دەبێ پێشبینیی ڕووداوەکانی داهاتوو بکەن و خۆتان بۆ ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵیان ئامادە بکەن و لە هەندێک کاتی پێویستدا، تەنانەت سیاسەتی خۆتان بگۆڕن. مەسەلەکە ئەوەیە بە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، ڕەنگە قەوامولسەڵتەنە داواتان لێبکات سەبارەت بە کێشەی ئازەربایجان وتووێژی لەگەڵ بکەن. بۆ بەرگریی کردن لە ڕشتنی خوێن و بۆ سەرکەوتنمان لە کاری هاوبەش لەنێوان ئێمە و ئێوەدا دەبێ لە کاتی پێویستدا زنجیرەیەک لەخۆبوردووییتان هەبێت. ئەو دیاردەیە پەیوەندیی بە سیاسەتی سۆڤیەت و وتووێژەکانی نێوان حکومەتی تاران و یەکیەتی سۆڤیەتەوە هەیە. سەرکردەکانی ئێمە فەرمانیانداوە بیروبۆچوونی ئێوە سەبارەت بەو دیاردەیە بزانین و بەرەبەرە خۆمان ئامادە بکەین.)**. هێشتا وتەکانی میرزا ئیبراهیمۆف بە کۆتا نەهاتبوو کە شەبستەریی سەرۆکی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان قسەکانی بڕی و گوتی: **(بەڕێزان! ئێمەش ئاگاداریی ڕووداوەکانی ئێرانین و حکومەتی ئێستای تاران و سەرکردەکانی باش دەناسین. ئێوە برا خوێنییەکانمان هۆشیار دەکەینەوە کە بەڵێنەکانی قەوامولسەڵتەنە دەربارەی سپاردنی ئیمتیازی نەوت بە یەکیەتی**

سۆڤیەت، پوچ و درۆن. بەڵگە بۆ سەلماندنی وتەکانم ئەوەیە کە قەوام پەسەندکردنی ڕێککەوتنەکانی هێشتووەتەوە بۆ حەوت مانگی تر لە مەجلیسدا. پێشبینی دەکرێت لەو حەوت مانگەدا ڕووداوێکی نوێ سەرهەڵبدات و دەوڵەتێکی نوێ دەسەڵات بگرێتە دەست و لە دانی ئیمتیازی نەوت بە یەکیەتی سۆڤیەت خۆبپارێزێت. لەو ڕوانگەیەوە نابێ بەڵێنەکانی قەوام بە جیددی بگرن و ئێمەش سەبارەت بە ناوبراو لێبوردنمان نابێت. داوا دەکەم تا کۆتایی پشتیوانیی لە کاری بەرگرییکردنماندا بکەن، چونکە ئێوە تەنیا پشتیوانی ئێمەن. هەرگیز و لە هیچ حاڵەتێکدا چەک دانانێین و لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواوی هەوڵدەدەین خوێنی گەلی ئازەربایجان نەڕژێتە سەر زەوی، بەڵام ئەگەر هێرشمان بۆ بکەن تا دوا دڵۆپی خوێنمان دەجەنگین.). پادگانیش لە وتەکانیدا بەرگریی لە بۆچوونەکانی شەبستەریی کرد. دواتر دوکتۆر جاوید لە وتەکانیدا ڕایگەیاند:

- (ئەگەر ئامانج لە وتووێژی ئاشتییخوازانە، بەرگریی کردنە لە خوێنڕشتن. من دڵنیاتان دەکەمەوە پتر لە دە قاتی ئەوەی کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە خوێن دەڕژێت. ئەمڕۆ قەوام ئامادەیە هەموو کێشەکان لەگەڵ ئێمە بە ئاشتی چارەسەر بکات، بەڵام سبەینێ بە دوای دەرچوونی سوپای سور لە ئێران، ئەو بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو دەرەتانەکانی، تێدەکۆشێت بزوتنەوەی نەتەوەیی ئێمە لەناو بەرێت. من ئامادەم لەگەڵ فیداییە قارەمانەکان بکەوم و بەشداریی شەڕی پارتیزانیی بکەم. من هەرگیز بۆ حکومەتێکی کۆنەپەرست سەر شۆڕ ناکەم. ئێوە دەزانن کە ئەگەر ئینگلیزەکان یارمەتی حکومەتی قەوام نەکەن، ئێمە ئەوەندەمان هێز هەیە کە هێرش بکەینە سەر تاران و لەوێ ڕژێمێکی دیموکرات دامەزرێنین و گەلی ئازەربایجان بۆ هەمیشە لە مەترسیی ڕزگار بکەین. ئێمە دەتوانین ئەم کارە بکەین.).

ئاتاکیشـــیۆڤ جێگـــری وەزیـــری ئەمنیـــەتی ئازەربایجـــانی ســـۆڤیەت هەوڵیدەدا پیشەوەریی و هاوکارەکانی دڵنیا بکات کە هەلومەرجی ئێستا حـوکم دەکـات، حکومــەتی نەتــەوەیی لــە بەرامبــەر حکومــەتی ئێرانــدا، گۆڕانکاریی لە سیاسەتی خۆیدا پێکبهێنێت. دەبێ بەرەبەرە ئامادە بێت بـۆ ئـەو کـارە و سەرکردەکانیشـی ئامـادە بکـات کـە ڕوبـەڕووی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو نەبن. لێرەدا پیشەوەریی قسەکانی ئاتاکیشیۆڤی بڕی و گوتی: **(من خـۆم دژی وتـووێژ کـردن لـەگـەڵ حکومـەتی قەوامولسـەڵتەنە ناوەستم، بـەڵام بـە ئێـوەش دەڵـێم کـە هـەر ئێستا حکومـەتی تـاران و هەندێک مالیک و دەرەبـەگ خـەریکن خۆیان ئامادە دەکـەن کـە هێـرش بکەنە سەر حکومەتی نەتەوەیی. لەبەر ئەوە، ئێمـە بـە هـیچ شێوەیەک نابێ بڵاوە بە هێزەکانمان بکەین، یان ئەوان بخەینە دەست حکومـەتی ئێرانەوە کە توشی چارەنوسێکی نادیار بن. ئەگـەر ئێمـە ئێستا لـەگـەڵ قـەوام دەست بـە وتـووێژ بکـەین و بـە پەلـە ئیمتیـازی بـدەینێ، توشـی هەڵـەیـەکی گـەورە دەبـین و نفـوز و ئیعتبـاری خۆمـان لـەناو خەڵکدا لـە دەست دەدەین.)**. دواتـر پیشـەوەریی پرسـیاری لـە نوێنـەرانی بـاکۆ کـرد: **(ئێـوە بـــە دروســتی پێشـنیازی چـۆن لێبوردوونێکتـــان لـــە بەرامبـــەر قەوامولسەڵتەنەدا بۆ ئێمە هەیە؟)**. ئاتاکیشیۆڤ و میزا ئیبراهیمۆڤ لـەو بارەیەوە بێدەنگ بوون، بەڵام بە ڕێبـەرانی فیرقـەیان ڕاسپارد کـە کـاتی پێویسـت، حکومــەتی نەتــەوەیی دەبــێ لــە بەرامبــەر حکومــەتی تارانــدا ئامـادە بێـت ئـەوپـەڕی لێبـوردوویی لـە مافەکانیـدا پێشـانبدات. وەڵامـی پیشـەوەریی ئـەوە بـوو کـە بـە دوای دانـی ئیمتیـاز بـە قـەوام، نـاوبراو بـە دانی بەرتیلێکی زۆر و مامەڵە کردن، هەموو کوردەکـانی مهاباد دژی ئێمە ڕەوانە دەکات. لەو حاڵـەتەدا، دەربازبوونی ئێمە لەو دۆخە دژوار دەبێت. بــە دور لــە پێشـنیازە دیارەکـانی ئێـوە و حکومــەتی تـاران، مـن لـەسـەر هێشتنـەوە و ڕاگرتنی هێزەکانی فیدایی، شارەبانیی و ڕاگرتنی سنورەکان و هـەروەها پاراسـتنی دۆخـی نـاوخۆیی پێـدادەگرم کـە بـەهێزی چەکـدار

بەدیهاتوون و لە ماوەی وتووێژەکاندا سورم لەسەر ئەو بۆچوونەم و هاوکارەکانیشم لەگەڵم هاودەنگن[97].

ڕۆژی 7 ی ئاپریل، میرجەعفەر باقرۆف لە جولفای سۆڤیەت، چاوی بە پیشەوەریی کەوت. لە هەمانکاتدا کامبەخش بەرپرسی لقی ڕێکخراوی حیزبی تودەش بانگهێشت کرابوو، بەڵام ڕێگەیان پێنەدا بەشداریی وتووێژە سەرەتاییەکان بکات. لەو دیدارەدا پیشەوەریی گوتی هەست بە دۆخی بەدیهاتوو دەکات و فیرقەی دیموکرات و حکومەتی نەتەوەیی هەوڵدەدەن بیانو نەدەنە دەست کەسێک کە بە دژی سۆڤیەت لەمپەری نوێ دروست بکەن. لێرەدا باقرۆف لە پیشەوەریی پرسی: **(کەوابوو بۆچی کامبەخشت بانگهێشتی تەورێز کرد؟).** پیشەوەریی لە وەڵامدا گوتی:

**- (کامبەخش و هاوخەباتانی دڵنیان قەوام و هاودەستانی خۆیان ئامادە دەکەن کە لەگەڵ دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، نەک لە ئازەربایجان، بەڵکوو لە ئەیالەتەکانی تری ئێرانیش خەڵک قەتڵی عام بکەن. ڕێبەرانی حیزبی تودە و ڕێکخراویی ئەیالەتییەکەی دان بەم بۆچوونەی ئێمە دادەنێن. لەبەر ئەوە پێویستە بەگوێرەی توانا لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران پەیوەندیی هەبێت.).** دوای کۆتایی وتووێژ دەربارەی ئازەربایجان داوایان کرد کامبەخش بێتە کۆبوونەوەکە. ئەو دووپاتی کردەوە کە کۆنەپەرستانی تاران لەژێر ڕێبەرایەتیی ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکاندا، خۆیان ئامادە دەکەن کە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، کوشتارێکی مەزن بەڕێوەبەرن. ئەو گوتی زیندانی کردنی سەید زیایەدین تەباتەبایی و ڕەنگە چەند کەسیی تری کۆنەپەرستیی ناسراو، داوێک بێت بۆ هێزە دیموکراتەکان دانرابێتەوە. باقرۆف، پیشەوەریی و کامبەخشی هۆشیارکردەوە کە بۆخۆیان ئاتۆ نەدەنە دەست دوژمنان و پێش بە هەموو چەشنە سەرهەڵدان و بزاقی هێزە نەتەوەییەکان بگرن[98].

میرجەعفەر باقرۆڤ لەسەر بنەمای وتوویژی جولفا و ڕاپۆرتی گەیشتو لەلایەن هەیئەتی سێ کەسەوە، پێشنیازەکانی خۆی ئاراستەی مۆسکۆ کرد و نوسی: **(تا ئەوکاتەی دڵنیا نەبین کە قەوام بە دژی ڕێبەرانی ئێستای بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان توندوتیژیی نانوێنێت، من بەپێویستی دەزانم کە هاوشان لەگەڵ ڕێبەرایەتیی ئاشکرا، ڕێبەرایەتییەکی نهێنی پێکبێت. بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێبەرایەتییە نهێنییە بتوانێت لە بەرامبەر سەرکوتکردنی خزمەتکارانی بزوتنەوەی دیموکراسیی، دژ کردەوە پێشانبدات و دەبێ گروپی چەکداریی نهێنی پێکبهێنێت.)**. باقرۆڤ لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو پێشنیازەدا بە پێویستیی دەزانێت بۆ پشتیوانیی هەمەلایەنە لە فیرقەی دیموکرات و گەیاندنی یارمەتیی نهێنی پێیان، یەکێک لە کادیرەکانی ڕێبەرایەتیی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە ئازەربایجانی ئێران بمێنێتەوە. بۆ بە نهێنی مانەوەی کارەکان، جگە لە دوو سێ ئەندامی ڕێبەرایەتیی فیرقە، کەسێکی تر نابێ بە بوونی ئەو کادیرە لە تەوریز بزانێت. باقرۆڤ بۆ ستالینی نوسی: **(پیشەوەریی، شەبستەریی و پادگان دەڵێن دوای ڕێککەوتن لەگەڵ قەوام ناتوانن لە ڕێبەرایەتیی فیرقەدا بمێننەوە. هۆی وەرگرتنی ئەو بڕیارەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان بەرێگەی توندوتیژییەوە لە ئازەربایجان حکومەتیان بەدەست گرتووە. بەبێ ئیزنی دەوڵەتی ئێران، بڕیاری دژ بە یاساکانی ئێرانیان سەبارەت بە خەرج کردنی بودجەی دەوڵەت بۆ پێداویستییەکانی ئازەربایجان داوە. هەروەها ئەوان بەڵێنیان بە خەڵکی ئازەربایجان دابوو کە خودموختاریی تەواویان بۆ دەستەبەر دەکەن و ئێستا ناتوانن پاشەکشە کردنیان لە دروشمەکانیان بە خەڵک بسەلمێنن. ئەوان پێشنیاز دەکەن پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقە پێکبێت و کەسانێک بۆ ڕێبەرایەتیی نوێ هەڵبژێرن کە بەشدارنەبوون لە چالاکییەکانی ڕابردوودا. هەروەها ئەوان پێشنیاز دەکەن کە ئەگەر دۆخەکە دژوار بوو، 200 چالاکی فیرقە**

**و بنەماڵەکانیان بتوانن بچنە یەکیەتی سۆڤیەت. لەگەڵ ئەوەشدا داوا دەکەن هەندێک لەو ئێرانییانەی کە پێشتر لە یەکیەتی سۆڤیەت سنورداش کراون و چالاک بوون لە بزوتنەوەی ئازەربایجان دا، بە هاووڵاتیی سۆڤیەت بناسرێن.).**

باقرۆڤ بۆ نەهێشتنی بیانووی دەوڵەتە بیانییەکان لە ئێران، دەربارەی یارمەتیکردنی چەکدارانەی سۆڤیەت بە بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان، پێشنیاز دەکات: **(هەموو چەکە قورسەکانی مەوجود لە ئازەربایجان ڕەوانەی یەکیەتی سۆڤیەت بکرێن. چەکە سوکەکان لای کەسانێک بمێننەوە کە شێلگیرانە دەیانەوێ دژی کۆنەپەرستیی خەبات بکەن و بە پێچەوانەوەش ئەوانەی گومانیان هەیە چەک بکرێن.).**

بە ڕای باقرۆڤ کاتی وتوویژ لەگەڵ تاران دەبێ هەوڵبدرێت هێزەکانی سوپای ئازەربایجان سەرەڕای پەیوەست بوونیان بە سەرکردایەتیی سوپای ئێرانەوە، وەک خۆیان بمێننەوە و ئەگەر حکومەتی ئێران هاودەنگیی لەگەڵ ئەو کارە نەکرد، دەبێ بڵاوە بە سوپای نەتەوەیی بکرێت و چەکەکانیان کۆبکرێتەوە. بەشێک لەو چەکانەی کە کاتی چەککردنی سوپای ئێران بەدەستهاتوون، بدرێتەوە بە حکومەتی تاران و ئەوانی تریش ڕەوانەی یەکیەتی سۆڤیەت بکرێن. لە ئەندامانی هێزەکانی فیدایی کە چەک دەکرێن، بۆ پێکهێنانی هیزی چەکداریی نهێنی کەڵکوەربگیرێت.

میرجەعفەر باقرۆڤ بۆ ڕێبەرانی مۆسکۆ دەنوسێت: **(ئەگەر قەوام خۆ لە وتوویژ بدزێتەوە و بە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت هێز ڕەوانەی ئازەربایجان بکات، پیشەوەریی، شەبستەریی و پادەگان داوا دەکەن ڕێیان پێبدرێت بەرگریی چەکدانە بکەن.).** بەڕای باقرۆڤ هەموو لیژنەکانی دیپلۆماتیی، بازرگانیی و فەرهەنگیی سۆڤیەت دەبێ ئێستا لە ئێران درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن. ناوەندی فەرهەنگیی، نەخۆشخانە و خوێندنگەکانی سۆڤیەت لە تەورێز بمێننەوە. هۆشداریدا و

گوتی ئەگەر حکومەتی تاران هاودەنگی لەگەڵ بەردەوام بوونی خوێندنگەی ناوەندیی و دواناوەندیی سۆڤیەت نەکات، دەکرێت لەو خوێندنگەیە وەک ناوەندێکی "پروپاگەندەی ئایینی" کەڵکوەربگرن، هەروەک چۆن ئەمریکیەکان و ئینگلیزەکان لە شوێنەکانی تری ئێران هەیانە.

لەو خوێندنگەیەدا ئێمە کادیر بۆ ناوچەکان پەروەردە دەکەین و ئەو خوێندکارانەش کە خوێندنی دواناوەندیان تەواو کرد، دەتوانن بۆ درێژەدان بە خوێندن بێنە سۆڤیەت. خاوەندارییەتی لقی کارخانەی ڕەستن و وەبەرهێنانی کەشی باکۆ لە تەورێز، دەکرێت بۆ یەکێک لە بازرگانەکانی ئەندامی فیرقە بگوازرێتەوە و وەک پشتیوانێکی ئابوریی بۆ درێژەدان بە چالاکییەتی فیرقەی دیموکرات بە حیساب بێت. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا، باقرۆف دەنوسێت: **(پیشەوەریی، شەبستەریی و پادگان داوا دەکەن کە ئەگەر قەوام ئامادە بێت وتووێژیان لەگەڵ بکات، ئەو دیدارە بەرلە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، لە ناو سنوری ئازەربایجان پێکبێت[(99)].)**.

قەوامولسەڵتەنە بە دوای ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی چوارەمی ئاپریل لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت و گۆڕینەوەی نامە گەرم و بەسۆزەکانی لەگەڵ ستالین، دەربارەی ڕاگرتنی شکاتی ئێران لە سۆڤیەت لە بەرنامەی کاریی شورای ئەمنیەت، یان وەرگرتنەوەی شکاتەکەی، توشی دوو دڵیی ببوو. لە لایەک یەکیەتی سۆڤیەت گوشاری دەختەسەر و دەیگوت بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی دوو لایەنە، ڕانەگرتنی شکاتی ئێران لە بەرنامەی شورای ئەمنیەت واتای بێباوەڕیی ئێران بە یەکیەتی سۆڤیەت دەگەیەنێت و لە لایەکەی تریدا وەزارتی دەرەوەی ئەمریکا هەڕەشەی دەکرد و دەیگوت ئەگەر ئێران شکاتەکەی وەرگرێتەوە، ئیتر پشتیوانیی نێودەوڵەتیی لە دەستدەدات و لە بەرامبەر ڕوسەکاندا بەتەنیا دەمێنێتەوە.

ڕۆژی 1946/4/9 (1325/1/20) پیشەوەریی لە تەورێز چاوی بە جەمشید کەشاوەرز برای فەرەیدون کەشاوەرز یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی تودە کەوت. جەمشید کەشاوەرز بە تامەزرۆیی دەیویست بزانێت کە کامبەخش لەلایەن چ کەسێکەوە ڕەوانەی تەورێز کراوە و هەروەها دەیویست دەربارەی وتووێژی داهاتوو لەگەڵ قەوام زانیاریی هەبێت. پیشەوەریی پێشنیازی ناوبراوی سەبارەت بە بەشداریی کردنی نوێنەرانی حیزبی تودە لە وتووێژەکاندا قبوڵ کرد. هەرلەو ڕۆژەدا "خانم ئیبراهیم زادە" سەرۆکی سندیکای کرێکارانی مازندەران چاوی بە پیشەوەریی کەوت و ئامادەیی سندیکای کارگەرانی مازندەرانی بۆ یارمەتیدان بە دیموکراتەکان پێڕاگەیاند.

لە ناوەڕاستەکانی مانگی ئاپریلدا، دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان بەردەوام بوو. بە دوای کەرەج و میانە و بەندەرپەهلەوی دا هێشتا هێزەکانی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا مابوون. قەوامولسەڵتەنە دەیویست بە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، دەستبەجێ هێزە چەکدارەکانی ئێران لە شارەکانی ئازەربایجاندا جێگیر بکات. لەبەرئەوە، سێهەزار سەرباز کە لە شارەکانی شیراز، ئیسفەهان و ئەهوازەوە هێنرابوونە تاران، ڕۆژی 15 ی ئاپریل ڕەوانەی قەزوێن کران و بۆ ڕاکێشانی خەڵکی ئەو شارە بۆلای خۆیان، بەپەلە 19 بارهەڵگریان ئازوقە لەگەڵ چوار تانک، بۆ نومایشت کردن ڕەوانەی قەزوێن کرد. بە فەرمانی سەرکردایەتیی سوپا، سەرتیپ "پورزەند" فەرماندەی لەشکری هەمەدان هاتە قەزوێن.

کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و نومایشت کردنی هێز لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، کاری کردە سەر خەڵکی ئازەربایجان. بە تەنیا لە ئەردەوێل پتر لە 24 هەزار کەس بۆ وەرگرتنی هاووڵاتیی بوونی سۆڤیەت و چوونیان بۆ ئەوێ، پەیوەندیان بە جێگری کۆنسولی

سۆڤیەتەوە گرت و بە دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە قەزوێن، سی بنەماڵە گواسترابوونەوە بۆ تەورێز[100].

چەند ئەفسەری سۆپای ئێران بە بەرگی مەدەنی و بەڵگەنامەی بەدەڵەوە ڕەوانەی ئازەربایجان کران. کۆنەپەرستان زۆر چالاک بوون و بە دژی حکومەتی نەتەوەیی، شەوانە بەیاننامەیان بە دیوارەکانەوە هەڵداوەسی و ڕایاندەسپارد لە چوونی هاووڵاتیان بۆ ڕیزەکانی سوپای نەتەوەیی خۆیان بپارێزن. لە تەورێز دەنگۆ داکەوتبوو ڕوسەکان بەهۆی گوشارهێنانی ئەمریکییەکان و ئینگلیزەکان ناچاربوون ئێران بەجێهێڵن. گروپەکانی سەربە حکومەت کە لە جیابوونەوەی ئازەربایجان لە ئێران بە پەرۆش بوون، لەو سازیشەی نێوان سۆڤیەت و ئێران و تیکهەڵچوونی چەکدارانەی ئێران و هێزەکانی ئازەربایجان بە خرۆش هاتبوون.

ژەنەڕاڵ عەزیمی فەرماندەی تیپی مەراغە لە بروسکەیەکی نهێنیدا بۆ "جەعفەر کاویان" وەزیری جەنگی سوپای نەتەوەیی، نوسیبووی: ڕۆژی 4/17 1946 (1325/1/28) گروپێکی 800 کەسە لە هێزەکانی پیادە و سوارەی سوپای ئێران لە جادەی "تیکان تەپە" و "ساینقەڵا"، لە گوندەکانی "ئێنجە" و "قەڵا- بۆرون"ەوە پەلاماری هێزەکانی فیداییان داوە. لە شەڕێکدا کە تا ئێوارەی ڕۆژی دوایی بەردەوام بوو، فیداییەکان بە توندیی بەرگریان لە شوێنەکانی خۆیان کرد. هێزەکانی ئێران پانزدە کوژراو و بریندایان لێ بەجێماوە. پیشەوەریی لە هێرشی سوپای ئێران بە خرۆش هاتبوو. بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەو بۆ بەرگریی کردن لە پێشڕەویی سوپای ئێران، حکومەتی ناوەندیی دەستە و گروپی فیدایی و تۆپ و کەرەستەی جەنگی ڕەوانە کرد. کۆنەپەرستانی ئێران دەیانویست لەو شەڕە تێکدەرانەیە وەک بیانوویەک بۆ بەرینکردنەوەی شەڕ بە دژی ئازەربایجان کەڵکوەربگرن.



جەعفەر کاویان، وەزیری جەنگی سوپای ئازەربایجان

ڕۆژی 20 ی ئاپریل (31 ی خاکەلێوە)، هەیئەتی وەزیرانی دەوڵەتی ناوەندیی کۆبووەوە. سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی وەزیری جەنگ، ڕووداوەکانی تیکان تەپە و ساینقەڵای بە دیموکراتەکانەوە چەسپاند و گوتی دیموکراتەکان هێرشیان کردووەتە سەر سوپای ئێران. ئەو پێشنیازی کرد هەیئەتی دەوڵەت بە لێکۆڵینەوەی بروسکە گەیشتووەکان لەو ناوچانە، بڕیارێک دەربارەی پاشەکشەی دیموکراتەکان بدات. قەوامولسەڵتەنە دژی ئەو پێشنیازە ڕاوەستا و گوتی دەبێ بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لەو کێشەیە بکۆڵدرێتەوە. ڕێکخراوەکانی هەواڵگریی سۆڤیەت دەیانگوت: ڕەنگە ڕووداوی تێکهەڵچوونی نێوان دیموکراتەکان و سوپای ئێران، لە لایەن شا و ئەمیر ئەحمەدیی و یەزدانپەنا ئەفسەرانی نزیک بە شا و هەروەها وەزیرەکانی وەک "ئێقبال و سپێهر و بەیات"ەوە، بە دژی قەوام پلانی بۆ دانرابێت. بە هەر حال حکومەتی نەتەوەیی لە بەرامبەر ئەو دەستدرێژییەدا، ئازایانە ڕاوەستا و جارێکی تریش یاسا و ڕێساکانی حکومەتی ئازەربایجانیی لە "ئێنجە و قەڵا- بورون و

میانبولاخ" دانایەوە. سوپای ئێران لەو ڕووداوەدا هەشت سەربازیی کوژرا و ژمارەیەک ئەفسەر و سەربازیی لە لایەن فیداییەکانەوە بەدیل گیرا.

میرجەعفەر باقرۆف دەربارەی ئەو ڕووداوە بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤی نوسی: **(بە ڕای ئێمە، قەوام بەوکارەی ویستی لە لایەک توانایی جەنگی حکومەتی نەتەوەیی تاقی بکاتەوە و لە لایەکی ترەوە هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆی ئازەربایجان بەرەو کاری تێکدەرانە هانبدات. پیشەوەریی دەڵێت ئەگەر هەلومەرج بوار بدات، یەکەکانی سوپای نەتەوەیی لە بەرامبەر هێرشەکانی سوپای ئێراندا درێژە بە بەربەرەکانی دەدەن[101].)**

لە ڕاستیدا خودی میرجەعفەر باقرۆڤیش هاوڕای پیشەوەریی بوو. ئەو بە ڕێبەرانی حکومەتی نەتەوەیی دەگوت چۆنیەتی پێکهاتنی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ تاران دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی توانایی بەربەرەکانیی ئێوە لە بەرامبەر گوشارە جەنگییەکانی حکومەتی تاراندا. هەروەها دەیگوت:

**- (ئەگەر ئێوە بەهێز بن، زۆر شت بەدەست دەهێنن و بەپێچەوانەوەش ئەگەر لە بەرامبەر سوپای ئێراندا ڕابکەن، هیچتان دەست ناکەوێت. حکومەتی تاران بە دوای ڕەوانە کردنی چەند گوردانی ژاندارمە بۆ ئازەربایجان، وتووێژتان لەگەڵ دەکات. ئەگەر ئێوە ئەو ژاندارمانە لەناو بەرن، پێتان دەڵێت بەڕێز پیشەوەریی و لەگەڵتان وەک مرۆڤ دەدوێت و بە زمانێکی تر قسەتان لەگەڵ دەکات. ئەگەر لە بەرامبەر ژاندارمە و سەربازە ڕەوانەکراوەکانی قەوامدا پاشەکشە بکەن، ئەوکاتە قەوام وتووێژ لەگەڵ پیشەوەریی ناکات[102].)**

چەند ڕۆژ بەر لە سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوەی سەرەوەدا، سادچیکۆڤ سەفیری سۆڤیەت لە تاران بە فەرمانی وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت پێشنیازی بە قەوامولسەڵتەنە کرد کە دەقی ڕێککەوتننامەکەیان، دەربارەی ئازەربایجان ڕابگەیەنێت، بەلام قەوام

بـه بیـانووی جۆراوجـۆر خـۆی لێبـوارد. هەرکـه هـەوڵی تێکشکانی سوپای ئێران لـه تیکان تـەپه بڵاوکرایەوە، هەیئـەتی دەوڵەت بڕیارێکی سـەبارەت بـه ڕاگەیاندنی چەندان پێشنیازی پەیوەندییدار بـه کێشـەی ئازەربایجـان ڕاگەیاند. بۆ مەئمورەکانی سۆڤیەت کە ڕەگازۆییان کردبووە ناو دەوڵـەتی قەوام، نەوەستانی وەزیرەکان دژی ئەو بڕیارە سەرسوڕهێنەر بوو. چونکـه لـه وتـەکانی ناڕەسمیدا ئەمیر ئەحمەدی وەزیری جەنگ و مورتـەزا بـەیات وەزیـری دارایـی چەنـدان جـار دژی ڕێککـەوتنی ڕۆژی چـواردەی ئاپریـل هەڵوێسـتیان گرتبـوو. ئـەوان دەیـانگوت ئـەو سازیشـه بەپێچەوانـەی دەستوریی هەمیشەیی ئێران بە ئەنجام گەیشتووە[103].

بڕیاری دەوڵـەتی قـەوام دەربـارەی کێشـەی ئازەربایجـان، ئێـوارەی ڕۆژی 21 ی ئاپریـل لـه ڕادیـۆ تـاران بڵابـووەوە. هـەر لـەو ڕۆژەدا، فەتحعـەلی ئێپکچیان نوێنـەری پێشووی تـەورێز لـه مەجلیسی شورای میللـی دا کـه بـه ئەنـدامی هەیئـەتی وتووێژکـەریی ئێـران لەگـەڵ ئازەربایجـان دیـاریی کرابـوو، گـەیشتـه تـەورێز تـا دەربـارەی مێـژوو و جێـی پێکهێنـانی وتـووێژ لەگەڵ پیشەوەریی هاودەنگی بکات.

# ئاپریل - یونی 1946 : کۆبەندییەکانی

## شەش مانگەی یەکەم

لە دەیەی سێیەمی مانگی ئاپریلدا، گەلێک ڕووداوی سیاسیی سەریهەڵدا. ڕۆژی 21 ی ئاپریل (یەکی گوڵان) فەتحعەلی ئێپکچیان ئەندامی لیژنەی وتووێژکەریی ئێران هاتە تەورێز. ئەو یەکێک بوو لە دانیشتوانی کۆنی تەورێز و بازرگان و هەڵگری خوێندنی ناوەندیی بوو. لە سەردەمی حکومەتی قەیسەردا لە خوێندنگەی ڕوسەکان خوێندبووی. باوکی تا ساڵی 1930 یەکێک بوو لە بازرگانە جێ باوەڕەکانی سۆڤیەت. بۆ مۆسکۆ، باکۆ و تفلیس و زۆر شاری تر سەفەریی دەکرد. فەتحعەلی ئێپکچیان ساڵی 1943 لە تەورێز بۆ نوێنەرایەتی خولی چواردەیەمی مەجلیسی شورای میللی ئێران هەڵبژێردرا. چونکە ڕوسەکان تا ڕادەیەک دەستیان هەبوو لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسدا، گرفتیان لە نوێنەر بوونیدا پێکهێنا. کاتێک لە پاییزی ساڵی 1945 دا ئەندامەتی لە پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجاندا قبوڵکرد، ڕۆژنامەکانی ناوەند، چەندان وتاریان بە دژی بڵاوکردەوە و پێشنیازیان کرد بەهۆی خیانەت کردنی بە ئێران، لە نوێنەرایەتی مەجلیسی شورای میللی بکەوێت.


هاوکات لەگەڵ هاتنی ئێپکچیان بۆ تەورێز، پیشەوەریی پەیامێکی بۆ نارد کە تا وتووێژ کردنی ڕەسمیی لەگەڵ حکومەتی نەتەوەیی، بۆ پێشگیریی کردن لە بڵاوبوونەوەی دەنگۆ، لە دیداری نارەسمی خۆی بپارێزێت. ئێپکچیان لە دیدارێکی کورتیدا لەگەڵ پیشەوەریی، گوتی بە دوای بیستنی تیکهەڵچوونی تیکان تەپە، دەستبەجێ چاوی بە مورتەزا فیروز و دواتریش ئەحمەد قەوام کەوتووە. ئەوان پێیانگوتووە ڕووداوی تیکان تەپە بەبێ ئاگاداریی دەوڵەت سەریهەڵداوە[104].

لە ڕاگەینراوی دەوڵەتی قەوامدا کە ڕۆژی 21 ی ئاپریل لە ڕادیۆ تاران بڵاوکرایەوە، بە پێچەوانەی دەوڵەتی "حەکیمی"ی کە دیموکراتەکانی بە سەربزێو و خیانەتکار دەناساند، وتەیەکی ناشیرین و دژ بە ئەوان بەکار نەهێنرا و نەیگوت هێز ڕەوانەی تەورێز دەکات. قەوام لەو بارەیەوە لە وەڵامی هەواڵنێراندا دەیگوت:

**- (من کێشەی ئازەربایجان بە کێشەیەکی ناوخۆیی ئێران دەزانم و ئومێدەوارم بە قازانجی وڵات چارەسەری بکەم. من لایەنگریی ناردنی هێز بۆ ئازەربایجان و چارەسەرکردنی کێشەی ئەوێ بە شەڕ نیم[105]).**

لە بڕیاری هەیئەتی وەزیراندا زنجیرەیەک دەسەڵات درا بە ئەنجومەنی هەڵبژێردراو کە کەسانی بەشدار لە بزوتنەوەی دیموکراتی سزا نەدرێن و ئازادیی حیزبە دیموکراتەکان و سندیکاکان دابین بکات. لە خوێندنگەکاندا تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی وانە بە زمانی تورکی بگوترێتەوە[106].

بەیانیی ڕۆژی 22 ی ئاپریل، پیشەوەریی پێشوازیی لە ئێپکچیان کرد. ئێپکچیان گوتی ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ لیژنەی وتووێژ بریتین لە موزەفەر فیروز، "موەرخولدەولە سپێهر"، "مستشارولدەولە سادق"، "فەرمانفەرمایان" و ئەو بۆخۆی. ئەو پێشنیازی کرد حکومەتی ئازەربایجانیش نوێنەرانی خۆی دیاریی بکات. پیشەوەریی گوتی ئەو مەسەلەیە دەباتە هەیئەتی وەزیرانی حکومەتی نەتەوەیی. دوای کۆتایی وتووێژی ڕەسمی، ئێپکچیان بەشێوەیەکی تایبەت ڕایگەیاند، بەو زەمانەتانەی حکومەتی ناوەندیی بە دیموکراتەکانی دەدات، ئیتر ڕاگرتنی هێزی چەکدار واتەی نییە.



موزەفەر فیروز، جێگری سیاسیی قەواموڵسەڵتەنە و بەڕێوەبەری گشتیی تەبلیغات

لەگەڵ ئەوەشدا گوتی تا کرانەوەی مەجلیسی شورای میللی دەبێ سوپای نەتەوەیی ڕابگیرێت. ئێپکچیان تەنانەت ئەوەشی گوت کە بە هەڵوەشاندنی سوپای نەتەوەیی، سازیش دەربارەی کێشەی نەوت ئیعتباری نامێنێت. بوونی هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان زامنی پەسەندکردنی پەیمانی نەوتە لە مەجلیسدا. لە وەڵامی ئەم پرسیارەی پیشەوەرییدا کە ڕای قەوام لەو بارەیەوە چییە؟ ئێپکچیان گوتی بە دروستی نازانێت، بەڵام ڕەنگە بە گۆڕانی سەرۆکوەزیران کێشەی نەوت بە ئاکام نەگات. ئەو دەربارەی ئەندامانی لیژنەی ئێرانیی گوتی مستشارولدەولە لایەنگری ئازەربایجانە، بەڵام ناکرێت باوەڕ بە سپێهر

بکرێت. ئەو لە کۆتاییدا گوتی پێویستە جەعفەر کاویان لە فەرماندەیی هێزی چەکداریی ئازەربایجان دا بمێنێتەوە[107].

ئێپکچیان دوای وتووێژکردنی لەگەڵ پیشەوەریی، چووە لای کراسنی سەرکونسوڵی سۆڤیەت و چاوی بە قوڵییۆڤ جێگری سەرکۆنسول کەوت. لەو دیدارە دوو کەسییەدا لەگەڵ قوڵییۆڤ، ئێپکچیان ڕاسپاردەکانی بە پیشەوەریی دووپات کردەوە و گوتی دەبێ تا پەسەندکردنی پەیمانی نەوت لە مەجلیسدا، هێزی چەکداریی ئازەربایجان بمێنێتەوە و جەعفەر کاویان فەرماندەی ئەو هێزانە بە پارێزگای تەورێز ببەسترێتەوە. ئەو ئەندامەی لیژنەی وتووێژکەریی ئێران بە قوڵییۆڤی گوت کە وتووێژەکان سەبارەت بە ئازەربایجان دەبێ بەرلە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران دەستپێبکات و کۆتایی پێبێت[108].

بەرلە دەستپێکردنی کۆبوونەوەی هەیئەتی وەزیرانی ئازەربایجان، ئەندامانی هەیئەتی سێ کەسەی ڕێبەریی ڕەوانەکراو لە باکۆ، چاویان بە پیشەوەریی و ڕێبەرانی حکومەت کەوت و دەربارەی پێشنیازەکانی ئێپکچیان گفتوگۆیان کرد و بڕیاریاندا ئەم کەسانەی خوارەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ لیژنەی ئێرانیی پێشنیاز بکرێن: سادق پادگان، جاوید، فەریدون ئیبراهیمیی دادیار، سادق دیلمقانیی گەورە بازرگان و ئەندامی هەیئەتی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی نەتەوەیی، نەسرتوڵا جهانشاهلو جێگری سەرۆکوەزیران و محەمەد حوسێن خانی سەیف قازی بە نوێنەرایەتیی لەلایەن کوردەکان. دواتر پیشەوەریی و ئەندامانی تری ڕێبەرایەتیی حکومەتی نەتەوەیی لەو بارەیەوە کە حکومەتی تاران، بە شێوەی یەکلایەنە، شاری "کەرەج"ی بۆ وتووێژەکان دیاریی و بە جیهانی ناساندبوو، ڕەخنەیان گرت. بە ڕای ئەوان، دیاریی کردنی کەرەج بەو واتایەیە کە هەرچی تاران بڵێت و بخوازێت، ئازەربایجان ناچارە قبوڵی بکات. پیشەوەریی سەبارەت بەو ڕووداوە و هەڵسوکەوتی سادچیکۆڤ سەفیری سۆڤیەت نارەزامەندیی ڕاگەیاند و گوتی سادچیکۆڤ وەک قەوام

نایەوێت حیسابێک بۆ ئازەربایجان بکات. ئەو گوتی سەفیر بەرلە دیارییکردنی جێی وتووێژەکان، بە لایەنی کەمەوە دەبووایە بۆ پاراستنی ڕێز، ڕای دیموکراتەکان وەرگرێت. پیشەوەریی گوتی ڕونە کە دیموکراتەکان بۆ ڕێزگرتن لە سیاسەتی سۆڤیەت، دەبێ بەپێی بیروبۆچوونی سادچیکۆڤ هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام بۆچی کارێکی واناکەن کە دیموکراتەکان لە سەرەتاوە بە تاران ببەستنەوە. پیشەوەریی سەرئەنجام پێشنیازی کرد و گوتی ئەگەر قەوامولسەڵتەنە کەرەجی دیاریی کردووە، بۆ ئەوەیە کە بە بەردەوامی بتوانێت پەیوەندیی بە نوێنەرانی خۆیەوە هەبێت، تاران بۆ ئەو ڕێکترە(109).

جگە لە پیشەوەریی کە سەرۆکایەتی لیژنەی ئازەربایجانی لە ئەستۆ گرت، تەقی شاهین فەرماندار ورمێ بە نوسەریی لیژنە دیارییکرا. ڕۆژی 28 ی ئاپریل (18 ی گولان – ئەم نوێنەرانە ڕۆژی 18 ئاپریل 8 گولان چوونە تاران نەک 28 ئاپریل– وەرگێڕ)، پانزدە هەزار کەس لە خەڵکی تەورێز بۆ بەرێکردنی لیژنەکە لە فرۆکەخانەی تەورێز کۆبوونەوە. لە فرۆکەخانەی تاران، موزەفەر فیروز جێگری سەرۆکوەزیر پێشوازیی لە پیشەوەریی و یاوەرانی کرد. بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ئەندامانی لیژنە، پەنجا ژاندارم و ژمارەیەک پۆلیس بە بەرگی مەدەنی لەبەرچاو گیرابوون.

ڕۆژی 29 ی ئاپریل وتووێژی دوولایەنە دەستی پێکرد و دوو هەفتەی خایاند و هیچکام لەو دوو لایەنانە پاشەکشەیان لە داخوازەکانیان نەکرد. دوا ڕۆژی وتووێژەکان هاوکات بوو لەگەڵ کۆتاییهاتنی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان کە دۆخی لیژنەی ئازەربایجانیی لاواز کرد.

ڕۆژێک بەرلە چوونی لیژنەی ئازەربایجان بۆ تاران، باقرۆف دەربارەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، ڕاپۆرتێکی ئاراستەی ستالین کرد و لەودا نوسی:

**- (گوتومە 62 دەزگا تۆپ، 34854 گوللە تۆپ، 49 دۆشکە و چوار میلیۆن فیشەک لە ئازەربایجان بەجێبهێڵن.).**

هەروەها نوسی یەکە پارتیزانەکانیش چەکەکانیان دەپارێزن. باقرۆف دواتر هاودەنگیی مۆسکۆی سەبارەت بەو داخوازانە وەرگرت: چوونی 200 بنەماڵەی دیموکرات بۆ یەکیەتی سۆڤیەت. کەم نەکردنەوی ژمارەی فەرمانبەرانی دیپلۆمات و بازرگانەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، لە پەیوەندیی لەگەڵ چالاکییەکانی نەوت لە ئایندەدا. هێشتنەوەی نەخۆشخانەی سۆڤیەت لە تەورێز. زیاد کردنی ژمارەی کارمەندانی خانەی فەرهەنگ تا پانزدە کەس. گواستنەوەی چاپخانەی ڕۆژنامەی "وەتەن یۆڵندا" بۆ خانەی فەرهەنگ. درێژەدانی چاپەمەنیی و چاپی ڕۆژنامەی ئازەربایجان لە باکۆ بۆ ئازەربایجانی ئێران. گواستنەوەی کارخانەی چنینی کەشیی تەورێز بۆ کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات و هێشتنەوەی خوێندنگەی ناوەندیی و دوا ناوەندیی ئازەربایجان لە تەورێز[110].

باقرۆف لە پەیوەندیی لەگەڵ کۆتاییهاتنی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، بۆ ستالینی نوسی: **(جوتیاران، کارگەران، ڕۆشنبیران و هەموو گروپە دیموکراتەکان پەژارەی خۆیان لە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران دەردەبڕن. ئەوان لە چارەنوسی داهاتووی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان زۆر بە پەرۆشن. لە لایەکی تردا کشانەوەی سۆپای سۆڤیەت لەنێوان گروپە کۆنەپەرستەکان و لایەنگرانی ئینگلیزدا کاریگەریی پێچەوانەی داناوە. ئەوانە پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران بە هۆی گوشاری ئەمریکا و ئینگلیز بەڕێوەدەچیت و ئەوە بە سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا و ئینگلیز بە حیساب دەهێنن. کشانەوەی هێزەکانمان، دەستە و گروپە کۆنەپەرستەکانی هیوادار کردووە کە ڕێبەرانی ڕیکخراوە**

**دیموکراتییەکان و بزوتنەوەکانی ئازادییخوازانەی نەتەوەیی بەتەواوی لەناو بچن[111].)**

زنجیرەیەک ڕەخنەی ڕاشکاوانەی پیشەوەریی بە سیاسەتی سۆڤیەت لە مانگەکانی مارس - ئاپریلدا: ئامازە کردنی بۆ هەڵسوکەوتی سۆڤیەت لە شۆڕشی گیلان لە ساڵی 1920 دا، بێباوەڕیی ناوبراو بە سیاسەتی سۆڤیەت و ڕێبەرانی سۆڤیەت کە ئەویان فریوداوە، تووڕە بوونی ستالینی بە دواوە بوو. ڕۆژی 1046/3/8 (1325/2/18)، بە دوای کۆتاییهاتنی کشانەوەی هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئازەربایجان ستالین نامەیەکی تایبەتیی بۆ پیشەوەریی نارد کە دەقەکەی بەم جۆرە بوو:

**هاوڕێ پیشەوەریی!**

**بە ڕای من ئێوە ئەم دۆخەتان باش هەڵنەسەنگاندووە کە لە ئێران و جیهاندا سەریهەڵداوە. سەرەتا: ئێوە دەتانەوێت دەستبەجێ هەموو داخوازە شۆڕشگێڕەکانی ئازەربایجان دەستەبەر بکەن، لە کاتێکدا هەلومەرجی ئێستا ڕێگە بە پرۆگرامێکی بەم جۆرە نادات. لێنین داخوازە کورت خایانە شۆڕشگێڕەکان بە خواستێکی بە کردەوە - تەئکیدی دەکەمەوە بە خواستی بەکردەوە- تەنیا لە کاتێکدا دەخستەبەرباس کە وڵات توشی قەیرانی شۆڕشگێڕانە بووبێت و لە جەنگ لەگەڵ دوژمنی بیانیدا توشی ناکامیی بووبێت: وەک جەنگە ناسراوەکانی ژاپۆن لە ساڵی 1905 و لەگەڵ ئەڵمانیا لە ساڵی 1917دا. ئێستا ئێوە دەتانەوێت لاسایی لێنین بکەنەوە، زۆر باشە و ئەو کارە جێی دەستخۆشییە، بەڵام ئێستا هەلومەرجی ئێران بە جۆرێکی ترە. ئێران ئێستا هیچ قەیرانێکی قوڵی نییە. لە ئێران کارگەران ژمارەیان زۆر کەمە و بە ڕادەی پێویست ڕێکنەخراون. جوتیارانی ئێران ئێستا چالاکیی جیددیان لێ نەبینراوە. ئێران لەگەڵ دوژمنی بیانیی لە شەڕدا نییە کە گروپە کۆنەپەرستەکان بەهۆی ناکامییەوە لە جەنگ لاواز بووبن. کەوابوو ئاکام وەردەگرین کە**

ئێران هەلومەرجێکی بەو جۆرەی نییە کە ڕێگە خۆشکەر بێت تاکتیکێکی وەک تاکتیکی لێنین لە ساڵی **1905** و **1917** لێی بەڕێوەبچێت.

دووەم: دیارە ئەگەر هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران ڕاگیرابان، ئێوە دەتانتوانی هیوادار بن کە خەباتی ئێوە بۆ دابینکردنی داخوازە شۆڕشگێڕانەکانی گەلی ئازەربایجان سەرکەوێت، بەڵام ئێمە نەماندەتوانی پتر لەوە هێزەکانمان لە ئێران ڕابگرین، چونکە بوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران زیانی بە بنەمایەکانی سیاسەتی ڕزگارییخوازانەی ئێمە لە ئەوروپا و ئاسیا دەگەیاند. ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان بە ئێمەیان دەگوت، ئێستا کە هێزەکانی سۆڤیەت دەتوانن لە ئێران بمێننەوە، بۆچی ئینگلیز نەتوانێت هێزەکانی خۆی لە میسر، سوریا، ئەندۆنیزیا و یۆنان ڕابگرێت و ئەمریکاش سوپای خۆی لە چین، ئیسلەندا و دانیمارک بهێڵێتەوە. بەو هۆیەوە ئێمە بڕیارماندا هێزەکانمان لە ئێران و چین بکێشینەوە، تا ئەو ئاتۆیە لە چنگ ئینگلیز و ئەمریکا دەربهێنین و بزوتنەوە ئازادییخوازەکان لە وڵاتە داگیرکراوەکان وەڕێبخەین و لە ئاکامدا سیاسەتی ڕزگایییخوازانەی خۆمان ڕەواتر و بە تواناتر بکەین.

سێیەم: بە لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵانەی سەرو، دەربارەی دۆخی ئێران دەکرێت ئەم ئاکامە وەرگرین: ئێران توشی قەیرانێکی قوڵی شۆڕشگێڕیی نەبووە. ئێران لە جەنگی دوژمنی دەرەکیدا نییە و توشی ناکامیی نەبووەتەوە کە کۆنەپەرستیی لاواز بکات و قەیرانەکان قولتر ببنەوە. بوونی هێزەکانی سوڤیەت لە ئێران دەرەتانی بۆ ئێوە ڕەخساند، تا لە ئازەربایجان خەبات بکەن و بزوتنەوەی دیموکراتیی بە داخوازی هەمەلایەن ڕێکبخەن، بەڵام هێزەکانی ئێمە دەبووایە لە ئێران بچنە دەرەوە کە چوون. ئێستا ئێمە چۆن کاریکمان لە ئێراندا لە ڕوبەڕوو دایە؟ شەڕێک لە نێوان قەوام و "ئەنگلۆفیل"ەکان "لایەنگرانی سیاسەتی ئینگلیز- وەرگێڕ" سەریهەڵداوە کە نوێنەرایەتی کەسانی هەرە

کۆنەپەرست دەکەن لە ئێراندا. قەوام هەرچەندە و بە هەر ڕادەیەک کە لە ڕابردوودا کۆنەپەرست بوو، ئێستا ناچارە بۆ بەرگریی کردن لە خۆی و لە حکومەتەکەی، هەندێک چاکسازیی دیموکراتیی بکات و لە هەوڵی پێگەیەکدا بێت لە نێوان گروپە دیموکراتەکانی ئێراندا. لەو هەلومەرجەدا دەبێت تاکتیکی ئێمە چۆن بێت؟ من فیکر دەکەمەوە کە ئێمە دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لەو شەڕە، قەوام ناچار بەدانی هەندێک ماف بکەین، بە پشتیوانیی خۆمان لەو ئانگلۆفیلانەی جودا بکەینەوە و بەم جۆرە بوارێک بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران بڕەخسێنین. هەموو ڕاسپاردەکانی ئێمە بۆ ئێوە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت. دیارە دەکرێ تاکتیکێکی تر بگرینەبەر و تف لە هەموو شتیك بکەین "لە فەرهەنگی ڕوسییدا بە واتای گوێنەدان دێت- وەرگێڕ" و لە قەوام بکشێینەوە. بەڵام ئەوە تاکتیک نییە، بەڵکوو نەزانییە و لە ڕاستیدا ئەو کردەیە دەتوانێ کارەسات بێت بۆ ئامانجی گەلی ئازەربایجان و دیموکراسیی لە ئێراندا.

چوارەم: ئەوەی گوتوتانە کە ئێمە لە سەرەتادا ئێوەمان گەیاندووەتە عەرشی ئەعلا و دواتر لەوێوە فڕێماندوانەتە خوارەوە و ئابرووی ئێوەمان بردووە، ئەگەر ئەو وتانە ڕاست بن، ئێوە، ئێمە توشی سەرسوڕمان دەکەن. لە ڕاستیدا چ ڕوویداوە؟ ئێمە لێرە شێوەیەکی ئاسایی شۆڕشگێڕییمان گرتووەتەبەر کە بۆ هەر تاکێکی شۆڕشگێڕ دیاردەیەکی ڕون و ئاشکرایە، لە هەلومەرجێکی وەک هەلومەرجی ئێستای ئێران، بۆ بەدیهاتنی داواکارییەکانی کورت خایان، بە لایەنی کەمەوە هەنگاوی بەرزتر هەڵگیرا و بە هەڕەشە کردن لە حکومەت، دەرەتانی بەدەستهێنانی ماف لە دەوڵەت دەستەبەر بکات. ئەگەر ئێوە بەرەوپێشەوە نەچووبایەن، لە هەلومەرجی ئێستادا دەرەتانتان نەدەبوو کە قەوام ناچار بکەن داواکارییەکانتان دەستەبەر بکات. ئەمەیە یاسای بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە. باس لە بێ ئابروو کردنی ئێوە، وتەیەکی

**بێجێیە. زۆر جێی سەرسوڕمانە کە ئێوە فیکر بکەنەوە، ئێمە ویستبمان ئێوە بێ ئابروو بکەین. بە پێچەوانەوە ئەگەر عاقڵانە هەڵسوکەوت بکەن، لە دۆخی ئێستادا، ئێوە دەتوانن بە پشتیوانیی مەعنەوی ئێمە، لە ئازەربایجاندا لایەنی یاسایی بە داخوازەکانتان ببەخشن. ئەوکاتە هەم ئازەربایجانییەکان و هەم ئێران، ئێوە بە پێشڕەوانی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانە - دیموکراتیی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەناسن و دوعای خێرتان بۆ دەکەن.**

**ی. ستالین[112].**

پیشەوەریی ڕۆژی 13 ی مای لە تاران گەڕایەوە و بە وەرگرتنی نامەی ستالین لەگەڵ دووهەمین ناکامیی خۆی بە دوای شکانی وتووێژەکانی تاران ڕوبەڕوو بووەوە، بەلام لە لایەن خەڵکی ئازەربایجانەوە بە گەرمیی پێشوازیی کرا.

ڕۆژی 1946/5/21 (1325/2/31)، میرجەعفەر باقرۆف لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ پیشەوەریی، دەربارەی گۆڕینەوەی بروسکە لەنێوان قەوام و پیشەوەرییدا گوتی: **(ئەو بروسکانە بەرچاوی خوێندەوە و پەسەندم کردن. دەقی ئەو بروسکانە دەیسەلمێنن کە ڕەوتی کارەکان لە تاران بە جۆرێکی ترن. قەوام نایەوێت دەرز بخاتە ناو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێوە.)** دواتر باقرۆف بە لێکدانەوەی سیاسەتی قەوام گوتی: **(ڕەنگە ئەو بیهەوێت سیاسەتێکی دوولایەنە لەگەڵ ئێمە بەڕێوەبەرێت، واتە کارێک بکات بۆ خۆشحاڵیی ئێمە و "دۆستانی ئێمەی"، بەلام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کار گەیشتووەتە جێیەک کە نەتوانێت سیاسەتی فریوکارانەی بەڕێوەبەرێت. ئەو دەبێ یا لەگەڵ ئێمە بێت یا لەگەڵ ئەوان. ئەو دەبێ دەمامک لەسەر ڕوی خۆی هەڵگرێت و سیاسەتی ڕاستیی خۆی پێشانبدات.)** باقرۆف دواتر بە پیشەوەریی دەڵێت: **(جەعفەر! گومان لەوەدا نییە کە قەوام بەرلە هەموو شتێک لە فیکری داراییەکانی خۆیدایە. ئەو داراییەکانی خۆی لە ئیمام، پێغمبەر، تۆ و من**

پتر خۆشدەویت. ئەو دەیەویت پارێزگاریی لە سەروەت و سامانی خۆی بکات. تێدەگەی یان نا؟ ئەو سۆسیالیستێکی ڕاستەقینە نییە و ناتوانێت ببێت. ڕەنگە لە دڵی خۆیدا لە ئێمە نزیک بێت. ئەو دەیەوێت بە مانەوەی لە پۆستی باڵای دەوڵەتدا، پارێزگاریی لە داراییەکانی بکات، بەڵام ئەوەش دەزانێت کە چارەنوسی زۆر یەک لەو دیاردانە بە دراوسێییەکەیەوە بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوە ناچارە سازیش بکات، بەڵام وادیارە ئەوانی تر، ئەوەیان ناوێت. ئەوان کەسانی خۆیان هەیە. ئینگلیزەکان بە گشتی خانمەکەی ئەویان "مەبەست لە شایە و ئامازەیە بە فەوزیە کە لە قاهیرە نیشەجێ بوو- وەرگێڕ" کە وەک کاڵایەک لە گرەوی کەسێکدا بێت، ڕاگرتووە[113]).

میرجەعفەر باقرۆف داوا لە پیشەوەریی دەکات و دەڵێت: **(قەوام نارەحەت مەکە. بە بڵاوکراوەکانیش ڕابگەیەنە کە شتێک نەنوسن کە ببێتە هۆی پەرۆش کردنی. ئێوە بەیاننامەی هەژدەی مانگی مایتان بیستووە؟ بەشێک لە ڕۆژنامەکان دەنوسن پێویستە یارمەتی بە قەوام بکرێت کە بەڵێنەکانی بەجێبگەیەنێت. ئەو بۆخۆشی چاوەڕوانی یارمەتییەکی بەم جۆرەیە لە هەموو وڵاتان. ئێمەش دەبێ یارمەتیی بکەین. منیش وەک برایەک داوات لێدەکەم کە ئەو کارە بکەیت ... تۆ دەبێ بزانی کە ڕێبەری مەزن و هۆشمەندی ئێمە هەموو ڕۆژێ بۆخۆی لە دیاردەکان دەکۆڵێتەوە. ئەو شەوەی کە من سەرەڕای نەخۆش بوونم لەگەڵ تۆ بە تەلەفۆن قسەم کرد، دوو کاتژمێر بەرلەو قەوام تەلەفۆنی بۆم کرد و داوای لێکردم کە بە تۆ بڵێم ئەو مەسەلەیە "سازیش لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی- نوسەر" بە ئەنجام بگەیەنیت[114]).**

میرجەعفەر باقرۆف بە دوای هاودەنگیی کردنی لەگەڵ مۆلۆتۆف دەربارەی دوا پلانی ڕێککەوتنی سادچیکۆف - قەوام، لەسەر کێشەی ئازەربایجان، ڕۆژی 1946/6/8 (1325/3/18) لە نەخجەوان چاوی بە پیشەوەریی، شەبستەریی، جاوید و پادگان کەوت. نوێنەرانی فیرقە جگە

لە خالێک، لەگەڵ ئەو پلانە هاودەنگییان کرد. ئەوان داوایان دەکرد کە زەنگانیش لە سنوری ئازەربایجاندا بمێنێتەوە، بەڵام قەوام دژی ئەو داخوازە بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا پەرە بە پەیوەندیی نێوان دیموکراتەکان و حیزبی تودە بدرێت و بە یارمەتیی سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران، لە ڕێبەرایەتیی حیزبی تودەدا گۆڕان پێکبێت و کامبەخش یا کەشاوەرز ڕیبەرایەتی حیزبی تودە بەدەست بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا بە چاک زانرا کە ئازەربایجانییەکانیش بەشداربن لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەدا. هەروەها بڕیاردرا هەموو ئەرشیڤەکانی فیرقەی دیموکرات و حکومەتی نەتەوەیی لە تەورێزەوە بگوازرێنەوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت(115).

دوای قبوڵکردنی پێشنیازەکانی سازیش، ڕۆژی 10 ی یونی (20 ی جۆزەردان) موزەفەر فیروز جێگری سەرۆکوەزیر، عەبدولحەسەن سادقی جێگری وەزیری ڕێگا و موسەوی زادە ڕەوانەی تەورێز کران. ئەو ڕۆژە، لیژنەیەکی سەربازیی کە لە سەرلەشکر هیدایەت و سەرهەنگ عەلەویی موقەدەم پێکهاتبوو، هاتە ئازەربایجان. ڕۆژی 13 ی یونی (23 ی جۆزەردان) ڕێککەوتنێک لە پانزدە ماددەدا بە ئیمزای نوێنەرانی دەوڵەت و ئازەربایجان گەیشت. ڕێککەوتننامەکە کە بە دڵخوازی سۆڤیەت نوسرابوو، ڕۆژی 14 ی یونی لە لایەن پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجانەوە پەسەندکرا.

ڕۆژی 14 ی یونی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان، لە چوارچێوەی ئەنجومەتی ئەیالەتیدا دەستی بە چالاکییەکانی کرد. ڕۆژی 16 ی یونی (26 ی جۆزەردان) پیشەوەریی داوای لە ئەنجومەنی ئەیالەتیی کرد کە هاودەنگیی بکات لەگەڵ خۆکشانەوەی ئەو لە دەوڵەتدا. ئەنجومەن بە سوپاسەوە بۆ خزمەتەکانی، خۆکشانەوەی پیشەوەریی پەسەندکرد و بڕیاریدا لە پلەی سەرۆکایەتیی فیرقەدا درێژە بە چالاکییەنی بدات. ئەنجومەنی ئەیالەتیی لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا داوای لە وەزارەتی

ناوخۆی ئێران کرد کە 23 میلیۆن ڕیال بودجە بدات بە ئازەربایجان. وەزارەتی ناوخۆ بە شێوەی کاتیی هاودنگی کرد لەگەڵ 8 میلیۆن ڕیال و بە بانکی میللی ڕاگەیاند کە سەرلەنوێ لقی بانکی میللی لە ئازەربایجان بکاتەوە.

بە دوای وەستاندنی چالاکییەکانی حکومەتی ئازەربایجان، دوکتۆر جاوید کرا بە پارێزگاریی ئازەربایجان، دوکتۆر مەهتاش وەزیری کشتوکاڵی ئازەریجان کرا بە فەرمانداری تەورێز، دوکتۆر جهانشاهلو جێگری وەزیری حکومەتی نەتەوەیی بوو بە سەرۆکی زانکۆی تەورێز و فەریدون ئیبراهیمیی لە پلەی دادوەریی بالادا مایەوە.

یەکەم کاریی ئۆرگانە بەڕێوەبەرەکان، دەستگیرکردنی چوار فەرمانبەری سەفارەتی ئەمریکا بوو لە فرۆکەخانەی تەورێز کە بەبێ ئیزن هاتبوونە تەورێز. ئەو چوارکەسە بۆ ماوەی حەوت کاتژمێر دەستبەسەر کران. ئەو ڕووداوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای بە تەواوی تووڕە کرد. "دین ئاچسەن" جێگری وەزیری دەرەوە بە "جۆرج ئالین" سەفیری ئەمریکای لە تاران ڕاگەیاند:

**- (سەبارەت بەو ڕووداوەی کە ڕۆژی 21ی یونی لە تەورێز خوڵقا، دەمانەوێت بزانین ئایا ڕەخنە لە دەوڵەتی ئێران دەگرین یان نا؟ لەو بارەیەوە وەزارەتی دەرەوە زۆر بە پەرۆشە، چونکە ئەو ڕووداوە نمونەیەکە لە کردەوە خودسەرانەکانی سۆڤیەت کە لە ئازەربایجانی ئێرانیش بەڕێوە دەچن. ئێمە لەم باوەڕەداین کە ئێوە دەبێ ڕەخنەیەکی زۆر توند ئاراستەی دەوڵەتی ئێران بکەن و بڵێن لەو ڕووداوە بکۆڵنەوە.... (116)).**

محەمەدڕەزا شا ڕۆژی 17ی یونی (27ی جۆزەردان) لە کۆشکی سەعدئاباد پێشوازیی لە دوکتۆر جاوید کرد. ئەو کە بەبێ هیچ گفتوگۆیەک هاودەنگی کردبوو لەگەڵ دانانی دوکتۆر جاوید لە پۆستی پارێزگاردا، گوتی من هەمیشە لایەنگری دیموکراسیی و بیری

پێشکەوتنخوازم. لەو دیدارەدا محەمەدڕەزا خۆشحاڵیی خۆی سەبارەت بە بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان دەربڕی. ئەو فەرمانیدا بۆ دابینکردنی ئاو بۆ شاری تەوریز، یەک میلیۆن تمەن بودجە بدرێت بە دوکتۆر جاوید[(117)]. هەروەها محەمەدڕەزا شا ئوتۆمبێلێکی بە دیاریی بە پارێزگاری نوێی ئازەربایجان بەخشی.

بەم جۆرە لە مانگی یونی 1946 (پوشپەڕی 1325) چالاکییەکانی شەش مانگەی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان و حکومەتی نەتەوەیی بە کۆتا هاتن.

## پاییزیی پڕ لە دژایەتیی ساڵی 1946 : لە دەستپێکی کارەساتێکی مەزندا

دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئازەربایجان، ئەرکی هەرە گرنگی ئەحمەد قەوام هەڵبژاردنی خولی پانزدەیەمی مەجلیسی شورای میللی بوو. حیزبە سیاسییەکان خۆیان بۆ بەشدارییکردن لە هەڵبژاردن ئامادە کرد. حیزبی تودە و حیزبی ئێران بەرەی "جبهە موتلفە احزاب آزادی خواە" یان پێکهێنا. ڕۆژی 1946/6/29 (1325/4/8) قەوامولسەڵتەنە دامەزراندنی "حیزبی دیموکراتی ئێران"ی لە ڕادیۆ تاران ڕاگەیاند. لە پرۆگرامی ئەو حیزبەدا زنجیرەیەک چاکسازیی لەبەرچاو گیرابوو. بە وتەی ژمارەیەک لە چاودێرانی هەڵبژاردن، ناوی "دیموکرات" بۆ حیزبی قەوام، ناوێکی بە هەڵکەوت نەبوو، بەڵکوو "حیزبی دیموکراتی ئێران" لە بەرامبەر "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" دا دانرابوو.

هەتا ئێستا هەواڵێک لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی قەوام بە دوای ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئازەربایجان نەبووە: ئابلۆقەی ئابوریی لەسەر ئازەربایجان درێژەی هەبوو، لقی بانکی میللی ئازەربایجان نەکرابووەوە، بودجەی پێویست بۆ ڕاگرتنی سوپای ئازەربایجان نەدرابوو بە کاربەدەستانی ئازەربایجان و بەرەکانی سوپای ئێران لە قەزوێنەوە تا ئاستارا بەهێز کرابوون. ئەو بەرگرانەی کە لە بەرامبەر قەوامدا لە ئازەربایجان هەبوون، بریتی بوون لە: فیرقەی دیموکرات، ئەنجومەنی ئەیالەتیی، سوپای نەتەوەیی و گروپە چەکدارەکانی فیدایی.

یەکیەتی سۆڤیەت بە وردی چاودێریی بەسەر ڕووداوانی ئازەربایجاندا دەکرد. بە فەرمانی مۆسکۆ هەموو وتە و نوسراوەکانی پیشەوەریی و

هەموو وتار و نوسراوەی ڕۆژنامەکانی تەورێز و بڵاوکراوەکانی ڕادیۆ تەورێز، دەستبەجێ بە ڕێبەری سۆڤیەت دەگەیشتن. نوسینە ئاشکرایەکانی پیشەوەریی لە لایەن کۆنسولگەریی سۆڤیەتەوە دێڕ بە دێڕ دەخوێندرانەوە و ئەگەر شتێکیان بە دژی حکومەتی ناوەندیی تێدا دەبینی، وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتیان لێ ئاگادار دەکردەوە. میرجەعفەر باقرۆڤ بایەخی بە ڕاپۆرتی دیپلۆمات کارەکانی سۆڤیەت دژ بە پیشەوەریی نەدەدا. ڕۆژی 5 ی یونی (15 ی جۆزەردان) باقرۆڤ لە نامەیەکیدا بۆ ستالین نوسیبووی:

**- (بە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، ئێمە لە وتە و وتارەکانی پیشەوەرییدا هەستمان بە هیچ چەشنە وتەیەکی توند یان وتەیەکی دوولایەنە نەکردووە، بەڵام فەرمانبەرانی کۆنسولگەریی ئێمە چونکە زمانەکانی ئازەربایجانیی و فارسی باش نازانن، بە بەردەوامی ڕەخنەی بێواتا لە وتارەکانی پیشەوەریی دەگرن و ڕاپۆرتی بێواتا و ناڕاست بۆ وەزارتی دەرەوە دەنێرن. لە ئاکامدا لە وەزارەتی دەرەوەوە فەرمان دەگات کە پیشەوەریی هۆشیار بکرێتەوە و لە ئێمەشیان دەوێت دەربارەی بەشێک لە وتەکانی ناوبراو ڕونکردنەوە بدەین. ئەو جۆرە کردەوەیە زیان بە پیشەوەریی دەگەیەنێت و کاریگەریی نیگاتیڤیان لەسەر ناوبراو و هاوڕێیانی دەبێت. ئەوانە لە کاتێکدا دەوترین کە ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان لەم دوایانەدا لە ئازەربایجانی ئێران پەرەیان بە دژایەتی کردنی زیانبەخش بە ئێمە داوە و خەریکن بە پشتیوانیی کردن لە گروپ و دەستە کۆنەپەرستەکان خۆیان بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس ئامادە دەکەن. قەوام کە بە وتەی خۆشەویستیی و پێشنیازی سەفیریی ئێمە، قازی محەمەد سەرۆکی کوردستانی بۆ وتووێژ بانگهێشتی تاران کردووە، شک و گومان لە پەیوەندیی لەگەڵ ئازەربایجان پێکدەهێنێت. قەوام بەدانی هەمەجۆرە بەڵێن بە قازی محەمەد، هەوڵدەدات کوردەکان لە پەیڕەوەیی کردن لە**

**تەورێز پەشیمان بکاتەوە. لە هەلومەرجێکی بەم جۆرەدا، ئایا یاساخ کردنی پیشەوەریی ڕێبەری فیرقەی دیموکرات لە قسەکردن سەبارەت بە گرفتەکانی و خەبات بۆ دیموکراتیزە کردنی ئایندەی ئێران دروستە؟[118].)**

شازادە ئەشرەف پەهلەوی بە سەفەرکردنی بۆ سۆڤیەت، ڕۆڵی دیاریی هەبوو لە دانی بڕیاری دژوار سەبارەت بە ڕێبەرانی ئازەربایجان لە لایەن رێبەرانی سۆڤیەتەوە.

ڕۆژی 1946/7/20 (1325/4/29) ستالین پێشوازیی لە ئەشرەف پەهلەوی کرد. مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بەشداریی ئەو دیدارەی کرد. ڕۆژی 21 یولی بە فەرمانی شورای باڵای یەکیەتی سۆڤیەت پارچەیەک لە هێمای ئاڵای سور ئاراستەی ئەشرەف پەهلەوی کرا. بەخشینی ئەو هێمایە بە بۆنەوی "خزمەتی بەرجەستە"ی ئەشرەف پەهلەوی بوو لە کۆکردنەوەی خێرات بۆ منالانی بێسەرپەرستی ئەندامانی سوپای سۆڤیەت کە باوکەکانیان لە جەنگدا کوژرابوون.

ئەشرەف لە گەڕانەوەیدا لە سۆڤیەت، لە کۆشکی سەعدئاباد بەشداریی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیی کرد و گوتی: **(ژەنەڕاڵیزیم ستالین سەبارەت بە نەتەوەی ئێران هەستی خێرخوازانەی هەیە. بەگشتی ڕێبەرانی سۆڤیەت بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە نەتەوە بچوکەکان و بەرگریی لە ماف و سەربەخۆیی ئەوان دەکەن[119].)**

هاوینی ساڵی 1946 (1325) خولی سێیەمی وتووێژەکانی ئازەربایجان دەستیپێکرد. لیژنەی وتووێژکەریی ئازەربایجان بریتی بوو لە: جاوید، شەبستەریی و پادگان و ژمارەیەکی تر.

قەوام بە سەفیری ئەمریکای ڕاگەیاند کە ئەم ڕۆژانە چاوەڕوانی هاتنی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی جاوید پارێزگاری ئازەربایجان دەکات. ئەو گوتی دەیەوێ بزانێت ئایا حکومەتی تەورێز دەیەوێ ئازەربایجان لە سنوری ئێراندا بمێنێتەوە یان نا؟ هەورەها قەوام ڕایگەیاند هەڵوێستی

توند دەگرێت و ئەگەر ئەو وتووێژە بە ئاکام نەگات، ناترسێت پەنا بۆ هێز بەرێت. لەو بارەیەوە "جۆرج ئالین" سەفیری ئەمریکا بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکای نوسی:

**- قەوام لە ڕژانی خوێنی ئێرانییەکان خۆی دەپارێزێت، بەڵام ئەگەر کار بگاتە کەڵکوەرگرتن لە هێز، تەنیا نیگەرانیی ئەو لەم بوارەدا ئەوەیە کە یەکیەتی سۆڤیەت چەک، فرۆکە و پارە بۆ ئازەربایجان بنێرێت و ئەندامانی سوپای خۆی لە بەرگی مەدەنییدا وەک کەسانێک ڕەوانە بکات کە گوایە بۆخۆیان خوازیاریی چوون بۆ ئازەربایجان بوون. من پێشنیازم بە قەوام کرد کە ئەگەر وتووێژەکان شکستیان هێنا، بە هەموو جیهان ڕابگەیەنێت کە حکومەتی تەورێز نایەوێ ئازەربایجان لەگەڵ خاکی ئێران بمێنێتەوە. لە حاڵەتێکی بەم جۆرەدا، بەرەنگار بوونەوەی چەکدارانە بە کردەیەک بۆ پاراستنی تەواویەتی ئەرزیی ئێران هەڵدەسەنگێنرێت. ئەو دەتوانێ بە چەندان هۆ ئەوە بسەلمێنێ کە دەقی ڕێککەوتننامەکەیان لە لایەن ئازەربایجانییەکانەوە پێشێلکراوە و بەڕێوەنەچووە. من بۆ یەکەم جار قەوامم بەو جۆرە بە ئیرادەوە بینی. قەوام دەیگوت بێگومان لیژنەی ئازەربایجان و بڵاوکراوەکانی سۆڤیەت بە دیدی کەسێکی کۆنەپەرستی فاشی ناوی دەهێنن، بەڵام ئەو خۆی بۆ ڕوبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەمووی ئەوانە ئامادە کردووە. ئەو دەیگوت نەرمیی نواندنی ئەو سەبارەت بە حکومەتی ئازەربایجان و تودەییەکان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە نەیدەتوانی پشت بە سوپای ئێران ببەستێت، بەڵام ئێستا بە پشتبەستن بە سوپا لەو قسانە ناترسێت، بەو مەرجەی یەکیەتی سۆڤیەت دەست لە کارەکانی وەرنەدات[120]).**

لە وتووێژی تاراندا سەبارەت دۆخی ئەفسەرانی سوپای ئازەربایجان و کێشە ئابورییەکان سەرکەوتن بەدەست نەهات. جاوید بە دژی پیشەوەریی چووە لای سەفیری سۆڤیەت و شکاتی لێکرد و گوتی

پیشەوەریی بە هەڵسوکەوتی خۆی وتووێژی لیژنەی ئازەربایجان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی دژوار دەکات[121].

ڕۆژی 1946/8/1 (1325/5/10) قەوام کارێکی دور لە چاوەڕوانیی ئەنجامدا و سێ وەزیری تودەیی خزاندە ناو کابینەکەیەوە. ئەو سێ وەزیرانە بریتی بوون لە: ئەسکەندەریی وەزیری بازرگانیی و پیشە و هونەر، فەریدون کەشاوەرز وەزیری پەروەردە و مورتەزا یەزدی وەزیری تەندروستی. قەوام بە ئەمریکییەکانی گوتبوو ئەوە دوا هەنگاوە کە بۆ ڕاکێشانی ڕەزامەندیی ڕوسەکان بەرەو خۆی هەڵیدەگرێت.

دەوڵەتی بریتانیا کە لە کردەوەی ئەم داوایانەی قەوام تورە ببوو، پێشنیاز دەکات بە واشنتۆن کە ئینگلیزەکان و ئەمریکییەکان دەبێ هەوڵبدەن قەوام بە دژی سۆڤیەت هەڵوێست بگرێت، بەڵام جۆرج ئالین سەفیری ئەمریکا لە تاران لەگەڵ ئەو پێشنیازە ناکەوێت و لەسەر داوای ئەو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش پێشنیازی بریتانیا قبوڵ ناکات. بۆ جۆرج ئالین ئەو فیکرە سەریهەڵدابوو کە بریتانیا بۆ پێکهێنانی ڕژێمێکی وەفادار بە سۆڤیەت و دابەشکردنی ئێران لەو هەلومەرجەدا ئامادە دەبێت[122]. زانیارییە گەیشتووەکان لە تەورێز ئەو فیکرەیان لەناو ئەمریکییەکاندا بەهێز کردبوو. کۆنسولی بریتانیا لە تەورێز دەربارەی پەرسەندنی نفوزی نێونەتەوەیی سۆڤیەت و بەرزبوونەوەی بیری هاودەنگیی لەگەڵیی، بۆ کۆنسولی ئەمریکا دوابوو و گوتبووی ئینگلیزەکان سیاسەتی دورکردنەوەی خەڵکیان گرتووەتەبەر. بە بۆچوونی کۆنسولی بریتانیا ئەوان دەبێت بە ڕەواڵەت پێشانبدەن کە لایەنگری سەربەخۆیی نەتەوە بچوکەکانن و بۆ ڕاگرتنی نفوزی خۆیان و بەربەرەکانی بە دژی سیاسەتەکانی ڕوسیا، پشتیوانی کردن لە گەلە جیابووەوەکان لە یەکتر پیوستە. لە هەمانکاتدا ئامۆژگاریی "سرور بەگ" کۆنسولی تورکیای لە تەورێز کردبوو کە پێویستە ئەو بیرە لە نێوان دیموکراتەکاندا زەق ببێتەوە کە ئینگلیزەکان و تورکەکان پشتیوانی

بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجانن و بەم جۆرە پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ پێکبهێنن[123]. جۆرج ئالین لەم بوارەدا تەنانەت گومانی لە قەوامیش هەبوو. لە کاتێکدا وتوویژ لەگەڵ لیژنەی ئازەربایجان لە تاران بەردەوام بوو، جۆرج ئالین بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکای نوسیبوو:

**- (من بە شێوەی دۆستانە بەڵام بە ڕاشکاویی بە سەرۆکوەزیرم گوت، بەم بۆنەیەوە کە لە وتوویژەکاندا لەگەڵ لیژنەی ئازەربایجان سەبارەت بە پاراستنی تەواویەتی ئەرزیی ئێران، سەرنجتان بە ئامۆژگارییەکان نەداوە، لێتان تورەم. گوتم ئەگەر زانیارییەکانم لەو پەیوەندییەدا نادروستن، سوپاستان دەکەم ئەگەر هەڵەکەم بۆ ڕاست بکەنەوە. بەهەر حاڵ بە گوێرەی زانیارییەک ئەو دەیەوێ داخوازەکانی ئازەربایجان سەبارەت بە هێشتنەوەی سوپای ئازەربایجان و هێزەکانی فیدایی بەو شێوەیەی کە هەیە و لەژێر چاودێریی پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت بەراورد بکات. دەبێ هۆشیاریی بکەمەوە کە بۆ لە دەستدانی سەربەخۆیی ئێران، ڕەوشێکی توند و متمانەتر لەوە نابیندرێت. قەوام قبوڵی کرد کە دژی بە ناوەندبوونی ئازەربایجان نییە و ئەوەشی ڕەد کردەوە کە لەو بوارەدا هەندێک بەڵێنی بە ئەوان دابێت. بە لێکدانەوی من قەوام سەرەڕای هەڵبژاردنی ڕێی ئاشتیخوازانە بیرێکی تریشی لە مێشکدایە و سەرئەنجام پەنا بۆ هێز دەبات.)**. هەروەها جۆرج ئالین دەڵێت: **(لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ قەوام باس لە کێشەی نەوت کرا. قەوام گوتی بە ڕای من نەوت ئامانجی سەرەکی سۆڤیەتە لە ئێراندا، بەڵام ئەگەر بتوانێ داواکارییەکانی سەبارەت بە نەوت و کێشەی ئازەربایجان سەربخات، لێی پاشگەز نابێتەوە. قەوام دڵنیایە کە ئەگەر سۆڤیەت ناچار بێت یەکێک لەو دووانە هەڵبژێرێت، چاو لە ئازەربایجان دەپۆشێت[124].)**.

لە مانگی ئەوگۆستی 1946 دا لە تەورێز دەنگۆ داکەوت بوو کە قەوام دەیەوێ یەکێک لە دیموکراتەکان بەرێتە ناو کابینەکەیەوە. پیشەوەریی،

جاوید پارێزگاری ئازەربایجانیی بۆ ئەو پۆستە دەپاڵێوێت. دەزگاکانی هەواڵگریی سۆڤیەت لەم باوەڕەدا بوون کە پیشەوەریی دەیەوێت جاوید لە تەورێز دور بکاتەوە. ئەوان بە پیشەوەرییان ڕاگەیاندبوو کە سادق پادگان بۆ ئەو پۆستە لەبەر چاو بگرێ و جاوید لە لای خۆی بهێڵێتەوە و لە ڕاستیدا لەژێر چاودێریی خویدا ڕاییبگرێت.

ڕۆژی 1946/8/15 (1325/5/24) باقرۆڤ لە نامەیەکدا بۆ ستالین، نوسی: **(دیارە جاوید لە بواری سەلاحیەت و ئامادەییەوە شایستەی وەرگرتنی ئەو پۆستەیە، بەڵام ئێمە لەوە دەترسین کە خۆڕاگر نەبێت و بچیتە ژێر کاریگەریی قەوام و ئینگلیزەکانەوە).** بە گشتی دوای گەڕانەوەی جاوید لە تاران، سۆڤیەتییەکان لە هەندێک بواردا سەبارەت بە جاوید لایەنیی هۆشیاییان دەگرتەبەر. باقرۆڤ لە نامەیەکدا بۆ ستالین دەڵێت: **(سەرەڕای هۆشیار کردنەوەکانی پەیتا پەیتای ڕێبەرانی دیموکرات سەبارەت بە پاراستنی یەکڕیزیی و ڕاگرتنی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان خۆیاندا، پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆز لەنێوان پیشەوەریی و جاویددا بەردەوامە[125].)**.

لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی سێپتمبەردا، کاتی بەڕێوەچوونی ساڵڕۆژی دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات، دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە ئازەربایجان سیاسەتێکی توندیی گرتەبەر و لە هەندێک جێدا بوو بە هۆی تێکهەڵچون. یەکەکانی سوپای ئێران کە لە قەزوێن جێگیر کرابوون، بە جادەی قەزوێن - ڕەشت دا بەرەو "یوزباشی چای"ی پێشڕەویان کرد و هەندێک جێی "نیکویە"، "یوزباشی چایی و تاکستان" حاڵەتی ئامادەباشیی جەنگییان بەخۆوە گرت. جاوید پارێزگاری ئازەربایجان کە لەوکاتەدا لە تاران بوو، بە ڕاسپاردەی سادچیکۆڤ سەفیری سۆڤیەت چووە لای قەوام و گفتوگۆی لەگەڵ کرد و داوای لێکرد بۆ ئەم وتووێژەیان پرۆتکۆڵ ئیمزا بکەن، بەڵام قەوام بە ساردیی و بەبێ ئەوەی کە وەڵامێکی ڕونی سەبارەت بە دۆخی سەرهەڵداو بداتەوە، گوتبووی ئەو

ڕووداوانــە لــە ئاکــامی هەڵسوکەوت و کــردەوەی ئێــوە ســەرهەڵدەدەن. بــۆ نمونـە ئـاماژەی بـە گواسـتنەوەی گـەنم لـە زەنگـان و مانـەوەی سـەربازانی سۆڤیـەت لـە ئـازەربایجـان بـە بـەرگی مەدنییـەوە کردبـوو. جاوید بـە ڕەد کردنـەوەی ئـەو تاوانانـە، بەبێ وەرگرتنی وەڵام لە قەوام دور کـەوتبووەوە. جاوید دواتـر ئـاکـامی وتووێژەکـەی لـەگـەڵ قـەوام بـە ئـاگـاداریی سـەفیری سۆڤیـەتی گـەیاندبوو[126].

بـاقرۆڤ لـە ڕاپۆرتێکیـدا بـۆ سـتالین، دەربـارەی ئـەو وتـووێژە نوسـی:
**(سەرەرای سەرهەڵدانی ڕووداوی جیددی لە باشوری ئێران، سوپای ئێران هێـزە سـەرەکییەکانی خـۆی لـە بـاکور و دەوروبـەری ئازەربایجـان کـۆ کردووەتـەوە. لـەنێوان هێـزە کۆنەپەرسـتەکاندا چـەکێکی زۆر بڵاودەکرێتەوە و بە دروستی لەو ڕۆژەدا کە جاوید لەگەڵ قەوام وتووێژی دەکرد، لە گونـدی "کەمـەرلی" گروپـە چەکدارە کۆنەپەرستەکان کـە لـە لایـەن ئۆرگانـەکانی حکومەتـەوە پڕچـەک کـراون، پـەلاماری ناوچـەی دیموکراتـەکانی ئازەربایجانیـان داوە و بـە چـل کـوژراو پاشەکشـەیان کردووە. هەروەها باقرۆڤ دەنوسێت لە گیرفـانی هەنـدێک لـەو چەکدارە کـوژراوە سـەرەڕۆیانەدا، کـارتی ئەندامـەتی حیزبـی دیمـوکراتی قـەوام بەدەسـتهاتووە. ئـەم بیـرە لـە مێشـکی ئێمـەدا چەکـەرەی کـردووە کـە ئینگلیزەکـان ڕووداوەکـانی باشـوری ئێرانیـان بـە ئاگـاداریی قـەوام پێکهێناوە. بە بۆچوونی ئێمە ئەو ڕووداوانە بۆ بەدواخستنی هەڵبژاردن و گوشارهێنان بۆسەر ئازەربایجان پێکهێنراون[127]).**

مۆسکۆ هەستی دەکرد بەڕێوەبردنی ئەو مانۆڕانە لە لایەن قەوامەوە بـە مەبەسـتی بەدواخسـتنی هـەڵبژاردن بـەڕێوەدەچـن. لـەبـەر ئـەوە بـە هـۆی سـەفیرەکەیەوە لـە مـانگی سـپتێمبەردا لـە قـەوامی ویسـت کـە مێـژووی دروسـتی هـەڵبژاردن ڕابگـەیـەنێت. قـەوام لـە وەڵامـدا گوتبـووی تـا کێشـەی ئـازەربایجان چارەسەر نەکرێ، هەڵبژاردن ناکرێت.

لـە کۆبوونـەوەی هەیئـەتی دەوڵـەتـدا بـۆ وتـووێژ دەربـارەی پێشـنیازی سـۆڤیەت بـۆ دامەزرانـدنی شـەریکەی تێکـەڵاویی فرۆکەخانەیـەک لـە باکوری ئێران، چوار ئەندامی پەرلەمان کە هیچکامەیان تودەیی نەبوون، دژی ئـەو پێشـنیازە دوان. دوو کـاتژمێر بـە دوای کۆتـایی کۆبوونـەوەکـە، کەسـانێکی چەکدار لـە سـەفارەتی سـۆڤیەتەوە، هەڕەشـەیان لـەو چـوار وەزیرانـە کـرد و گوتیـان ئەگـەر درێـژە بـە دوژمنایـەتی خۆیـان بـدەن، ئەنـدامانی بنەماڵـەکانیان لـە مەترسیی دەکـەون. شـا دەستبەجێ بـەو ڕووداوەی زانی و بە قەوامولسەڵتەنەی ڕاگەیاند کە بەهۆی بێتوانایی لـە بـەرگریی لـە سـەرەڕۆییەکانی سۆڤیەت دەستبەرداری پۆستەکەی بێت. بـەپێی نوسینی "ڕ. ڕۆسۆ" جیگری کۆنسولی ئـەمریکا لـە تـەورێز، قـەوام کەوتە پاڕانەوە و داوای لە نزیکانی شا کرد کە نێوبژیوانیی بۆ بکـەن کـە شـا بیبەخشـێت و دەرەتـانی بـداتێ گـۆڕان لـە کابینەکەیدا پێکبهێنێت. محەمەدڕەزا شا بە دانـانی ئـەم مەرجانـەی خـوارەوە هـاودەنگیی لەگـەڵ داواکاریی قەوام کرد:

**- (قەوام تودەییەکان و فەریدون فیروز لـە کابینەکـەی دور دەکاتـەوە، حیزبـی دیمـوکراتی ئێـران بـۆ بەربـەرەکانیی بـە دژی تودەییـەکان لـە هـەڵبژاردنی مـانگی دیسـێمبەردا ئامـادە دەکـات، وتـووێژ لەگـەڵ سـەربزێوەکانیی ئازەربایجـان ڕادەگرێـت و حاکمیـەتی ئـەوی دەخاتـە دەست خۆی.).**

قەوام جگە لە دور کردنـەوەی موزەفـەر فیـروز هـەموو مەرجـەکانی شـای قبـوڵ کـرد. سـەرئەنجام کێشـەی فیـروزیش بـە دیـاریی کردنـی ئـەو بـە سەفیری ئێران لە مۆسکۆ چارەسەر کرا(128).

ڕێکخـراوە تایبەتییـەکانی سـۆڤیەت دەسـتیان کـرد بـە کۆکردنـەوەی زانیـاریی دەربـارەی ژیـانی قـەوام و ڕاپۆرتێکیـان ڕەوانـەی مۆسکۆ کـرد و نوسیان قەوام لە شێراز دێیەکی کڕیوە بە دووسەد و حەفتا هـەزار تمـەن و بـەهۆی "ئیسـماعێل خـانی چـواردەهی"ی پێشـکارەکەیەوە، بـە

کەڵکوەرگرتن لە مافی خاوەندارییەتی کاری نایاسایی بەڕێوەدەبات. بۆ نمونە لە کڕین و فرۆشتنی برینج سەدان هەزار تمەنی دەستکەوتووە. لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بووەتە خاوەن مناڵێک و دوو هەزار تمەنی داوە بە تایەن "مامان"ی مناڵەکەی و ....تد[129].

سەرلە بەیانیی ڕۆژێک بە دوای پێکهاتنی کابینەی نوێی قەوام، لیژنەی وتووێژکەریی ئازەربایجان تارانی بەجێهێشت. ڕۆژی 1946/10/20 (1325/7/28) میرجەعفەر باقرۆف لە نەخجەوان چاوی بە پیشەوەریی، پادگان و غولام یەحیا فەرماندەی فیداییەکان کەوت. لەو دیدارەدا پیشەوەریی گوتی دۆخێکی دژوار و مەترسیهێنەری سیاسیی بۆ ئازەربایجان پێکهاتووە. ئێمە لە پلەی یەکەمدا دەبێ گەشە بە توانایی جەنگیی هێزەکانمان بدەین. ئینگلیزەکان و گروپە کۆنەپەرستەکانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی قەوام دەیانەوێ دەستکەوتەکانمان لەناو بەرن. من ڕادەگەیەنم کە ئەگەر ئەو هێزە شەیتانییانە هێرش بکەنە سەر ئازەربایجان، لە هەلومەرجی ئێستادا ئێمە ناتوانین پێشیان بگرین.

پیشەوەریی کەمیی چەک و کەرەستەی سوپای ئازەربایجانیی بە هۆی سەرەکی ئەو دیاردەیە ناساند و گوتی لە هێزەکانی فیداییدا کەسێکیان نییە کە بتوانێ لە تۆپ کەڵکوەرگرێت. داوای کرد چەند کەس بۆ خولی تۆپچی ڕەوانەی ئازەربایجان بکەن. پیشەوەریی گوتی گومان لەوەدا نییە کە کاتی هێرشکردن بۆ سەر ئازەربایجان، پلانەکەیان لە زەنگانەوە بۆ مەراغە بەڕێوەدەبەن. ئەو دواتر گوتی لە بەرەی زەنگاندا بەهۆی نەبوونی لەمپەری سروشتی، هێزەکانمان لە دەشتاییدا سەنگەریان گرتووە.



مەلا مستەفا بارزانی

پیشەوەریی ڕایگەیاند ژمارەیەک کورد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانیی هەن کە دەتوانن پێشتیوانیی لە دیموکراتەکان بکەن کە ژمارەیان لە 1500 چەکدار تێناپەڕێت. پیشەوەریی لە کۆتاییدا گوتی بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نالەباریی ئابوریی و بەرزکردنەوەی توانایی جەنگیی هێزەکانی ئازەربایجان، پیویستیمان بە بیست میلیۆن تمەن هەیە(130). دواتر سادق پادگان ڕونکردنەوەیەکی دەربارەی وتووێژەکانی تاران ئاراستە کرد و گوتی قەوام بۆ لە ناوبردنی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان، سیاسەتێکی نەرم بەکار دەهێنێت کە سیاسەتێکی خۆش خیم نییە. ئەو دوژمنی خەڵکی ئازەربایجانە. ئەو ناهێڵێت هیچ کەسێک

لـە ئێمـە بـۆ نوێنـەرایـەتی لـە مەجلیسـی پانزدەیـەم هـەڵبژێردرێت. ئـەم جارە ڕوی لـە باقرۆف کرد و گوتـی: **(ئێستا چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەیە دەکەوێتـە سـەر شـانی ئێـوە. دۆخـی ئێمـە بـە سیاسـەتی سـۆڤیەتەوە گرێـدراوە، ئەگـەر ئێـوە ئیـزن بـدەن ئێمـە دەست بـەکارەکانی خۆمـان دەکەین[131].)**.

ڕۆژی 1946/10/20 (1325/7/28) میرجەعفـەر بـاقرۆف دەربـارەی ئـەو دیدارەی، لـە نامەیەکدا بۆ ستالین، نوسـی: **(ئەوان داوا دەکەن کە ئەگـەر دەوڵەتی ئینگلیزپەرستی تاران هێرش بکاتـە سەر ئازەربایجـان، ئێمـە یارمەتیان بدەین. بە ڕای ئەوان وەرەی دانیشتوانی ئازەربایجـان جێـی ڕەزامەندییە. جوتیاران بە بەدەستخستنی زەوی ورەیان بەرزە. گومان لە هەڵسوکەوتی هێزە فیداییەکاندا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی ئێران لـە سنورەکانی باشـوری ئازەربایجانـدا دەبینـدرێن. لـەژێر چـاودێریی ئەفسەرانی ئێران و ئۆرگانەکانی دەزگای هەواڵگریی ئینگلیزدا، گروپ و دەسـتەی مـەزن پڕچـەک دەکـرێن. لـەناو ئازەربایجانـدا، هێـزە کۆنەپەرستەکان و ئینگلیزەکان چالاکانە بۆ لاوازکردنی ورەی دانیشتوان تێدەکۆشن. بۆ پێکهێنانی ترس و دڵەڕاوکێ لـەناو خەڵکدا، ڕادەگەیـەنن بەم زوانە شەڕ سەرهەڵدەدات و خەڵک هاندەدەن کە تەورێز بەجێبهێڵن. پیشـەوەریی و هاوڕێیـانی دەڵـێن حکومـەتی تـاران هـەتـا هێـزە دیموکراتەکانی ئێران و ئازەربایجان لەناو نەبات، هەڵبژاردنی مەجلیس ناکات. بە ڕای ئەوان تاران بـە دوو شێوە دەتوانێ کۆتـایی بـە کێشـەی ئازەربایجـان بهێنێـت: یەکـەمیان بـە هێرشـی چەکدارانـەی ئاشـکرا و ئەویتریشیان بە ئیمزاکردنی سازیشێک کە دەرەتانی بۆ برخسێنێت هێز ڕەوانەی ئازەربایجان بکات. ئەگەر هێرشی چەکدارانە بکات، بێگومـان خەڵک بەرگریی دەکـەن لـەو ڕوانگەیـەوە پێویستە یارمـەتیمان بکـەن و چـەک، ئوتۆمبێـل بـۆ گواسـتنەوە و پارەمـان بـۆ ڕەوانـە بکـەن. ئـەوان بەڵێنیاندا لە ماوەی دوو ڕۆژدا ڕادەی پێویستەکەیان دیاریی بکەن[132].)**.

بەپێی ڕێککەوتننامە ئیمزاکراوەکەی نێوان دەوڵەتی ئێران و نوێنەرانی ئازەربایجان، ئەنجومەنی ئەیالەتیی ئازەربایجان ڕۆژی 1946/11/12 (1325/10/21) دەستی بەکار کرد و فەرمانیدا سوپای نەتەوەیی ئازەربایجان و فیداییەکان زەنگان بەجێهێڵن. ڕۆژی 13 ی نۆڤیمبەر شاری زەنگانیان بەجێهێشت و بەم جۆرە دەوڵەتی ئێران لەوێ بە دەسەڵات گەیشتەوە. ڕۆژنامە دەستە ڕاستییەکانی تاران، دەستیان کرد بە پروپاگەندە و کۆمەڵێکیان هەواڵ سەبارەت بە کردەوەی دڕندانەی دیموکراتەکان لە زەنگان بڵاوکردەوە. لە بەرامبەریاندا بڵاوکراوە دەستە چەپییەکانی وەک "رهبر" و "ایران ما" ئەو هەواڵانەیان بە درۆ خستەوە. دوو هەزار چەکداریی سەر بە "مەحمود زولفەقاری"ی لە زەنگان جێگیر کران و هێزەکانی سوپای ئێران شار و ناوچەکانی دەوروبەریان داگیرکرد. بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی حکومەتی ناوەندیی، دەستە و گروپی چەکداریی دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان ڕەوانەی زەنگان کران و ئەوان تاوانی مەزنیان بەڕێوەبرد.

میرجەعفەر باقرۆڤ ڕۆژی 14 نۆڤیمبەر نامەیەکی ئاراستەی ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات کرد و لەودا سەرەڕای دەربڕینی پەرۆشیی لەو دۆخە ناخۆشە و ڕووداوە سەرهەڵداوەکان، داوای لێکردن کە ڕێزەکانیان بپارێزن. پەرۆشیی باقرۆڤ بە هەڵکەوت نەبوو. سەبارەت بە زنجیرە کێشەیەک لەنێوان پیشەوەریی و جاوید و ڕێبەرانی تر و بەتایبەت لەنێوان پیشەوەریی و ئۆڕگانەکانی دیپلۆماتیی سۆڤیەت و ناکۆکییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قوڵتر دەبوونەوە.

سادچیکۆڤ سەفیری سۆڤیەت و کراسنی سەرکۆنسولی سۆڤیەت لە تەوریز بۆ بێبایەخ کردنی پیشەوەریی، زانیاریی بێناوەڕۆکیان دەگەیاندە ڕێبەرانی ئێران و مۆسکۆ. بە ڕاگەیاندنی مێژووی هەڵبژاردنی مەجلیس، سادچیکۆڤ کەسانێکی لەناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەدا بە نوێنەرایەتی ئازەربایجان پێشنیاز کرد کە جێی

ڕەزامەندیی پیشەوەریی نەبوو. میرجەعفەر باقرۆڤ لایەنی پیشەوەریی گرت و ڕەوا بوونی ڕەخنەکەی سەلماند. باقرۆڤ و پیشەوەریی لایەنگریی پـالاوتنی کامبەخش، ڕەزا ڕوستا، فەتحعەلی ئیپکچیان و نەسرەتولا جیهانشاهلو بە نوێنەرایەتی ئازەربایجان بوون. سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران سەبارەت بە پالاوتنی ئەردەشیر ئاوانیسیان پێیدادەگرت. باقرۆڤ لەم بارەیەوە بۆ پیشەوەریی دەنوسێت:

**- (ئێمە ناتوانین هاودەنگیی لەگەڵ پالاوتنی ئاوانیسیان بکەین، چونکە لە هەموو ئەو ماوەیەدا، ئەو هەڵسوکەوتی دۆستانەی لەگەڵ دیموکراتەکانی ئازەربایجان نەبووە و وەک ڕێکخەریی کاری تێگدەرانە لە ئازەربایجان ناسراوە.).** هەروەها دەنوسێت: **(ئەگەر پێویستە لەنێوان ئەرمەنەکانی ئازەربایجاندا کەسێک بپاڵێودرێت، ئێوە کەسێکی ئەرمەن بدۆزنەوە کە لە هەموو بوارێکدا تاقیکرابێتەوە و خۆی بە دیموکرات بناسێت(133).).**

میرجەعفەر باقرۆڤ نەیدەتوانی هاودەنگی لەگەڵ ئۆرگانەکانی سۆڤیەت بکات کە سەرنج بە پیشەوەریی نەدەن. هەڵسوکەوتێکی بەم جۆرەی سەبارەت بە پیشەوەریی لە سەردەمێکدا کە دەوروبەری ئازەربایجان بەرەو ئاڵۆزیی دەچوو، بە هەڵکەوتی نەدەزانی. ئەو هەستی دەکرد کە گروپە جیاوازەکان دەستیان هەیە لەو پیلانەدا. بە ڕای باقرۆڤ مەئمورە ڕەگازۆییکەرەکانی ئینگلیز و ئەمریکا لەناو فیرقەی دیموکراتدا وەجوڵە کەوتوون. ئەو لەم باوەڕەدا بوو کە دەبێ سەرنج بدرێتە لایەنەکەی تری ئەو کێشەیە. ئەو بۆ میرزا ئیبراهیمۆڤ، یەعقوبۆڤ و ئاتاکیشیۆڤی نوسی:

**- (لەنێوان دیموکراتەکاندا کەسانی فریوخواردوو هەیە. گومانی من سەبارەت بە هەندێک کەس و لەوانە ژمارەیەک لە کارمەندانی سەفارەتی ئێمە پەریسەندووە. من ناویان ناهێنم، بەڵام هەست دەکەم ئێوە دەیانناسن. بێگومان ئێوە دەسپێکی سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی**

ئازەربایجان و کێشەیەک کە پەیوەندیی بە "بوداغیان"ەوە هەبوو، فەرامۆش نەکردووە. هاوکارێک کە لە تارانەوە هاتبوو "مەبەست لە ئاوانیسیان، کارمەندی سەفارەتی سۆڤیەت لە تاران- نوسەر"، دەربارەی ئەو پرسیاری دەکرد).

هەروەها باقرۆڤ بەد گۆمانیی خۆی سەبارەت بە سەلامولا جاوید نەدەشاردەوە. ئەو دەیگوت: **(جاوید بە هاتنی بۆ ناو فیرقەی دیموکرات قازانجی بە فیرقە نەگەیاندووە. ئەگەر ئەویش لەگەڵ موزەفەر فیروز و قەوام هاودەنگیی نەکردبێت، لەگەڵ تودەییەکان ڕێککەوتووە. ئەو هەم تودەیی بوو و هەمیش ئەندامی حیزبی عەدالەت).**

باقرۆڤ بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی خۆی کە لە ئۆرگانەکانی تایبەتەوە پێیگەیشتبوون، پێشانیدەدا کە "برایانی ئاقازادە" ڕێبەرانی ئەو سەردەمەی حیزبی عەدالەت، سەر بە ئینگلیزەکان بوون. ئەو هەروەها دەیگوت: **(دەبێ ئەوە بزانین کە ئینگلیزەکان بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی ئازەربایجان بە شێوەی چەکدارانە، نەتەنیا خۆی بۆ دەستێوەردانی چەکدارانە ئامادە دەکات، بەڵکوو چالاکانە تێدەکۆشێت بزوتنەوەی ئازەربایجان لەناو خۆیدا لاواز بکات. چونکە ئەوان دەزانن ئەو شێوەیە کاریگەریی زیاتر و ئازاریی کەمتر دەبێت).** دەربارەی حیزبی تودە باقرۆڤ دەنوسێت:

**- (تودەییەکان باش دەزانن کە پیشەوەریی پەیوەندیی بە ئەوانەوە نییە و دەیانەوێ بە هۆی جیابوونەوەی دیموکراتەکان لە حیزبی تودە، تۆڵەیان لێبکەنەوە، بەڵام ئەوان نازانن کە بە شکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، شکان و لەناو چوونی حیزبی تودەشی بە دواوە دەبێت. بە گشتی لە ئێران کەسانی خاوەن بیری قوڵ و بەردەوام کەمن و بەرلە هەموو شتێک داوا دەکەن لە پۆستی وەزارەتدا کار بکەن. بەم جۆرەی دەبیندرێت ئەوان هاودەستی تودەییە کۆنەکانن).** "مەبەستی

باقرۆف لە حیزبی کۆمونیستی هەڵوەشاوی ئێرانە کە حیزبی تودە جێی گرتەوە- وەرگێر." میرجەعفەر باقرۆف لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت:

**- (بێگومان تودەییەکان پەیوەندییان بە پادگان و جاویدەوە هەیە. دەربارەی جاوید، ڕامۆایە ئەو پەیوەندیی بە تودەییەکان و قەوامەوە هەیە. ڕەنگە من هەڵە بکەم و لە بواری مەعنەویی و ئەخلاقییەوە خۆشحاڵ دەبم کە لەو بارەیەدا بە هەڵە چووبم، بەڵام گومانم لە پەیوەندیی جاوید لەگەڵ تودەییەکان نییە).**

لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی باقرۆف لە ناکۆکیی نێوان جاوید و پیشەوەرییەوە سەرچاوەی وەردەگرت. باقرۆف سەبارەت بەو دۆخەی کە لە ئازەربایجاندا پێکهاتبوو، فەرمانبەرانی سۆڤیەتی لە ئێران بە تاوانبار دەزانی، ئەو دەنوسێت:

**- (ئێستاش ئەندامانی ئێمە لەوێ توانانی دەرک کردنی پێشهاتەکانیان نییە و بێگومان هەرگیز دەرکیان ناکەن. بەپێچەوانەوە ئەوان درێژە بە هاندانەکانیان دەدەن و کاتێک کەسێکی ناڕەسەن و سیخۆر بۆ سکاڵا کردن لە پیشەوەریی دەچێتە لایان، پێشوازیی لێدەکەن و دەستبەجێ شکاتەکەی بۆ قەوام دەگوازنەوە و ئەو بۆ بەربەرەکانی بە دژی پیشەوەریی دڵگەرم دەکەن. هەرچەندە بۆیان بکرێت دەربارەی لایەنە نیگاتیڤەکانی پیشەوەریی، نەک هەر بۆ ئێمە و مۆسکۆ دەنوسن، بەڵکوو بە کەسانی جیاوازیش ڕادەگەیەنن. پیشەوەرییش بەو کارەیان دەزانێت. من داواتان لێدەکەم هەموو زانیارییەکی پێویست سەبارەت بە هەڵسوکەوتی تودەییەکان، لە سەرەتای بزوتنەوەی دیموکراتیی و سەبارەت بە کێشەی بوداغیان و ئاوانیسیان کۆبکەنەوە و دواتر بڕواننە نوسراوەکانی سادچیکۆڤ. ئەو سەردەمێک دەیگوت بەبێ پیشەوەریی کارەکان بەڕێوەناچن، کەچی ئێستا سادچیکۆڤ و سەفارەتچییەکان و کراسنی دەیانەوێ فەرمان بدەن بە پیشەوەریی و ئەویش بەبێ گفتوگۆ کردن فەرمانەکانیان بەڕێوەبەرێت. جاوید دەربارەی نوسراوەکانی بۆ**

**سادچیکۆڤ، لە جیاتی هاودەنگیی کردن لەگەڵ پیشەوەریی، پرس بە پادگان و شەبستەریی دەکات و ڕای ئەوان وەردەگرێت. دیارە پیشەوەریی هەست دەکات کە جاوید پشتی بە کۆنسولگەریی و سەفارەتەوە گەرمە. پیشەوەری دەربارەی کردەوەکانی جاوید شتێک نالێت و لەوە دەچێت بە بێدنگییەکەی ئەوە بڵێت کە ئێوە ڕەنگە بەبێ من بە هاودەنگیی بگەن، بەڵام نفوز و ئیعتباری من لەناو خەڵکدا لە هەمووی ئێوە زیاترە.).** باقرۆڤ دەنوسێت: **(من دەمەوێ لە ماوەی دوو سێ ڕۆژاندا هەموو زانیارییە پێویستەکان کۆبکەنەوە تا من ڕاپۆرتێکیان لەسەر بۆ مۆسکۆ بنێرم.).**

باقرۆڤ دەربارەی پیشەوەریی دەنوسێت: **(من لە بواری سیاسیی و مەعنەوییەوە هیچ گومانێکم لە پیشەوەریی نییە. لە پلەی کەسێکی کارزان، بە فەرهەنگ و زانادا ڕێزی لێدەگرم، بەڵام کۆنسولگەریی و سەفارەت نە تەنیا هیچ کارێک بە سودی ئەو ئەنجام نادەن، بەڵکوو لە هەر چرکەیەکدا زەبرێکی لێدەوەشێنن. من دەمەوێ لەو بارەیەوە بە ڕاشکاوی مۆسکۆ ئاگادار بکەمەوە.).** باقرۆڤ دەڵێت: **(من لە هەر سێی ئێوە "قولییۆڤ، ئاتاکیشیۆڤ و ئیبراهیمۆڤ" داوا دەکەم بە زوویی هەتا ڕۆژی چوارشەممە ئەو زانیارییانە ئامادە بکەن[134].).**

میرجەعفەر باقرۆڤ بە هەڵە بیری لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە مۆسکۆ ئاگای لە هەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی لە بەرامبەر پیشەوەرییدا نەبێت و ئەوان خودسەرانە بەربەرەکانیی ئەو دەکەن، لەبەر ئەوە لە نامەکانیدا بۆ فەرمانبەرانی باکۆ لە تەورێز ڕایدەگەیاند بە دژی سادچیکۆڤ و کراسنی کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز بەڵگە کۆبکەنەوە. باقرۆڤ ئێستاش نەیدەزانی کردەوەی کاربەدەستە دیپلۆماتکارەکانی سۆڤیەت بە دژی پیشەوەریی بە بڕیاری هەیئەتی ڕێبەرایەتیی مۆسکۆ و وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت بەڕێوەدەچن.

سەرئەنجام ڕۆژە دژوارە چاوەڕوانکراوەکان گەیشتن. قەوامولسەڵتەنە ڕۆژی 1946/11/21 (1325/8/30) ڕایگەیاند، بۆ دابینکردنی ئەمنیەت و ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردنی 1946/12/7 (1325/9/16) دا هێزەکانی پاراستنی ئەمنیەت، بەبێ جیاوازیی لە هەموو ئێراندا جێگیر دەکات. لە ڕاگەینراوەدا هاتبوو دەیەوێ بۆ هەموو ناوچەکانی هەڵبژاردن هێزی ژاندارمەریی و ئەگەر بە پێویستی بزانێت، هێزەکانی سوپا ڕەوانە دەکات. هەر لەو ڕۆژەدا ڕاگەینراوەکەی بە بروسکە بۆ سەلاموڵا جاوید پارێزگاری ئازەربایجان ڕەوانە کرد.

## دیسێمبەری 1946: شکانی تاڵیی دیموکراتەکانی ئازەربایجان، یان یەکەم "سەرکەوتنی" نەتەوەیەکگرتووەکان

ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات لەسەر بروسکەی قەوام بۆ جاوید وتووێژیان کرد. لەو وتووێژەدا تەئکیدیان کردەوە کە ئەگەر هێز بۆ ئازەربایجان ڕەوانە بکەن، لە بەرامبەریاندا بوەستن و بەربەرەکانیی بکەن. جاوید لە بروسکەیەکدا پرسیاری لە قەوام کرد کە ئایا هێزەکانی سوپای ئێران ڕەوانەی ئازەربایجان دەکرێن، یان نا؟ قەوام ڕۆژی 1946/11/24 (1325/9/3) وەڵامی پارێزگای ئازەربایجانی دایەوە و نوسی:

**- (دەوڵەتی ئێران بڕیاریداوە بۆ پاراستنی ئەمنیەت لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسدا، هێز ڕەوانەی ئازەربایجان دەکات).**

ئەو بروسکەیەی قەوام هەڵوێستی پێچەوانە و دژ کردەوەی پیشەوەریی بە دواوە بوو. ئەو هەڕەشەی لە کۆنەپەرستان کرد کە ئازادیی ئازەربایجان بۆ سەرانسەریی ئێران دەکێشێت و حکومەتی تاوانبارانی تاران لەناو دەبات و حکومەتێکی دیموکراتیی نەتەوەیی لەجێی دادەنێت. ئەو لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان، ژمارە 68 دا بڵاوکرایەوە، موژدەی بەربەرەکانیی بە هێزەکانی سوپای ئازەربایجان ڕاگەیاند.

سادچیکۆڤ سەفیری سۆڤیەت داوی چاوپێکەوتنی لەگەڵ قەوام کرد. لەو دیدارەدا گوتی بروسکەیەکی لە مۆسکۆوە بۆ هاتووە و لەودا گوتراوە، حکومەتی سۆڤیەت هاتنی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان بەباش نازانێ و ئەوکارە لە ئازەربایجان و سنورەکانی ئێران و سۆڤیەتدا کێشە و گرفت پێکدەهێنێت. سەفیری سۆڤیەت چەند جارێک بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ قەوام و محەمەد ڕەزاشا کرد و گوتی ئەو جموجۆڵانە لە سنورەکانی

باشوری سۆڤیەتدا قبوڵ ناکات. سەفیر لە یەکێک لە گفتوگۆکانیدا بە قەوامی ڕاگەیاند، ئەگەر درێژە بەو سیاسەتەی بدات، یەکیەتی سۆڤیەت دەربارەی شەخسی خۆی پەنا بۆ بڕیاری نوێ دەبات. قەوام داوای لە سەفیری ئەمریکا کرد کە بە پەلە ڕای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای سەبارەت بە ئاگادارکردنی شورای ئەمنیەت لە وتەکانی سەفیری سۆڤیەت پێبگەیەنێت. قەوام تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەرکی ئێرانە شورای ئەمنیەت لە هەرچەشنە بەرهەڵستکارییەک ئاگادار بکاتەوە کە لەوانەیە ئاشتیی جیهان لە مەترسیی هاوێژێت. ئەو دەیویست بە ئاگادار کردنەوەی شورای ئەمنیەت چاوەڕوانی دژ کردەوەی ئەوان بێت. قەوام بە سەفیری ئەمریکای ڕاگەیاند تا گەیشتنی هەواڵ لە واشنتۆن وەڵامی سەفیری سۆڤیەت ناداتەوە. ئەو سەبارەت بەو کێشەیە پێشتر لەگەڵ سەفیری بریتانیا لە ئێران دوابوو[135].

ڕۆژی 1946/11/28(1325/10/7) دکانازۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بروسکەیەکی نهێنی "ڕمز" بە ژمارە 172 ڕەوانەی باکۆ کرد و لە هەمان ڕۆژیشدا بروسکەیەک لەلایەن باقرۆڤەوە ڕەوانەی تەورێز کرا. لەو بروسکەیەدا گوترابوو جاوید پارێزگاری ئازەربایجان دەربارەی ڕەوانەکردنی هێز بۆ ئازەربایجان دژی قەوام بوەستێت و پێی بڵێت ئەو کارەی دەوڵەت بەپێچەوانەی دەقی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لەگەڵ نوێنەرانی ئازەربایجان ئیمزاکراوە. هەروەها دژایەتی هەیە لەگەڵ نامەی ڕۆژی 1946/10/29 (1325/8/7) ی قەوام. بە قەوام بگوترێت خەڵکی ئازەربایجانی ئێران دەیانەوێ ڕێککەوتننامەی ڕۆژی 1946/6/13 (1325/3/23) لە لایەن مەجلیسی نوێوە پەسەند بکرێت. پێویستە قەوام بەئاگا بێننەوە کە لە ئازەربایجان یەکەی سوپا و ژاندارمە نییە کە لە تارانەوە فەرماندەیان بۆ دیاریی کردوون. بە قەوام پێشنیاز بکەن بۆ چاودێریی کردن بەسەر هەڵبژاردنی ئازەربایجاندا دەتوانن کۆمیسیۆنێکی تایبەت ڕەوانە بکەن. بە ڕادیۆ تەورێز و بڵاوکراوەکان

گوترابوو سەبارەت بە ڕەوانەکردی هێز بۆ ئازەربایجان، دژی دەوڵەتی ئێران پەرە بە پروپاگەندەکانیان بدەن[136].

وەک لەو بروسکەیەدا دەبیندرێت دکانازۆڤ بەڵێنی هیچ چەشنە یارمەتییەکی شوێندانەر نادات. بۆ ئامادەکردنی ئەو پێشنیازانە نیازێک بە ڕاسپاردەی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت نەبوو. ئەو وتانەی ناوبراو پێشتر لە لایەن ڕێبەرانی ئازەربایجانەوە ئاماژەیان بۆ کرابوو.

ڕۆژی 1946/12/1 (1325/9/10) پیشەوەریی، شەبستەریی، جاوید و پادگان نامەیەکیان ئاراستەی باقرۆڤ کرد و لەودا داوای یارمەتیان کرد و نوسیان: **(چۆن دەکرێ برادەرانی ئەوبەری ئاراس چەک بۆ ئێمە نەنێرن و پشتیوانیمان نەکەن؟ چۆن دەکرێ قەوامی خوێنمژ لە بەرامبەر چاوی دەوڵەتی گەورەی سۆڤیەتدا وەک دڕندەیەک ئێمە لەناو بەرێت؟[137]).**

ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات داوایان لە باقرۆڤ کرد کە ئەم نامەیە بە ستالین بگەیەنێت. ناوبراوە ئەو داوایەی بەجێگەیاند و ڕۆژی 2 ی دیسێمبەر نامەکەی ڕەوانەی ستالین کرد. هەمان ڕۆژ بە داخوازی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت، کۆنسولگەریی سۆڤیەت لە تەورێز ڕاپۆرتێکی دەربارەی ورەی جەنگیی دانیشتوان بۆ ئەو وەزارەتخانەیە نارد.

ڕۆژی 1946/12/2 (1325/9/11) میرجەعفەر باقرۆڤ دەربارەی ڕەوانە کردنی ئەفسەران و خوێندکارانی زانکۆی ئەفسەریی بۆ تەورێز، بروسکەیەکی ڕەوانەی ستالین کرد. لەو بروسکەیەدا ڕایگەیاند:

**- (لە مانگی مای ساڵی 1946، ئەفسەران و خوێندکارانی ئازەربایجانی ئێران لە زانکۆکانی باکۆ و گیرۆڤ ئاباد خەریکی خوێندنن. بە لەبەرچاو گرتنی گۆڕانی هەلومەرج لە ئێران، بە پێویستی دەزانم لەوانە ژمارەیەک بۆ بەربەرەکانی لە یەکەکانی زرەیی و ژمارەیەکیش بۆ یەکەکانی تۆپخانە لە نەخجەوان پەروەردە بکرێن و بە چەکی دژە تانک، خۆمپارەهاوێژ و ئەو تۆپانەی کە لە شەڕەکانی ئەڵمانیا گیراون،**

**پڕچەک بکرێن و ئەگەر پێویست بکات، بە فەرمانی ئێوە ڕەوانەی لای دیموکراتەکانی ئازەربایجان دەکرێن[138]).**

ڕێبەرانی سۆڤیەت کە هێشتا هیوایان بە چارەسەریی ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجان مابوو، باوەڕیان نەدەکرد کە قەوام هێرش بکاتە سەر ئازەربایجان. لەبەر ئەوە بە سەفیری خۆیان لە تاران ڕاگەیاند چاوی بە قەوام بکەوێت. لەو دیدارەدا سەفیری سۆڤیەت جارێکی تریش ئاماژەی بۆ کێشەی ڕەوانەی کردنی هێز و پێکهێنانی ئاژاوە لە سنوری سۆڤیەت کرد و گوتی یەکیەتی سۆڤیەت ناتوانێت لەو بارەیەوە بێتەفاوت بمێنێتەوە. قەوام لە بەرامبەر هەڕەشەکانی سادچیکۆڤدا هەڵوێستی توندی گرت و گوتی ئامانج لە ڕەوانەکردنی هێز بۆ ئازەربایجان، دەستەبەرکردنی ئاسایشە لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسدا و من ئەو کارە دەکەم[139].

پیشەوەریی و هەندێک لە دیموکراتەکان لە دواکاتەکاندا بەم ئاکامە گەیشتن بەرلەوەی کە هێزەکانی تاران هێرشیان بۆ بکەن، ئەوان بە هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان پەلاماری کتوپڕیان بۆ بەرن و بەم جۆرە پیلانەکانیان پوچەڵ بکەنەوە. لەو پەیوەندییەدا باقرۆف لە نیوە شەوی چواردەی دیسێمبەر (13ی سەرماوەز) دا، بەم بروسکەیە بە پیشەوەریی ڕاگەیاند:

**- (من بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونەکانتم، هەست بە ورەی خراپ و خەم و پەژارەی ئێوە دەکەم، بەڵام جارێکی تریش دەڵێم کە ئێوە فیکر لە هێرش بۆ سەر سوپای ئێران مەکەنەوە. کۆنەپەرستانی تاران و نێونەتەوەیی و فەرماندە سەربازییەکانی ئێران چاوەڕوانی کارێکی لەم جۆرەن. لەبەر ئەوە بیانوو مەدەنە دەست دوژمن. لە هەلومەرجی ئێستای ئێوەدا، هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران و دیموکراتەکانی جیهان لەگەڵ خواستی بە حەقی ئێوەن. لەلایەن ئێمەوە هەموو کارێکی پێویست**

**بەڕێوەدەچێت. سەبارەت بە بەهێز کردنی دۆخی خۆتان و هێزەکانتان و بەڕێوەبردنی خەباتی ڕاگەیاندن سەرنجی تایبەتیی بدەن[140].).**

سوپای ئێران بە دوای کارە سەرەتاییەکانیدا، کاتژمێر 07:00 ی ڕۆژی 1946/12/4 (1325/9/13) هێرشی کردە سەر ئازەربایجان. سێ کاتژمێر بە دوای هێرشەکەدا، ڕادیۆ تەورێز هەواڵی هێرشی سوپای ئێرانی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند بە تانک و تۆپ و خۆمپارەهاوێژ لە گوندی "تازەکەند"ییەوە بەرەو گوندی "ڕاشیین" هێرشیان هێناوە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بێنە ناو خاکی ئازەربایجانەوە. لە پەیوەندیی لەگەڵ هێرشی سوپای ئێراندا، کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە بەیاننامەیەکدا داوای لە گەلی ئازەربایجان کرد کە بەرگریی لە ئازادیی و نیشتمانی خۆیان بکەن. لەو بەیاننامەیەدا گوترابوو، هێزە چەکدارەکانی حکومەت و یەکەکانی ژاندارمەریی لە نزیک زەنگانەوە سنوریان بەزاندووە و هێرشیان کردووەتە سەر سەرباز و فیداییەکانی ئازەربایجان.

دوای هەڵگیرسانی شەڕ، فرۆکەکانی حکومەتی ناوەندیی خۆیان گەیاندە سەر شارەکانی ئازەربایجان و بڵاوکراوەیەکیان خستەخوارەوە و لەودا داوایان لە خەڵکی ئازەربایجان کرد کە ڕژێمی دیموکراتەکان برۆخێنن.

لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا، دەوڵەتی ئێران لە یادداشتێکدا بۆ سەفارەتی سۆڤیەت، بە بیری هێنانەوە کە ڕەوانە کردنی ئەو هێزە بۆ ئازەربایجان، تەنیا بۆ چاوەدێریی کردنە بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردندا و بە هیچ کلوجێک دژی بەرژەوەندەکانی سۆڤیەت بەڕێوەنەچووە، بەڵام کەسانێک کە بە ئاڵۆزبوونی دۆخەکە، بێگومان بوون لە دەستێوەردانی سۆڤیەت، ڕۆژنامەکانی مۆسکۆیان بینی کە قەیرانی ئازەربایجانیان بە کێشەیەکی ناوخۆیی دانا.

ڕۆژی چواری دیسێمبەر (13 ی سەرماوەز) سەفیری ئەمریکا لە تاران ڕایگەیاند، ئازەربایجان بە بەشێک لە خاکی ئێران دەزانێ و ناتوانێ لەمە بگات کە بۆچی چوونی هێزی سەربازیی لە ناوچەیەکی ئێرانەوە بۆ ناوچەیەکی تر، ڕوسیا بە پەرۆش دەکات؟ دوای دوو ڕۆژ "دین ئاچسەن" جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە هەموو جۆرە کردەیەکی ڕوسیا بەدژی دەوڵەتی ئێران، هەڕەشەی لە ڕوسیا کرد. ترومان سەرکۆماری ئەمریکاش فەرمانیدا بە وەزارەتی دەرەوە کە ڕوسەکان هۆشیار بکاتەوە و گوتی ئەمریکا لە بەرامبەر هەرچەشنە دەستێوەردانێکی ڕوسیا لە ئازەربایجاندا، دەست لە سەر دەست دانانێت(141).

میرجەعفەر باقرۆف بەپێی ڕاپۆرتە گەیشتووەکان لە تەورێزەوە، بروسکەیەکی بۆ ستالن نارد و لەگەڵ شی کردنەوەی بارودۆخی ئازەربایجان، نوسی: **(جوتیاران لە هەموو ناوچەکانی ئازەربایجاندا داوا لە کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات دەکەن کە چەکیان بداتێ، بەڵام چونکە ئێمە چەکمان بۆ ڕەوانە نەکردوون، ڕێبەرانی فیرقە هەموو داواکارییەکانیان بەبێ وەڵام هێشتووەتەوە. ڕێبەری فیرقەی دیموکرات جارێکی تریش داوا دەکات کە شانزدە تۆپ، پێنج هەزار تفەنگ و بیست چەکی دژە تانکیان بۆ بنێرین.)**. چونکە مۆسکۆ وەڵامی باقرۆفی نەدایەوە، ڕۆژی پێنجی دیسێمبەر بروسکەیەکی ئاراستەی ستالین کرد و لە پەیوەندیی لەگەڵ کێشەی ئازەربایجاندا ئیزنی خواست بچێتە لای(142).

لە کاتێکدا شەڕ لە بەرەی زەنگان - میانەدا بەردەوام بوو، ڕۆژی 1946/12/8 (1325/9/17)، پیشەوەریی، شەبستەریی، پادگان، دوکتۆر جاوید و غولام یەحیا بە هۆی کۆنسولی سۆڤیەتەوە لە تەورێز، نامەیەکیان ڕەوانەی حکومەتی سۆڤیەت و باقرۆف کرد. لەو نامەیەدا جارێکی تریش ئامادەیی خۆیان بۆ بەرگریی کردن لە بەرامبەر سوپای

ئێراندا ڕاگەیاند. لە نامەکەیاندا بۆ ڕێبەری سۆڤیەت، سەبارەت بە بەراورد کردنی بەپەلەی دوو داخواز هیوادارییی خۆیان ڕاگەیاند:

یەکەم: تا ئەوکاتەی سنورەکانی سۆڤیەت کراوەن و دیموکراتەکانی ئازەربایجان، سوپای نەتەوەیی خۆیان هەیە، ژمارەیەک چەکیان بۆ ڕەوانە بکەن. ئەوان نوسیان: **(ئێمە دەتوانین وەرگرتنی ئەو چەکانە لە بەرامبەر دوژمندا بەنهێنی بهێڵێنەوە، ئێمە ژمارە چەکێکی زۆرمان ناوێت. هەر ئەوەندە کە پێویستیی فیداییەکانی پێدابین بکەین.).**

دووەم: ئەگەر قەوام لە شەڕدا بە دژی ئێمە خوێن بڕێژێت، ئێمە دەتوانین لە هەندێک ناوچەی شیاودا شەڕ بکەین و بە ڕوخاندنی حکومەتی کۆنەپەرستی تاران، هێزە ئازادییخوازەکان ڕێکبخەین و حکومەتێکی دیموکراتی دامەزرێنین. ئومێدەوارین دژ بەو کارەمان نەوەستن. ئەگەر ئەو کارە بە چاک نازانن، ئیزن بدەن هەموو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بپچڕین و سەرلەنوێ حکومەتی نەتەوەیی خۆمان ڕابگەیەنینەوە.

دواتر لە نامەی ڕێبەریی سۆڤیەتدا نوسیبوویان، ئەگەر قەوام و ئینگلیز و ئەمریکییەکان دەڵێن کێشەی ئازەربایجان دیاردەیەکی ناوخۆیی ئێرانە، ئێمەش بە دروستیی هەر ئەوە دەڵێین. کەوابوو لێگەڕێن کاتی هێرش بۆسەر ئازەربایجان فیداییەکان سەرکوتیان بکەن. ئێمە ڕادەگەیەنین کە کێشەی ئازەربایجان کێشەیەکی ناوخۆییە و ئێمە سەربەخۆیانە بڕیارمانداوە کە لە بەرامبەر سوپای ئێراندا بەرگریی لە خۆمان بکەین. بەو بۆچوونە شورای ئەمنیەت و وڵاتانی تر ناتوانن دژی یەکیەتی سۆڤیەت ئاژاوە بگێڕن. ئەگەر یەکیەتی سۆڤیەت بە نهێنی یارمەتیمان بکات، دەوڵەتی ئێران بەڵگەیەکی نابێت کە ئاراستەی شورای ئەمنیەتی بکات. ئەوان لە کۆتایی نامەکەیاندا دەنوسن: گەلی ئێمە و ڕێبەرانی، هەموو پێکەوە ئومێدیان بە چەک بەستووە و ڕزگاریی

خۆیان لە پڕچەککردنی خۆیاندا دەبینن. سەرکەوتن لەو کارەدا بە یارمەتی ئێوە بەستراوەتەوە[143].

سەرەڕای هەوڵ و کۆششی ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و باقرۆف، ڕێبەرانی سۆڤیەت لە وەڵامی داخوازی ئازەربایجانییەکاندا ڕایانگەیاند جگە لە پشتیوانیی مەعنەوی، ناتوانن یارمەتییەکی تریان پێبکەن[144].

ڕۆژی 1946/12/10 (1325/9/19)، قەوام بروسکەیەکی بۆ پارێزگاری ئازەربایجان نارد و لێی ویست کە هێزەکانی ئازەربایجان خۆیان بەدەستەوە بدەن. هەر لەو ڕۆژەدا باقرۆف لە بروسکەیەکدا بۆ ستالین نوسی:

**- (لەم ڕۆژانەدا هێزەکانی ئێران بە خۆمپارەهاوێژ، تۆپ و تانک و فڕۆکە هێرشیان کردووەتە سەر ئازەربایجان و هێزەکانی ئازەربایجان بە زیانێکی زۆری گیانیی لە مەراغە، میاندواو و میانەوە بەرەو تەورێز پاشەکشە دەکەن. دەبێ چاوەڕوانی هێرشی هێزەکانی ئێران بین بۆ سەر ناوچەکانی ئاستارا و ئەردەوێڵ. بەو هەلومەرجەی کە پێکهاتووە ئازەربایجانییەکان ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر دەوام بهێنن. دور نییە بەشێک لە ئازەربایجانییەکان بەرەو سنورەکان پاشەکشەیان پێبکرێت و ناچاربن خۆیان بگەیەننە ناو خاکی ئێمە. لە کاتێکی بەم جۆرەدا داوا دەکەم ئیزن بدەن ئێمە ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە لایەن سوپای ئێرانەوە پاشەکشەیان پێدەکرێت، وەربگرین[145].).**

ڕۆژی 1946/12/11 (1325/9/20) قولییۆف جێگری کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز نامەیەکی ستالینیی بە پیشەوەریی، شەبستەریی، جاوید و پادگان گەیاند. لەو نامەیەدا نوسرابوو: **(قەوام لە پلەی سەرۆکوەزیراندا مافی ڕەوانە کردنی هێزی بۆ هەر خاڵێکی ئێران هەیە و لەوانەش بۆ تەورێز. لەبەر ئەوە درێژەدان بە بەربەرەکانیی چەکدارانە نە مەسڵەحەتە و نە پێویست و بە کەڵک. ڕابگەیەنن کە ئێوە بۆ دابینکردنی ئارامیی لە کاتی هەڵبژاردندا، دژی هاتنی هێزەکانی**

**دەوڵەت بۆ ئازەربایجان نین. ئێوە ئەو کردەیەتان پەیوەند بدەن بە هاوپەیمانیی گەلانی ئێران و ئازادیی و سەربەخۆیی ئێران. هەموو ئەوانە لە وەڵامی جاویددا بۆ بروسکەی قەوام بگونجێنن و بە ئیمزای جاوید پارێزگار و شەبستەریی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتیی، بە زوویی بۆ شا و قەوام ڕەوانە بکەن[146]).**

بە گەیشتنی فەرمانی ڕێبەریی سۆڤیەت، کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز، ڕێبەرانی ئازەربایجانی خستە ژێرگوشارەوە کە دەست لە بەربەرەکانیی هەڵگرن و پێش بە هاتنی هێزەکانی دەوڵەت مەگرن. فەرمانبەرانی کۆنسولگەریی بە گوێرەی بەڵێنەکانی قەوام، ڕایانگەیاند کە هێزە دەوڵەتییەکان لێپرسینەوە لە دیموکراتەکان ناکەن. ڕێبەرانی فیرقە هەرچەندە پێشنیازەکانی سۆڤیەتیان بەلاوە پەسەند نەبوو و ناباوەڕیی تەواوی خۆیان سەبارەت بە قەوام ڕادەگەیاند، بەڵام ناچاربوون ئەو پێشنیازانە قبوڵ بکەن. لەو ڕۆژەدا ئەنجومەنی ئەیالەتیی ئازەربایجان بڕیاری پاشەکشە کردنی لە بەربەرەکانیی و بەرگریی نەکردنی لە بەرامبەر هاتنی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجاندا و بڕیارەکەشی بە ئیمزای شەبستەریی و جاوید ڕەوانەی شا و قەوام کرد. بە پەیڕەویی کردن لەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئەیالەتیی، ئازەربایجانییەکان خەباتی سەربازییان بەلاوە نا و کاتژمێر چواری دوا نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ باکۆیان لە بڕیارەکەیان ئاگادار کردەوە[147].

بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتیی سەبارەت بە پاشەکشەی دیموکراتەکان لە بەربەرەکانیی لە بەرامبەر سوپای ئێران، ڕەخنەی زۆربەی کادیرانی فیرقە، کارگەران و ئەفسەرانی سوپای دیموکراتی بەدواوە بوو. ژمارەیەک ئەفسەری فیرقە چوونە لای ژەنەڕەڵ پەناهیان سەرۆکی سەرکردایەتیی سوپای ئازەربایجان و ئەویان بە خیانەت تاوانبار کرد. هەندێکیان ڕایانگەیاند کە فەرمانی سەرکردایەتیی سوپا بەڕێوەنابەن و دەست دەکەن بە شەڕیی پارتیزانیی. ژمارەیەک لە فەرماندە باڵاکان و

چالاکـانی فیرقــە و ژەنەڕاڵــەکان چوونــە کۆنسـولگەریی سـۆڤیەت و دژی بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالـەتیی راوەستان. لە کۆنسولگەریدا بە نـەرمیی و مێهرەبانییـەوە پێیانڕاگەیانـدن کـە دەبـێ ملکـەچی بڕیـاری ئـەنجومـەنی ئـەیالــەتیی بـن و بـەربــەرەکانی نـەکـەن. زۆربــەیان گوتیـان نایانــەوێت خۆیـان بدەنـە دەست قـەسابـەکانی قـەوام و لـە سنوری سۆڤیەت دەربـاز دەبن.

ڕۆژی 1946/12/11 (1325/9/20) ڕێبــــەرانی فیرقــــە و حکومـــــەت کۆبوونـەوەیەکی کتوپڕیان پێکهێنا. لـەو کۆبوونـەوەیـەدا بـە چاکیـان زانـی کە پیشەوەریی و پادگان لـە ڕێبـەرایـەتی فیرقـەدا نـەمێنن. پیشەوەریی کـە دژی پاشەکشەی هێزەکانی ئازەربایجان بوو لە بەرامبەر سوپای ئێرانـدا، هەسـتی کـرد لــە دۆخێکــی نالــەبار کــەوتووە. ئــەو فــەرمانی بــە سـوپای نـەتـەوەیی و فـەرماندەکانیی فیدایی نـەدا کە بەربـەرەکانیی سوپای ئێـران نـەکەن و بـەتـەنیا ڕەزامـەندیی خـۆی لـەگـەڵ هـەڵبژاردنی ڕێبـەرانی نـوێی فیرقـە ڕاگـەیانـد. محـەمـەد بێریـا بـە سـەرۆکی کـاتیی فیرقـە و فـەرەیدون ئیبراهیمـی و وەلایــی بــە جێگریــی ســەرۆک هــەڵبژێردران. ســەرەڕای پـەرەسـەندنی کـاری تیرۆریستیی و گوشـار بـۆ سـەر ئازەربایجـان لـەگـەڵ هاتنی سوپای ئێران بـۆ ئـەوێ، بڕیـاردرا جاوید، شەبستـەریی و بێریـا لـە تـەورێز بمێننـەوە، بـەڵام مانـەوەی پیشـەوەریی، کاویـان، پادگـان، کـەبیری، جهانشاهلو، غوڵام یەحیا، ڕامتین، محـەمـەدی وەنـد، میـر ڕەحـیم وەلایـی و ئــارام زادیکیــان لــە تــەورێز بــە مەسـڵـەحـەت نــەزانی. کۆنسـولگـەریی سۆڤیەت لـە تـەورێز داوای لـە بـەرپرسانی پـەیوەندییدار کرد کـە شـەوی 20 لـەسەر 21 ی سەرماوەز، ئەو ژمارەیە لـە سنور دەرباز بکـەن.

لـەو بـارەیـەوە، باقرۆڤ لـە بروسکـەیەکدا بۆ ستالین، نوسی: **(لە پرۆسـەی بزوتنــەوەی دیمــوکراتیی ئازەربایجانــدا، ئــەم کەســانە ڕێکخــەری چــەککردنی سـوپا و ژاندارمــەریی ئێـران و کـردەوەی ســەرکوتکەرانەی**

**کەسانی کۆنەپەرست بوون. لەبەر ئەوە لەگەڵ داخوازی تەورێز بۆ هاتنیان بۆ سۆڤیەت موافیقم[148]).**

کاتژمێر 21:00 ی ڕۆژی 20 ی سەرماوەز، چوونی ڕێبەرانی فیرقە، ئەفسەرانی سوپا و تەنانەت ئەندامانی پلەی خوارووی فیرقە بەرەو سنوری سۆڤیەت دەستی پێکرد و تا ڕۆژی 21 ی سەرماوەز درێژەی هەبوو.

ڕۆژی 1946/12/12 (1325/9/21)، باقرۆڤ بۆ ستالین دەنوسێت:

**(هەواڵی ناردنی بروسکە بۆ قەوام سەبارەت بە بەربەرەکانیی نەکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی فیرقەی دیموکرات لە ڕادیۆ، ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی پێکهێناوە. سەرەڕای شیکردنەوەی بارودۆخەکە لە لایەن پارێزگار و ڕێبەرانی فیرقە، بەشدارانی بزوتنەوەی دیموکراتیی و بەشێک لە چالاکانی فیرقە کە چاویان لە کوشتارەکانی زەنگان ترساوە، بە کۆمەڵ ڕویان لە سنورەکانی ئێمە کردووە. هەواڵی گەیشتوو باس لەوە دەکات کە چەند سەد کەس کە ئافرەت و منداڵیشیان لەناو دایە، لە جولفا کۆبوونەتەوە. دژوارە بگوترێ سبەینێ لە ناوچەکانی تری سنورەوە وەک ئاستارا و پیلەسوار دۆخەکە چۆن دەبێت. جارێ جگە لە کەسانی دیار و بنەماڵە و پارێزگارەکانیان کە نزیکەی 170 کەسن، لە وەرگرتنی کەسانی تر خۆدەپارێزین. هەلومەرجێکی دژوار پێکهاتووە، یان دەبێ بە چەک ڕێ لەو کەسانە بگرین، یان دەبێ وەریانبگرین. چاوەڕوانی بڕیاری ئێوە دەکەین[149]).**

ڕۆژی 1946/12/11 (1325/9/20)، کاتژمێر 18:00 سادچیکۆڤ بۆ بەرگریی کردن لە کردەوەی کەسانی کۆنەپەرست، چاوی بە شا کەوت. بەر لەو دیدارە، شا پێشوازیی لە "جۆرج ئالین" سەفیری ئەمریکا کردبوو و پێیڕاگەیاندبوو ئیزن بە سەفیری سۆڤیەت نادات کە هەڕەشەی لێبکات و هیچ شتێک پێش بە هەڵوێستی ئەو بۆ گەڕاندنەوەی ئازەربایجان بۆ ژێر دەسەڵاتی ئێران ناگرێت[150].

شەوی بیستی سەرماوەز، گروپە کۆنەپەرستەکان بە کۆکردنەوەی کەسانی ناڕازیی، هێرشیان کردە سەر سەربازگەی تەورێز و سەربازە بێ فەرماندەکانیان چەککرد. ئیتر هیچ شتێک پێشی بە کردەوەی ئەو گروپە چەکدارانە نەدەگرت.

بەیانی ڕۆژی بیست و یەکی سەرماوەز، لە شاردا حکومەتێکی دووگانە پێکهاتبوو. لە لایەک محەمەد بێریا، شەبستەریی و فەریدون ئیبراهیمی ڕێبەرانی فیرقە لەگەڵ ژمارە چەکدارییەکی کەم هەوڵیاندەدا، ئارامیی شار ڕاگرن و لە لایەکەی تردا ئەسغەربەقاڵی موحسینی گەورە بازرگان، جەمشید سادقی گەورە دەرەبەگ، سادقی دەرەبەگ، حاجی محەمەد حەیدەرزادە گەورە دەرەبەگ و تەقی بەیتوڵایی بازرگان لە ئەندامانی پۆلیس و ژاندارمەریی گروپی چەکداریان پێکهێنابوو و پەلاماری ڕێکخراوەی دیموکراتەکانیان دەدا و لەناویان دەبرن.

دوای ڕاگەیاندنی ڕاگرتنی بەربەرەکانی لە لایەن ئازەربایجانییەکانەوە، هێزەکانی سوپای ئێران بۆ هاتن بۆناو شارە گەورەکان پەلەیان نەکرد. لە کاتێکدا گروپە سەرەڕۆیەکانی سەر بە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان و ژاندارمەکان بە بەرگی مەدەنییەوە وەپێش هێزە سەربازییەکان کەوتبوون، سوپا خۆی خزاندە ناو شارە گەورەکانەوە. ڕادیۆ تاران و ڕۆژنامەکان ئەو سەرەڕۆیانەیان کە بە فەرمانی ئەفسەرانی بەرگ مەدەنیی دەجوڵانەوە، بە "نیشتمانپەروەرانی ئێران" دەناساند. مەئموریەتی سەرەکی ئەو گروپە کۆنەپەرستانەی ناوچە، پاککردنەوەی ئازەربایجان لە دیموکراتەکان و پێشوازیی کردنی باشکۆ بوو لە "سوپای سەرکەوتووی شاهەنشاهی".

لە تەورێز و شارە گەورەکانی ئازەربایجان کوشتار و تاڵانیی بە واتەی دروستی وشە دەستی پێکرد. ڕۆژی 22 ی سەرماوەز، گروپە تاڵانچییەکان پەلاماری خوێندنگەی سۆڤیەت، نەخۆشخانەی سۆڤیەت، گاراژی "ئێران سوترانس" و گەنجینەکانی نوێنەرایەتیی بازەگانیی سۆڤیەتیاندا. هەر

ئـەو ڕۆژە، جاویـد پارێزگـاری ئازەربایجـان بـۆ بـەرگریی کـردن لـەو کردەوانە، چوو بۆ "بستان ئاوا" لە 63 کیلۆمەتریی تەورێز کە چاوی بە سەرتیپ هاشمی فەرماندەی هێزە ڕەوانەکراوەکان بکەوێت.

ڕێبـەرانی فیرقـە کـە لـە تـەورێز مابوونـەوە، ناچـاربوون کـە خۆیـان بشارنەوە. "بێریـا" و "وەلایـی" لـە ڕێبـەرانی فیرقـە و "میـر قاسـم چشـم ئـازەر" بەڕێوەبـەری ڕادیـۆ تـەورێز و نزیکـەی 20 - 24 کەسـی تـر لـە چالاکـانی فیرقـە، پـەنایان بـۆ ئۆرگانـەکانی سـۆڤیەت لـە تـەورێز بـرد. کراسنی سەرکۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز، پێشنیازی خۆی ئاراستەی باکۆ کرد: لە پلەی یەکەمدا پێشنیاز کرابوو بۆ پاراستنی فیرقەی دیموکرات لە ئایندەدا، بێریا، وەلایی، ئیبراهیمی و ئەوانی تر بچنە لای سەرکردایەتی هێـزە ڕەوانـەکراوەکان و قبـوڵکردنی بڕیـاری ئەنجومـەنی ئەیالـەتیی سـەبارەت بـە بەربـەرەکانی نـەکردن و درێـژەدان بـە چـالاکیی سیاسیی خۆیان لە چوارچێوەی دەستووریی هەمیشەیی ئێران پێڕابگەیەنن. شایانی باسە کە لێرە ئاماژە بەچۆنیەتی پاراستنی گیانی ئـەو کەسانە نـەکراوە کە چوون بـە چ شێوەیەک گیانیـان دەپارێزرێت. ئـەگـەر ئـەو خاڵـە قبوڵ نەکرێت، کۆنسولگەریی پێشنیازی چوونی ئەوانـە بـۆ یەکیـەتی سۆڤیەت دەکات. لە هەمانکاتدا تەئکید لـە گرفت و مەترسییەکانی ئـەو دیاردەیە کرابووەوە.

میرجەعفـەر بـاقرۆف لـە وەڵامـی ئـەو پێشـنیازەی کۆنسـولگەرییدا، ڕایگەیاند: ئەگـەر کەسێک لـە ئازەربایجـان ڕێبەرایـەتی فیرقـە نـەکات، فیرقە هەڵدەوەشێت. ئەو ڕێبـەرانەی کە خۆیـان حەشـارداوە، سـەرئەنجام لـە لایـەن بەکرێگیراوانـەوە لـەناو دەچـن. ڕاکردنـی ئـەوان بـۆ سۆڤیـەتیش دور لە مەترسیی نییـە و ئەگـەر دەستگیریان بکـەن، بـەتاوانی بەزانـدنی سنور بە شێوەی نایاسایی ئیعدامیان دەکەن. کەوابوو لێگەڕێن کە هـەموو بزانن کـە ئـەوانـە چوونەتـە لای هێـزە ڕەوانـەکراوەکان و دەوڵـەتی ئێـران بەرپرسە لە پاراستنی گیانیان. بـەڵام چونکـە ڕووداوەکـانی ئازەربایجـان

زۆر ئاڵۆزتر لەوەبوو کە باقرۆف بیری لێدەکردەوە، ئەو پێشنیازە قبوڵ نەکرا[151].

پاش نیوەڕۆی 23ی سەرماوەز هێزەکانی سوپای ئێران هاتنە ناو شاری تەورێز، بەڵام پێشیان بە تیرۆر و تالانیی نەگرت و بە پێچەوانەوە کۆنەپەرستەکان توند و تیژتر بوون. سەرتیپ هاشمی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کراسنی کۆنسولی سۆڤیەت ئەوی دڵنیا کردەوە کە ئەمنیەتی دەزگاکانی سۆڤیەت دەپاێزێت. ئەو گوتی تەنیا مەئموریەتی ئەو دەستەبەرکردنی ئاسایشە لە کاتی پێکهێنانی هەڵبژاردندا و دەربارەی دیاردەکانی تر هیچ فەرمانێکی پێنەدراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سوپا شاری خستە دەست خۆی و یەکەم دادگای سەحرایی سەربازیی پێکهێنا. سەرهەنگ زەنگەنە کە ناوی بە مرۆڤێکی توند و بێبەزە دەرکردبوو، کرا بە داوکاریی سەربازیی تەورێز. بیرەوەریی زەنگەنە کە سەردەمێک مناڵی شێرخۆریی دیموکراتەکانی لە تەنور هاویشتبوو، لە مێشکی خەڵکدا مابوو[152].

لە زیندانی تەورێزدا جێی کەسێکی تر نەدەبووەوە و چونکە دەرەتانی دروستکردنی زیندانی نوێیان نەبوو، چالاکانی فیرقەی دیموکراتیان گروپ گروپ گوللەباران دەکرد. سەدان سەرباز و ئەفسەریی سوپای نەتەوەیی و فیدایی بە حوکمی دادگای سەحرایی ئیعدام کران. لە ماوەی چەند ڕۆژدا، ژمارەی گوللەباران کراوەکان گەیشتە سێهەزار کەس. دوو ڕۆژ دوای هاتنی سوپا بۆ تەورێز، شەبستەریی و جاویدیان دەستگیر کرد و بردیانن بۆ تاران. هەر ئەو ڕۆژە "مەهتاش" فەرمانداریی تەورێز و فەرەیدون ئیبراهیمیی کە لەگەڵ چوار فیدایی بەرگرییان لە بینای کۆمیتەی ناوەندیی فیرقە کردبوو، دەستگیر کرد. فەرەیدون ئیبراهیمی تا دوا گوللە شەڕی کردبوو. ئازایەتی ئەو لە کاتی لێپێچینەوەی دادگادا، وەک ئەفسانەیەکی لێهات. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: **(بۆچی کاتێک دادوەر بوویت، بە فەرمانی ڕوسەکان خەڵکت ئیعدام کردووە؟)** گوتبووی:

**(هەموو لە سێدارەدراوەکان دوژمنی ئازەربایجان بوون و بە بڕیاری حکومەتی نەتەوەیی من، موحاکمە و حوکم دراون. حکومەتی نەتەوەیی زیندووە و زیندووش دەمێنێت. من فەرمانم لە ڕوسەکان وەرنەگرتووە، ویستی گەلیی خۆم و حکومەتی نەتەوەیی خۆم بەڕێوەبردووە[(153)].)**. دوا وتەی ژەنەڕاڵ عەزمی، سەرهەنگ مورتەزەوی و هەژدە ئەفسەری تر **(بژی ئازادیی و بژی ئازەربایجان)** بوو.

کتێبەکانی خوێندنیان کە لە لایەن حکومەتی نەتەوەییەوە بە زمانی ئازەربایجانیی چاپ کرابوونەوە، سوتاند و خوێندن لە خوێندنگەکاندا بە زمانی ئازەربایجانیی یاساخ کرا. دەرگای زانکۆی ئازەربایجان، تیاتری نەتەوەیی، فیلارمۆنیی و موزەکان گاڵەدران. ڕۆژنامە ئازەربایجانییەکان دەستیان بەسەردا گیرا و ڕۆژنامەی "تەورێز" و "ئاریا" بە زمانی فارسیی بڵاوکرانەوە و کۆمەڵێک وتاریان سەبارەت بە نەتەوە نەبوونی ئازەربایجانییەکان بڵاوکردەوە.

ڕۆژی 1325/9/29 (1946/12/20)، سوپای ئێران ئازەربایجانی بە تەواوی خستەدەست خۆی و ڕژێمی داگیرکەر جێگیر بوو. سەرهەنگ "باتمانقلیچ" کە هەندێک بە دوای داگیرکردنی ئازەربایجاندا حکومەتی سەربازیی تەورێزی پێسپێردرا، ڕایگەیاند: **(ئەو کەسانە لەناو دەبات کە چەپڵەیان بۆ پیشەوەریی لێدەدا، یان ئەندامی حیزبەکەی بوون و مداڵیایان بە سنگیانەوە هەڵداوسی[(154)].)**. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، 760 کەس بە حوکمی دادگای سەحرایی ئیعدام کران و هەزاران کەس لە لایەن بەناو "نیشتمانپەرستانەوە" کوژران.

پەناخوازەکانیش چارەنوسێکی باشتریان نەبوو. لە ئاکامی هەوڵی لێبڕاوەی میرجەعفەر باقرۆف. سەرئەنجام ڕۆژی 21 ی سەرماوەز، مۆسکۆ ئیزنیدا سنورەکانی سۆڤیەت لە جولفا، خودافەرین، پیلەسوار و ئاستارا بۆ پەناخوازان بکەنەوە. لە ماوەی دوو ڕۆژدا 5295 کەس لەو سنورانە تێپەڕین. ڕۆژی 23 ی سەرماوەز، ڕێبەرانی باکۆ داوایان لە "بولگانین"

کرد کە بۆ دابینکردنی خواردەمەنیی یەک هەفتەی پەناخوازان، 2000 کیلۆ پەنیر، 1250 کیلۆ قەند، 5250 کیلۆ گۆشت، 700 کیلۆ ڕۆن، 1750 کیلۆ ساوار، 8750 کیلۆ تەڕەبار و 350 کیلۆ ئاوی تەماتە ڕەوانەی ئازەربایجانی سۆڤیەت بکات. شورای وەزیرانی یەکیەتی سۆڤیەت فەرمانیدا بە "مازۆتین" وەزیری ئازوقەی یەکیەتی سۆڤیەت کە لە پاشکەوتەکانی دەوڵەتیی، ئازوقە و خواردەمەنیی پێویست ڕەوانەی ئازەربایجان بکات[155].

کاتژمێر 17:00 ی ڕۆژی 28 ی سەرماوەز (19 ی سیسێمبەری 1946)، فەرمانیاندا بە پاسەوانانی سنوریی سۆڤیەت کە سنورەکان بگرن و چیتر پەناخواز وەرنەگرن و ئەگەر کەسانێک نافەرمانییان کرد و سنوریان بەزاند، بە تاوانی بەزاندنی سنور بە شێوەی نایاسایی، زیندانی بکرێن. بەپێی ئاماری ئۆرگانە پەیوەندیدارەکان لە ڕۆژی 21 وە تا 28 ی سەرماوەز، 5784 کەس لە سنورەوە دەربازی سۆڤیەت ببوون. لەو ژمارەیە 95 چالاکی حیزبیی، 91 مامۆستای خوێندنگە، پزیشک و نوسەر، 196 ئەفسەر، 768 سەرباز، 1057 فیدایی، 134 کارمەندی پۆلیس و....تد بوون.

پیشەوەریی و دوانزدە ئەندامی ڕێبەرایەتی فیرقەی دیموکرات بۆ گواستنەوەی کادیرەکانی حیزبیی، یارمەتی وەرگرتن بۆ پەڕینەوە لە سنور و دانانی ڕادیۆ "پچلا" بە شێوەی کاتی لە نەخجەوان مانەوە. ژمارەیەک چەک، 25 ئوتۆمبێلی بارهەڵگر، 5 ئوتوبوس و 30 ئوتۆمبێلی مەدەنیی پەناخوازان دەستیان بەسەردا گیرا[157].

سەرەڕای کۆمەڵێک ڕاگەینراو سەبارەت بە یاساخ بوونی پەرینەوە بۆ سۆڤیەت، دیسانیش ژمارەیەک لە دیموکراتەکان کە زیندوو مابوون، توانیان لە سنور دەرباز بن. لە ساڵی 1954 دا ژمارەی پەنابەران گەیشتە 9022 کەس. لە ناو ئەو ژمارەیەدا کە لە ئازەربایجانەوە پەنایان بۆ سۆڤیەت هێنابوو، لە سەرەتای ساڵی 1947 دا 1097 کەسیان

لەلایەن دەزگاکانی ئیتلاعاتیی ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە زیندانی کرابوون.

بە فەرمانی باقرۆف لە نێوان ڕێبەرانی فیرقەدا، پیشەوەریی، پادگان، غولام یەحیا، پەناهیان، سەرۆکی سەرکردایەتیی سوپای ئازەربایجان، ژەنەراڵ میلانیان، ئیلهامیی وەزیری دارایی، جەعفەر کاویان، پەناهیی بەڕێوەبەریی پۆلیسی نهێنی، خوشکنابیی سەرنوسەریی ڕۆژنامەی ئازەربایجان، جهانشاهلو، فەیزولا زادە، زەینەلعابدین قیامی و لە ناو شاعیرە ناسراوەکانی ئازەربایجاندا، عەلی تودە، ژاڵە ئیسفەهانی، مەدینە گوڵگون، حەکیمە بلوری و چاوشیی بە شێوەی کاتیی لە باخی دەوڵەتیی "مردکان" و ئەوانی تر لە ناوچەکانی تری ئازەربایجان جێگیرکران.

ڕۆژی 1946/12/20 (1325/9/29)، باقرۆف ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی دەربارەی ڕووداوە پێشهاتووەکان ئاراستەی ستالین کرد و لە کۆتاییدا لەو پێشنیازانەی خوارەوە دوا:

1- گروپێک لە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات بۆ بەڕێوەبردنی کاری سیاسیی و ڕێکخراوەیی لە ئازەربایجانی ئێران دەستنیشان بکرێت. بەم مەبەستە لە ڕادیۆ "پچلا" کەڵکوەربگرێ و چاپی گۆڤاری ئازەربایجان و ڕۆژنامەی ئازەربایجان ئۆڕگانی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی بەگەڕ بخاتەوە و ئیزن بە سەرنوسەرەکانیان بدرێت کە نوسراوەیەک چاپ بکەن و لەناو خەڵکی ئازەربایجاندا بڵاوی بکەنەوە.

2- بۆ پەروەردە کردنی کادیری حیزبیی بۆ درێژەدان بە چالاکیی لە ئازەربایجانی ئێران، 30 کادیری خاوەن بیریی فیرقەی دیموکرات دەستنیشان بکرێن و لە خوێندنگەی حیزبیی سەر بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستیی ئازەربایجانی سۆڤیەت دا پەروەردە بکرێن.

3- ژمارەیەک لە ئەفسەران، بۆ پەروەردە بوون بە شیوەی ئاکادمی سەربازیی لە زانکۆکانی ئەفسەریدا ڕەوانە بکرێن.

4- ئیزن بدەن خوێندکارانی ئازەربایجانیی کە لە زانکۆی پیادەی باکۆ و زانکۆی هێزی هەوایی کیرۆڤ ئاباد دەخوێنن، ئەگەر مەرجی هاووڵاتیی بوونی سۆڤیەت قبوڵ بکەن، لە سوپای سوردا وەربگیرێن.

5- کوردە خوێندکارەکانی زانکۆ ئەفسەریی کە نایانەوێت لە یەکیەتی سۆڤیەت بمێننەوە، ڕەوانی نیشتمانەکەیان بکرێنەوە.

6- لە وزەی سەربازان، فیداییان، فەرمانبەرانی پۆلیس، کارگەران، جوتیاران، فەرمانبەران و ئەندامانی بنەماڵەکانیان لە کارگەکانی بیناسازیی کۆماری ئازەربایجان و ساوخۆزەکان کەڵکوەربگیرێت.

7- مامۆستایان، پزیشکان، نوسەران و کادیرەکانی فیرقە سەرەڕای لەژێر چاودێریی بوونیاندا، لە دەزگا جیاوازەکاندا کاریان پێبدرێت.

8- بە کەسانێک کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ئێران، ئیزنی گەڕانەوەیان پێنەدرێت، ئەو جۆرە کەسانە لە ئەوانی تر جیا بکرێنەوە و بە تاوانی بەزاندنی سنور بە شیوەی نایاسایی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

9- چەک و کەرەستە دەستبەسەرداگیراوەکان بدرێن بە وەزارەتی ناوخۆی یەکیەتی سۆڤیەت.

10- ئوتۆمبێلە بارهەڵگرەکان و ئەسپەکان بدەن بەو ساوخۆزانەی کە لە ئازەربایجانی ئێرانەوە هاتوون کە کاریان پێبکەن. ئوتۆمبێلە مەدەنییەکان بدرێنەوە بە خاوەنەکانیان.

11- بە 87 کەس لە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و بنەماڵەکانیان، لە پلەی چالاکانی حیزبیی سۆڤیەت، کارتی پلە یەکی ئازوقە و کەلوپەلی ژیان بدرێت.

12- بە شورای وەزیرانی کۆماری ئازەربایجان ئیزن بدرێت کە پارەی ئازوقە و پێداویستییەکانی پەنابەران لە بودجەی کۆماری ئازەربایجان جودا بکەنەوە و بخرێتە سەر حیسابی شورای وەزیرانی یەکیەتی سۆڤیەت.

ستالین لە بروسکەیەدا بۆ باقرۆف ڕایگەیاند، بەندی یەکەم و دەیەمی پێشنیازەکان بە شێوەی خوارەوە بنوسرێنەوە:

1- لە داهاتوودا تا وەرگرتنی ئیزنی تایبەت بە پەنابەرە سیاسییەکان ئیزنی کەڵکوەرگرتن لە ڕادیۆ لە خاکی سۆڤیەت و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی ئازەربایجان و بڵاوکردنەوەیان لە ئازەربایجانی ئێران نەدرێت.

10- هەموو ئوتۆمبێلە بارهەڵگرەکان و ئوتوبوسەکان و ئوتۆمبێلە مەدەنییەکان کە پەنابەرە سیاسییەکان لەگەڵ خۆیان هێناویانن، لەسەر سنور بدرێنەوە بە کاربەدەستانی ئێران[157].

پێشنیازەکانی تری باقرۆف لەلایەن ڕێبەریی سۆڤیەتەوە قبوڵکرا و ئەمە بوو سەرئەنجامی کارەساتی پرۆسەی سیاسیی لە ئازەربایجاندا.

کۆنسولگەریی سۆڤیەت لە تەورێز لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ مۆسکۆ و باکۆ، لەژێر سەردێڕی "دەربارەی ڕووداوەکانی ئازەربایجانی ئێران"، نوسی: **(لە ناوچوونی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان بە توندی زیانی بە نفوز و ئیعتباری یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێراندا گەیاند و شوێنەواری ئەو زیانە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە[158].).**

دوای شکانی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان، ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی سۆڤیەت ڕایانگەیاندبوو، ژمارەیەک لە بەرامبەر چاوی سەربازان و پاسەوانانی شارەبانیدا، وێنەکانی ستالین ڕێبەری سۆڤیەتیان بە ملی سەگانەوە هەڵواسیبوو و ئەوانیان لە گەڕەکی ئەعزال "ئەغزال کوچەسی" کە شوێنێکی قەرەباڵغی شاری تەورێزە، دەگەڕاند[159]. بەبێ سەرنجدان بەوە کە ئەو کردەوەیە لە لایەن چ کەسانێکەوە ئەنجامدراوە، تۆڵەی مەعنەویی ڕۆژگار لە "باوکی گەلان" بە هۆی ڕۆڵێکییەوە بوو کە ناوبراو لە چارەنوسیی کارەساتهێنەری دیموکراتەکانی ئازەربایجان بەڕێوەی بردبوو.

# سەرچاوەكانی كتێبی دووەم

1- AR SPIHMDA , f. 1, s. 89, i. 97, v. 89.

(كۆماری ئازەربایجان - ئەرشیڤی ناوەندیی دەوڵەتیی حیزبە سیاسیی و بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان ، بابەتی یەكەم، پێڕستی 89 ، دۆسیەی 97 ، لاپەڕەی 89).

2- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 197-198.

3- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 249.

4- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 205, 216-222.

5- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 97, v. 76-77.

6- Ibid, v. 87.

7- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 118, v. 54-55.

8- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 240-242.

9- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 244.

10- سەید جەعفەر پیشەوەریی ، مێژووی بزوتنەوە دیموكراتییەكانی ئازەربایجان ، بەرگی یەكەم ، لاپەڕەی 223

11- هەمان سەرچاوە ، لاپەڕەی 224

12- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 101, v. 185.

13- H. Arfa Under Five Shah, s. p. 247-248.

14- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 235.

15- Ibid, v. 256.

16– A.Y.Yodfat. the soviet Union and Revolutionary Iran. New Yor, 1984, p. 17-19, Martin Sicker. The Beur and the Lion. Imperialism and Iran, New York, London, 1988, p. 71

17- سەید جەعفەر پیشەوەریی ، مێژووی بزوتنەوە دیموكراتییەكانی ئازەربایجان ، بەرگی یەكەم ، لاپەڕەی 225.

18- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 93, v. 41.

19- James F. Byrnes. Speakig Frankly, New York and London, 1947, p. 118-121.

20- Nasrollah s. Fatemi. Oil Diplomacy Powdarkeg in Iran, p. 279.

21- Foreign Relation of the US, 1945, Volume V11, p. 504-505.

22- Ibid, p. 509.

23- Kuross A. Samii. Truman Against Statin in Iran: A Tale of Three Messages, Middle Eastern Studies, Januery 1987, Number 1, Volume 23, p. 97.

24- R. Bullard. The Camels Must Go London, 1961. P. 267, Foreing Relation of the US, 1945, Volume VII, p. 518-519.

25- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 97, v. 35.

26- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 286.

27- ئازەربایجان، 1945 ، 23ی سێپتەمبەر.

28- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 281.
29- Ibid, v. 283.
30- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 138, v. 10-13.
31- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 97, v. 208.
32- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 110, v. 42-45.
33- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 29.
34- Ibid, v. 22.
35- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 187, v. 75-78.
36- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 117, v. 6.
37- Ibid, v. 22.
38- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 298-299.
39- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 117, v. 3-4.
40- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 90, v. 297.
41- ئازەربایجان، 1946 ،9ی یانواری.
42- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 217-226.
43- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 115, v. 64.
44- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 115, v. 65.
45- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 20.
46- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 121, v. 36-38.
47- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 120, v. 77-78.
48- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 118, v. 56-58.
49- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 124, v. 43-44.
50- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 126, v. 60-62.
51- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 127, v. 1-3. Ibid, i. 126, v. 87-88.
52- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 52.

53- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 117, v. 24-25.
54- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 66.
55- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 117, v. 5-9.
56- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 110, v. 65-66.
57- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 17-19.
58- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 139, v. 32.
59- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 120, v. 31.
60- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 115, v. 12-15.
61- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 157, v. 96.
62- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 189, v. 79-103, Ibid, I. 120, v. 63.
63- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 203, v. 17.
64- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 121, v. 62-63.
65- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 163, v. 39.
66- F. s. Fatemi. The Ussr in Iran , p. 101.
67- Foreign Relation of the US, 1946, Volume AII, p. 350-354.
68- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 28.
69- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 65-67.
70- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 68-69.
71- Ibid, v. 79.
72- N. s. Fatemi. Oil Diplomacy. Powderkeg in Iran, p. 294.
73- Foreign Relation of the US, 1946, Volume V11, p. 354- 360.
74- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 36-38.
75- Harry s. Truman. Memories of Harry s. Truman, Volume Two, Year of Trial and Hope. New York, 1956, p. 95.
76- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 39.
77- Henry Kissinger. Diplomacy Simon Schuster, New York, 1994, p. 446-495.
78- کۆمونیست، 1946 ، 26ی مارس.
79- Foreign Relation of US, 1946, Volume, V11,p. 390.
80- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 98-102.
81- Ibid, v. 103.
82- Foreign Relation of US, 1946, Volume, V11,p. 395.
83- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 163, v. 38.
84- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 40-42.
85- Ibid, v. 46-50.
86- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 104-106.
87- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 53.
88- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 82-86.
89- Ibid, v. 47-53.
90- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 117, v. 45-47.
91- Ibid, v. 47-53.

92- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 54-55.
93- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 93.
94- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 117, v. 60-61.
95- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 91-92.
96- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 113, v. 126-127.
97- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 117, v. 54-59.
98- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 68-69.
99- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 231-238.
100- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 76-77.
101- Ibid, v. 74-75.
102- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 110, v. 63-64.
103- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 122.
104- Ibid, v. 110-111.
105- AR MDYTA, f. 28, s. 4, i. 114, v. 12.
106- کۆماری ئازەربایجان- ئەرشیڤی ناوەندیی دەوڵەتیی مێژووی سەردەم، بابەتی 28 ، پێڕست 4، دۆسیەی 45، بەرگی 12.
106- Ibid, v. 56-57.
107- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 117, v. 62.63.
108- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 114, v. 124-127.
109- Ibid, v. 138-139.
110- AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 91-92.
111- Ibid, v. 100-102.
112- گۆڤاری خودائافرین ، یانواریی- مارس 1946، ژمارە 1، لاپەڕەی 36- 37، ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی فیدراسیۆنی ڕوسیە: بابەتی 6، پێڕستی 7، بەرگی 34، دۆسیەی 544، لاپەڕەی 8-9.
فەسڵنامەی گفتوگۆ، ژمارە 17، ساڵ 1998، "پاییزی 1376" وەرگێڕانی ناتالیا یگۆرڤا.
113- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 117, v. 73.
114- Ibid, v. 74-75.
115- Ibid, v. 79-81.
116- Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 504.
117- AR MDYTA , f. 28ms. 4, i. 28, v. 101-102.
118- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 118-121.
119- کۆمونیست، 1946 ، 4ی ئاگۆست.
120- Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 511-512.
121- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 114, v. 278-280.
122- Richard Cottam. Iran and United States, p. 75.
123- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 114, v. 169-170.
124- Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 512-514.
125- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 122-123.
126- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 114, v. 182.
127- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 133-134.

128- Rossow. The Battle of Aserbaijan, 1946, v. 88-89.
129- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 117, v. 88-89.
130- Ibid. v. 91-93.
131- - Ibid. v. 13-115
132- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 136- 137.
133- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 117, v. 119- 120.
134- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 113, v. 230- 233.
135- Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 551-553.
136- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 117, v. 129-130.
137- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 114, v. 212-215.
138-Ibid, v. 146.
139- Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 556-557.
140- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 117- 131.
141- N. s. Fatemi. Oil Diplomacy. p. 322.
142- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 147- 152.
143- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 114, v. 218- 230.
144- Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 561.
145- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 114, v. 153.
146- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 147- 154.
147- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 157, v. 105.
148- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 155, i. 156, v.3.
149- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 156.
150- Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p. 560.
151- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 112, v. 159- 160.
152- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 160, v. 16.
153- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 157, v. 161.
154- Ibid, v. 1-5.
155- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 116, v. 11-12. 24.
156- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 156, v. 2.
157- Ibid, v. 1- 5.
158- AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 157, v. 123.
159- Ibid, v. 3.

## سەرئەنجام: چارەنوسی پیشەوەری

جەعفەر پیشەوەریی، سکرتێری گشتیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ساڵی 1947 لە ئازەربایجانی سۆڤیەت، بە ڕواڵەت لە ڕووداوێکی ئوتۆمبێلدا برینـدار دەبێت و دەگواسترێتەوە بۆ نەخۆشخانە و لەوێ دەمرێت.

دوای دورکەوتنەوەی سۆڤیەت لە سیاسەتەکانی ستالین، لە لایەن نیکیتا خرۆشچۆڤەوە، لاورتنی بێریا کۆمیسارییای ئەمنیەتی یەکیەتی سۆڤیەت، لە مۆسکۆ دادگایی کرا و بە لەسێدارەدان سزادرا.

لە باکۆش، میر جەعفەر باقرۆڤ و پێنج هاوکاری، لەوانە یمیلیانۆڤ کۆمیسارییای ئەمنیەتی دەوڵەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت و جێگرەکەی ئاتاکیشیۆڤ، دادگایی کران.

ساڵی 1993، نەرگس ڕۆستەملی "قوربان ئاقا" و تەلمان عەلیۆڤ، کتێبێکیان بە ناوی "دادگای میر جەعفەر باقرۆڤ" نوسی و لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "یازیجی کتابی" لە باکۆ، بڵاوکردەوە.

لەو کتێبەدا کە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی وەزارەتی ئەمنیەتی دەوڵەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت ئامادەکراوە، سەبارەت بە تاوانەکانی باقرۆڤ، ئاماژەیان بۆ وتەی زۆر شاهید کردووە. ئێمە لێرەدا باسی وتەی یەکێک لەو شاهیدانە دەکەین کە دەربارەی مەرگی گوماناویی پیشەوەرییە:

### سالایۆڤ لەتیف سەمەد ئۆغلۆ، یەکێک لە شاهیدانی دادگا

من لە ساڵی 1930 تا 1950، کارمەندی ئیدارەی سیاسی ن.ک.و.د "کۆمیسارییای گەل بۆ کاروباری ناوخۆ" بووم. لە ساڵی 1944 تا 1949 بەڕێوەبەری لقی وەزارەتی ئەمنیەتی دەوڵەتیی ڕایوین "ناحیە"ی کوێستان بووم. لە مانگی یونی، یان یولی 1947 (پوشپەڕ، یان گەلاوێژ) دا ئوتۆمبێلێک لە دوریی 14 کیلۆمەتر لە کوێستانەوە، لە لێواری پردێکی دا. یەکێک لە سەرنشینەکانی، دوکتۆر (!) پیشەوەریی ڕێبەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو.

دوای ئاگاداربوونمان لە ڕووداوەکە، دەستبەجێ چووینە شوێنەکە. لە جادەیەکی ناوچەی ساوخۆزی "28ی ئاپریل" توشی ئوتۆمبێلێکی "هۆدسۆن" بووین کە چووبووە سەر لێواری پردێک و بە تەواویی تێکشکابوو.

سەرنشینەکانی ئەو ئوتۆمبێلەیان، واتە پیشەوەریی، غولام یەحیا دانیشیان و نوری قولیيۆڤ کە لە ڕووداوەکەدا هەندێک برینداربوون، بردبووە نەخۆشخانەی ڕایوین. کاتێک ئێمە گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە، بە تەنیا کارنیک ملیکیان شۆفێری ئوتۆمبێلەکە لەوێ مابوو. کاتی پشکنینی کارنیک، دە هەزار ڕۆبڵ و دەمانچەیەکی "والتەر"مان دۆزییەوە.

دوای وێنەگرتن لە شوێنی ڕووداوەکە و نوسینی ڕاپۆرت، من چوومە کوێستان و دەستبەجێ سەردانی نەخۆشخانەی ڕایوینم کرد. پیشەوەریی، سەرەڕای شکانی قاچێک و پەراسوویەکی و ئازاری پەراسووەکانی تری، لە هۆش نەچووبوو. نوری قولیيۆڤ بەڕێوەبەری نوسینگەی یمیلیانۆڤ بە تەواویی هۆشیار بوو. برینی ژەنەڕاڵ غولام یەحیا سوک بوو، بەڵام بە هۆی برینداربوونی چەناگە و لوتییەوە، نەیدەتوانی قسە بکات.

چوومە لای پیشەوەریی و داوام لێکرد سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووداوەکە ڕونکردنەوەم بداتێ. گوتی شەوی پێش ڕووداوەکە لە ماڵی حەیدەرۆڤ،

بەڕێوەبەری ئیدارەی دۆزینەوەی نەوتی گیرۆڤ ئاباد "گەنجە"، میوان بووم. دەوروبەری چواری بەیانیی، قولییۆڤ پێشنیازی بۆ دەکات کە پێکەوە گەشتێک بۆ شاری "نۆخا" بکەن، چونکە لەوێ لەدایک بووە و گەورە بووە. قولییۆڤ بە پیشەوەریی دەڵێت، ئێمە لەوێ دەحەسێینەوە و ڕۆژەکەمان بەسەر دەبەین. پیشەوەریی لە کۆتایی قسەکانیدا چەند جار وشەی "خەیانەت"ی بە زماندا هات و گوتی: **(لە ئێران پانزە ساڵ زیندانیی تاکە کەسیی بووم. ڕەزا شا و قەوامولسەڵتەنە نەیانتوانی لەناوم ببەن. ئێستا ئەوان سەرئەنجام، بە ئامانجی خۆیان گەیشتن.)**
پرسیارم لێکرد کە بۆچی وا دەڵێت. گوتم ئێوە بە ئوتۆمبێل و شۆفێری خۆتان سەفەرتان کردووە. پیشەوەریی گوتی: **(ئوتۆمبێل و شۆفێرەکە هی ژەنەراڵ غولام یەحیا بوون، نەک هی من.)** پیشەوەریی لە وتەکانیدا کە پڕ بوون لە گومان، تێیگەیاندم کە ئەو وەک نەریت، هەرگیز لە پێشەوەی ئوتۆمبێل دانانیشێت، بەڵام ئەم جارە منیان خستە پێشەوە.
پیشەوەریی گوتی تەندروستیی باش نیە و داوای یارمەتی کرد. من دەستبەجێ تەلەفۆنم بۆ باکۆ و یمیلیانۆڤ کرد و دەربارەی ڕووداوەکە و دۆخی پیشەوەریی ئاگادارم کردنەوە. دواى 5- 6 کاتژمێر فڕۆکەیەک نیشت، کەریمۆڤ جێگری وەزیری ئەمنیەتی دەوڵەت، سەلیم سەمەدۆڤ جێگری وەزیری تەندروستیی، پرۆفیسۆر زولفەقار محەمەدۆڤ نەشتەرگەری ناسراو، سەرگورد ساریجالینسکی و چەند کارمەندێکی تەندروستیی لەو فڕۆکەیەدا بوون.
پرۆفیسۆر محەمەدۆڤ نەشتەرگەریی پیشەوەریی کرد. لەسەر داوای من، پێشتر قاسم خان تالیشنسکی نەشتەرگەر لە گەنجە و عەسریان، نەشتەرگەر لە قەرەباخی سەرووەوە هاتبوون. نوری قولییۆڤ لە وتووێژێکیدا لەگەڵ من، پێیڕاگەیاندم کە پیشەوەریی و هاوڕێیانی بۆ پشوودان و حەسانەوە دەچوون بۆ شاری نۆخا. ملیکیان شۆفێری ئوتۆمبێلەکە، دەیگوت لە کاتی لێخوڕیندا خەویلێکەوتووە و هەر ئەمەش

بووەتــە هـۆی ڕووداوەکــە، بــەڵام چونکــە پێچکــە (سـوکان) ی ئۆتۆمبێلـەکـە شـکابوو، ڕونــە کــە ملیکیــان بــۆ بــەرگریی کــردن لــە وردبــوونی قەفەسـی سنگی، پێچکەکەی توند گرتبوو، ئەم کـارەش لـە کـاتی نوستندا ناکرێت و ئەو بە هەستکردن لە مەترسی، ئەو کارەی کردووە.

بــە لێکدانــەوەی مـن و پشتبەسـتن بــەو خاڵانــەی خــوارەوە، بــەو ئەنجامــە گەیشـتووم کــە ڕووداوەکــە لــە خۆیــەوە ڕووینــەداوە، بــەڵکوو بــۆ کوشـتنی پیشەوەریی پلان داڕێژراوە:

1- هــیچ پێویسـت نــەبوو بــە شــەو پیشــەوەریی بــۆ نوخـا ببــەن، هــەروەها لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە خێرایی 90 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، ئەویش بـە شەو، پێویست نەبووە. "بە لەبەرچاوگرتنی خراپیی جادەکانی یەکیـەتی سۆڤیەت، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەو خێراییە و بە شەو، مەترسیهێنەرە - وەرگێڕی فارسیی".

2- پیشەوەرییان نەک بە ئۆتۆمبێلی خۆی، بەڵکوو بە ئۆتـۆمبێلی ژەنــەراڵ غولام یەحیا بۆ ئەو گەشتە بردووە و شۆفێرەکەش هی غولام یەحیا بوو.

دوای مردنـی پیشەوەریی، ڕۆبین سەرکیسۆڤ بەڕێوەبـەری لقـی ئەمنیـەتی ڕایوین شـامخۆر پێیڕاگەیانـدم کـە ملیکیـان شـۆفێری ئۆتۆمبێلەکـە، کـوڕی ڕێبــەری داشــناکەکانە لــە ئێــران و "گــاڵا" هاوســەرە پۆڵۆنییەکــەی کارمەندی سەفارەتی ئینگلیز بووە لە تاران! بەگوێرەی ئەو زانیارییانـە، سەرکیسـۆڤ دۆسیەیەکی دژی ملیکیـان ئامـادەکردبـوو کـە لـە لقـی "ئـا" وەزارەتی ئەمنیەتی دەوڵەتییدا تۆمارکرا و ڕەسمیەتی پێدرا.

هــەروەها دوای ڕووداوی ئۆتۆمبێلەکــە، فــەرەجۆڤ وەزیــری ئەمنیــەتی دەوڵــەتیی کۆمـاری خودموختـاری نـەخجـەوان،گوتی ماوەیـەک لـەمەوبـەر بروسکەیەکم بـۆ یمیلیـانۆڤ وەزیـری ئەمنیـەتی دەوڵـەتیی ئازەربایجـان نـارد و پێمڕاگەیاند ملیکیان بـەکرێگیراوی دەزگـای هـەواڵگریی بێگانـەیـە.

**(فەرەجۆڤ ئەو زانیارییەی لە چالاکیی پیاوانی بێگانە بەدەستخستبوو.)**

لەگەڵ ئەوەشدا کە یمیلیانۆڤ پێشتر زانیارییەکی بەو جۆرەی لە دەستدا هەبوو، ملیکیان وەک شۆفێری ژەنەراڵ غولام یەحیا هێشتەوە، تەنانەت باوەڕیان پێکردبوو کە ئوتۆمبێلی پیشەوەریی لێبخوڕێت. واتە لە ڕاستییدا پیشەوەرییان بەو سپاردبوو.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانەی لە پرۆسەی وردەکارییەکانی مەرگی پیشەوەرییدا بوون، لە لایەن باقرۆڤ و یمیلیانۆڤەوە خرانە ژێر چاودێرییەوە. سەرکیسۆڤیان لە وەزارەتی ئەمنیەتی دەوڵەتیی دەرکرد و ئێستا بەڕێوەبەری حەمامێکی گشتییە! منیان لە وەزارەت دورخستەوە و ئێستا بەڕێوەبەری فێرگەی لێخوڕینی ئوتۆمبێلم!

فەرەجۆڤیان لە وەزارەتی ئەمنیەتی دەوڵەتیی لە نەخجەوان هێنایە خوارەوە بۆ بەڕێوەبەری لقێکی بچوک!

لە بەرامبەردا، نوری قولییۆڤ کە بەڕێوەبەری نوسینگەی وەزارەتێک بوو، دوای ڕووداوەکە کرا بە جێگری وەزیر!

هەڵسوکەوتی تەیمور یەعقوبۆڤ، وەزیری ناوخۆی وڵاتیش، جێی گومانە: لە کاتی ڕووداوەکەدا ئەو لە گەنجە بوو. دەستبەجێ دێتە ڕایوین کوێستان، بەڵام ناچێتە نەخۆشخانە پیشەوەریی ببینێت. لەوە دەچێت ترسی لە بینینی پیشەوەریی هەبوو. یەعقوبۆڤ چاوەڕوانی ئەنجامی نەشتەرگەریی نەکرد و بەرلە چوونی بۆ کارەکەی، بە من و بەڕێوەبەری لقی وەزارەتی ناوخۆی ناحیەی کوێستانی ڕاگەیاند کە نابێت هیچ کەسێک بە مەرگی پیشەوەریی بزانێت! بەڵام دوای دوو سێ ڕۆژ، ڕادیۆی ئێران هەواڵی ڕووداوەکەی بڵاوکردەوە.

پێشتر یمیلیانۆڤ ڕای باشی سەبارەت بە من هەبوو، تەنانەت دەیویست من بکات بە بەڕێوەبەری لقی چواری وەزارەتی ئەمنیەت، بەڵام دوای ڕووداوەکە، لەپڕ هەڵسوکەوتی گۆڕا. کاتی هاتنی بۆ کوێستان، پرسیم

لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مەرگی پیشەوەریی گەیشتە کوێ؟ یمیلیانۆڤ زۆر تورە بوو، گوتی: **(کێ خاوەنی ئەم وڵاتەیە؟ من و باقرۆڤ یان تۆ؟)** لیژنەیەک لە وەزارەتی ئەمنیەتی دەوڵەتیی یەکیەتی سۆڤیەتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی مەرگی پیشەوەریی لە مۆسکۆوە هات بۆ باکۆ، بەڵام باقرۆڤ و یەعقوبۆڤ و قوڵییۆڤ بە جۆرێک ئامادەکارییان کرد کە ئەندامانی ئەو لیژنەیە نەتوانن چاویان بە من بکەوێت. ئەوە لە کاتێکدابوو کە من لەگەڵ پیشەوەریی وتوویژم کردبوو. بە ڕای من بە قازانجی باقرۆڤ و یمیلیانۆڤ نەبوو کە ئەندامانی ئەو لیژنەیە، وتە پڕ لە گومانەکانی من سەبارەت بە مەرگی پیشەوەریی ببیستن.

پیشەوەریی لە نەخۆشخانە داوای بینینی کوڕەکەی کرد. لەو کاتەدا ئەو لە گەنجە و 70 کیلۆمەتر دور لە شوێنی ڕووداوەکەوە بوو، دەیتوانی لە ماوەی کاتژمێرێکدا بگاتە لای باوکی، بەڵام نەیانهێنا. دوای ڕووداوی ئوتۆمبێلەکە، پیشەوەریی بۆ ماوەی 24 کاتژمێر ژیا و لەو ماوەیەشدا هۆشیار بوو، لەوە دەچێت ئەوان ترسیان هەبوو کە پیشەوەریی کوڕە بیست ساڵەکەی خۆی ببینێت، نەهێنانیشی بە ڕێکەوت نەبوو.

من بەو ئەنجامە گەیشتووم کە پیشەوەرییان کوشت، بەڵام نازانم کێ کوشتی. دڵنیام باقرۆڤ، یمیلیانۆڤ، یەعقوبۆڤ و قولییۆڤ دەستیان هەبوو لە کوشتنیدا. هەڵسوکەوتی گوماناویی ئەوان لە دوای ڕووداوەکە، منی بەو ئەنجامە گەیاندووە.

## بەرهەمەکانی وەرگێڕ

1- بادانەوە یان پێچەقاندن
2- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان
3- کوردایەتی و حیزبایەتی
4- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی
5- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا
6- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان
7- کۆماری دیموکراتی
8- کۆکردنەوەی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان
9- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن
10- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.
11- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا
12- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا
13- چەککردنی سەربازگەی مهاباد 1979

## ئەو بەرهەمانەی کە نوسەر کردوویەتە کوردی

1- مەکسیکی : نوسینی جەک لەندەن
2- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە : نوسینی عەزیز نەسین
3- کوردەکان ، نوسینی حەسەن ئەرفەع
4- کورد تورک عەرەب : نوسینی سیسیل ج ئیدمۆندس
5- مێژووی شارستانییەت : نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت
6- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە
7- بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان : نوسینی جەمیل حەسەنلی